# ئەدۆنیس...

# ئەفسوونکاری وشەکان

**چەند گفتوگۆیەکی ئەدەبی و فیکرییە**

**و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

**هەولێر 2007**

**دەزگای وەرگێڕان**

**خاوەنی ئیمتیاز:** حەسەن ئەحمەد مستەفا

**سەرنووسەر:** مقداد شاسواری

**ناوی کتێب:** ئەدۆنیس ... ئەفسونکاری وشەکان

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:** عەبدولموتەلیب عەبدوڵلاّ

**بەرگ و دیزاینی ناوەوە:** ئاگری باڵەکی

**تیراژ:** 1000

**نرخ:** 3750 **دینار**

**چاپ:** یەکەم ـ هەولێر 2008

**چاپخانە:** منارە/ هەولێر

**لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی** ( 1951 ) **ساڵی** ( 2008 )**ی دراوەتێ.**

ناونیشان: هەولێر/ راپەرین

**Tel:** 2532099

**ناوەڕۆک:**

1ئەدۆنیس پەنجا ساڵ لە ململانێ و داهێنان / 5
2هیچ شاعیرێکی داهێنەر لە دنیادا نییە، تیۆریزەگەرێکی گەورە نەبێت / 7
3کچەکەی ئەدۆنیس لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەدۆنیسی باوک بە دوای دەسەڵاتی ونبووی باوکیدا دەگەڕێت / 19
4نامەی بەدر شاکر ئەلسەیاب بۆ ئەدۆنیس / 22
5 داهێنان رستێك سەرەتای بێ کۆتاییە / 26
6 شیعر: گوزەرکردنە لە بینراوەوە بۆ نەبینراو / 39
7 دەقی ئایینی دەڵێ دەبێ موسڵمان بەردەوام بۆ کتێبی خوا عەقڵ بەکاربهێنێ / 58
8ئەدۆنیس...ئەفسوونکاری وشەکان/ 82
9 ئێمە هەمیشە جەستە وەك دنیایەکی کەپتکراوو بەپەراوێز کراو سەیر دەکەین / 89
10 لە وڵاتی ئێمە رۆشنبیریی دۆزەخێکە لە وشە / 130
11 من لە رووی هونەرییەوە بوونەوەرێکی (گومانکارم) / 139
12 شیعر دەتوانێت مێژوو راڤە بکاتەوە، بەڵام مێژوو ناتوانێت شیعر راڤە بکات. / **147**
13 خۆشەویستی پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە / 159
14 بە بێ رەخنە گرتن لە تەئویلی باو، ناتوانم بەرگری لە ئیسلام بکەم./ 184

## ئەدۆنیس پەنجا ساڵ لە ململانێی داهێناندا

ئەگەر لە بواری داهێنانی شیعریدا ئەدۆنیس وەك شاعیرێکی گەردوونی تەماشا بکرێت، ئەوە لە بواری فیکرو رەخنەدا توانیوویەتی بونیادی قووڵی رۆشنبیریی عەرەبی کەشف بکات و ئەو پەیوەندییە ناوەکییانە بخوێنێتەوە کە بنەڕەتێك بۆ سیستمی رۆشنبیریی دەسازێنێت، یان بە مانایەکی دیکە لە میانی خوێندنەوەو بەدواداچوونی رۆشنبیریی و بونیادی ناوبراودا دەستنیشانی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی سیاسی/ئایینی دەکات و بەوردی هاوپەیمانیەتی ئەو دوو سیستمە دیاری دەکات. بەدیوەکەی دیکەش ماناو دەلالەتە چەپێنراوو قەدەغەکراوەکانی رۆشنبیریی کۆمەڵایەتی دەخاتە روو.

رەنگە یەکێك لەو رەخنانەی کە رووبەرووی ئەدۆنیس دەکرێتەوە ئەوە بێت کە خودێتی و بابەتێتی، یان زمانی شیعری و زمانی رەخنەی تێ:ەڵ بەیەکتر دەکات، ئیشکالیەتێکی دیکەشی ئەوەیە کە بەردەوام ناونانی چەمکەکان بەردەوام دەگۆڕێت. بەڵام لایەنە پۆزەتیفەکەی ئەوەیە کە ئیرادەی زمانی عەرەبی و رەهەندەکانی لەمیانی خوێندنەوەو دراسەکردنی شیعری جاهیلی و شاعیرە گەورەکاندا بخاتە روو. هەروەها لەدوای دەقی قورئانی رەهەندە مەعریفییەکان بە نهێنی جیهان و لەوێشەوە بە زمانەوە گرێ دەدات، بەو مانایەش دەقی قورئانی دەبێتە ئەو دەقەی کە رۆشنبیریی عەرەبی وەك بنەڕەتێك بۆی دەگەڕێتەوە، یان لەسەری چەسپاوە، ئەوەش وەك ئاماژەمان بۆ کرد بە بنەڕەتی رۆشنبیریی سیاسی/ئایینی لە قەڵەمی دەداتو دەبێتە دەروازەیەکی سەرەکی

چوونە ناو كایە و سیتمە جیا جیاكانی رۆشنبیریی و شیعری عەرەبی، یان بە مانایەكی دیكە وەك پێوانەیەكی رەسەن سەیر دەكرێت، هەموو دەرچوونێكیش لەو پێوانەیە بە دەرچوون لە رۆشنبیریی عەرەبی و شیعری عەرەبی دێتە ژماردن، هەر لەو دەرچوونەشەوە ئەدۆنیس قسە لە تازەگەری دەكات، واتە لە تێكشكان و هەڵوەشانەوە تازەگەری بونیاد دەنێت.

لە كۆی ئەو چاوپێكەوتنانەی ئەدۆنیس دەتوانین درێژبوونەوەی پرسیارە مەعریفیە فرە رەهەندەكانی رۆشنبیریی/ئایینی عەرەبی و مەعریفەی شیعری ئەدۆنیس لەیەكتر جیا بكەینەوە.

وەرگێر

**لە بری پێشەکی:**

**هیچ شاعیرێکی داهێنەر لە دنیادا نییە، تیۆریزەگەرێکی گەورە نەبێت**
"دەق بەشداریکردنە لە ژیان و ئەزموونێکی وجودییە چوارچێوەی خود و بابەت تێدەپەڕێنێت'هایدگەر"
ئەو ناونیشانە ئەگەرچی لە روویەك لە رووەکان بە ئەدۆنیسی شاعیرو بیریارمان دەبەستێتەوە بەلاّم لە روویەکی دیکە راستەوخۆ بەرەو کۆمەڵێك شاعیری گەورە کێشمان دەکات هەر لە ئیلوت و ئەرزاپاوەند و بۆدلێر و ... تا دەگاتە نوفەیری و مەعری و......هتد.
هەمیشە لە پشت هەموو داهێنانێکی گەورە، فیکرو دنیابینییەکی نویٚ و چەمك و شێوازی دەربڕینی جیاواز و ئازادی بیرکردنەوەو خەیاڵی بەرفرەوان و دیدێکی دیکەی جوانکاری دەبینرێت، کە لەگەڵ کۆن جیا دەکەوێتەوە، کەواتە بۆ ئەوەی بیر بکەینەوە دەبیٚ لە لایەك پەیوەندییەکی دینامیکیانەمان بە فیکر و مەعریفە و جیهانبینی سەردەمەوە هەبێت، لەلایەکی دیکە پەیوەندی بە کەلەپورەوە بکەین. (گادامێر) دەڵێت: وجودی مرۆیی لە یەك کاتدا مێژوویی و هاوچەرخیشە، بەو مانایەش تێگەیشتنی ئێمە بۆ مێژوو لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵکو لەو ئاسۆ هەنووکەییەوە دێت کە مێژوو یەکێکە لە دامەزراوە راستەقینەکانی.
کەواتە تێگەیشتنمان بۆ مێژوو لە سەر گفتوگۆ دیالۆگەوە دادەمەزرێت، نەك گوێگرتنێکی سلبیانە لە مێژوو، هەروەها کاری هونەری پرۆسەیەکی دیالیکتیکییە لە سەر ئەو پرسانە دەوەستێت کە کارەکە ئاراستەی ئێمەی دەکات لە هەمان کاتدا بوونی کارەکەش پێکدێنن. تێگەیشتنمان بۆ مێژوو بە هوشیاری هەنووکەییەوە بەدی دێت، نەك لەگەڵ ئەو مۆرە ئایدیۆلۆژییایەی کە لە خڵتەی کەلەپورەوە ماونەتەوە، یان لە خڵتەی فیکری نەتەوایەتییەوە ماوەنەتەوە.

فیکری زیندوو بەردەوام زەمەنەکان دەبڕێت و بە شێوەی جیاواز دەرکەوتەی جیاواز و فۆرم و چەمکی جیاواز لەگەڵماندا دەژیت، کەواتە هیچ دەقێك نییە سەرچاوەدار نەبێت، وەك چۆن لە پشت هەموو فیکرێکی نویٚ، لە پشت هەموو دەقێکی داهێنەرانەوە کۆمەڵێك خەیاڵ و بیرکردنەوەی مەعریفی و فەلسەفی دیکە وجودی هەیەو زیندوویێتی خۆیان لە نێو ئەو داڕشتنە نوێیەدا دووبارە بە چەمك و شێوەو جوانکاری و رەهەندی فەلسەفی و فیکری دیکەی جیاوازەوە دەخەنە روو، هەموو کەلتورێکیش کۆمەڵێك رەگەزی مردوو، یان بە مانایەکی دیکە کۆمەڵێك رەگەزی تێدایە کە وزەکانیان سنوور دارەو توانای هەڵسانەوەو خۆگۆڕینیان تێدا بەدی ناکرێت، ئەو بەشە نازیندووە هەمیشە چوارچێوە بە دەوری خۆیدا دەکێشێت و خۆیان لە ژیان تەریك دەکەن، یان خۆیان لە کۆمەڵێك چوارچێوەدا هەڵدەگرنەوە، کە دەشیٚ زێتر ئایدیۆلۆژیا ئاراستەکانیان دیاری بکات، بە دیوەکەی دیکەش لە بەر ئەوەی توانا و وزەی گفتوگۆ و خۆنوێکردنەوەیان پێنییە، قبوڵی ئەویدیکەی جیاواز ناکەن، بە هیچ جۆرە دانوستانێك رازی نین، تەواوی بوونی خۆیان لە شانازیکردن بە رابردوو، گەڕانەوە بۆ رابردوو هەڵدەگرنەوە.

لە رۆژهەڵاتدا بەشە نازیندووەکەی کەلەپور کۆمەڵێك شوێن پەنجەی دیاریان بە سەر کۆمەڵگەوە دەبینرێت، بەشێکی زۆری ئەو مۆرو شوێن پەنجانەش راستەوخۆ پەیوەندی بەو بیرکردنەوە دواکەوتووانەو ئایدیۆلۆژیانەوە هەیە کە مرۆڤی خۆرهەڵاتی پرۆسیسەی دەکات، هەر لە نەخشاندنی روخساری کۆمەڵگەوە، حوکمی پۆلیسی، دواکەوتوویی پیشەسازی، پەیوەستبوون بە نۆڕمە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان، زمان، خەت، نەخشە، مێژوویی سیاسی، هەتا دەگاتە ئینتیمای قەومی...هتد

کەواتە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکتیڤانە بوونی خۆمان بسەلمێنین، دەبێت هەڵگری جیهانبینیەکی مۆدێرن بین و یونیڤێرسالانە بیر بکەینەوە، دەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان تەجاوزی کەلەپوری نەتەوایەتی بکەین، بڕوامان بە داهێنان هەبێت.

لێرەوە (ئەدۆنیس) دەڵێت کەلەپوری عەرەبی تا رادەیەکی زۆر کەلەپورێکی ئایدیۆلۆژییە، بۆیە تازەگەری بە گشتی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا کزە، چونکە تازەگەری و ئیبداع بە بێ ئازادی بیرکرنەوەو گفتوگۆی مەعریفی و بیرورای جیاواز دەسەبەر نابێت.

## تازەگەری چییە

تازەکرنەوە لە شیعردا تەنها لە رووی زمانەوە مەیسەر نابێت، ئەگەرچی زمان ئەو پانتاییەیە کە فەزای بیرکردنەوەو بونیادی بیرکردنەوەو خەیاڵ و چێژی خوێنەر بەلای خۆیدا کێش دەکات، بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوەشدا وەك (هایدگەر) دەڵێت زمان نێوەندیاری جیهان و مرۆڤ نییە، زمان دەرکەوتن و ئاشکرابوونی جیهانە پاش شاردنەوەی. کەواتە هەر لەو رستەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئیشکالییەتی زمان، تازەگەری کۆمەڵێك ئیشکالیەتی جۆراو جۆری دیکەی لەخۆدا هەڵگرتووە.

(ئەدۆنیس) لە تازەگەری شیعری عەرەبیدا دەستنیشانی سێ خاڵی گرینگ دەکات: لە خاڵی یەکەمدا پێی وایە تازەکردنەوەی شیعری عەرەبی دەکەوێتە پێش تازەکردنەوەی شیعری خۆرئاواییەوە، بەر لە مالارمێ لە شیعری عەرەبیدا ئیشکالیەتی تازەگەری وجودی هەبووە، لەو رووەشەوە شاعیرانی عەرەبی لە سەر دوو ئاست دیاری دەکات: یەکەم (ئەبو نەواس) کە توانی چەمکی شارنشینی لە بری سارانشینی بێنێتە نێو شیعری عەرەبییەوە، لە دوای ئەو (بودلێر) بەو کردەیە هەڵسا. هەروەها توانیویەتی شێوەی تەعبیرکردنی کۆن بگۆڕێ و شێوەیەکی دیکەی جیاواز بهێنێتە ناوەوە، چ لە رووی داڕشتن، و چ لە رووی زمانەوە. هەروەك چۆن (نوفەیری) وەك سۆفییەك توانی بونیادێکی دیکە لە رووی زمانەوە بخولقێنێت، کە ئەسڵەن بەر لەو وجودی نەبووە.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە شاعیرانی تازەگەری عەرەبی دەبێ ئیستێتیکایەکی شیعری نوێ دابهێنن بە زمانێك، یان بە شێوەیەك کە مێژووی ئیستێتیکا بخاتە دواوە، بۆ ئەوەش دەبێ ئاگاداری کەلەپوری عەرەبی و جوانکاری شیعری بن، تاکو بتوانین جوانییەکی شیعری نوێی جیاواز دابهێنن، جیاواز لە مێژووی جوانکارییانەی شیعری عەرەبییەوە. هەڵبەتە نەزانین بابەتێکە هیچ

دەرئەنجامێکی لێناکەوێتەوە، وەك چۆن توانای دووبارەکرنەوەشی تێدا لاوازە، چونکە تازەگەری هەر تەنها لە فۆڕمدا کورت ناکرێتەوە، یان بە بابەتەکانەوە جیا ناکرێتەوە، بەڵکو پێوستە لە رووی هونەری و لە رووی جوانکارییەوە، ئاستی زمان و چەمك و شێوازی تەعبیرکردنی تیا بەرز رابگیرێت.

خاڵی سێیەم تازەگەری پەیوەندی بە گۆڕینی چەمك و ماناو جیهانبینییەوە هەیە، (ئەدۆنیس) دەڵێت بە بڕوای من هەتا ئێستا چەمکی شیعریی بە مانا نوێیەکەی گۆڕانکاری بە سەردا نەهاتووە، بەو مانایەش شیعری نویێ جگە لە هەندێ سەرکێشی و بەخششی کەم نەبێ، ئەسڵەن وجودی نییە.

لە شیعردا دنیا پارچە پارچە ناکرێت، بەلأم چۆن دەتوانیت لە شتە بچوکەکان و گەورەکان مەسەلەی گەورەی شیعریی دروست بکەیت؟. چۆن ئەو دوو مەسەلەیە تا ئەو ئاستە بەرز دەکەیتەوە کە وەك یەك بکەونەوە، چۆن ئەو دوو ئاستە بەیەك دەگەیەنیت؟.

داهێنان ئەو تەعبیرە گەورەو ئەو فەزا کراوەو قووڵەیە کە بەردەوام ناسنامەی خۆی بە رووی هەموو دنیادا والأ دەکات. ئەدۆنیس دەڵێت: کاتێك لە بارەی گوڵێکەوە دەنووسم وەك ئەوە وایە تەواوی باخچەکان بنووسمەوە، لە رێگەی گوڵێکەوە خۆشەویستی خۆم بۆ تەواوی باخچەکان دەخەمە روو.

کەواتە ئەرکی شاعیر ئەوەیە لە بەیەکداچوونی شتەکاندا بتوانێت سەرپشك بێت، بتوانێت کەشفی نهێنیی شتەکان بکات.

## خوێنەری شیعر

## قەیرانی خوێندنەوە

کاتێك دەڵێن شیعر بەرزترین رەگەزی ئەدەبییە، بەو مانایەیە کە شیعر ئیتر بۆ هەمووان نییە. کەواتە شیعری داهێنەرانە بە خوێنەر پێوانە ناکرێت، پێوانەکردنی شیعر بە خوێنەر جۆرێکە لە ئابلۆقەدانی شیعر، ئەو جۆرە ئابلۆقەدانە لە هەموو دنیا دەبینرێت، بەلأم هەرگیز لە بەرامبەر پێشکەوتنی ژانرەکانی دیکە، ئەو ئابلۆقەدانە دەلالەت لە دواکەوتنی شیعر ناکات، بەڵکو پەیوەندی بە قووڵبوونەوەی شیعردا هەیە، کەواتە هەرچەندە قووڵ بیتەوە لە

رووکاردا زیانت پێدەگات، داهێنان ئەوەیە کە رووکاری سادەو دڵنیاکەرەوە تەجاوز دەکات.

هەرگیز شیعری داهێنەرانە بۆ دڵنیاکردنەوەی بیروباوەڕ، بۆ چێژو خۆشی باو خۆی ناخاتە روو، بەڵکو ئەوەیە کە خوێنەر بخاتە گومان و دڵەڕاوکێ و سەرسوڕمانەوە نەك دڵنیابوون، شیعر ئەوەیە کە خوێنەر بەرەو فەزایەکی دیکە لە بیرکردنەوەو هەستکردن بەرێت، شیعری ئیبداعی هەمیشە بەرەو پرسیارو نادیارمان دەبات، بڕواکانمان بەرەو لەقبوون دەکاتەوە، شیعری ئیبداعی ئارەزووەکانی خوێنەر نانووسێتەوە، بەڵکو تەواو لەگەڵ ئەو هەست و بیرکردنەوەو چێژە نووسراوو باوەی خوێنەری تەقلیدی دژ دەکەوێتەوە، داهێنان ئەوەیە کە فەزایەکی دیکە کەشف دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە شیعر بە تەنیا بتوانێت هەموو ئەو رووبەرووبوونەوانە لە ئەستۆ بگرێت، بەشێکی رووبەرووبوونەوەکان دەکەوێتە سەر فیکرو فەلسەفەو زانستەکانی دیکەوە.

ئەو شیعرەی کە خوێنەر لە نۆرمە باوەکان دەکاتەوە، ئەو شیعرەی کە خۆشەویستییە تەقلیدییەکەی ناوەوەی خوێنەر دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، هەڵگری دیاردەیەکی ژیاری و شارستانییە، هەر تەنها دیاردەیەك نییە کە وەسفی پەیوەندییەکانی نێوان خوێنەرو شیعر دەکات، بەڵکو ئەو تێڕوانینە بەرەو گۆڕانی جیدیمان دەبات.

ئیلیوت دەڵێت زمانی شیعری پێویستە لە ئاستێکی بەرز دابێت، بەڵام هەندێك شیعر هەیە زۆر قووڵە و کەچی شیعرییەتی تێدا بەدی ناکرێت، هەندێك شیعر زۆر لە زمانی رۆژانەوە نزێکە کەچی شیعر نییە. کەواتە شیعر بە رێبازەکان ناپێورێت، بەڵکو بە شیعرییەتەوە شیعرە. هەرگیز رێبازەکان بەهای شیعریی بە شیعر نابەخشن.

ئەدۆنیس کاتێك لە بارەی خوێنەرانی (نزار قەبانی)یەوە دەڵێت: خوێنەرانی نزار بۆ ئەوە نزار ناخوێننەوە جوانییەکانی کەشف بکەن، ئاستی زمانی شیعریی و دەستەواژەو شێوازی دەربڕینی دیاری بکەن، بەڵکو بە دوای ئەوەدا

دەگەڕێن کە دەیانەوێت، بە دوای ئەوەی کە دڵنیاییان پێدەبەخشێت، کەواتە خوێنەرانی شیعری نزار قەبانی، پەردەپۆشی شیعرەکانی دەکەن.

**شاعیر پێویستە رەخنەگری خۆی بێت**

هەموو شاعیرێك بارودۆخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام دەبێت لەخۆی تێبگات، کاتێك هەستدەکات ئەوەی دەینووسێت جۆرێکە لە پاشەکشە کردن، پێویستە بەخۆیدا بچێتەوە، کاتێك هەستی کرد لە ناسنامەی شیعری خۆی دەرچووە، ئیتر دەبێت بوەستێت، لەخۆ گەیشتن بە مانا هایدگەرییەکەی واتە بوونی مرۆڤ لە جیهاندا، بوونی مرۆڤ لە جیهاندا تەعبیر لە بەرجەستەبوونی مرۆڤ دەکات، مرۆڤی داهێنەر لە داهێنانەوە خۆی بەرجەستە دەکات، بەو مانا دەتوانیین لە رێگەی (هایدگەر)ەوە بڵێین بوونی مرۆڤ لە جیهاندا لە یەککاتدا پرۆسەیەکی بەردەوامی تێگەیشتنە لە دیاردەکان و تێگەیشتنە لە بوون.

بەڵام ئەو وەستان و بەخۆ داچوونەوەیە بە بە ویستێکی گەورەوە بەندە، ئەو ئازایەتی و ئیرادەیە لە شاعیری داهێنەر چاوەڕوان دەکرێت، نەك ئەوانیدکە.

کەواتە داهێنان بە پرسیاری نوێوە بەندە، هەر رۆشنبیرییەك نەتوانێت پرسیاری نوێ بخاتەوە، رۆشنبیرییەکی بێ بیرکردنەوەیە، وەك چۆن هەر رۆشنبیرییەك لەسەر دارشتنەوەی بیرکردنەوەی ئەویدیکە بژیت، خاوەنی بیرکردنەوە نییە، کەواتە ئیبداع هێنانە ناوەوەی پرسیاری نوێ و شێوازی نوێ و تەعبیرکردنی نوێیە.

خۆرئاوا نەك وەك ژیان، بەڵکو وەك فیکر و داهێنانیش بە پرسیارو داهاتوەوە بەندن، جۆرێك لە سەرکێشیان تێدایە، بەردەوام هەنگاو بەرەو نادیار دەهاوێژن، دەیانەوێت لە رێگەی نادیارەوە داهاتوو کۆنترۆڵ بکەن. بەڵام خۆرهەڵات بەردەوام لە گەڕانەوەدان، هەمیشە خەریکی دارشتنەوەی بیرکردنەوە کۆنەکانن و سوورن لەسەر هەمان جیهانبینی رابردوو، خۆرهەڵات رابردوو پەرستە، بەڵام خۆرئاوا بیر لە داهاتوو دەکاتەوە.

## وێنەکانی داهێنەر

## چەمکی کۆتاییەکان

ئـەدۆنیس لـە کتێبـی (سیـستەم و قـسەکردن) دەڵێـت: فیکـری راسـتەقینە دەسەڵاتی خۆش ناوێت، نابێتە بابەتی ململانێ، بەڵکو دەبێتە بابەتی گفتوگۆو دانوستاندندن. ئەو رستەیە تەعبیر لەوە دەکات کە هەر رۆشنبیرییەك بەدامەزراو کـرا، هـەر رۆشـنبیرییەك لـە سـەر وەڵام راسـتبێتەوەو بـەردەوام شـانازی بـە رابـردووەوە بکـات، هـەر رۆشـنبیرییەك لـە سـەر شـێوە باوەکـان بـۆ دووبـارە بەرجەسـتە بـوون، خـۆی راڤـە کـردەوە، رۆشـنبیرییەکە هـەر تـەنها دەلالـەت لـە دواکەوتنی فیکر ناکات، بەڵکو بە دیوەکەی دیکە تەعبیر لە گەندەڵی کۆمەڵگەش دەکات.

رۆشـنبیریی بـاو، رۆشـنبیرییەکە بـەردەوام هەوڵـدەدات خـۆی بـە سـەر شـتەکاندا بسەپێنێت، ئازادییەکان رەش بکاتەوەو جیاوازییـەکان لە نـاو ببـات. رۆشـنبیریی باو بە دەوری هونەری پەردەپۆشکردندا دەخولێتەوە، نەك هونەری پرسـیارکردن و کەشـفکردن. هـەر رۆشـنبیرییەك نـەتوانێت تـاکی سـەربەخۆ دروسـت بکـات، بـڕوای بـە تـاك نـەبێت، بـڕوای بـە گفتوگـۆ و جیـاوازی نـەبێت و نـەتوانێت پانتاییـەکی بـەرفرەوان بـۆ ئـازادی ئەویدیکـەی دژ فەراهـەم بکـات، بـە رۆشنبیرییەکی دوژمنکارانە دەدرێتە قەڵەم، رۆشنبیریی دوژمنکارانە جۆرێکە لـە کوشتنی رەنگەکان و ئەویدیکە.

رۆشنبیریی دوژمنکارانە هەمیشە بیروڕای کۆ دەخاتە سەرووی بیروڕای تاکەوە، هـەڵگری بونیـادێکی کۆنەپەرسـتانەیە، هـەر ئـەو بونیادەشـە لـە تـەواوی پانتاییـەکانی دیکـە رەنگدانـەوەی دەبینیرێـت. ئـەدۆنیس بـۆ ئـەو رەنگدانەوەیـە دەڵێت چـەمکی بـەکرێگیراو و گوێڕایـەڵ.... هـەر تـەنها تەرجەمـەکردنی چـەمکی هەڵگـەڕاوەو بـێ دیینـە. بـەو مانایـەش هـەر رۆشـنبیرییەك بـەردەوام پرسـیار و

خوێندنەوەی جیاوازی قبولْ نەبێت، بە رۆشنبیرییەکی بنبەستوو دێتە ژماردن، خوێندنەوەش دەبێت لە سەر بنەمای گۆڕان بێتە ناوەوە، هەر خوێندنەوەیەك نەتوانێت بە پێی بەرەوپێشچوونی فیکرو مەعریفە بڕوات، لەگەڵ ژیان بێتەوە، خوێندنەوەیەکە تەگەرە دەخاتە بەر پێشکەوتن. دەبێت خوێندنەوە بەکەرەسەی نوێی سەردەم و فیکر و مەعریفەی داهێنەرانەوە بێتە ناوەوەو هەوڵی بەرەوپێشبردن و گۆڕان و تازە بوونەوەوە بدات، ئەگەرچی دەشێ وەك بنەمایەك بۆ ئازادی لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەك دابین بەلاّم لە بیرمان نەچێت هەر خوێندنەوەیەك نەتوانێت هەڵگری پرسیاری‌نوێ و جیهانبینی نوێ بێت، هەر خوێندنەوەیەك لە سەر وەلاّمی ئامادە رابێتەوە، ئەگەرچی لە بەرامبەر رۆشنبیریی ناوبراو بە هەڵە ناکەوێتەوە بەلاّم لە بەرامبەر مرۆڤی داهێنەرو پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم بە هەڵە دەکەوێتەوە.

## وێنەکانی رۆشنبیر/داهێنەر

چیدی رۆشنبیر وەك کەسێك کە کۆمەڵێك کارفرما لە کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدات بە مانا گرامشییەکەی (رۆشنبیرە ئۆرگانییەکان) پێناسە ناکرێت، بەڵکو قسە لە رۆشنبیری ئازادو رۆشنبیری رەخنەگر دەکرێت. رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە دەسەلاّتی فیکرو مەعریفەو داهێنانی بە دەستەوەیە، دەسەلاّتی داهێنەر رێگەی کۆمەڵێك پەیوەندییەمان بۆ والاّ دەکات کە زیاد لە پێویست جوان و زیاد لە پێویست دەوڵەمەندە بە بەها مرۆییەکانەوە، بەو مانایە داهێنان خەڵقکردنێکی نوێ دەسەپێنێت، وەك ئەدۆنیس دەڵێت: هەموو خەڵقکردنێکی نوێش لە ناوەوەی خۆی دانپێانانێکی هەڵگرتووە ئەویش ئەوەیە کە کۆن تەواو پێگەییوو نییە.

دەسەلاّتی فیکر لە تیۆریزەکردنی فیکرەوە هەڵدەگرینەوە کە بە سامانی میتۆدی و فیکرییەوە بەندە، بە مانایەکی دیکە دەسەلاّتی فیکر لە (داهێنان)ی چەمکی نوێ و تەفسیرکردنی نوێ و پرسیاری نوێ و جیهانبینی نوێدا خۆی بەرجەستە

دەكات. دەشێ بۆ وێنەی داهێنەر/رۆشنبیر رۆمانی (كچەی پرتەقاڵ)ی (گاردەر) وەك نموونە بخەمە روو، تەوەرەی سەرەكی ئەو رۆمانە لە سەر پرسیارێكی رۆحی/عەقڵی وەستاوە، وەك چۆن پرسیاری ناوبراو كۆی رۆمانەكانی نووسەر دەگرێتەوە، بە مانایەكی دیكە (گاردەر) لە سەر زیاد لە كایەیەك و سەرچاوەیەك كار دەكات و شێوازی گێڕانەوە بە مەعریفە بارگاوی دەكات.

پرسیاری ئەنتۆلۆژی لە كچەی پرتەقاڵ پرسیاری تێڕوانین بۆ بوون و بەشداریكردن و بەشداری نەكردنی ژیانە، بەڵام (جۆرج)ی كوڕ لە وەڵامی ئەو پرسیارەی باوكیدا بە پێچەوانەی دید و ئەزموون و بیركردنەوەی ئەوەوە، ژیان هەڵدەبژێرێت، سەرەڕای ئەوەی كە باوك درەوشاوەترین وێنەی رۆشنبیری وێڵ و سەرەڕۆ و گەڕۆك دۆزەرەوەیە، خوڵقێنەری هەستێكی نوێیە و خەوبینێكە بەرەو ئاسۆیەكی نەبینراو هەنگاو دەنێت، كەچی كوڕ لە هەڵبژاردندا چەمكی دابڕان پەیڕەو دەكات، بەڵام نەك بە مانا مەعریفییەكەی، بەڵكو بەو مانایەی كە تێڕوانینیان بۆ ژیان جیاوازە. راستە باوك مرۆڤێكە دیدێكی تایبەتی بۆ زۆر كێشەی جەوهەری هەیە، ئەو دیدەی درێژكراوەوەی هەموو ئەو سامانە میتۆدی و فیكرییەیە كە پێش ئەو لەو كایەدا هەبووە، ئەو بە ناسینی قووڵ و تەفسیركردن و زانیاری نوێوە دەوڵەمەندییان دەكات، لە لایەكی دیكە كەسێكە بایەخی بۆ خەیاڵ هەیە و ناتوانێت لە لایەنە رۆحییەكە دوور كەوێتەوە، واتە تا رادەیەكی زۆریش كەسێكی یۆتۆپییە، بەڵام كوڕ بە هەڵبژاردنی ئەو ژیانە كورتە ئەو یۆتۆپیایە تێكدەشكێنێت، بە دیوەكە دیكەش درێژە بە سامانی مەعریفی دەدات.

لێرەدا مەبەستمە لە روانگەی ئەو دوو كاراكتەرەی (گاردەر) لەم نووسینە درێژە بە چەمكی رۆشنبیر/ داهێنەر بدەم و بڵێم رۆشنبیر نە ئەو كەسە گرامشییەیە كە كۆمەڵێك كارفرما لە كۆمەڵگەدا ئەنجام دەدات، نە ئەوەی (جۆلیا بندا)یە كە دەڵێت مەملەكەتی ئێمە لەو جیهانەدا نییە، نە ئەوەیە بە ناوی بەرژەوەندی و

شەرەفی نەتەوەییـەوە راسـتی رووداوەكـان دەشـارێتەوەو بـە گوزارشـتی (ریژێیـە دۆبریـە) و (جـۆرج بالانـدیێ) بـە (پۆلیـسی فیكـر) دەدرێتـە قەڵـەم، نـە ئەوانـەن كـە وەك (كـارل پۆپـەر) دەڵێـت گرنگـی بـە فیكـر دەدەن و بـە نـاوی فیكـرو بیروباوەڕو تیۆرەوە خەڵك بە دژی یەك ئاراستە دەكەن.

(ئیـدوار سـەعید) لـە نێـوان ئـەو دوو وێنەیـەی (جۆلیـان بینـدا) و (گرامـشی)، لـە نێـوان رۆشـنبیریی یۆتـۆپی و رۆشـنبیریی ئۆرگـانی ئیـشكالیەتێك دەخاتـە روو ئەویش ئەوەیە چۆن رۆشنبیر بتوانێت لە یـەك كاتـدا پارێزگـاری لـە سـەربەخۆیی و ئەكتیڤی خۆی بكات، بێ ئەوەی بكەوێتە ئەو دوو بازنە ناوبراوەی سەرەوە؟.

سەعید لە وێنەكانی رۆشنبیر بۆ ئەو ئیشكالیەتە گوتەكەی (میلـز) وەردەگرێـت كە دەڵێت رۆشنبیری سەربەخۆ ئەو كەسـەیە كـە دژایـەتی لـە قالبـدان دەكـات، لـە قالبدانێك كە دواجار مردنی شتە جوانەكانی بە دوا دادێـت، رۆشـنبیری ئـازاد لـە ئاشــكراكردن و ریــسواكردنی دەمامكــەكان ســڵ ناكاتــەوەو پاشــان كــار بــۆ لەناوبردنی بیروباوەڕو تیڕوانینی لە قالبدراو دەدات، بە دیوەكەی دیكەش لەبەر ئـەوەی بیروبـاوەڕی جـەماوەر بـە گـوێرەی پێداویـستییەكانی سیاسـەت ئاراسـتە دەكرێـت، بۆیـە دەبێـت خـۆی بـە حەقیقـەت و بـەها راسـتییەكانەوە ببەسـتێتەوەو مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەزموونـە زینـدووەكان بكـات. بـەو مانایـەش رۆشـنبیر نـە رەگەزێكە بارو دۆخەكان ئارام بكاتەوە، نە خولقێنەری دۆخێكی گشتییە، بـەڵكو مرۆڤێكـە هـەموو بـوونی خـۆی بـە هەسـتێكی رەخنەگرانـەوە بارمتـە دەكـات. كەسـێكە هەمیـشە بەرامبـەر بـارو دۆخـەكان ناڕازییـە تـەنها داهێنـان نـەبێت. بەمجۆرە چەمكی رۆشنبیر/داهێنەر لە یەكدا كۆ دەبنەوە.

## چەمكی كۆتاییەكان

(عەلی حـەرب) لـەكتێبی (باسـی كۆتاییـەكان؛ دەسـتبەسـەراگرتنی بـەجیهانیبوون و تەلەزگـەی پێناسـە)دا پێیوایـە كاتێك فیكـر كـە هەنووكـەیی خـۆی ونكـرد، هێـزو

كاریگەری خۆیشی وندەكات، واتە پەیوەندی خۆی بەقسەو باس و واقیعی زیندوو لەدەست دەدات، بێگومان قسەوباس لە كۆتاییەكان هەنووكەیی خۆی هەیە، ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمی بوونەوەرێك داین كە لەرێگەی شۆڕشی بەیەكگەیشتن و بۆمبی زانیارییەكان دەمانخاتە سەر ئاستی گۆڕانە گەورەكانەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانە گەورانەشدا لەچەشنێكی (بوون)ەوە بۆ چەشنێكی دیكەی دەچین، لەقۆناغی ژیاریی بۆ قۆناغێكی نویێ تر.

دوای بانگەشەكردنی گوتەزا بەناوبانگەكەی (فۆكۆ یاما) وەك هۆبزباوم دەڵێت ئیتر بە تەواوی كەوتینە نێو سەردەمی كۆتاییەكانەوە. (بۆل فیریلیۆ) كۆتایی جوگرافیای راگەیاند، (رۆلان بارت) مەرگی نووسەر، پێشتریش (نیچە) مەرگی خواوەندی بەیان كرد، بەو مانایە هەستدەكەین كە فیكری خۆرئاوایی بەرەو دابڕانی پەیوەندییەكان هەنگاو دەنێت، هەموو پەیوەندییەكان دەپچڕێت تا گەیشتە ئەوەی (فۆكۆ) مەرگی خودی مرۆڤی هێنا بەرهەم.

ئەو دابڕان و پچڕانە بەرەو بواری نویێ و دەست پێكردنێكی دیكەی نوێمان دەكاتەوە، بەرەو بەرهەمهێنانی چەمكی نویێ و جیاواز، بەو مانایەش دواجار كۆتاییەكان بوو بە بوارێك لە بوارەكانی مەعریفە، بووە ناونیشانێكی گەورەترو بانگەشەی كۆتاییەكانی تازەگەری دەكرد، وەك لە ناونیشانی كتێبەكەی (گیانی ڤاتیمۆ)وە دەیبینین.

كاتێك (فیریلیۆ) قسە لە كۆتاییەكانی جوگرافیا دەكات، بەرەو دنیایەكی نوێی دیجتالی رێنماییمان دەكات كە ماوەكانی تێدا دێنەوەیەك، لە ژێر سێبەری جیهانگیریدا دنیا لە گوندێكی بچوكدا كورت دەكاتەوە، یان شاشەیەك كە هیچ بایەخ و مانایەك بۆ شوێن و زەمەن ناهێڵێتەوە، هیچ بەهایەكی زانستیان پیێ رەوا نابینێت. بەڵام مەرگی نووسەر تەعبیر لە لەدایكبوونی دەق و خوێنەر دەكات، چونكە گەڕانەوەی دەق بۆ نووسەر هەر تەنها بەخشینی تاكە مەدلولێكی كۆتائامێز ناگەیەنێت، وەك چۆن هەر تەنها ئابڵوقەدانی دەق و

وەستاندنی دەق ناگەیەنێت، بەڵکو کڵۆمدانی نووسینیشی بەدواوەیە، ئەوەش لەگەڵ رەخنەی نویٚ کە بڕوای بە کەشفکردن و خوێندنەوەی جیاواز هەیە، دژ دەکەوێتەوە.

ئەگەر بۆ گوتەزاکەی فۆکۆ و نیچە بگەڕێینەوە دەبینین وسبەلێکراوەکانی فیکری خۆرئاوایی دوای داپۆشینیان بە درێژایی مێژوو لە رێگەی خوێندنەوەو راڤەکردن و بەدواداچوونیاندا بەرجەستە دەبنەوە، بەمجۆرە لە پەراوێزکراوەکان و داپۆشراوەکان و وسبەلێکراوەکانەوە دووبارە نەخشەی فیکر رێك دەخرێتەوە، بەو مانایەش بۆ ئەوەی لە مرۆۋ بگەین پێویستە بە فۆکۆ و نیچەدا گوزەر بکەین، چونکە ئەوان دوای لێدانی شتە پیرۆزو دەست بۆ نەبراوەکان، دوای بەرجەستەکردنی رەنگە جیاوازەکان، دوای راگەیاندنی مەرگی گێڕانەوە گەورەکان..... مانایەکی دیکەی نوێیان بە مرۆۋ بەخشی.

رەخنەی نویٚ، پەراوێزی لە سەر حیسابی سێنتەر وڕووژاند، دواجار لە رێگەی بەرهەم هێنانی چەمك و گوتەزای نویٚ، بوارگەلێکی نوێی بۆ کار کردن هێنا ناوەوە، هەر لەوێشەوە بە هەڵوەشانەوەی منی دێکارتی و توێکاریکردنی سێنترالیزمی خۆرئاوایی رابۆوە.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵلاٚ

## کچەکەی ئەدۆنیس لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەدۆنیسی باوك بە دوای دەسەلاتی ونبووی باوکیدا دەگەڕێت

هونەرمەند نینار ئەسبر لەو سەد پرسیارەی کە لە کتێبێکدا بە ناوی (گفتوگۆیەك لەگەڵ باوکم) خستوویەتە روو، بە دوای دەسەلاتی ونبووی باوکیدا وێڵە، ئەو پیاوەی کە ئامادەیی دەسەلاتی بە سەر پانتایی شیعریدا زاڵە "باوك نییە بەڵکو هاوڕێیە".

نینار لەو کتێبەی کە لەو دواییە لە دەزگای پەخشی فەرەنسی بلاو بۆوە، لە رێگەی ئەو سەد پرسیارەوە گفتوگۆیەکی درێژو بەرفرەوانی لە بارەی کۆمەڵێك مەسەلەو بیروڕاو چەمك لەگەڵ باوکی ئەنجامداوە.

لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت "بۆیە ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵ ئەدۆنیسی باوك کردووە چونکە من پێویستیم بە ناسینی هەبوو، بە تایبەتی ویستم هەندێك لەگەڵی دابنیشم، وەك چۆن ویستم لەبارەی هەندێ شتەوە قسەم بۆ بکات، هەندێك پرسیارم وەڵام بداتەوە وەك ئەوەی کە من کچی ئەوم".

هەروەها بۆ ئاژانسی (فرانس پرێس) ئاشکرام کرد کە فیکرەی ئەو کتێبە لە 2003 وەك یەکەم پرۆژەی خۆم و لە سەر ئارەزووی خۆم بووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ باوکمدا هەندێ بەیەکەوە بین،چونکە هەر کە دەمویست لەگەڵێدا کاتێك بە سەر بەرم، دیوومە کە خەریکی نووسینە یان بە تلیفۆنەوە سەرقاڵە یان شتی دیکە. هەروەها دەڵێت کۆمەڵێك پرسیارم ئامادە کردبوو کە هیچ پەیوەندیان بە شیعری ئەوو بەهای رەمزی کارەکانی ئەو نەبووە، پرسی کچ بۆ باوك هەندێکجار جێگەی نیگەرانییە، یان گرانە، یان ئەو لای گرنگ نییە... ئەو کچە هونەرمەندە شێوەکارە دەڵێت "لە رێگەی ئەو کتێبەوە بۆ یەکەمجار کەشفم کرد کە ئەو هاورێیەو باوك نییە، بەلآم من پێویستم بە دەسەلآتی باوك هەیە" هەر لەو کتێبە ئەدۆنیس دەڵێت: حەز دەکەم ئیتر زۆرتر یەکتر ببینین بۆ ئەوەی زێتر شارەزایی یەکتر بین، چونکە کاتی خۆی منیش لە بەر ئەوەی باوکم زوو وەفاتی کرد منی نەناسی، ئیتر بۆیە لە خەیاڵم دەرناچێت، جا دەمەویت لەمەودوا ئەو خەسارەیەی کە زوو هات پڕی بکەمەوە.

نینار دەڵێت لە رێگەی پرسیارەکان و وەلآمەکانەوە تێگەیشتم کە من کێم و چۆن بیر دەکەمەوە. لە لای خۆم هەندێك شتم لێیدیت کە پێشتر بەر لەوەی بچینە نێو ئەو یارییە ئەو شتانەم لێینەدیبوو، هەروەها دەڵێت لە وەلآمەکانیدا شتگەلێکی تیا بوو کە دڵنیایان دەکردم. دواجار کچ و باوك گەیشتنە ئەوەی کە هەتا لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانیش پێویستە ئافرەت بۆ ئەوەی بە سەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بێت کە دووچاری کۆمەڵگەکەی دەبنەوە زیاد لە پێویست بە هێز بێت.

هەندێك لە پرسیارەکانی ئەو کتێبە ئاسان و هەندێکیش ئاڵۆزن. نینار دەڵێت بە مافی خۆمم زانی زۆر بە ئازادی هەندێك پرسیاری دوور لە شیعری لێبکەم، وەك باوك هەندێك پرسیاری لێبکەم. هەروەها کاتێك کچەکەی لە بارەی مێیینەوە

پرسیای لێدەكات پێی دەڵێت پرسیارەكانت زۆر تیۆرین بۆیە لە دەرئەنجامدا ناتوانم وەڵامێكی راستت بدەمەوە، بەڵكو تەنها دەتوانم هەندێك بۆچوون و هەستی خۆم بخەمە روو، بەڵام رەنگە پەیوەندی بە واقیعەوە نەبێت. سەرەڕای ئەوەش دەڵێت پرسیارەكانت دەكەونە نێوان دوو كۆمەڵگەوە یەكێكیان هاوچەرخە و ئەویدیكەیان وا نییە، پێی دەڵێت من وا هەستدەكەم كە تۆ گرفتت لەگەڵ ئەو دوو كۆمەڵگەیە هەبێت، بەڵام من لە هەر كوێ بم شوێنێكم بۆ خۆم خەڵق كردووە، من هەمیشە دەڵێم نیشتیمانم زمانمە، پەیوەندی من بە دنیای زمان بە هێزترە لە پەیوەندیم بە شوێن و خەڵكەوە.

نینار ئەسبر لە ساڵی 2001 كتێبێكی بە ناوی "شەوی یەكەم" لە دەزگای ئەلنەهار لە بەیروت بەچاپ گەیاندووە، بەڵام لە بنەڕەتدا هونەرمەندی شێوەكارییە، ئێستا خۆی بۆ پێشانگایەك بۆ هونەری پێكهاتەیی لە نیویۆرك ئامادە دەكات، هەروەها كۆمەڵێك فیلمی بەرهەمهێناوە، هەندێك لە كارەكانی ئێستا لە ڤێستڤاڵی "كوتیە كور" لە پاریس پێشان دەدرێن.

سەرچاوە:

لە سایتی: النباو المعلوماتیە2006/4/14

## نامەی بەدر شاکر ئەلسەیاب بۆ ئەدۆنیس

ئازیزەکەم ئەدونیس

بەر لە چەند رۆژێك نامەیەکم بۆ ناردی، دوو قەسیدەی لەگەڵدا بوو کە لە لوبنان بڵاو نەکراونەتەوە، هیوادارم بە دەستت گەیشتبێت. ئەگەر بە دەستت نەگەیشتبێت خەبەرم بدەیە بۆ ئەوەی دووبارە قەسیدەکانت بۆ بنێرمەوە.

(جبرا)م دیت دوای ئەوەی لە لوبنان گەڕایەوە. بە یەکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بە تایبەتی باسی تۆو یوسف (ئەلخاڵ)مان کرد. جبرا پێیڕاگەیاندم کە (سلێمان عیسا) قەسیدەیەك و نامەیەکی بۆ تۆ ناردووە، لە نامەکەدا ستایشی گۆڤارەکە دەکات، ئەگەر وابێت هەردووکیان بڵاو بکەوە، بێ ئەوەی گرنگی بە لایەنی هونەری بدەیت، چونکە بۆ گۆڤارەکە جێکەوتەی گەورەی دەبێت.

برام ئەدۆنیس: لە گۆڤاری (ئاداب) ی ژمارەی شیعریی قەسیدەیەکم هەیە ناونیشانەکەیم لە بیر نییە، بەڵام دێرێکی تیایە زۆر لێی دوو دڵم ئەویش ئەوەیە (هیای.. کونغای، کونغای.) تکایە ئەو دێرانەو زێتریش ئەوانەی کە بەمجۆرە دەستپێدەکەن وأريل الجديد.. الهدرجين واهب الحياة للقفار«.. أما »نبوءة في عالم

1956«.. حەز دەكەم لابانبەریت،هەروەها حەز دەكەم كۆپلەی چوارەم (ژمارە 4)و كۆپلەی ژمارە (7) جگە لە پێنج دێرەكەی دوایی نەبێت، هەروەها (ولفني الظلام في المساء..) تۆش سەربەستی هەر دێرێكی دیكە لابەریت..بەلاّم لە قەسیدەی (أغنية في شهر أغسطس) حەز دەكەم ئەو كۆپلەیەی كە بە (سيعود إذا انتصف الليل) تا دەگاتە (والليل الراكد، بالخضر). بەلاّم لە (قافلة الضياع) ئەو سێ دێرەی كۆتایی (الليل..كلا! ما هناك؟! أنظر.. تضوأت السماء.. هتد، لە بری ئەوە چوار بەیتەكەی كۆتایی پێشوو دووبارە بێتەوە واتە (فشاهدي يا سماو) تا دەگاتە (أننا أقويا و).

قەسیدەی (مرثية جيكور) كە لە گۆڤاری (ئاداب) بلاّوت كردۆتەوە، هەڵەی چاپی لە رادە بەدەر تیایە، دێری دەیەم بەر لە كۆتایی دەبێت بەمجۆرە بخوێندرێتەوە:

(سلم في الحضيض أعلاه مرقاه انخفاض وان بدا كالصعود.)

دوای ئەویش ئەوە دێت:

(حدقت منه في الورى مقلتا »فوكاي« تستشرفان أيام هود.)

ئێستا كۆتایی بە نامەكەم دێنم تكام وایە سلاّوم بە (یوسف ئەلخال) هەروەها بەرێز (أرواد)و بەرێز (أدفيك شيبوب) باقی هاورێیان بگەیەنیت، بێئەوەی پێویست بە ناو ریزكردن بكات.

لە هاوپێچی ئەو نامەیە هەندێك شیعری بلاّو نەكراوە دەبینیت.

دلۆزتاً بەدر

# گفتوگۆیەکان

## ئەدۆنیس:

## داهێنان رستێك سەرەتای بێ کۆتاییە

***تۆ هەمیشە قسە لە نوێبوونەوەو گۆڕانکاری لە زمان، لە جولەو بڕینی شێوەکان دەکەیت، دەتوانێت بڵێیت شیعرەکانم خۆیان لەو قەسیدانەی کە بە کلاسیکی یان بە نوێ ناسراون دابڕیووە، یان تۆ بەردەوام لە کوێ دابڕان دروست دەکەیت؟**

ڵێرە دەبێ جیاوازی لە نێوان گوتنو زمان بکەین، زمان موڵکی هەموو کەسێکە، بەڵام گوتن موڵکی تایبەتە. قەسیدەی ناسراو چ کلاسیکی بێت، یان نوێ، گوتنە. گوتنێکی دیاریکراوی شاعیرێکی دیاریکراوە. پێیموایە شیعری من هیچ پەیوەندییەکی بەو گوتنە نییە. یان بەلای کەمی هەوڵدەدات هەرچی پەیوەندی هەیە بیبڕێت. ئەگەر شاعیرێك گوتنی تایبەت بەخۆی نەبێت، ناتوانێت بڵێت شیعرم لایە. کەمترین هەوڵی شاعیر ئەوەیە گوتنی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت.

***لە كتێبەكەت (زەمەنی شیعر) رەنگە لە بەرامبەر (56) پێناسە بوەستین، یان ئەوانەی لە پێناسەكردنی شیعر دەچن، هەندێجاریش بە یەك ناكۆك دەكەونەوە. ئایا دوای ئەو ئەزموونە درێژەی خۆت نزیكایەتیەكت بۆ دوا تێگەیشتنی شیعر وەك وەزیفە، وەك پەیوەندییەكانی بە شاعیرەوە لەلا دەست دەكەوێت؟**

ناشێ زانستێك بۆ شیعر دامەزرێنین بەو مانایەی كە وشەی زانست دەینوێنێ، بە دەستەواژەیەكی دیكە ناتوانیت لە رێگەی زانستەوە لە شیعر نزیك بكەویتەوە، تا رادەیەك دەشێ رەخنەی شیعری زانستی بكەوێتەوە، چونكە رەخنە جۆرێكە لە تیۆریزەكردن، بەڵام ئەوە شتێكەو كردەی ئیبداعی شتێكی دیكە. لە كردەی ئیبداعیدا زۆر شت دەمێنێ، بەڵام لە (زانست) هەموو شتەكان دەكەونە ژێر (یاسا)و (رێسا)وە.

ئەوەی تۆ لە زەمەنی شیعر بە پێناسە ناوی دەبەیت، پێناسە نین بۆ دیاریكردنی شیعر وەك خۆی، یان دیاریكردنی زانست وەك ئەوەی هەیە. ئەوەی كە من لەو پێناسانەدا هەوڵیان بۆ دەدەم گرتنی چركەساتی شیعرییە، یان ئەو حاڵەتە شیعرییەی كە منی تێدام، ئەو چركەساتانەش تەنها یەك حاڵەت نین، ناشكرێ لە ژمارەیەكی دیاریكراودا قەتیسیان بكەین، بۆیە زۆر ناویان هەیە، كۆمەڵێك ناو كە سات دوای سات دەگۆڕێن.

كردەی ئیبداعی هەڵقوڵانەو لە رەهەندی كەشفكردندا دەجولێتەوە، واتە لە رەهەندێك كە كۆتایی نایەت، بۆیە دیاری ناكرێت، هەر لێرەشەوە نێودژی نەفی دەكاتەوە.

هەندێجار دەڵێیت شیعر وەك كردەیەكی ئیبداعی مەرگە، لە رۆژێكی دیكەدا دەڵێیت ژیانە، ئەوە مانای نێودژی ناگەیەنێت، بەڵكو لە حاڵەتی گرتنی شتێكدایت كە توانای گرتنیت نییە، نێودژی دەكەوێتە بەرەی زانستەوە نەك بەرەی شیعر.

هەموو ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی دێنێت جگە لە هۆیەك بۆ زێتر كەشفكردنی خۆی و دنیا و دەستبەسەراگرتنی ماددەو سروشت شتێكی دیكە نییە، تەنها مەبەست هەر مرۆڤە، وەك چۆن لێرەدا لێكجیابوونەوەیەك لە نێوان هۆیەكان دەبینرێت، هەروەها جیاوازییەكیش لە نێوان رۆڵی هۆیەكاندا هەیە، یان وەزیفەكانیان.

كەواتە بۆ نموونە لە گۆڕەپانی (ئەلكۆرنۆدی پاریسی گەشتیاریدا) تۆ سەیری (بەعلەبەك یان تەدمر، یان ئەهرام، یان ئەلئەكرۆبۆل، یان كۆڵەكەكانی فیرعەون) بكە، ئەگەر وەك هونەر سەیریان بكەیت ئەوە وەزیفەیەك لە وەزیفەكانی هونەریان پێدەبەخشیت، ئەگەر نا وەزیفەی دیكەیان پێدەبەخشیت، لە سەیركردنی دووەمدا دوای ئەوەی كە هونەر دەشێوێنیت، ئینجا دەیكوژیت و دەیشاریتەوە، بەڵام كە وەك هونەر سەیری دەكەیت، ئەگەر ئامادەگی كردەی ئیبداعی ئەو شوێنەت تێدا بێت كە لێی هاتۆتە بەرهەم ئیتر لەگەڵی دەژیت و تێكەڵی دەبیت، وەك چۆن لە پێناو زێتر كەشفكردن، رووبەرووی زۆرترین تەقینەوەی وزەی ئیبداعی دەبیتەوە.

لە دووتوێی ئەو بۆچوونەی كە تۆ دیارت كرد، وەك من تێیگەیشتبم، نزمترین ئاستی ئەو وەزیفەیە بە مانا بڵاوو باوەكەی ئاستی كۆمەڵایەتی و سیاسی راستەوخۆیە، ئەوەش ئاستی (گەشتیارانەیە). بەڵام بەرزترین ئاستی ئەو وەزیفەیە ئەو ئاستەیە كە ئارەزووی مرۆڤ بۆ بەردەوامی و تەجاوزكردنی پێدراوە هەنووكەییەكان بێدار دەكاتەوە و دەبێتە پاڵنەرێك بۆ دۆزینەوە، ئەوەش ژیان وا لێدەكات كە بڵێسەی هەمیشە لە جولە، قەڵەمباز، پەی پێبردن دابێت، لەو رووەوە شیعر (ئەگەرچی من نایناسم) لە پێناو تەعبیركردن لە نادیار دەرگا لە قوڵاییەكانی ناخ دەكاتەوە، واتە بۆ ئەوەی زێتر بڕوا بە مرۆڤ، بهێنیت بەوەی كە

خۆی سێنتەری گەردوونو خاوەنی گەردوونە، بڕوا هێنان بەوەی كە مرۆڤ، نادیار دەبڕێتو كۆنترۆڵی دەكات.

*هەمیشە ئاماژە سەرەتاییەكانی تۆ بە (سفر/سپێتی) بە مانا دوالیزمییەكەی دەكەوێتەوە، ئەو دوالیزمییەش دەبێتە دوو بەش، یەكەم: لێووردبوونەوە لە زاراوەی پەیامبەری. كە پێویستی بە رەتكردنەوەو دامەزراندن هەیە، ئەوەش بە ناوەوەی خۆتەوە بەندە، واتە دەكەوێتە دووتوێی باگكراوەندی ئاینیتەوە.

دووەم: لێووردبوونەوە لە عەدەمیەتی سەر بە ئەوروپای مۆدێرن، كە خودی ئەو نێودژییەش دوو نێودژی دیكەی بەدوادادێت.

یەكەم: ئەوەی كە پەیامبەری ئایینییە لە بیركردنەوەدا ئاماژە بە میسالیەت دەداتو پێیوایە فیكر پێش وجود دەكەوێت.

دووەم:میتۆدێك لە شیعردا هەیە پێیوایە كە ئەوە فۆرمە دەبێتە هەڵگری ناوەڕۆك.

ئایا ئەوەی كە هەمیشە مەسەلە ئەدۆنسییەكان دەوروژێنن، ئەو نێودژییانەن (ئەو پرسانەن كە تایبەتن بە ئەدۆنیسۆ:ك) یان ئەو مەسەلانە هۆی دیكەیان هەیە؟

أئەو پرسیارە ئیشكالیەتی زۆر دەوروژێنێ بۆیە نامەوێت بچمە نێو وردەكارییەكانییەوە، چوونكە چوونە نێو وردەكارییەكان پێویستی بە روونكردنەوەی درێژ هەیە، جگە لەوەش ئەو پرسیارە گفتوگۆیەكی مەعریفی دەسەپێنێت. بۆیە ئەمڕۆ دەمەوێت بە شێوەیەكی راستەوخۆ هەر تەنها دەست بۆ ناوكۆی پرسیارەكان بەرمو بەوە واز بێنم.

قۆناغی ئاسمانی لە پەیامبەری، وەك دەزانین دواتر هات. لە بنەڕەتدا پەیامبەری بۆخۆی بتپەرستیو سروشتییە، ئەگەر پەیامبەری دەلالەتێكی شیعری هەبێت ئەوە بەو پەیامبەرەی یەكەمەوە دەلكێت: واتە راستەوخۆ قسەكردنە لەگەڵ

نادیاری گەردوونی بە شێوەیەكی سروشتی، بۆ ئەوەی ناوەندیارێك لە ئارادابێت، ئەوەش پێویستی بە زمانێكە كە دەكەوێتە نێو شتەكانەوە نەك دەرەوەی شتەكان.

لێرە نەبوونی (میسالیەت) واتە نەبوونی فیكر، جا چ ئەو فیكرە بكەوێتە پێش، یان دوا (واتە فیكر چ پێش بوون بكەوێت، یان لە دوای بوون دروست بێت/و:ك) بەڵام بوون لە رووی دووەمەوە (پێشتر بێت یان پاشتر) یان بە دەستەواژەیەك كە بە مانا هاوچەرخییەكەیەوە زۆر لە زمانی عەرەبی نزیكە: مانایەك نییە پێش (وێنە) بكەوێت، بەڵكو لێرە لە بنەڕەتدا (مانا/وێنە)و (وێنە/مانا) هەن.

سەرەتاكان هەمیشە لە (سفر/سپێتی)یەوەیە، ئەوەش لە لایەك جەختكردنە لە كردەی سەرەتاكان، لە لایەكی دیكە جەختكردنە لە كردەی ئیبداعی، هەر لە رێگەی ئەو دیدەشەوە بە گێمێك (گێم لە بری وشەی (شـوط)ی عەرەبی بەكارهاتووە_و:ك) دەژمێردرێت كە دەكرێ داهێنەر لە گۆڕەپانی دنیادا بۆ كەشفكردنی نادیارەكانی (مانا/وێنە) پێی هەڵبسێت، هەموو گێمێكیش دەبێتە سەرەتا. كەواتە ئیبداع زنجیرەیەك گێمی بێ كۆتاییە، زنجیرەیەك سەرەتای بێ كۆتاییە. تۆ ناتوانیت داهێنەر بیت ئەگەر وەڵامی ئامادەت بۆ پرسیارە تەرح كراوەكان هەبێت. بەڵكو ئەو كاتە دەبیتە داهێنەر، كە هەڵگری پرسیاری خۆت بیت و پرسیاری تایبەت بەخۆت بخەیتەوە. ئەو كاتەی كە سەرەتاكانت دەست پێدەكات، بەڵام ئەگەر هیچت بۆ گوتن نەبێت كەواتە هیچ پرسیاریشت بۆ خستنە روو نابێت. پرسیاركردنیش هەمیشە سەرەتایە، لەو دیدەوە شیعر (كە لێرە من نازانم چییە) پرسیارە، نەك وەڵام.

ئەو ماوەیەی كە دەكەوێتە نێوان خستنە رووی پرسیارو وەڵامدانەوەی پرسیار ماوەیەكی عەدەمییە، چونكە عەدەمییەت واتای ونبوونی وەڵام دەگەیەنێت، عەدەمییەتی (ئەوروپی) كە (نیچە) بانگەشەی بۆ كرد، نەبوونی وەڵامی ئەوروپی

بــوو لــە بەرامبــەر پرســیارە تازەکانــدا، بــە مانایــەکی دیکــە عەدەمییــەت هەرەســـهێنانی بـــەهای ئـــەورووپی (یـــەهودی/مەســـیحی) دەگەیـــەنێت. کەواتـــە عەدەمییەت لەو ساتە بە ئیجابی دەکەوێتە کە لە ڕێگەی پەی بردن بە پرسیاری نوێ دوای وەڵامی تازە دەکەوێت.

بـەڵام ژیـاری عـەرەبی وەك ئاسـتو وەك بونیـادە باوەکـەی کامەیـە؟ هەڵبەتـە ژیارییەکە لە وەڵام، وەڵامی یەکلاکەرەوەو بنبڕ، دەمەوێت بڵێم ژیاری عەرەبی نـەك هـەر تـەنها نکـۆڵی لـە پرسـیار دەکـات، بـەڵکو دووبـارە هـەمان وەڵامـە ئامادەکراوەکان دەسەپێنێت. تەفسیرێك دەسـەپێنێت کـە بە زۆر دەگشتێنرێتو هەندێجاریش لقی لێدەکاتەوە. بەڵام وەك دەزانین واقیعی نوێ لەو وەڵامانەی تێپەڕاندووە، بەو مانایەش ئەگەر ئێمە هەڵگری پرسیاری نوێ نەبین، کەواتە شتی نوێشمان بۆ گوتن نییە، لێرەوە هەندێکمان بە هێزی ئەو ڕووداوانە دەژین کە وەڵامە کۆتایئامێزەکان دەوریان داون. هەروەها گێمەکانی ئەوانیدیکەش دووچاری ناجۆرییەك دەبێتەوە، وەك چۆن لە هەمان کاتتدا پرسیارو وەڵامەکانیشیان دووچاری ئەو ناجوورییە دەبێتەوە، ئێمە لە ئاستی ژیاریدا بەمجۆرە دەژین، لە عەدەمییەتێکی دووالیزمئامێزداین، ئەویش نەبوونی وەڵامی تایبەتو ناجووری پرسیاری ئەوانیدیکەیە.

من لە شیعرەکانمدا هەوڵدەدەم تەجاوزی ئەو عەدەمییەتە دوالیزمەییە عەرەبییە بکەم، بۆ ئەوەی پرسیاری تایبەت بەخۆم درووست بکەمو لەوێوە بگەمە وەڵامی تایبـەت بـەخۆمان. لێـرە لەگـەڵ تـۆ یەکدەگرمـەوە کـە شـیعرم نوێنەرایـەتی ساتەوەختێکی عەدەمی عەرەبی دەکات، ئەویش کۆتایهێنانە بە دنیای کۆنو دامەزرانـدنی دنیـای نـوێ. بـەڵام نـەك عـەدەمێکی پووچـگەرایانە، بـەڵکو عەدەمیەتێك کە بە دوای دنیای نوێو بەهای نوێدا دەگەڕێت.

ئایا لەوەدا نێودژی هەیە؟ هەر چۆنێ بێت لەوەی کە پێشکەشم کرد دەبێ ئەو نێودژییە ببینین ئەگەر بەراستی لە ئارادا بێت. لەو چوارچێوەیەدا دەبێ چاو بەو چەمکانەدا بگێڕینەوە کە لە رێگەی وەڵامە کۆنەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەوە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە (فۆڕم) بە بوون لەخۆدا ناوزەد کراوە، ئەوەش نییە کە (ناوەڕۆك) بە بوون لەخۆدا ناودەبرێت. ئەگەر ئەمڕۆ بشێ ئەو چەمکانە بەکار بهێنین هەر دەبێ لە ناوەڕۆکە کۆنەکە بەتاڵیان بکەینەوە، باشتر بڵێم نابێ هەر تەنها وەك فۆڕم یان ناوەڕۆك بۆ شیعر بگەڕێینەوە، چونکە قەسیدە بونیادێکە بۆ تەعبیرکردن، جەستەیەکە. بەمجۆرە قەسیدە ناوەڕۆکێك نییە کە فۆڕمی بۆ زیاد بکرێت، بە شێوەیەکی باشتر بڵێم قەسیدە هەر تەنها فۆڕم یان ناوەڕۆك نییە، بەڵکو وەك سەرەتا بونیادێکە بۆ تەعبیر کردن: (مانا/وێنە)، (وێنە/مانا) یەك جەستەیە. بەمجۆرە ناتوانین (مانا)ی قەسیدە یان (ناوەڕۆك) وەك شتێکی سەربەخۆ، جیا، دیاریکراو، عەقڵی، روون، دەربهێنین. بەڵکو قەسیدە ئاسۆیەکە بە نێویدا گوزەر دەکەین: لەخۆمانی ناگرین، بەڵکو رەهەندەکانی کەشف دەکەین، ئەگەر لەم بارەوە پێکچوونێکم هەبێ دەڵێم پەیوەندی مانا بە وێنە، یان ناوەرۆك بە فۆڕم وەك پەیوەندی رووی کاغەزی سپییە بە رووەکەی دیکەی کە ئەویش هەر سپییە.

ئەوەی دەشێ لە نێوان فۆڕمو ناوەڕۆك لەمەودوا نکۆڵی لێبکەین خودی ئەو پەیوەندییە جەدەلیەی نێوانیانە. چونکە ئەو پەیوەندییە وامان لێدەکات بۆ ئەو تێگەیشتنە کۆنە بگەڕێینەوە، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە دوو ئاست، یان دوو لایەنی سەربەخۆو دیارو جیاواز دەسەپێنێت.

***لە قەسیدەی (تاك بەشێوەی کۆ) قسە لەو مەسافەیە دەکەیت کە (دوو عاشق)ی پیاو ژن ئەگەرچی لەو پەڕی یەکگرتنیش دابن لێکجیا دەکاتەوە. ئەوە مەیلی**

**خۆدانە پاڵ ئافرەتت لا دەردەخات، ئایا ژن لای تۆ تاكە یان چەندانێكە؟ هەروەها لە بارەی خۆشەویستیو ئافرەت چی دیكە هەیە؟**

أ یەك جەستە نیین، بۆیە ئافرەت یەك نییە. (هەروەها پیاویش، بەڵام بە نیسبەت من ژن یەكە). هەموو جەستەیەك كیشوەرێكە لە ڕێگەی پەیوەندی ئێمەو بە گوێرەی ئەو پەیوەندییە گەورەو بچووك دەبێتەوە. گفتوگۆ لە نێوان جەستەو جەستە، دۆزینەوەی ئارەزووە خەفەكراوە سۆزئامێزەكان، ئەوانەو هیدیكەی نێوان دوو جەستەی دی بۆ خۆی نهێنی (خۆشەویستی/سێكس)ییەو سەرەتایەكی هەمیشەییە كە دووبارە نابێتەوە. ئەوە بۆ خۆی شیعرێكی دیكەیە كە (ماددە/سروشت) دەینووسێتەوە. دەشێ بەرزترین شیعر بێت، ڕەنگە لە ئاستی مواكەبەكردن یان یەكگرتن ئاواتی ئەو شیعرە بێت كە زمان دەینووسێت.

دوو ئاشقەكە لەو دیدەدا دووبارە هەردووكیان (مانا/وێنە)و (وێنە/مانا)ن.

*جیاوازی نێوان كلاسیكیو نوێ چییە؟

أ لە نێوانیاندا كۆمەڵێك جیاوازی هەیە، هەر لە بۆچوونیان بۆ دنیا، چۆنێتی تەعبیركردن لەو بۆچوونە، ئەو جیاوازییانە لە كتێبی ڕەخنەی شیعری خراوەتە ڕوو، لێرە هیچ شتێك بۆ دووبارەكردنەوەیان شك نابەم. بەڵام لە نێوایاندا یەكەیەكی قووڵیش هەیە، ئەویش یەكەی ئیبداعو دواتر بەهای شیعرییە لە ئاستی ئیبداع، جا بە هەر فۆڕمێك تەعبیری لێكرابێت.

كلاسیكییەت كۆمەڵێك خەسڵەتە كە شیعرێكی پێ وەسف دەكرێت. تازەگەرێتیش هەروەك كلاسیكییەت كۆمەڵێك خەسڵەتە كە شیعرێكی پێ وەسف دەكرێت. كەواتە كلاسیكییەتو تازەگەری دوو سیفەتن دواتر دراونەتە پاڵ شیعر. واتە لە سەر شیعر هەڵنراون، شیعر لە سەر ئەوان ڕۆنەنراوە. شیعرانێك هەن هەندێك لە خەسڵەتی كلاسیكیان بەجێ هێناوە دەشێ بە

کلاسیکی ناویان بەرین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە شیعرێکی گەورە نییە.
لێرە هەندێك بەرهەمی شیعری هەن کە هەندێك لە خەسڵەتەکانی تازەگەرییان لەخۆدا هەڵگرتووە بەو پێیە دەبێ بە تازە وەسفیان بکەین، بەڵام ئەوە دەلالەت لەوە ناکات کە شیعرێکی گەورەیە.

***کەواتە بەهای شیعری لە کوێ دایە؟**

ـ لە ئاستی ئیبداعی دایە.

***بەڵام لێرەدا دەستەواژەی (ئاستی ئیبداعی) تەمومژاوییەو ئاماژە بە دنیابینیو شێوەی هونەری واتە (ناوەڕۆك)و بونیادی هونەری، ئەو دنیابینییە دەکات، ئەوانەش یەکەیەکن لێکجیا ناکرێنەوە. وەك زانراوە تۆ لەو یەکەمانەی کە تێڕوانینیت بۆ تازەگەری بە دەرچوون لە کلاسیکییەت دەکەوێتەوە. ئەگەر کلاسیکییەت سەر بە ئیبداعی شیعری بێت باشە بۆ دەرچوون، یان بە سەردا تێپەڕین؟**

ـ ئەو پرسیارە وام لێدەکات بە جوانی هەندێك خاڵی گرنگ کە تاکو ئێستا جێی بەد تێگەیشتنو بەدحاڵیبوونن بخەمە روو:

یەکەم، من هیچ جارێك لە سەر ئاستی ئیبداعی نەمگووتووە با لە کلاسیکییەت دەرچین، یان بەسەری تێپەڕین. چونکە ئەوە کلاسیکییەتە کە دەبێتە ئاوگی درەختی شیعر، یان بەشێکە لە فەزای شیعری، باشە چۆن لەو فەزایە دەردەچین؟ چۆن (ئەمروئەلقەیس) یان (ئەبی نەواس) یان (ئەبی تەمام) یان (گلگامێش) یان (شکسپیر) رەت بکەینەوە؟ ئەگەر رەتیانبکەینەوە کەواتە شیعرییەتی خۆمان رەت دەکەینەوە.

دووەم:هیچ جارێك نەمگووتووە تازەگەری شیعرییەت دەسڕێتەوە.

**سێیەم:ئەوكاتەی كلاسیكییەت رەت دەكرێتەوە كە هەڵگری شیعرییەتێكی وەرگیراو بێت، واتە كاتێ شاعیرێك خۆی لە تایبەتمەندییەكان رووت كردەوەو هانای بۆ دەرەوە برد. ئەوە بۆ خۆی بە سەر تازەگەریشدا جێ بە جێ دەبێت.**

**چوارەم:ئەو كاتەی كە كلاسیكییەت دەبێتە كلاسیكییەتێكی وەرگیراو، واتە كاتێ بە هۆی بێ توانای ئیبداعی گەلێك، لە قۆناغێكی مێژوویی، كلاسیكییەت دەبێتە كۆمەڵێك تایبەتمەندی رووت. دەبێتە كارێك بۆ سیخوڕی كردنو گشتاندنێك كە سیستەمێكی باو بۆ هەژموونو چەسپاندنی خۆی ممارەسەی دەكات. ئیتر لەوێوە شیعریش نموونەئامێز دەكەوێتەوەو دەگۆڕێت بۆ شێوازگیریو رێسا. شێوازگیریو رێساش دەبنە یاساو فێركاری. بەمجۆرە ئەوەی كە شێوازگیریو لاساییكردنەوە دەستی بەسەردا دەگرێت، بە دەستەواژەیەكی دیكە هۆنراوە دەستی بەسەردا دەگرێت، شیعر ون دەكات.**

**ئەوەی بۆ كلاسیكییەت راست دەكەوێتەوە بۆ تازەگەریش راستە.**

**پێنجەم:كاتێ قسەت لە تەجاوزكردنی رابردووی شیعری كرد، من ویستم وزەی ئیبداعی كە ئەو تەعبیرەی هەڵگرتووە لە شێوازگیری یان نموونەگیری كە هۆیەكە بۆ بەرهەمهێنان، جیا بكەمەوە. بزاڤی شێوازگیری، بزاڤێكە لە سەركوتكردن، ئەو بزاڤە لە هەموو سەردەمەكانو هەتا ئێستاش دەستی بە سەر رۆشنبیری ئێمە داگرتووە. ئەوەیە كە تۆ بانگەشەی بۆ دەكەیتو من بانگەشەی تەجاوزكردنو رووخانی بونیادەكانی دەكەم.**

***كەواتە بزاڤی تازەگەری بە نیسبەت تۆ چ دەگەیەنێت؟**

**زۆر شت، بە تایبەتی لەو چوارچێوەیەدا بۆ من دوو شت دەگەیەنێت: یەكەم، ئیبداع. دەبێ شاعیر دوور لە لاساییكردنەوەو شێوازگیری، قەسیدەكەی وا بنووسێت كە یەكەمجار ئەو ئیبداعی دەكات. دووەم، جەختكردنە لە سەر ئەوەی كە بەراستی لێرەدا توانای زۆر هەن لە دەرەوەی (بەحرەكانی خەلیلی**

فەراهیدی) شیعری عەرەبی دەنووسن. ئەو بەحرانە بێ ئەوەی لە شیعرییەتی عەرەبی تێبگەن، چۆن دەتوانن ئیقاعی شیعری عەرەبی رەتکەنەوە،.

تازەگەری وەك پێویست مانای رەتکردنەوەی بەحرەکان نییە، ئەگەر ئەوە بێت، کەواتە وەك ئەوە وایە بۆ نموونە مۆسیقای (شتوکهاوزن یان مۆسیقای ئەلکترۆنی بە گشتی) بە بیانووی ئەوەی کە نوێیە، جێگای مۆسیقای (بیتهۆڤن یان باخ) بگرێتەوە. ئەوە هەر تازەگەری جاهیلەکانی مۆسیقا ناگرێتەوە، بەڵکو دەلالەت لە تازەگەری ئەو پەککەوتانە دەکات کە ناتوانن ئیبداع بکەن. ئەگەر بەهای شیعری گەورەی عەرەبی لە بەحرەکانەوە بێت، ئەوە وەك ئەو تازەگەرییە دەکەوێتەوە. لەو حاڵەتە دەبێ شیعری (ئەمرولقەیس و زی ئەلرەمەو ئەبو نەواس و ئەبو تەمام و موتەنەبی) رەت بکەینەوە. ئەوەش واتە رەتکردنەوەی رووپەکی دنیابینی لە شیعری عەرەبی ئەو رووەی کە کەسێتی عەرەبی کەشف دەکات، هەروەها دەبێتە رەتکردنەوەی بەشێك لە دنیابینی شیعری داهێنەرانەی تەواوی چاخەکان.

***ئەگەر ئەوە پێکچواندنی کۆن و نوێ بێت، باشە چەمکی تازەگەری دەکەوێتە کوێوە؟**

أدەکەوێتە دووتوێی ئەو بزاڤە کۆششئامێزو بەردەوامەی فەزای ناوەوە، فەزا بالا بەرزەکەوە، دەشێ ئەو گەڕان و کۆششکردنەش بە شێوەی جۆراوجۆر پراکتیزە بکرێت. بۆیە لێرە ناچارین جەخت لە سەر ئەوە بکەین کە شیعرو هونەر بەگشتی شێوەی رەها لەخۆ ناگرێت، هەموو قەسیدەیەك شێوەی تایبەت بەخۆی هەیەو ئەو شێوەیەش وەك ئیبداع دووبارە نابێتەوە، بەڵکو وەك تەقلیدو شێوازگەری دووبارە دەبێتەوە.

بۆیـە (فـۆڕم) یـان شـێوە یەكـەمین نیـشانەیە بـۆ جیاكردنـەوەی داهێنـەر لـە لاساییكەرەوە. لەو ئاستەدا جیاوازی نێوان داهێنـەرو لاساییكەرەوە ئەوەیـە كـە داهێنەر فۆڕم دادەهێنێ، بەلاّم لاساییكەرەوە بەكاری دەهێنێت.

***بـەلاّم ئایـا بـە شـێوەیەكی پراكتیكـی و واقیعـی، شـیعری كلاسـیكی كۆتـایی نەهاتووە؟**

أشیعر كۆتایی نایەت بەڵكو بە ڕێگەكانی تەعبیركردندا دەچێتەوەو ڕێگەیەكی نوێ بۆ تەعبیركردن دەدۆزێتەوە. كە دەڵێین (شیعری كلاسیكی كۆتـایی هـاتووە) ئـەوە پەیوەنـدی بـە كـەوتنی زانـستییەوە دەكـات. وەك ئـەوەی كلاسـیكییەت حەقیقەتێكی زانستی بێت و حەقیقەتی تازەگەری بەتاڵی كردبێتـەوە. وەك چۆن لـە ڕووی زانـستییەوە دەڵـێن: ماكینـە حەقیقـەتێكی زانـستییەو فرۆكـە یـان بـۆ نموونـە مووكێـت وەك حەقیقـەتێكی زانـستی بـەتاڵی كردۆتـەوە،. ئەگـەر ئـەوە ڕاسـت بكەوێتـەوە ئـەو كاتـە شـیعری كـۆن هـیچ بەهایـەكی نامێنێـت و بـەتاڵ دەبێتەوە وەك چۆن چرای زەیتی لە لایەن گڵۆپی كارەبایی بەتاڵ كرایەوە.

شیعری كلاسیكی یـان ڕۆمـانتیكی....هتـد، شـتێك نییـە لەگـەڵ تازەكردنـەوەی زەمەنەكان كۆن بكەوێتەوە، بەڵكو بە پێچەوانە لەگەڵیدا نوێ دەبێتەوە.

زانـست یاسـاكانی ڕاسـتبێژی خـۆی لـە ڕێگـەی ئـەزموون و گریمانەكانـەوە دادەمـەزرێنێ. ڕەنگـە حەقیقـەتی ئـەمڕۆ لـە چـاو دوێنـێ هەڵـە بێتـەوە. هـەروەها حەقیقەتی زانستی بەردەوام پێویستی بە چاو پێداگێڕانەوە هەیە. بەلاّم شتی وا لە شیعردا نییـە. شیعرێكی گەورەی ئەمڕۆ كاری ئەوە نییـە بێت قەسـیدەیەكی كۆن ڕەشبكاتەوە. هـەروەها بـۆ نموونـە یاسـای كێش كـردن ئەگـەر (نیـوتن)یـش نەیدۆزیبایەوە ئەوە یەكێكی دیكە دەیدۆزییەوە. بـەلاّم مەحاڵـە یـەكێكی دیكـەی جگە لە (دانتی) بێت (كۆمیدیای خواوەند) بنوسێتەوە. یان شیعری (موتەنـەبی) یەكێكی دیكە بینووسێتەوە. ئەوەش یەكەم بەو مانایەیە كـە ئیتر شیعر شیعرە،

**نەك بەوەی کە کلاسیکییە یان نا کلاسیکی. هەروەها لە شیعردا تاکی داهێنەر هەمیشە لە سەرەتادایە. کارە شیعرییەکانی پێشووش ئەوە ناگەیەنین کە دوا حەقیقەتیان پێیە، بەڵکو وەك ناکۆتایی دەردەکەون. هەروەها داهێنەری ئەمڕۆ لە (گلگامێش یان سۆفۆکلیس یان ئەمرولقەیس) پێشکەوتوو تر نین. چونکە قەسیدەکانیان لە رەگەزە کۆنەکانەوە دەرنەهێناوە، بەڵکو وەك ئەوەی یەکەم جار بێت ئەوان دایهێناوە. لە سەر داهێنەری ئەمڕۆ پێویستە هەموو شتێك بکات وەك ئەوەی هیچ کەسێکی تری لە پێش نییە، ئەوەش پێچەوانەی پیاوانی زانستە.**

***شاعێرێکی گەورەی وەك تۆ چ بە شاعیرە بەرزەکان دەڵێت؟**

**– ئەگەر بشێ ئەو رۆڵە وازی بکەم، پێیان دەڵێم پرسیارە تایبەتیەکانی خۆتان بەرەو رووی دنیا و شتەکانی بکەنەوە، بۆ ئەوەی گوتنی تایبەت بەخۆتان دابمەزرێنن.**

*******

**<u>تێبینی</u>: ئەو گفتوگۆیە لە لایەن (محەمەد عەبدوڵڵا)وە سازکراوە، لە بنەڕەتدا دوو چاوپێکەوتن بوو، کە بۆ رۆژنامەی (ئەلسەفیر) بە ئەنجامی گەیاندووە، بەڵام من هەردووکیانم بە یەکەوە بەستەوەو هەندێك پرسیارم لێ لابردووە کە کەمتر پەیوەندییان بە ئیبداعی شیعرەوە هەبووە، وەك چۆن بە پێی پێویست هەندێك لە پرسیارەکانم پاش و پێش کردووە.**

**<u>سەرچاوە:</u>**

ادونيس، الحوارات الكاملة، الجزء الاول، بدايات للطباعة و النشر و التوزيع، سوريا–ديمشق، ط1، 2005، ل145–153

**ئەدۆنیس:**

**شیعر: گوزەرکردنە لە بینراوەوە بۆ نەبینراو.**

هەموو شاعیرێکی گەورە پەیامبەرێکە بۆ خۆی.
شیعر، لە ترۆپکی هێزی تەعبیرکردندا جگە لە فەشەل شتێکی دیکە نییە، بەڵام فەشەلی سەرسوڕمێن لەوە گەورترەو به سەرکەوتن پێوانە بکرێت!
ئەدۆنیس کێیە؟
چۆن ئەو پێشەنگە لە گوندە دوورەکەی خۆی لەباکور زاتی ئەوەی کرد، ئەو هەموو بەربەستە باوانە بڕێت، ماناکان تێکبشکێنێت، (ئەلکتیاب) بنووسێت؟
ئەدۆنیس کێیە؟
ئایا یەکێکە لە بازنەکانی شیعر، یان دامەزرێنەری دەنگە بەرزەکانی (المواقف)ە، یان دوای ئەوەی سەرەتاکان دەرگاکانی خۆیان داخست، بووە شاعیری کۆتاییەکان؟
ئەدۆنیس کێیە؟

شاعیری قەسیدەكانی بەراییە، یان گۆڕهەڵكەنی مردووەڕزیندووەكان، یان كوڕی نكۆڵیكردنە، نكۆڵیكردنێك كە تەواو نابێت، یان سۆفییەكە خۆی لە كراسی تێكۆشەردا حەشارداوە؟

عەلی ئەحمەد سەعید ئەسبر كێیە؟

لە سەرەتا بە شیعر درێژەی پێداو تێكەڵەیەك بوو لە رۆمانسییەت و رەمزییەت، پاشان بەرەو دارستانی وشە گوزەری كرد، سەرەتا لەوێ دەستی بەبینین و كەشفكردن كرد، ئێمەش لەگەڵی بە پێچەكاندا گەشتمان بەرەو غەزالی و نفێری و سان چۆن پێرس كرد، دوای ئەزموونەكانی، لە دوای بیركردنەوەكانی، دوای ئەوەی بەو وەسفەی كە برینێكە ناوی خۆی نووسی، لە پاڵ شای هۆزەكانمان، گۆڕی نیویۆركی بونیاد نا، بەرەو تاك بە شێوەی كۆ گوزەری كرد، ئەمڕۆش بە ناوی موتەنەبی بۆ لامان گەڕایەوە.

دەپرسین بۆ موتەنەبی؟

ئایا لە بەر ئەوەیە كە شاعیرێپەیامبەرێشایە؟

ئایا موتەنەبی وێنەیەكی نوێی ئەمروئەلقەیسە؟

ئایا ئەدۆنیس لە (ئەلكیتاب) دەیەوێت پێمان بڵێت كە خۆی وێنەی سێیەمە لە تێكەڵبوونی دووان بە پەیامبەر جبران ؟

پرسیار لەدوای پرسیار.. نازانیٚ چۆن بپرسێت، بەلأم ئەو لە وەلأم ناترسێت، وەك ئەوەی كە ژووانی لەگەڵ لێكدابڕانی نوێدا هەبێت، وەك ئەوەی لە هەموو جارێكدا بۆ ئەوەی كۆتایی رابگەیەنێت، دەست پێبكاتەوە.

بەرەو كتێب و شاعیر گوزەرمان كرد، تاكو لەگەڵیاندا گەشتێك بۆ لای نادیار بكەین. ئەو لێرەدا لەو دەوروبەرە چاوەڕێمانە، بۆ ئەوەی بانگمان بكات، كە زێتر بچینەوە ناوەوەی خۆمان.

(ئەلیاس خوری)

***دوا كتێبت (ئەلكیتاب) ناونیشانێكی زۆر گەورەی لەخۆدا هەڵگرتووە ٲ وەك كتێبەكەی سێبەوەیهی، وەك كتێبی ئاییني. سەرەڕای ئەوەش (ئەلكیتاب) كۆمەڵێك خوێندنەوە لەخۆ دەگرێت: خوێندنەوەی مێژوو، خوێندنەوە بۆ شاعیرانی عەرەب، خوێندنەوە بۆ موتەنەبی، هەروەها لە سیرەی زاتی دەكات، تۆ بۆ لەم ئاستەدا گەشت بە نێو مێژوودا دەكەیت؟. پێوانەكانت، ئەو ئاستە نزیكانەی كە پشتت پێ بەشتوون كامانەن؟**

ٲئەو پرسیارە وام لێدەكات باسی خۆم و شیعری خۆم بكەم، منیش رقم لەوە دەبێتەوە، بەلاّم هەوڵدەدەم لە نێوان خۆم و شیعر و كارەكانم مەسافەیەك دابمەزرێنم.

(ئەلكیتاب) وەك فیكرە، لە بنەڕەتدا فیكرەیەكی عەرەبییە، بەلاّم یەكەم كەس كە وەك تیۆر لە خۆرئاوا لەو فیكرەیەی روانی مالارمێ بووٲ بەلاّم بەر لە تیۆرەكەش فیكرەكە لای عەرەب هەر هەبوو، فیكرەی ئەوەی كە لێرەدا (كتێبێك) هەیە، بە شێوەیەكی بێ كەموكورتی و تەواو قسە لە دنیا دەكات، نموونەی ئەسڵی ئەو فیكرەیەش لە كتێبی ئایینییەوە دێت، كتێبەكەی سێبەوەیهی كە بەشێكی لە بارەی زانستی زمانی عەرەبییە، ئەوە هەرگیز ئاواتی من نەبووە، بەڵكو من هەوڵمداوە لە بارەی ئەو ژیارییە مەكۆیەك بۆگوتنی دیدەكەم دابمەزرێنم، نەك بۆ گوتنی شتەكانی كۆتای. خۆشبەختانە وشە بە شێوەی بەش بەش نەبێ هەموو شتەكان ناڵێت، وەك مرۆڤ ناشێ تەواو ببێت. بۆ ئەوەی ئەو سیفەتە لە گوتن و كتێب بكەمەوە ئەو ناونیشان بچووكە "امس المكان الان"م بۆ دانا. لەو بارەیەوەو بەو چەمكەی كە تۆ خستتە روو، من لە سەر ئاستی نزیكایەتی لە كۆمیدیای خواوەندی دانتییەوە نزیكم نەك لە كیتاب.

پێدانی ئەو شێوەیەی ئێستا بە (ئەلکیتاب) بۆ من گران وەدەست هات، سەرەتا گرانایییەکە ئەوە بوو کە دەبا لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەی تیایە ژیاوم توانای ئەوەم هەبێت خوێندنەوەی خۆم بۆ ژیاری عەرەبیی دەربخەم، بۆیە ماوەیەکی زۆر کارم لە سەر شێوەی ئەو کتێبە کرد، زیاد لە چەند جارێك گۆڕیم، دواجار لە یەك رووی لاپەڕەدا لە سەر ئەو سێ زەمەن گیرسامەوە: رابردوو،ئێستا،داهاتوو، هەروەها هەڵگری ئەو سێ زەمەنەش دوو کەس بوون، هەندێکجار ئەو دوو کەسە دەبوون بە یەك کەس، هەندێجاریش دژبە یەك دەبوونەوە، رابەری خوێندنەوەم موتەنەبی بوو، هەروەها ژیان و ئەزموونیشم دوو فیکرەکە بوو.

واتە وەك دەزانن هەر لاپەڕەیەك پێکهاتووە لە پەراوێز کە خۆی وەك یادەوەری موتەنەبیی دەسەپێنێت، هەروەها باگکراوەندی مێژوویی و بەشی لای سەرەوەی ناوەڕۆك کە دنیا لەوێ لە ڕێگەی ژیانی موتەنەبی و شێوەی ژیانیی موتەنەبییەوە قسە دەکات، لە نیوەکەی دیکەی ناوەڕۆکیش شاعیرە لە ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی ئازادەوە قسە دەکات، گوتنی شاعیر دەکەوێتە دەرەوەی کات و شوێنەوە، وەك چۆن دەکەوێتە دەرەوەی بەشی لای سەرەوەی ناوەڕۆکیش.

***بۆ بەو خوێندنەوەیە هەڵساویت؟**

وەك سەرنجتان دا خوێندنەوەکە خۆی لە مەسەلەی ئایینی بە دوور دەگرێت، تەئکید لە مەسەلەی هونەری لەلایەك و لای دووەم سیاسی دەکاتەوە، لە ئایین خۆم بە دوور گرتووە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە سیاسەت جەختی لێدەکاتەوە، واتە بە شێوەیەکی زۆر بازنەیی.

لە خوێندتەوەکەمدا دەبینی میکانیزمی سیاسی لە سەر توونەدو تیژی وەستاوە، من دەمەوێت بەرەنگاری ئەو توندو تیژییە ببمەوە. لە بەرامبەر ئەو توندوتیژییەشدا شاعیرە بە پەراوێزکراوەکان هەن، کە ناسنامەی مێژووی عەرەبیان داهێناوە. خوێندنەوەم بۆ سیاسەت خوێندنەوەیە بۆ ئەو

تووندوتیژییە، بۆ ئەو خوێنە بە پیتە، هەروەها خوێندنەوەیە بۆ ئەو گوتەزایەی كە مرۆڤی لا بێ بەهایە.

سوورم لەسەر ئەو سادەكردنە‌ا بەلاّم نامەوێت لە پرسیارەكان دوورتر بچم.

ناوەڕۆك و پەراوێز لە یەك كاتدا

***موتەنەبی وێنەی كەمالی شیعری عەرەبیە، وەك دەزانن ئەو ترۆپكی شیعری عەرەبییە، تۆ وەك بنەمایەك بۆ كارەكەی خۆت بەكارت هێناوە‌ا ئەو پەیامبەرە، یان بۆ فیكرەی شاعیر‌اپەیامبەر‌اپاشا‌ا بەردەوامییە، بۆچی ئەوت هەڵبژاردووە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە كە ئەو ناوەی تۆ بە هوشیاریی یان ناهوشیاری هەڵتبژاردووە، دووبارە بەردەوامی ئەو ڕێبازە پەیامبەرییە بۆ شیعری عەرەبی دەهێنێتەوە؟**

‌الێرەدا لە هەڵبژاردنی موتەنەبی لایەنێكی ناهوشیارانە هەیە بۆ تاڤی منداڵی دەگەڕێتەوە. بەلاّم لە ئاستی هوشیاریدا لەبەر ئەوە هەڵمبژاردووە چونكە لە مێژووی عەرەبیدا نوێنەرایەتی موفارەقەیەكی گەورە دەكات. موتەنەبی لە یەك كاتدا ناوەڕۆك و پەراوێزە: لە ناخی هەموو ڕووداوە سیاسی و شیعرییەكاندایە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پەراوێزدایە، دەبایە لە لێواریش بێت، ئەو موفارەقەیە حاڵی هەموو شاعیرە گەورەكان بووە، كە لە نێو ڕۆشنبیریدا دەیانبینی و لە لایەكی دیكەش دەیانبینی، ئەو دوا كەس بوو كە بە بەشێك لەو ناوەڕۆكە دادەنرێت، ئەو لایەنە شاراوەو قوڵەش لە سیرەی موتەنەبی قسەی لێنەكراوە، سەرەرای لایەنەكانی ژیانی كەسێتی، هەموو ئەو شتانەی كە لەبارەی ئەوەوە دەیڵێن جگە لە مەسەلەیەكی گشتی شتێكی دیكە نین، بەلاّم من وەك سەربزێوترین بوونەوەری سەردەمەكەی خۆی وێنەم گرتووە، سەربزێوترین بوونەوەری مێژوویی! ئەو موفارەقەیە وای لێكردم موتەنەبی هەڵبژێرم.

هەروەها هۆیەکی دیکەش هەیە ئەویش ئەوەیە، کە هەموو شاعیرانی عەرەب جگە لە (مەعەری) لە دەرەوەی پرۆژەی دنیابینییەوە شیعریان نووسیووە (واتە لە نووسینی شیعردا پرۆژەیەکی دنیابینیان نەبووە/و:ك). شیعریان وەك ئەزموونێکی سۆزاوی نووسیووە، دنیایان لە ڕێگەی پەیوەندی شاعیر بەو دنیایە سەیر کردووە. بەلاّم موتەنەبی شیعری وەك ئەوە نووسیووە وەك ئەوەی لە دنیادا غەرق بووبێت، وەك ئەوەی کە لە پرۆژەیەکی سیاسی و فیکرییەوە هەڵقولاّبێت، بە بڕوای من گرنگی (مەعەری)و (موتەنەبی) لەوەوە دێت کە شیعریان لا لە ئەزموونی کەسێتی پێ گەورەتر بووە.

مێژووی شیعر و مێژووی دەسەلاّت

***تۆ ئەلکیتاب بە کۆمیدیای خواوەندی بەراورد دەکەیت، من (رسالە الغفران)ی (ئەبو عەللای مەعەری)م بیر خستییەوە، بەلاّم پێم سەیر بوو تۆ جیاتکردەوەو پشتت بە موتەنەبی بەست.**

(رسالە الغفران) لە چوارچێوەیەکی خەیاڵی نیمچە ئایینییەوە نووسراوە، من ویستوومە ئەوە تەجاوز بکەم، من ویستوومە لە نێو مێژوودا لە بارەی ژن و پیاوەوە بنووسم.

وابزانم هۆیەکی مێژووی رووتە چونکە (موتەنەبی) دوای نزیکەی سەدەیەك لە پاش (ئەبو تەمام)ەوەیە، ئەو بە خۆی دەڵێت کە بووە بە قوتابی ئەبو تەمام. سەرەتاکانم (پێشەکی)ەکەم لە سەر دوو دامەزرێنەر کورتکردۆتەوە، لە بەر ئەوەی (موتەنەبی) دواتر هاتووە بۆیە ناشێ لەو قسەکرنانەی کە بە دامەزرێنەری تازەگەرییەوە بەندە قسە لەو بکەین، بەلاّم موتەنەبی وەك کە دوێنێ دەمەدی ئەمرۆ دەیبینم بۆ خۆی بەرهەمی پێگەیووی خودی ئەو دامەزراندنەیە. بۆیە ناشێت لە سەر ئاستی میتۆد و ئاستی زانستی فەرامۆشی بکەین. بەلاّم کە من (موتەنەبی)م وەك دامەزرێنەرێکی تازەگەری نەخستە روو،

لە بەر ئەوەیە کە دامەزرێنەر ئەوە نییە، لە هەمووان گرنگتر بێت، دەشێ گرنگی لەواندیکە کەمتر نەبێت. موتەنەبی تەواوترین پرۆژەی تازەگەری عەرەبییە لە پرۆژەش گەورەترە، موتەنەبی لە ئەلکیتاب هەر تەنها نموونە نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی موفارەقەکان دەکات.

***لە ئەلکیتاب مێژوو دەخوێنینەوە، وەك ئەوەی مێژووی دەسەلاَت و ململانێیکردن بێت لە سەر دەسەلاَت، مێژوو وەك ئاوێنەی تاوانەکان خۆی دەنوێنێت، ئایا ئەوە وایە؟.**

ئەوەی لە ئەلکیتاب دەیخوێنیتەوە، جگە لە مێژووی ململانێی دەسەلاَت نەبێت، شتێکی دیکە نییە، ئەوەش مێژوو ناگرێتەوە، مێژوو لەوە زۆر بەرفرەوانترە. لە ئەلکیتاب من ناچار نیم هەموو لایەنەکانی مێژوو چارەسەر بکەم، ناوکۆیی لە ئەلکیتاب ناوکۆیی قسەکردنە لە سەر مێژوویەك کە دەسەلاَت نووسیوویەتییەوە، نەك مێژووی رۆشنبیریی، یان کۆمەلاَیەتی.

***هەڵبژاردنی مێژووی دەسەلاَت چ پەیوەندیەکی بە هەڵژاردنی موتەنەبی دایە؟ مێژووی دەسەلاَت و مێژووی شیعر لە ئەلکیتاب هاوسەنگ دەبن و روو بەرووی یەکتر دەبنەوە، واپێدەچێت ئەو هەڵبژاردنە بۆ تۆ وەك هەڵبژاردنی موتەنەبی بکەوێتەوە، بەو سیفەتەی کە پیاوی نێو سیاسەت بووەو هەوڵیداوە بە دەسەلاَت بگات.**

مێژووی دەسەلاَتم هەڵبژاردووە، چونکە پەیکەری کۆمەڵگەی عەرەبی دەسەلاَتە، هەموو ئەوەی لە مێژووی عەرەبیدا هەیە بە دەوری دەسەلاَتدا دەخولێتەوە، موتەنەبی لە نێو پەیوەندیەکی دەوڵەمەند و پەرۆپۆدار لەگەڵ دەسەلاَت ژیاوە، لێرەدا ناشێ بۆ هەڵبژاردنی نەخشەیەکی پێشینە لە ئارادا هەبێت.

***کەواتە هەڵبژاردنی دەرئەنجامی زیاد لە رێکەوتێکە؟.**

ڕەنگە، بەڵام ناشێ لە کۆمەڵگەی عەرەبی بگەین، تەنها بەهەڵوەشانەوەی میکانیزمی دەسەلاَت نەبێت.

*هەموو ئەوەی لە ئەلکیتاب کردووتە، وەك کۆتایی سەردەمی ڕێنیسانس بێت وایە؟.

لەگەڵ پارێزیم بۆ بنەماکان، بەلاَم ئەلکیتاب هەوڵدەدات دەسەلاَت وەك ئەوەی کە عەرەب پرۆسیسەی دەکات ریسوا بکات. مێژووی عەرەب بە دیاریکراوی پێش هەموو شتێك مێژووی دەسەلاَت بووە، هەتا زانیاری و فەلسەفە و ئەدەب، یان ئەوەتا ڕۆشنبیری دەسەلاَت بوو، یان دژ بە دەسەلاَت، هیچی دیکەی دانەهێناوە، ئەوە دەسەلاَتە کە خۆی لەو وێنانەدا دەخاتە ڕوو، منیش وەك چۆن دەمەوێت ئاوا دەیخەمە ڕوو. دەکرێت مێژوو وەك زنجیرەیەکی بەدوا یەکدا هاتووی کوشتن و بڕین بەدوایدا بچین، کە بە درێژای (1500) ساڵ دابڕانێکی تێنەکەوتووە.

*لە ئەلکیتاب کۆمەڵێك لایەنی بە نرخی ژیانی کەسی موتەنەبی تیایە، بەلاَم هیچ لایەنێکی بە نرخی ژیانی کفتوگۆکەری تیا نییە کە خۆتی.

ئەوە بەشی یەکەمە، کە لە بنەڕەتدا جەخت لە سەر موتەنەبی کراوە، دەبێت چاوەڕێی هەر دوو بەشەکەی دیکە بکەیت تاکو پرسیارەکەت ڕاست بکەوێتەوە.

*مەبەستت چییە؟.

بۆ ئەوەی لە قسەکردندا نەکەومە تێهەڵقورتانی خودی خۆم هەوڵمداوە مەسافەیەکی نیمچە زانستیانە یان بابەتیانە لە نێوان خۆم و ئەوەی کە قسەی لێدەکەم دابمەزرێنم، هەروەها هەوڵمداوە زۆر بە وردی و زۆر بابەتیانە بیانڵێم، دەشێ لە بەشەکانی داهاتوو مەسەلەکان گۆڕانیان بە سەردا بێت.

شیعر کەموکوڕی دنیا تەواو دەکات

***يەكێك لە خوێندنەوەكان شيعر وەك ئاوێنەی ژيان وەسف دەكات، كەچی تۆ واتكردووە شيعر وەك ئاوێنەی شيعر بێت، وەك ئەوەی ئەلكيتاب گەمەی ئاوێنە جۆراوجۆرەكان بێت.**

أمن بڕوا ناكەم شيعر ئاوێنەی واقيع بێت. شيعر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەوە نييە كە تيايە ژياوين. شيعر بە نيسبەت من ئاوێنەيەكی رەنگدەرەوە نييە، واقيعيش نييە، نە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خودە، نە تەعبيركردنە لە خود، ئەگەر وشە نەتوانێت شتێك ئاشكرا بكات، چۆن خودی خۆی ئاشكرا دەكات؟!.
شيعر بە نيسبەت من تەواوكەری ئەو كەموكوڕييانەيە كە لە دنياو مرۆڤدا هەيە، ئەوەی لە پەراوێزی ئەلكيتاب مەبەستمە دووبارە بەرهەمهێنانەوەيە، بەڵام ناوەڕۆك جياوازە، كۆمەڵێك دەنگی جۆراو جۆرو جياواز لە نێوان پەراوێز و نيوەی لای سەرەوەی ناوەڕۆك و نيوەی لای خوارەوە هەيە.

### هەموو شاعيرێك پەيامبەرە

***ئەگەر شيعر تەعبير نەبێت، يان بەرجەستەكردنی شتەكان نەبێت، كەواتە دەبێتە ئايين، يان ئەوەی لە ئايين دەچێ. ئەگەر بەو گريمانەش رازی بيت، كەواتە تۆ شيعر لە بەرامبەر ئايين دادەنێيت، لای عەرەب ئەو ململانێيە نەناسراو نييە.**

ألە شێوەی پرسيارەكەت رازيم، ئەگەر بۆ دياريكردنی ئايين بگەڕێينەوە و ئايين دامەزراوێك بێت و راستەوخۆ بە كاروباری ژيانی كۆمەڵايەتييەوە بەند بێت، لەو بڕوايەدام كە ئەو لەيەكنزيك كردنەوەيە هەڵە بكەوێتەوە، هەروەها ئەو دياريكردنە بە سەر ئايينی ئيسلاميدا پراكتيزە نابێت، چونكە خۆی وەك بۆچوونێكی دنيايی دەخاتە روو، بۆچوونێك كە لە بۆچوونی ئايينی جيا نابێتەوە، وەك مێژووش ناتوانين دووەم لە يەكەم جيا بكەينەوە( واتە ناتوانين

بۆچوونی دنیایی له بۆچوونی ئایینی جیا بکەینەوه. و:ك) ئێمه له نێو مێژوودا له ژێر ئەو دوو بۆچوونه بەیەکەوه نووساوین، بۆیه به پێی بۆچوونی باو نەبێت ناتوانین له ئایینی ئیسلامی بگەین، ئەگینا ئێمه ناتوانین هیچ مەعریفەیەك له دووتوێی ئەو سنووره دابمەزرێنین، که دیاریکردن تیایه گران دەکەوێتەوه.

بەلاّم ئەگەر ئایین سیستەمێك بێت له پەیوەندی نێوان بینراو نەبینراو، مرۆڤ وغەیب، وابزانم شیعر لێی نزیك دەبێتەوه، ئایینیش –خودی ئایین- دەبێته جۆرێك له شیعر، بەو مانایەش هەموو شاعیرێك دەبێته پەیامبەر. درێژەی پێدەدەم و دەڵێم هیچ شاعیرێکی گەوره نییه که بینراو بۆ ئەو نەبێته دەریچەیەك به رووی نەبینراودا. بەو مانایەش هەموو شاعیرێکی گەوره دەبێته پەیامبەر. هەروەها من ناڵێم موتەنەبی پەیامبەر نەبووه. بەڵکو من پێموایه ئەو ئاوایه.

***ئایا ئەوه بەو مانایه نییه که ململانێیەك له نێوان شاعیر و پەیامبەردا هەیه؟.**

أ کاتێك که پەیامبەر به تایبەتی هەوڵدەدات پێشبینیەکەی دەکات به دامەزراو، ئیتر کۆتایی دێت، بەلاّم کاتێك که شاعیرێك پێشبینیەکەی ناکات به دامەزراو، داوای لێناکرێت.

***لەو بڕوایەدانی که له مێژووی عەرەبیدا موتەنەبی ئەوەی نەکردبێت؟.**

أموتەنەبی شاعیرێکه تێگەیشتنی بەد دەکەوێتەوه.

***بەلاّم ئەو دامەزراوەی دامەزراندووه.**

أدەشێ، بەلاّم ئەوه تاوانی ئەو نەبووه.

***بەو مانایه کەواته ئەوەی ئایین دایدەمەزرێنێت هەڵەیه.**

أبه تەواوی نا، لێرەدا کۆمەڵێك یاسا و ئەحکامی رێگا پێدراو هەن، که شاعیر ناتوانێت رێزیان لێبگرێت.

**تازەگەری كوا؟**

***ئایا پێتوا نییە ئەو قسەكردنانەی كە دەیكەیت، هیچ پەیوەندییەكی بە گوتاری تازەگەرییەوە نەبێت، گوتاری تازەگەری پشت بە رۆمانسیەت دەبەستێت، بە گۆڕان و فشۆڵی زەمەن و بەدواداچوونی تەعبیركردن دەبەستێت، بەڵام تۆ قسە لە شیعری نازەمەنی و نا تەعبیری دەكەیت.**

اتۆ بۆ تازەگەری وەك شۆڕشێك وەرناگریت، كە بە سەر سێنتەری گەردووندا دەكرێت، ئەویش خوایە، تا مرۆڤ شوێنی بگرێتەوە. هەڵەی تازەگەری عەرەبی ئەوەیە كە سوود لەو مەسەلە وەرناگرێت، بەڵكو بە چوارچێوەی باوی دەبەستێتەوە، شۆڕشیش بەس لە تەبەنی كردنی شێوەگەلێكی تەعبیری نوێدا كورت دەكاتەوە، بەڵام ئەو بۆچوونە تەقلیدییە. ئەگەر سەرنج لە دەقەكان بدەین ئەو بۆچوونە تەقلیدییە دانەبڕاوە دەدۆزینەوە، لەوێوەش دەبینین رەگ و ریشەی رۆشنبیریی بە هیچ شێوەیەك بەر تازەگەری نەكەوتووە، ئەوەیە كارەساتی ژیانی فیكری عەرەبیی.

***ئەو شاعیرەی كە ئێستا قسە دەكات شاعیری قەسیدەكانی سەرەتاو (اوراق في الريح)ە؟.**

اهەموو قەسیدەیەك كە دەینووسم، هەتا (ئەلكیتاب) كاتێك دووبارە دەیخوێنمەوە هەستدەكەم كە من ئەو كەسە نیم نووسیوومە، چونكە تەواوم ناكات و بۆشاییەكانم پڕ ناكاتەوە، دەژیم دەنووسم و پڕ بە هەبوونی خۆم هەستدەكەم من من نیم. بۆیە لەو بڕوایەدام كە شیعر لە ترۆپكی هێزی تەعبیركردندا جگە لە فەشەل شتێكی دیكە نییە، چونكە ناشێ وەڵام بێت: هیچ وەڵامێك لە ئارادا نییە كە مرۆڤ لە دنیادا وەڵامی پێبداتەوە، بەڵكو فەشەلی سەرسوڕمێن گەورەترەو بە خودی سەركەوتن پێوانە ناكرێت.

کاتێك ئەوەی نووسیوومە دەیخوێنمەوە هەستدەکەم کە من شیعرم نووسیووە، لە هەمان کاتیشدا هەستدەکەم زۆر لە شیعر دوورم، لە قەسیدەدا شتێك دەڵێم ئێستا دەمەوێت روونی بکەمەوە، ئەو منداڵەی کە من بووم ئەوە منم.

(اغاني مهيار) وەك شیعر تەبەنی دەکەم، بەڵام (قصائد اولي في واوراق في الريح و المسرح و المرايا) ئەزموون بوون. بەشێك لە کتێبی (التحولات) ئەزموون بوو بەشێکی شیعر، (دەمەوێت بڵێم بەشێکی زۆری بەرهەمەکانم چ وەك زمان، چ وەك دارشتن و پەیوەندیم لەگەڵ زمان وەك سەرکێشی ئەزموونگەری مامەڵە کردووە، زۆر لە شیعرەکانم بە شێوەی ئەزموونی نووسیووە.)

(وقت بين الرماد و الورد)م وەك ئەزموون و شیعر خۆش دەوێت، چونکە ئەو سێ قەسیدەیە تاجی تەواوی ئەزموونەکانی پێشووم لە سەر دەکەن، بۆیە شێوەیەکی تەواویان وەرگرتووە، بۆ شیعری عەرەبی نوێش وەك دامەزراوێك دەکەونەوە، (مفرد بصيغه الجمع) یەکەمین نووسینە کە پەیوەندی بە ژیانی کەسێتیمەوە هەیە.

## چەمکی شیعر

***شیعری نوێ وەك سەرکێشییەکی ئەزموونی توانێوویەتی چ بگۆڕێت چ بگوازێتەوە؟.**

لە سەرەتا دەمەوێت بڵێم کە ئەزموونی گۆڤاری شیعر بەدحاڵیبوونێکی تەواوی نایەوە، ئەو دەمەتەقێیەی کە بە دژی نووسینی تەقلیدی و کۆن نامانەوە، مەبەست تیایدا رەتکردنەوەی کەلەپور نەبوو، چونکە هەر تەنها نووسین بە هەمان زمان واتلێدەکات ببیتە بەشێك لەو کەلەپورە، خۆ زمان بەرد نییە، هەروەها شاعیر ناتوانێت خۆی لە زمان ئەو زمانەی کە بە مێژووی داپۆشراوە، رووت بکاتەوە. مەسەلەکە ئەوە نییە کە بەشێوەك بنووسی کە دژی کۆن

دەکەوێتەوە، ئێمە وامان کرد کە (قەسیدەی پەخشان) شێوەیەك وەرگرێت کە دژ بە کۆن بێت، ئەوەش هەڵە بوو.
گرنگی شیعر لە گۆڕینی چەمکی شیعردا خۆی هەڵدەگرێتەوە، نەك گواستنەوە لە (تەفعیلە)ەوە بۆ (شیعری پەخشان). بە هۆی خراپ تێگەیشتنی ئەو ئەزموونەوە ئەمڕۆ شیعری نوێ وەك ئەوە وایە کە لە بازنەیەکی داخراو بخولێتەوە، دەیەوێت لەو چوارچێوە تەقلیدییە نزیك بێتەوە، کە ئێمە هەوڵماندا لێی رابکەین، بۆیە هەستدەکەم کە نووسینی نوێ جگە لە هەندێکی کەم نەبێت هیچ رۆشنبیرییەك یان ئەزموونێکی لە پشتەوە نییە، هیچ زاتکردنێکی تیا بەدی ناکرێت، بەڵکو لە زمانێکی بێ بەرامبەرو پەیوەندییەکی بێ بەرامبەر هەڵدەقوڵێت.
*کوا ئەزموونی پێشەنگەکان ئەوانەی کە ئەمڕۆ دەنووسن لە کوێیە؟.
ٲبە بڕوای من ئەوانەی کە ئەمڕۆ دەنووسن پەیوەندییان بە چەمکی گۆڤاری شیعر بۆ شیعر نییە، ئەوان جۆرێکن لە شیعری پەرش و بڵاو، نووسینی ئەمڕۆ هەتا ئێستا وەك داوە دەزوو وایە، وەك قەسیدەی ستوونی، نە تیشکۆیەك و نە بناغەیەکی سێنترالی هەیە، نە توانیوویەتی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان زمان و شتەکان، زمان و دنیا دابمەزرێنێت، ئەو زمانە وایلێکردووین لە نێوان نووسەرو دەستەواژە هەست بە مەسافەیەك بکەین، بەڵام داواکراو ئەوەیە کە زمان لە دەرەوەی بوونی نووسەرەوە بێت.
*ئایا ئەو کەلەبەرە دەشێ لە ئاکامی بەدتێگەیشتنی ئەزموونەکانی سەرەتاوە بێت؟.
ٲپێموایە لە ئاکامی کارلێکەری شیعری وەرگێڕاوەوە بێت، یان شیعری نووسراو بە زمانەکانی بێگانە، بەڵام ئایا دەشێ شاعیرێك ئاگایی لە مێژووی ئیستێتیکای زمانێك نەبێت و ئیستێتیکا لەو زمانە دابهێنێت؟! لێرەدا من بۆچوونێکم هەیە و

پێموایە شاعیرانی ئەمڕۆ ئەو زمانە نازانن کە پێی دەنووسن، شاعیرێکیش توانای بە سەر ئامرازەکانیدا نەبێت، ئاگای لە نهێنییەکانی زمان و مەعریفەی زمان و ئیستێتیکای زمان نەبێت، ناتوانێت زۆر شتان بڵێت، هەڵبەتە ئەوە بێجگە لە بەهرە گەورەکان، چونکە من قسە لە باو دەکەم.

***بە گەڕانەوەمان بۆ شیعری تۆ، دەبینین هەر لە کۆمەڵەی یەکەمتەوە بەدوای شێوەیەکی نوێی قەسیدەدا دەگەڕێیت، ئەو بەدواداگەڕانەش ڕێچکەگەلێکی جیاوازی وەرگرتووە، هەر لە کەوتنە ژێر کاریگەری ڕەمزییەکانەوە بگرە، وەك لە قەسیدە سەرەتاکانت دەبینرێت، پاشانش شەپۆلی ئەفسانەیی، ئەو بەدواداگەڕانەی تۆ دەردەکەوێت و کەمتر دەردەکەوێت و پاشان وندەبێت، لە شیعری تۆدا تا ڕادەیەك شێوەکان لە زیاد بووندایە، شاعیری لە تۆدا جارێك ڕووبەرووی دنیا دەبێتەوە، زۆرجاریش دەبێتە ڕەمزی دنیا، هەندێجاریش ڕووبەرووی دنیا جۆراوجۆرەکان دەبێتەوە، لە هەموو ئەو ڕێچکانەدا ئایا شاعیر وەك تاك دەکەوێتە کوێوە؟ تا چ ڕادەیەك ئەو شاعیرە بەرهەمی ژیان و ئەزموونی ڕۆشبیریی خۆیەتی؟.**

أئەو پرسیارە واملێدەکات کە ببمە ڕەخنەگری ئەزموونەکەی خۆم، گرانە کە بتوانم بۆخۆم ڕەخنە لە شیعری خۆم بگرم، زۆر شت هەن کە من تێیان ناگەم. وەلأمەکانم بۆ ئەو پرسیارە ورد ناکەونەوە، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم.

شێوە زمانێکی دیکەیە

***لە بارەی بەرەوپێشچوونی شێوەکاری نووسینەوە کە دەکرێت مەسەلەیەکی هونەرکارییانە بێت چی دەڵێیت؟.**

أشێوە بە نیسبەت من زمانێکی دیکەیە، وەك هەر یەك لە دەستەواژە، ڕستەی شیعری، وێنە، ئیقاع شتگەلێك ڕوون دەکەنەوە، شێوە زمانێکی دیکەیە

دەخرێتە سەر هەر یەك لەو دەستەواژانەوە. داهێنانی شێوەگەلی زێتر زمان جۆراوجۆرترو دەوڵەمەندتر دەکات، یەکێك لەو پێوانانەی کە بە شێنەیی شیعری پێ دەخوێنمەوە وزەی شێوەکارییە، شێوە بە قولایی ئەزموونەوە بەندە، رۆشنبیریی دەوڵەمەند دەکات، بەرەوپێشبردنی شێوە بەرەوپێشبردنی مەعریفەو ئەزموونە، لەو دەریچەیە من وا هەستدەکەم کە ئەزموونەکەم بەرەو پێگەیین دەڕوات.

## بە زنجیرەوە سەما دەکەین

***ئایا پێتوایە چونکە خاوەنی ئازادی شێوەیت ئیتر لە شاعیرانی کۆن سەرکەوتووتربیت؟.**

ٲهونەر دواجار شێوەیە. چەند هەست بەوەدەکەم کە لە شێوەدا ئیبداعم کردووە ئەوەندە هەست بە سەرکەوتن دەکەم.

***بەلاّم موتەنەبی شیعری ستوونی تێکنەشکاندووە!**

ٲبە مانایەك لە ماناکان تێکیشکاندووە. با یەکێك لەو قەسیدانەی وەرگرین کە بە (بەحری درێژ) نووسیوویە و بە قەسیدەیەکی دیکەی (حسان بن سابت) بەراوردی بکەین کە لە هەمان بەحرە، دەبینین: موتەنەبی لە نێو ستوونی (خەلیلی) ستوونێکی دیکەی داهێناوە، وەك دەڵێت:

شيم الليالي ان تشكك ناقتي

صدري بها افضي ام البيداء

یان:

وجبت هجيرا يترك الماء صاديا

- **بەرای تۆ ئەگەر رۆشنبیریی عەرەبی بە شێوەی ئایینی بمابایە، ئایا دەیتوانی شیعری ستوونی  تێکبشکێنێت؟.**

ئایین لەگەڵ شیعر نەرم بووە، ئەرزشێکی بە شیعردا، بەڵام لە خۆشەویستییەوە نەبووە، چونکە لە ناخەوە ئایین شیعر رەتدەکاتەوە، لە ئایینـدا تاکە سەرچاوەی مەعریفە سروشە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعر بەراوەستاوی مایەوە، چونکە شیعر نموونەی ئەو زمانەیە کە قورئانی پێهاتەخوارەوە، پارێزگاریکردنی ئایین لە زمان جۆرێکە لە پاراستنی زمانی قورئان. لە لایەکی دیکە ئایین پارێزگاری لە شیعری ستوونی نەکردووە، هەروەها تێکشکاندنی مەسەلەیەکی ئایینی نییە.

لە ناخیشەوە قەسیدەی تەفعیلی ستوونی تێکنەشکاندووە، بەڵکو پەرەی پێداوە، بۆیە ئەمرۆ پایەیەکی نیشتیمانی هەیەو وەك رازاندنەوەیەکی ئێسك گران دەکەوێتەوە، وەك قوڵایی لە ستوون دەربازمان نەبووە، من هیچ کەسێك لەو بارەوە جیا ناکەمەوە، ئایا دەرچوونمان لە ستوون وەك دەرچوونی (ئەبی نەواس)ە لەو بەهایانەی کە پێش ئیسلام لە ئارادابوون. (لەو بارەوە ئەو لە ئێمە تەواو تر بوو، چونکە بەهایەکی نوێی شارنشینی هێنایە ئاراوە، کە ئێمە وەك ئەومان پێنەکراوە) ئێمە هەتا ئێستا هەر لە نێوان چوار دیوارەکە داین، سەماکردنمان هەر تەنها وەهمە! ئێمە بە زنجیرەکانەوە سەما دەکەین تەنها لەخزمەتی رۆشنبیری نوێ و کۆمەڵگەی نوێودا نەبێت، ناتوانین ستوون تێکبشکێنین.

***ئەو قسەیە سەربەخۆی رۆشنبیرییەکان دەسەپێنێت، ئەوەش شتێکی نادروستە.**

دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم كە سادەترین مافی نووسین ئەوەیە كە بەو پەڕی ئازادی بتوانی تەواوی ئەو گیروگرفتەكانەی كە تیایە دەژیت بیخەیتە روو، لەو كۆمەڵگەیەدا ئەو مافەت نییە، من دەمەویت وەك چۆن خوا دەبینم ئاوا بیخەمە روو، هەروەها سێكس وەك چۆن لەگەڵیدا دەژیم.

***تۆ –ئەدۆنیس– ی زاتی ئەو ناكەیت؟!.**

دووبارە من بە نائاگایی پێوەندكراوم.

***ئایا زاتی ئەوە ناكەیت كە بە راستی چیت دەوێت ئەوە بڵێیت؟.**

كۆمەڵێك چەمكی وەك سێكس، خوا، سیاسەت، ئایین، هەن راستەوخۆ نا بەڵام بە نۆرە لە بارەیانەوە دەدوێم من لەو بڕوایەدامە كە لە دنیای عەرەبیدا لە زۆربەیان دلێرترم. بەڵام دلێری بە تەنها بەس نییە، هەر بە تەنها ژیانكردن لەو كۆمەڵگە كۆتكراوە، توانای سەركێشیانەی ئیبداعی پووچ دەكاتەوە. هەروەها دەسەڵات كەس ناپارێزێت، بەڵكو لێرەدا دەسەڵات لایەنەكە لەنێوان لایەنەكاندا.

*** لە نێو زۆربەی رۆشنبیرییەكاندا شیعری تۆ وەك هێز بوونی خۆی هەیە، رێگرەكان رەتكراونەتەوە هیچ تەگەرەیەك لە پێش داهێنان نەماوە.**

ئەوەی لای من بە گرنگ دەكەوێتەوە ئەوەیە كە لە نێو كۆمەڵگەكەی خۆم بمێنمەوەو كۆمەڵگەكەم گوێم بۆ بگرێت، بە مانایەك لە ماناكان ئێمە هەتا ئێستا لەچەرخی ناوەڕاستدا دەژین، راستە كورە بۆ كتێب سووتاندن لە ئارادا نییە... بەڵام توونودتیژییەكی دوانەیی بە سەر هەر یەك لەخوێنەر و نووسەر وجودی هەیە.

تۆ یەکێك لەو سەرکێشیە گەورانەم لە تێگەیشتنی خوا نیشان بدە، یان لە تێگەیشتنی سێکس لە نێو ئەدەبی عەرەبی. لێرەدا زنجیرگەلێکی رۆشنبیری هەن کە ئێمە لە نێویدا دەجولێینەوەو بە هەمان ئەو زنجیرانەش کۆت کراوین. یەکێك لەو شاعیر و رۆماننووس و وێنەکێشە سەرکێشانەم نیشان بدە کە لە بونیادنانی هونەری سەرکێشی گەورەیان نواندبێت، بۆچی سەرکێشییەکان ونن؟ لەبەر ئەوە نییە کە بەهرە نییە، بەڵکو چونکە پێشینەو چواچێوەی رۆشنبیریی باوو کۆت و پێوەندی کۆمەڵگە ئامادەیە. تاك تیژ رەو نییە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگەیە تیژ رەوە.

***یوسف ئەلخال پێشبینی نووسینی بە زمانی رەمەکی دەکرد، پەخشانی عەرەبی زاراوەگەلێکی رەمەکی بە کار دەهێنا، بەلاّم شیعر بەکاری نەدەهێنا، ئایا تۆ پێتوانییە ئەوە یەکێك بێت لە تەگەرەکان؟.**

بە هیچ شێوەیەك من دژی زمانی ئاسایی نیم، بە نیسبەت یوسف ئەلخال زمانی ئاسای ئەو بە بێ لێکدانەوە زمانی پەتی بوو، زۆر کەس لێرە قسە لەو تیۆرە دەکەن، بەلاّم بەلایەکی دیکە، کە من بەو زمانە ئاساییە دەنووسم ئەوە شتێکی دیکەیە، وەك خۆم حەز دەکەم شیعر بەو زمانە ئاساییە بخوێنمەوە، بەلاّم بە زمانی پەتی نەبێت، ناتوانم بنووسم سەرەڕای ئەو هەستە بەهێزەی کە زمان بە بوونەوەرێکی زیندوو دەچوێنێت، زیندەوەرێك کە گەشە دەکات و دەمرێت، زیندەوەرێك کە هیچ یاسایەك نییە رێگە لە مردنی بگرێت. سەرەڕای ئەو درککردنەش من بەلای نووسینی پەتیدام، ئەو نووسینەم خۆش دەوێت کە بەرەو مردن دەچێت.

***کەواتە ئایا دەشێ زمان رزگار بکرێت؟**

ناكرێت زمان رزگار بكرێت، بەڵام شاعیرێكی دیاریكراو زمانەكەی خۆی رزگار دەكات، شاعیرێك زمانەكەی خۆی رزگار دەكات كە لە شێوەی تەعبیركردندا بە ترۆپك گەیشت بێت، نەتوانێت هەڵە بكات. موتەنەبی زمانی شیعری رزگار كرد، بۆیە ئێمە تەنها بە دژی ئەو نەبێت ناتوانین بنووسین. بەڵام زمان وەك زمان دەربازی نابێت. ئەوەش واملێدەكات كە بۆ جیاوازی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاییني بگەڕێمەوە: شیعرییەت دنیا دەكاتەوە، بەڵام ئایین بە سەر راستییەكاندا دادەخرێت و دنیا لە نێوان وشەكان زیندانی دەكات.

---

تێبینی: ئەو گفتوگۆیە لە لایەن (ئەلیاس خوری) ئەنجام دراوەو هەر یەك لە (بیلال خبیز) و (حسێن بن همزه) بەشداریا تیا كردووە.

لە پاشكۆی ئەلنەهاری رۆژی شەممە 19ی تشرینی یەكەمی 1996 بڵاو كراوەتەوە، من لە سایتی (معابر) وەرمگرتووە.

## ئەدۆنیس:
## دەقی ئایینی دەڵێ دەبێ موسڵمان
## بەردەوام بۆ كتێبی خوا عەقڵ بەكاربهێنێ

بەرلە ئامادەكردنی ئەو گفتوگۆیە بڕوامان بەوە نەبوو بە شێوەیەكی ئاسایی بە ئەنجام بگات، بۆ ئەوەش دەبایە كۆمەڵێك پرسیار بخەینە بەردەم شاعیری گەورەی عەرەب (ئەدۆنیس) كە پێشتر كاریان پێ نەكرابێ، هەوڵمادا، بەلاّم ئاخۆ سەركەوتنمان بەدەسهێنا؟ گرنگ ئەوەیە كەشفمان كرد كە ئەدۆنیس بڕوای بە گۆرانی بێژی ژن هەیە، نەك ئەوەی كە خاوەنی بەخششی رۆشنبیرییە، یان پێشەنگی شیعرییە، هەروەها كلاسیكیەتی ئەومان لە رێگەی گوێ گرتن لە مۆسیقاوە كەشفكرد، ئەوەش تەواو لەگەڵ تازەگەری ریتمی شیعرەكانیدا ناكۆك دەكەوێتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە كە بەر لە تۆماركردنی ئەو گفتوگۆیە بیروڕای خۆی لەبارەی ئاكاری بەرزی (نەجیب مەحفوز) خستە ڕوو، هەروەها جكە لە رۆمانی (ثرثرة على النيل) رۆمانێكی دیكەی نەجب مەحفوزی نەخوێندۆتەوە، هەر ئەویش (سیاب)ی پێشكەش كردووە و كۆمەڵە شیعری (انشودة المطر) بۆ چاپ

هەڵبژاردووە و پێش دەرکەوتنی گۆڤاری (شعر) لە بەیروت بزافی شیعری جگە لە دەرچوون لە نوێگەری حەقیقی شتێکی دیکە نەبووە، هەروەها کاتێك کە ویستمان کاسێتی ریکۆردەکە رێك بخەین بەگاڵتەوە گوتی دەنگت لەدەنگی (عبدلحەلیم حافز) دەچێ، ئەوەش بۆ ئێمە دەرفەتێك بوو تاکو لێی بپرسین:

*دەنگی عەبدالحلیم حافزت پێخۆشە؟

لە راستیدا نە گوێی لێدەگرم، نە خۆشم دەوێ، یان بە مانایەکی راستر من لەدەرەوەی هەندێ لە گۆرانییەکانی سەید دەروێش و محەمەد عبدولوەهاب و فەیرۆز و ئوم کەلسوم کە زۆرم خۆش دەوێن، هیچ گۆرانییەکی دیکەی عەرەبی ناناسم.

*ئەی مارسیل خەلیفە؟

مارسیل وەك موسیقی باشە، نەك وەك گۆرانیبێژ، ئەگەر بەراوردی دەنگی ئەو بە دەنگی ئەوانەی کە ناومبردن بکەین، جیاوازە، ئەوە بەو مانایە نییە کە گۆرانیبێژە لە ئاستی ئەواندا، بەلاّم ئەویش رێگای تایبەتی خۆی لە گوتنی گۆرانیدا هەیە، لە دنیای هاوچەرخدا رۆڵی گۆرانی، گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، وەك پێشان نەماوە، دەشێ هەموو کەسێ گۆرانی بڵێ، ئەگەرچی وەك پێویست دەنگی وەکو دەنگی گۆرانیبێژە کۆنەکانیش نەبێ، (ئوم کەلسوم) و (فەیرۆز) وەك دوو گۆرانیبێژی گەورە و مەزن دەمێننەوە، خۆشبەختانە لە گۆرانی گوتندا ژن دیارە، زۆر بەکەمی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا ژن لە پانتاییەکانی رۆشنبیریی هەمە چەشن دەردەکەون، من دڵخۆشم بەوەی لە هونەرێك کە لەهەموو هونەرەکان گرنگترە (هونەری گۆرانی گووتن) ژن بەم ئاستە بەرزەوە دەردەکەوێت.

*تۆ بۆ ناوە کۆنەکەت (عەلی ئەحمەد سەعید) سۆزت ناجوڵێ؟

ئەو ناوە هەرگیز لێم جیا نابێتەوە، سەیر ئەوەیە کە بەرێکەوت ئەدۆنیس بە زمانی کۆن مانای (سەیدی) یەو (ئەلسەید)یش حوشتر دەکا، دەشێ ناوی کلاسیکی (عەلی) ئەوەبێ، بابلی و کەنعانی و سۆمەری لە دەستەواژەدا لە عەرەبەکان رەسەنترن، کەواتە (ئەدۆنیس) لە مانا قوڵەکەیدا (عەلی) دەگەیەنێ، من زاراوەکەم گۆڕیوە، بەڵام جەوهەر ناگۆڕێ، بۆیە لێم جیا نابێتەوە، تاکو سۆزم بۆی بجوڵێ.

***ئایا ئەو ئیشکالیەتە بچوکانەی کە لە تانە لێدانی ئەو ناوەوە دێ، بێزارت ناکات؟**

نەخێر، ئەوە لە چوارچێوەی عەرەبیدا دەوروژێ، بەهیچ جۆرێك بێزام ناکات، چونکە پاڵنەری ئەو کەسانەی ئەو مەسەلانە دەوروژێنێ پاڵنەری رۆشنبیریی نین، بەڵکو شەخسین، بۆیە تۆ ئەگەر لە گۆشەیەکی سایکۆلۆژیەوە تەماشای ئەو وروژانە بکەیت، حاڵەتێکی سایکۆلۆژی گشتی لای ئەو نووسەرانەی کە بەخۆیان دەڵێن رۆشنبیر بەرچاوت دەکەوێت، دەخەینە سەر ئەوانی دیکە، بۆیە هیچ ناموروژێنێ، بەڵکو بەزەییم پێیاندا دێتەوە.

***ئایا ئەو پاڵنەرە شەخسیانە، خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی رۆشنبیری عەرەب؟**

من لەو بڕوایەدام کە لە ساتەوەختی ئێستادا خەسڵەتێکی جێگیر بێ، لە هەموو رۆشنبیرەکاندا جێگیرە، لە رۆشنبیری کۆنیشماندا هەبووە، بەڵام لە بەرامبەری ئەو پاڵنەر و تانە لێدانە شەخسیانە کەسانێك بەدی دەکەی کە بەرگری و پارێزگاری لە بەهای بابەتیانە دەکەن، ئێوە دەزانن کە گەورە شاعیرانمان ئەوانەی کە شیعرییەتی عەرەبییان دامەزراندووە، هەندێ جار دەکەونە بەر تۆمەتبارکردنەوە، هەرلە (ئەبوو نەواس) و (ئەبوو تەمام) و (موتەنەبی) تا دەگاتە (دکتۆر تەها حوسێن) کەواتە ئەو مەزنانەی کە

هەستەكانیان دروسكرد و خەلخەلەیان خستە نێو بەهاو چێژی كۆن و شیعر و فیكریان دامەزراند، ئەوانە بەردەوام بە دزی تاوانبار دەكرێن، یان بە كافر، ئەو خەسڵەتە لە رۆشنبیری عەرەبیدا جێگیرە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەكی گەورەتر بەرجەستەیە لەبەر هەندێ هۆ، كە شەرم دەكەم بە دواییدا بچم.

*بۆچی؟

بڕواناكەم بتوانم ئەو هۆیانە بە وردی شی بكەمەوە، گەرچی ئاماژەم بە هەندێ لە فاكتەرەكانی دا، ئەوە بە نۆڕم و بەها و پەیوەست بوونی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوە بەندە، بە شاراوەییەوە رێدەكات، دەبێ خۆمانی لێ لابدەین، ئەوەی دەمێنێتەوە شتە جەوهەریەكانن خۆشبەختانەش لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا كەسانێك هەن، گەرچی بەشێوەیەك لە شێوەكان پەراوێز كراون، بەڵام بەردەوام پارێزگاری لەو جەوهەرە دەكەن و بەرگری لێدەكەن، هەروەها مژدەی تەجاوزكردنی ئەو ئیشكالیەتە بچوكانەیان پێیە، دەتوانن ئەو ململانێیە لە ئاسۆی شەخسیەوە بۆ ئاسۆیەكی رەخنە ئامێزی بابەتیانەی مرۆڤایەتی بگوازنەوە.

***بۆچی (موتەنەبی)ت وەك تەوەرەی (الكتاب) هەڵبژارد، تۆ لەسەر قەسیدە نیشتمانییەكانی بیانوی خۆت هەیە، بەڵام ئەو مەسەلەكان بە ستایشكردن دەگۆڕێ، ئێمە گەرچی دان بە گەورەیی (موتەنەبی)دا دەنێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی لە جۆری یەكەم ستایشكارە، تۆش دژی پەیوەندی نێوان ستایشكار و ستایشكراویت؟**

موتەنەبی گشتێكە پارچە پارچە ناكرێ، كە یەكێك بەرز دەبێتەوە، هەركەسێ بێ، تۆ كارت بەوەدا نییە چۆن دەخوا و چۆن دەنوێ، یان پەیوەنی بە فلان كەس دەكاو بە فیسار ناكات، تۆ بە رووەكەی دیكە راست دەبیتەوە، لە رێگەی

ئەو رۆشناییەوە راست دەبیتەوە كە لەدوای جێماوە، ئەگینا ئەگەر لە رێگای پەیوەندی بە ستایشكراوەوە تەماشای شاعیرانی عەرەب بكەین ناتوانین هیچ شاعیرێك بدۆزینەوە، باشە بۆچی لە پەیوەندی بە خودی خۆیەوە سەیری نەكەین، كەواتە لێرەدا نەگرتنەخۆ هەیە، گرتنەخۆی حەقیقەتیش لە مرۆڤدا ئەوەیە كە بگەتە دواین جەوهەری ئەو مرۆڤە، واتە من وەك دەلیلێك سەیری (موتەنەبی) دەكەم، جگە لەوە لەناو شاعیرانی عەرەب موتەنەبی مەیلی بۆ ئەو جومگەیەی كە دەكەوێتە نێوان سیاسی و رۆشنبیر، نێوان دەستەلاتدار و یاخی لە دەسەڵات، زۆرترە، جگە لە مەتەنەبی هیچ شاعیرێكی عەرەبی بەدی ناكەیت كە نوێنەرایەتی ئەو خاڵە بكات، وەك چۆن (موتەنەبی) نوێنەرایەتی دەكات، كە بۆخۆی خاڵی ململانێ و ناكۆكیە، خاڵی بەیەك لكان و هەڵوەشانەوەیە، من بۆیە هەڵمبژارد تاكو لە رێگەی ئەوەوە ئەو جومگە بەردەوامەی نێوان ئەوەی كە بە ئایین و ئەوەی كە بە سیاسی ناو دەبرێت، ئەوەی كە بەدەسەڵاتدار و ئەوەی كە بە رەفزكەری شۆڕشگێر ناودەبرێ بەدی بكەم، جگە لەوەش موتەنەبی ترۆپكی شیعری و تەواوكەری شیعرییە، لەدوای ئەو تەعبیركردن جگە لە (مەعەری) تەواو هەرەسی هێنا، مەعەری دانی بە مەزنییەتی موتەنەبی ناوە، كتێبەكەی خۆی كە شیعری موتەنەبی تێدا راڤە كردووە بە (موعجیزەی ئەحمەد) ناوبردووە، من لەو بڕوایەدام كە موتەنەبی مێژووی عەرەبی زۆر لە روداوە مێژووییەكان جوانتر و گەشتر نیشان داوە، ئەوەی كە ئەمڕۆ بە شیعری موتەنەبی راڤە دەكرێ، ناشێ شیعری موتەنەبی پێ راڤە بكەین، ئەو كاتێك هەجوی كافور دەكات، یان ستایشی دەكات دەڵێ: (شیعری من ستایشكردنی ئەو نییە، بەڵكو هەجوی لوڕییە) ئەو رەخنە لەو كۆمەڵگە و لەو مرۆڤانە دەگرێ كە یەكێكی گەورەی وەك ئەویان وا لێكردووە پەنا بۆ كافور و ئەوانی دیكە

ببات، وەك ئەوەی بیەوێت شیعر بکاتە پێشەوای کۆمەڵگە بۆچی شاعیر نابێتە پێشەوا؟

***بۆچی سیاسەت لەبری ئەوەی دوای شاعیر بکەوێ گوێی لێناگرێ؟**

ُموتەنەبی لە هەموو ژیانی و لە هەموو نووسراوەکانیدا شیعر وەك یەکەم رۆشنایی فیکر و سیاسەت و مرۆڤایەتی دادەنێت، من بەو مانایە موتەنەبیم وەرگرتووە.

***لە قسەکردندا کەوتیتە نێو پەیوەندی نێوان رۆشنبیر و سیاسییەوە، ئایا بۆشایی لەنێوان رۆشنبیر و دەسەڵات پێویستە؟ هەیە داوای ئەوە دەکات ئەو بۆشاییە ببێتە پردێك؟**

ُمن داوا دەکەم دووبارە چاو بەو پەیوەندییە جێگیرەی نێوان دەسەڵات و رۆشنبیردا بخشێندرێتەوە، لەهیچ کۆمەڵگەیەك سیاسەتی مەزن بەدی ناکەیت ئەگەر دەزگای رۆشنبیریی مەزن وجودی نەبێ، بەمجۆرە سیاسەت بۆخۆی بەشێکە لە رۆشنبیریی، نەك بە پێچەوانەوە، هەر چۆنێبێ لە کۆمەڵگەی زیندوودا بە هیچ شێوەیەك رۆشنبیری وەزیفە نییە، وەك چۆن ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەبینرێ، رۆشنبیری بۆچوونێکی رەخنەیی گۆڕانکارە هەردەبێ واش بمێنێتەوە، بەومانایە دەبێ سیاسیەکان بەدوای رۆشنبیراندا بچن، بەڵام بەداخەوە لەنێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا سیاسیەکان هیچ نرخ و سەنگێك بۆ رۆشنبیری داهێنەر دانانێن، ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەبی ئەوەندەی ناپاکی لە پەیامی رۆشنبیری خۆی دەکات، ئەوەندەش قبووڵیەتی بەدوای سیاسیەکان بکەوێت.

***تۆ بەردەوام داوای خوێندنەوەی دەقی یەکەم دەکەیت (مەبەست دەقی قورئانییە – و: کوردی) ئایا هیچ رۆشناییەك بەدی دەکەیت کە خرابێتە سەر ئەو دەقە، کە ئەمڕۆ بتوانین بۆی بگەڕێینەوە؟**

ٲبا لەدەقی شیعری یەکەم و ئەو خوێندنەوانەی کە لای رەخنەگرە عەرەبیەکانەوە کراوە دەسپێبکەین، ئایا دەتوانین بڵێین (ئەمەدی) یان (قوتەیبە) یان (جرجانی) خوێندنەوەیەکی کامڵ و کۆتائامێزیان بۆ شیعری جاهیلی کردووە، یان ئایا ئێمە لەسەرمانە سوود لە خوێندنەوەکانی ئەوان وەرگرین و بۆ خۆمان بەپێی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بکەین؟ رەنگە بە نیسبەت دەقی ئایینیش هەمان شت بڵێین، بۆچی خوێندنەوەیەکی تەواو کۆتایی ئامێز قبووڵ دەکەین، کە بۆخۆی لە خودی دەقی ئایینیدا ئاماژە بە خوێندنەوەی کۆتایی ئامێز و دوا خوێندنەوە نەدراوە، دەقی ئایینی دەڵێ: دەبێ موسڵمان بەردەوام بۆ کتێبی خوا عەقڵ بەکار بیهێنێ، بەڵام بەداخەوە، ئێمە دەقەکانی سەرەتامان لە ئاسۆی ئەو گیروگرفتانەوە نەخوێندۆتەوە کە ئەمڕۆ رووبەرووومان دەبنەوە، یان لە ئاسۆی پەیوەندیمان لە ئەوی دیکە و ئەو پێشکەوتنەی کە لە (1050) ەوە تاکو ئەمڕۆ لە ئارادایە، بەڵکو وازمان لەو دەقانە هێناوە کە دەبێ بیخوێنینەوە، دەبێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ خوێندنەوەی نوێی بۆ ئەنجام بدەین، من رێزم بۆ هەموو خوێندنەوەکان هەیە، پێویستە سوودیان لێ وەرگرین.

***لەم چوارچێوەیەدا من بە خوێندنەوەی (محەمەد ئەرکۆن)ی جەزائیری پەیوەستم، بەڵام وەك دەبینین لە بەشی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی کە لە پاریس کاری تێدا دەکات تەریك کراوە؟**

ٲکە دەڵێین تەریك کراوە شتێکە و کە دەڵێن قوڵتر لە بارەی ئەو بابەتانەی نووسیوە ئەوە شتێکی دیکەیە، لە دژ وەستان و لە بایەخ کەمکردنەوە و بووختان بۆ دروسکردنی (ئەرکۆن) هیچ لە هەقیقەتی مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە ئەوانە هەمووی دەچنە خانەی پروپاگەندە و ئیرەیی پێبردن و رکەکردنی ئایینییەوە بە بڕوای من ئەوەی (ئەرکۆن) لە باری دەقی یەکەمەوە دەینووسێ لە

هەموو ئەوانە قوڵترن كە ئێستا دەنووسرێن، هەر لە نزیك ئەو مەسەلەیەوە ئەگەر سەرنج لەو رەخنەگرە عەرەبانە بدەین كە لە ئەمەریكا نیشتەجێن، دەبینین هەندێ شتیان خستۆتە سەر رۆشنبیریی مرۆڤایەتی و بە پێچەوانەی ئەو رەخنەگرانەی كە لە ئەوروپادا دەژین.

*مەبەستت لە خستنەسەر چییە؟

أ بۆ نموونە (ئیهاب حەسەن) تیۆرێكی رەخنەیی پێشكەش كردووە، هەروەها بەشدارییەكانی (ئیدوارد سەعید) ناشێ لەو چوارچێوەیەدا پشتگوێ بخرێ (ئیهاب حەسەن) بەشێك نییە لە رۆشنبیریی ئەمەریكی، هەروەك (ئیدوارد سەعید)یش بەشێك نییە لە رۆشنبیری عەرەب، رۆشنبیرانی جەزائیر و مەغریب هەر لە سەرەتاوە گیروگرفتی عەرەبیان هەبووە، بەڵام گیرو گرفتی (ئیهاب حەسەن) عەرەبی نییە، هەروەها (ئیدوارد سەعید) جگە لە كتێبەكانی ئەو دواییەی كە لە بنەڕەتدا سیاسین، بایەخیشی لەو كتێبە رەخنەییانەی بە ئینگلیزی نووسیویەتی كەمترن.

*بۆچی ئەوانە دەرچوون، بۆچی ناكۆی عەرەبی و پێناسەی ئیسلامی لە كەشو هەوایەكی دیكەدا دەخەنە بەر قسە لەسەر كردن و لێكۆڵینەوە؟

أنەچونەتە دەر، بەڵام لەبەر هەندێ بارودۆخی مێژووی بە زمانێكی دیكەیان نووسیوە، ئەو بارودۆخە ناگۆڕدرێت، هیوادارم دووبارە نەبێتەوە، كەواتە پێویستە لەو بارودۆخە تێبگەین، سەرەرای ئەوەش كەشو هەوای رۆشنبیریی ئەوروپی پان و بەرفراوانترە لە كەش و هەوای رۆشنبیری عەرەبی، ئەوان لەو پانتاییە ئاسودەیی و لەیەكگەیشتن و كارلێككردن زێتر هەست پێدەكەن، نەك لە چوارچێوەی رۆشنبیری عەرەبی، ئەگەر ئەو پانتاییەی كە بیریاری عەرەب تیایدا دەخولێتەوە، یان ئەوەی بە زمانی عەرەبی لە كۆمەڵگەی عەرەب دەینووسێ بەو پانتاییەی كە ئەوروپی، یان ئەمەریكی تایدا دەخولێێتەوە بەراورد بكەین

دەبینین پانتاییەكەی ئێمە سانتیمەترێك كەمترە، بەڵام پانتایی ئەوێ بێ كۆتاییە؟

***سەرەڕای ئەو كەش و هەوا بەرفراوانە، بەڵام هەمیشە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە خولیایەك بەرامبەر ئەویدیكە هەیە، قسەكردنیش لەبارەی شاڵاوی ڕۆشنبیریی كۆتایی نایەت، تۆ ئەوشتانە چۆن دەبینی؟**

ئەو خولیایە عەرەب لەناوەوە پێی هەڵدەستێ، خولیایەكی سیاسیە، بێ بەڵگەیە، دەیانەوێ شتەگەلێكی پێ بشارنەوە، بۆچی قسە لەوانە ناكەن كە هەڵدەكوتنە سەر ئیبداع و بەخششەكانی ڕۆشنبیری عەرەبی، سەر شاڵاوی تەكنیكی.

كۆمەڵگەی عەرەب بەرهەمهێن نییە، تەنیا بەرخۆرە، بۆچی ئەوانە قسە لەشاڵاوی ئامرازی تەكنیكی ئەمەریكی ناكەن، بەڵام پەلە لەوە دەكەن كە ڕەخنە لەشاعیرێك بگرن كە (بۆدلێر) یان (هۆڵدرێن) یان (فرۆید) دەخوێنێتەوە، هێرش دەكەنە سەر ئەو ڕۆشنبیرە، بەڵام شاڵاوی ئەویدیكەی بكوژ لەیاد دەكەن، تۆ بهێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر ڕۆشنبیری عەرەبی تەواو لە كاریگەری خۆرئاوایی خاڵی بكەیتەوە، ئایا چ دەمێنێتەوە؟ جگە لە ئایین و شیعر، شتێكی دیكەی لێ نامێنێتەوە، جگە لەوە شتێكی دیكە نییە، كەواتە ئەو قسەكردنەی كە لەبارەی شاڵاوی ڕۆشنبیرییەوە، تەواو لەگەڵ مێژووی ڕۆشنبیریمان ناكۆك دێتەوە، مرۆڤی عەرەبی خودێكی ڕۆشنبیریی نییە تەنها ئەوكاتە نەبێ كە تێكەڵی ئەویدیكە دەبێ، ئەوە مێژووە.

***لە (ستاتیك و دینامیك) ئەوەت وەیاد هێناوەتەوە كە كە (3/4) سێ لە چواری ڕۆشنبیریی عەرەبی غەیرە عەرەب دروستی كردووە، ئیستا هەمان بیرورا دووبارە دەكەیتەوە، ئایا هەمان ساتەوەختە، یان ئەو دووسەدەیەی رابردوو هیچ بەخششێكی تایبەت بە عەرەب وجودی نییە؟**

بەخششیی ئیبداعی عەرەب لەو دوو سەدەیەدا لەدوو شتدا خۆی كورت دەكاتەوە، یەكەم بەگشتی لە هونەردا لە پێشەنگی ئەو شیعر و هونەی شێوەكاری و هونەری دیكەی وەك رۆمان، لەو پانتاییەدا بەخششی عەرەب باش دەبینرێ، سەرەڕای بۆماوەی ئایینی و شیعری، بەڵام لە پانتایی زانستی مرۆڤایەتی و فەلسەفە و بیركاری و ئەنترۆپۆلۆژیا شتێكی وا نابینرێ، ئەگەر تاكی عەرەبیش لەو رووەوە هەبێ، ئەوە لە كۆمەڵگەی دیكە كە رێگایان بۆ خۆش كردووە بەرهەمیان هەبووە، ئیبداعیان كردووە، كەواتە بەرهەمەكانیان سەر بە كۆمەڵگەی خۆرئاواییە، چونكە ئەوان هانیان داون، ناشێ سەر بە كۆمەڵگەی عەرەبی بێ.

*** قسەت لە بەخششی دەستكرد و ئازادیەكانی كرد لەبەرامبەر نا ئازادی مرۆڤ؟**

تۆ هەمان بەخششی دەستكردی ئەمڕۆ لەگەڵ سەدە كۆنەكانی وەك (فاتمی) و (مەملوكی) تا دەگاتە (عەباسی) بەراورد بكە، دەبینی ئەوەی ئەمڕۆ بەدەس بەرهەمی دێنن ناگاتە هیچ یەكێك لە ئاستە كۆنەكان، دەسكردی ئەمڕۆ هەر بەناو دەسكردە ئەگینا پیشەسازی و خێرایی و ئامرازەكان بەسەر هەموو شتەكاندا زاڵن، نەكاتێكی زۆری دەوێ، نە هاوكاری دەوڵەتی پێویستە، بەڵكو زێتر بەرەو ئاسانكاری بەخششی خێرا هەنگاو دەنێ، بۆیە دەست مرد، تۆ بەراوردی ئەندازەی بیناسازی كۆن و نوێ بكە، چەند جیاوازی مەزنی تیا بەدی دەكەیت، ئەو كاتەی كە بە شەقامێكی قاهیرەی كۆندا گوزەر دەكەیت، هەر تەنها سەیری ئیستاتیكا بكە، هەست دەكەی گوێت لە هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنی تەمەن و ئەندازەی ئەو شوێنەوارە رەنگرێژكراوە دەبێ، بەڵام كاتێك دەچیتە شەقامێكی نوێ، جگە لە ئامێر و خێرایی و ئیستهلاككردن و

وەزیفەكاری شتێكی دیكە بەدی ناكەیت، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ جوانی جیهانی كۆن تەواو جیاوازە.

***وەزیفەكاری بەشێكە لەكۆن؟**

بەڵێ، بەلاَم لەوێ هیچ بۆشاییەك لە نێوان ژیان و هونەردا نەبووە، ئەمڕۆ ئەو بۆشاییە هەیە، لەكۆندا وەزیفە بەشێك بوو لە حەساسیەتی هونەری، كاتێك من كورسیم بەكار دەهێناو لەسەری دادەنیشتم وەزیفە بوو، بەلاَم لە هەمان كاتیشدا نیشانەیەك بوو لە نیشانەكانی جوانی و هونەر.

***تۆ كۆمەڵێك دەقی (محەمەد رەشید رەزا) و (كەواكبی) و (محێدین عەبدولوەهاب) و ئەوانی دیكەت هەڵبژاردووە، وەك چۆن بۆ ئەو دەقانەش پێشەكیت نووسیوە، چ ئەوانە لەیەك كۆ دەكاتەوە، هەڵبژاردنەكانی تۆ لەسەر چ بنەڕەتێكەوەیە؟**

ئەوە بەشێكی تەواو كاری (ستاتیك و دینامیك) بوو، چونكە ئەو كتێبە یەكەمجار بە سێ بەش دەرچوو، لە دوابەشدا كە بەرۆشنگەریەوە پەیوەست بوو، ئاماژەم بەوەدا تەواوكەری ئەو كتێبە لەو بەشەدایە كە لەسەر فیكر و گەشە كردنی فیكری دەینووسم، سێیەم بەشی بە ئەدەبی سەردەمی رۆشنگەرییەوە تایبەت بوو، بەلاَم بەشی چوارەم تایبەت بوو بە فیكر، كە لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە، من لەوێ نموونەی كۆن و نوێم لەو سەردەمە وەرگرتبوو، نوێ بەمانای ئێستا هەروەها گوتم هەردەبێ قسەم لەسەر (محێدین عەبدولوەهاب) هەبێ.

تاكو بووانم چۆن ئیسلامی خوێندۆتەوە، وەك ئاگادارن ئەو خوێندنەوەیەش لەناو كۆمەڵگەی عەرەبیدا خوێندنەوەیەكی كاریگەر ئامێزە، بۆیە دەبێ نهێنی ئەو خوێندنەوەیەم تێبگەم، سەرەڕای ئەوەش من (محەمەد عەبدە) و ئەوانی دیكەم وەرگرتووە، هەندێكیش رەخنەیان لێگرتم و وتیان چۆن لەسەر (محەمەد

عەبدولوەهاب) دەنووسیت، من سەیرم بەو رەخنەیە هات، چۆن لەسەری نەنووسم کە خۆی بە بۆچوونەکانی لە بارەی ئیسلامەوە موڵکی ژیانی عەرەبی و بە پلەی یەکەم میسرییە، جا بۆئەوەی لە دژی یەکێك بووەستم دەبێ تێبگەم، من لەوکەسانە نیم کە ئەگەر یەکێك خاوەنی فیکربی پشتگوێ بخەم، بەڵکو قوڵتر دەبمەوە تاکو بۆ تێگەیشتنی رێگەیەك بدۆزمەوە، بەو خولیایەوە لەسەر (محەمەد عەبدولوەهاب)م نووسی، سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵێك بیریار لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەن کە لەژێر کاریگەری ئەودان.

***بۆچی؟**

-تۆ بۆ هۆیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بگەڕێوە.

***راستە لەسەر ئەوت نووسی و بە تەئکید گەیشتیتە قولاییەوە؟**

-بۆیە لەسەرم نووسی تاکو کەشفی بکەم، ئەو بنەڕەتانە بدۆزمەوە کە پشتی پێ دەبەستێت، تاکو بزانم چۆن نەخشەیان بۆ دادەنێ و چۆن بەرەو ئاسۆیەکی دیکەیان دەبات، بەلأم ئەگەر پشتگوێی بخەم و وەك ئەوەی هەر نەبووە، ئەوە وەك ئەوە وایە کەسەر بخەیتە نێو لمەوە.

***ئایا شتێك هەیە ئەوانە کۆ بکاتەوە؟**

-ئارەزووی من لە بەدواداچووندا کۆیان دەکاتەوە، هێڵی (ستاتیك و دینامیك) لەبارەی کەلتوری عەرەبییەوە، من گوتم مەزنترین بەڵگە بۆ ستاتیك بوونی کەسێکی وەك (محەمەد عەبدولوەهاب)ە، ئێوە دەڵێن فیکر و کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەدا دێ، بەلأم پێم ناڵێن بۆچی دروست دەبێ، ئەگەر لێرەدا گۆڕانکاریەکانی شیانەیی هەبێ، ئەوە تەئکیدکردنە لەوەی کە بوونیادی قوڵی رۆشنبیریی عەرەبی ناگۆڕدرێت، پێم بڵێ چۆن لەسەر ئەم و ئەو دەنووسی، کەسانێك هەن نازانن چ دەخوێننەوە، هەروەها بڵێ ئایا من لەرێگەی داواکردنەوە ئەوەم

نووسیوە، کە ئەو خۆی قەدەغەیە بچێتە سعودیە و من لە پێناوی دەجەنگم، لەبەر ئەوەیە کە من بەشێوەیەکی جیاوازی خوێندومەتەوە.

***ئایا گەڕانەوەی (شەوقی) و (بارودی) بۆ لاسایی کردنەوەی نموونەی سەردەمی عەباسی، بەو مانایەیە کە ئێمە لە دوو زەمەندا دەژین؟**

ٱکاتێك لەسەر ئەوانم نووسی گەردەلولێك هەڵیکرد، وەك ئەوەی من دژی شیعری میسری بم، ئەوە قسەیەکی جوان نییەو قابیلی گوتن نییە، چونکە وەرگرتنی (شەوقی) لە گەڕانەوەی زمانی کلاسیکی باشترە، بەڵام هیچ شتێکی نویٚ لەو بارەیەوە پێشکەش نەکرا، ئایا ئەو بۆچوونە بۆخۆی بۆچوونێکی بابەتییە، یان رق لێبوونەوەیە لە شیعری میسری، بەداخەوە خەڵکانێك هەن ئاوا بیردەکەنەوە.

***بەڕای تۆ بۆچی ئەو هەرایە دروست بوو؟**

ٱچونکە خەڵکانێك هەن خۆیان لەگەڵ وڵات و گەل تەماهی کردووە، ئەگەر قسەت لەسەر ئەوان نەکرد وەك ئەوە وایە کە گەلت بەتەواوی پشتگوێ خستبێ.

***باشە دوا هەڵسەنگاندنت بۆ قوتابخانەی ئەپۆڵۆ و دیوان چییە؟**

ٱمن یەکەم کەس بووم کە بە روانینێکی تازەگەریانەوە لەسەر ئەپۆڵۆ و دیوانم نووسیووە.

***ئێمە دەبینین کە تۆ لەسەر بەرگی چاپە یەك لەدوای یەکەکانت دەستە بژێری دەکەیت، دەتوانین لەوە بگەین کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی رەخنەییەوە، بەڵام کە چاپی کۆمەڵە شیعرەکانت هەڵگری ناونیشان و دوا داڕشتنەوەیە، هیچ لەوەیان تێناگەین؟**

ٱئەوە جۆرێکە لە هەستکردن، نەك گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لێرەدا هەندێ هەڵە هەیە و راستیان دەکەمەوە، یان فیکرەیە و روونی دەکەمەوە، خوێندنەوە هەیە کە بە دوا داڕشتن ناوی دەبرێ هیچ زیادکردنی تیا بەدی ناکەیت، من هیچ

قەسیدەیەك دووبارە ناووسمەوە و بەڵكو رەنگە پارچەیەكی لیٚ لابەرم، یان بۆی زیاد بكەم.

***لەسەر چ بنەڕەتێك؟**

قەسیدە كۆتایی نایەت، ئەگەر ئەمڕۆ بە نووسینی شتی دیكە سەرقاڵ نەبم زۆر لە قەسیدەكانی خۆم دادەڕشتەوە، قەسیدە كارێكە بە هیچ جۆریٚ تەواو بوونی نییە، هەتا خاوەنەكەی دەمریٚ هەر بە كراوەیی دەمێنێتەوە، رەنگە دوای مردنی خاوەنەكەشی هەر بە كراوەیی بمێنێتەوە.

***بابەتی خوێنەر لەم حاڵەتەدا لەكویٚ دایە؟**

من بەڵگە نامە نیم، من وەك خوێنەرێك لەبەرامبەر تۆ تەقینەوەی شیعرم، بەلاٚم كەپێم دەڵێی چۆن قەسیدە دەنووسی و كەی دەینووسی و لەكویٚ دەینووسی، ئەوە بەلای من گرنگ نییە، ئەوە لایەنێكی بەڵگە دارانەیە، هەندیٚ لە مێژوونووسانی ئەدەبی بایەخی پێدەدەن، من لەو قەسیدەدا بایەخ بە درەوشانەوەی بەردەوام دەدەم.

***لەبەر ئەوەی قەسیدەی كامل لە ئارادا نییە، ئەی بۆچی ئەو توندوتیژییە و توندوتیژی دژ بە شیعرەكانت هەیە؟**

عەرەب، خوێنەر و رەخنەكانی ئەوەندەی گرنگی بە دەوروبەر دەدەن ئەوەندە بایەخ بە جەهەری شیعریەتی قەسیدە نادەن، تۆ ئەو رەخنانە بخوێنەرەوە كە ئێستا دەنووسرێن، شتی دەگمەنیان تیا بەدی ناكەیت، وەك شیكردنەوەی ئیستاتیكای قەسیدە و شیعریەت، رەنگە زۆر كەم بیٚ بەلاٚم زۆربەیان فیكر لەوەدا كورت دەكەنەوە كە بڵێن شاعیر ئاوایە، ئەمە نیشتمانپەروەرە، ئەمە خاكەكەی خۆش دەویٚ، ئەوە خاكەكەی خۆش ناویٚ، واتە ئەو رەخنانە رەخنەی قوتابخانەیی و ئاسانكارین، بەلاٚم لە رەخنەی شیعردا چونە نێو زمانی شیعری و شیكردنەوەی ئاستەكان و پەیوەندییە ئیستاتیكیەكان زۆر كەم بەدی

دەکەیت، سەرەرای ئەوە ئەو مەسەلەیە پێویستی بە ماندووبوون و رۆشنبیریی بەرز و تێگەیشتنی شیعری هەیە، هەندێ لە رەخنەگران هەن ناتوانن ئەوەی کە پەخشان ئامێزە و ئەوەی کە کێشدارە لە یەکیان جیا بکەنەوە، ژۆن زمانی شیعر شی دەکەنەوە؟

***گوتم بێجگە لەوانەش هەن؟**

أ(کەمال ئەبوودیب) ئەو رەخنەگرەیە (نەك هەمیشە) بەلاّم هەوڵی داوە بوونیادی قەسیدە، یان فیکرەکان شی بکاتەوە، هەروەها (جابر عصفور) (عەبدولرەحمان بەسیسۆ) لێکۆڵینەوەی رەخنەیی جوانیان نووسیوە، بەلاّم پشتگوێ خراون، هیچ کەس دەربارەیان نانووسێ ئەوانە ئەو رەخنەگرە چاو ساغانەن کە لەبارەی شیعرەوە دەنووسن، نەك بۆنە شیعرەکان، من خوازیارم لە شیعری عەرەبیدا تاکە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شیعرییەتی خاك هەبێ، جا چ فەلەستیی بێ، یان لەدەرەوەی فەلەستین بێ، یان لەسەر شیعرییەتی پاڵەوانێتی، یان زەبوونی، بەلاّم رەخنەگرەکان هەموویان قەسیدەکان کورت دەکەنەوە، بێ ئەوەی بە قوڵی شیکردنەوە بۆ شیعرییەت ئەنجام بدەن.

***بەلاّم تەمومژ و بووغز و سێگۆشە و ئەو بازنانەی کە (ئەبوودیب) لاپەرەکانی پێ پر دەکاتەوە، ئایا ئەوە رەخنەی نموونەییە، ئەوە لە هەموو رۆشنبیرییەکاندا وجودی هەیە ئایا ئەوە بەشێك نییە لە قەیرانی رۆشنبیریی عەرەبی؟**

أنامەوێ بەرگریان لێ بکەم، بەلاّم ئەو نەخشە و وێنانە زێتر شتەکان روون دەکەنەوە، ئەگەر بمەوێ بارودۆخی تاك لە کۆمەڵگەی عەرەبی بۆ تۆ راڤە بکەم وێنەی بازیەکم کێشا، لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا تاك لەنێو ئەو بازنەیەدایە، ئەوپەری رێگەدان بە چونەدەرەوەی ئەوەیە کە دوور لە سێنتەر هەڵواسرابێ، کەواتە ئەوەی کە دوور کەوێتەوە ئەبێتە زەندیق و بە پێچەوانەی تاك لە کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا، کە موناقەشە دەکا و رەفز دەکاتەوە، بەلاّم لەگەڵ

ئەوەشدا کۆمەڵگە پێی رازی نییە، ئەوە جیاوازیەکانن (لەوکاتە ئەدۆنیس کاغەز و قەڵەمی دەسدایە و ئەو فیکرەیەی لە رێگەی وێنە کێششانەوە روون کردەووە) بەبێ ئەو وێنەیە فیکرەکە ئاشکرا نییە.

***پەیوەنییەك لە نێوان فۆرمی کۆمەڵە شیعری (الکتاب) و سینەمادا هەیە، تۆ پەیوەندیت بە سینەماوە چییە؟**

بەبێ درۆ، من لەو بڕوایەدام کە لە نێوان شاعیرە تازەگەرەکانی عەرەبیدا هەر لەسەرەتاوە من پەیوەندیم لە نێوان هونەری شیعری و هونەرەکانی دیکە دروستکرد، بەتایبەتی هونەری شێوەکاری بەرای من پەیوەندی نێوان گۆرانی گوتن و مۆسیقا وێرای جیاوازی لە پلەدا پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، لێرەدا گۆرانی گوتن و سروود گوتن هەیە، لە وجودی مرۆیدا پلەی قەوارەیی و بۆچونی مەعریفی هەیە، کەواتە ئەو پەیوەنییە پر بایەخانەی کە دەبێ لەسەریان بووەستین پێکهاتەی شیعری و رەنگی و ئەندازە و بیناسازییە، بێ درۆ دووبارەی دەکەمەوە کە من یەکەم شاعیر بووم قەسیدەی شێوە رەنگرێژکراوو پێکهاتەی بینائامێزم نووسی، ئەگەر ئەوە راست بکەوێتەوە بەتایبەتی قەسیدە درێژەکانم وەك (هذا هو اسمي) و (مفرد بصیغة الجمع) و (قبر من اجل نیویورك) کەواتە من شیعر وەك سینەما دەبینم، بەو مانایە داوای قەسیدەی تۆر ئامێز و ئەو قەسیدەیەم دەکرد کە وەك درەخت رەگەکانی بە هەموو لایەکدا درێژ دەبێتەوە، نموونەیەکی تەواو لە کۆمەڵگە و مێژوو دەخاتە روو، وەك ئەوەی بینایەك بێ کەدەچێتە ناوییەوە لە پەنجەرەکانیەوە سەرنج لە دەرەوەی بدەیت، خۆی ئەو قەسیدەیە تەواو لە شاشەی سینەما دەچێ، کە لە یەك ساتدا بۆچوونێك و نموونەیەکی شێوەکاری و سۆسیقی و دەنگی و ئاواز ئامێزت پێ دەبەخشێ.

***کام سینەمات دیووە؟**

حەز لە سینەمای ئیتالی فلینی و بازۆلینی دەکەم، هەندێ لە فیلمە یابانییەکانم پێ خۆشە، بەڵام سینەمای عەرەبی بەتەواوی ناناسم.

***ئەی جیهانی، یوسف شاهێن؟**

ناتوانم رایەکی وردت لەسەر ئەو پێبدەم، چونکە نازانم چۆن گەشەی کردووە، هەندێ لە فیلمەکانم دیووە پێی سەرسام بووم، بەڵام ئەوەی هەروەك سەرسام بوون دەمێنێتەوە چونکە پێویستی بە مەعریفەی زێتر و ورد بوونەوە هەیە.

***فۆرمی قەسیدە (درەخت/بینا) کە قسەت لێکرد، ئایا ئەوە لەژێر کاریگەری نیشتەجێبوونت لە خۆرئاوا سەری هەڵداوە؟**

هەر کاریگەری نییە، چونکە بە نیسبەت من ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەم بەهیچ کارێکی خۆرئاوایی ناچێ.

***فرە دەنگی و فرە ریتمی لە ناوەوەی قەسیدەکانت بەدی دەکەین، ئایا هیچ لەبارەی گۆرانی و مۆسیقا قسەت بۆ کردین؟**

من حەز لە مۆسیقای کۆنی عەرەبی دەکەم بەتایبەتی ئامرازی (عود) و هەندێ جاریش (نای) بۆیە مۆسیقای ئێرانی تورکیشم خۆش دەوێ.

***پەیوەندیت بە شەپۆلی مۆسیقای نوێ جازی روك ئەدروك چییە؟**

هەڵبەت حەزی لێ ناکەم، چونکە مۆسیقای کلاسیکی خۆرئاوایم خۆش دەوێ.

***چۆن تۆ هەوڵ دەدەی چەشنەکانی مۆسیقای کلاسیکی لە شیعرەکانتدا پارچە پارچە بکەیت؟**

دەشێ ئەوە هەڵە بێ، یان جۆرێك بێ لە چێژ، بەڵام بۆ من شتێك نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تەواو دەزانم ئەگەر (بتهۆڤن) یان (مایکل جاکسۆن) لە قاهیرە ئاهەنگ بگێرن، ئەوە چەندان ئەوەندەی (بتهۆڤن) بۆ ئاهەنگی (مایکل جاکسۆن) دەچم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لەو ئامادەبووە کەمانەم کە گوێ لە بتهۆڤن دەگرن.

***بەیروت، قاهیرە، پاریس، چۆن دەبینی؟**

بەیروتی کۆن کۆتایی هات، چاوەڕێی لە دایك بوونی بەیروتی نوێ دەکەین، بەلاّم جیاوازی بەیروت لەگەڵ پایتەختەکانی دیکەی عەرەبی ئەوەیە کە بەیروت وەك قەسیدەی کراوە بەردەوام دەشێ بینووسی، بەلاّم هەست دەکەم شارەکانی وەکو دیمەشق و بەغداد و قاهیرە تەواو بوونە، وەك ئەوەی داخرابن وایە، ئەوەی کە بەیروت لە پایتەختەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەیروت بە دەوری خۆیدا خول دەخواتەوە، هەست ناکەی لە بازنەیەکی داخراودا بیّ، بە پێچەوانەوە لە ئاسۆیەکی بەرفراواندا دەڕوا، بەلاّم لەوە دەترسم بڵێم هەموو پایتەختەکانی دیکەی عەرەبی هەست بە تەواو بوون دەکەن و لەناو چوارچێوەی ئەو هستەدا دەخولێنەوە.

***ئایا ئەوە نەنگییە، یان جیاوازی؟**

هەموو تەواوبوونێك کەم و کورتی تیایە.

***ئەی پاریس؟**

شارێکە بەسەرێ ئەوانیدیکە دا دەکرێتەوە، ڕەنگە لە دنیادا نموونەی نەبیّ، بەشی سەرەکی چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی ئەوەیە کە پێشوازی لە دنیا دەکا، پاریس بەشێکی گەوریەرە لە دامەزراوە مەزنەکان، لە پێناو ئەو مەسەلەیەدا کاردەکات، هەندێ جار بە هاورێ پاریسیەکانم دەڵێم بیهێننە بەرچاوی خۆتان ئەگەر ئێوە پاریس لەوانیدیکەی بێگانە خاڵی بکەن چی تیا دەمێنێتەوە، پاریس ئەوەیە کە ئەوان خۆیان بە بەشێکی ئۆرگانی ڕۆشنبیریی پاریس دەژمێرن، من بەوان دەڵێم پاریس مەزنترە لە دانیشتوانی، پاریس بە باڵی دانیشتوانی نافریّ.

***بۆچی (سەعدی یوسف) نەیتوانی بەرگەی بگریّ؟**

من لەبارەی کەسەکانەوە نادوێم.

***هەتا ئەگەر ناوت لەگەڵ (سەعدی یوسف) لە گفتوگۆیەكدا بەیەكەوە بڵاو بێتەوە قسە لەوە هاتبێ كە لەگەڵ یەكێك لە چاودێرەكانی وەزارەتی ناوخۆی پاریس هەوڵی دڵدانەوەی بدرێت؟**

ٲمن ئەو قسانە جێبەجێ ناكەم هەتا ئەگەر بڵاویش كرابێتەوە.

***تۆ (سەعدی یوسف)ت لە گۆڤاری شیعر پێشكەشكرد، دیوانێكی ئەوت بەناوی (قصائد مرئیە) بڵاوكردەوە، ئێستاش لەتۆ دابڕاوە، هەروەها ناوی دیكەش هەیە كە لە تۆ دوور كەوتونەتەوە، ئەو دابڕانەی نێوان شاعیرە مەزنەكان چ دەگەیەنێت؟**

ٲمن قسە لەخۆم دەكەم، من لەهەموو ژیانمدا كێشەم لەگەڵ كەس نەبووە، مێژووم دیارە، هەتا ئەوانەی كە رۆژێ لە رۆژان هێرشیشیان كردۆتە سەر من وەڵامم نەداتەوە، چونكە بڕوام وایە ئەوەی كە لەدواییدا دەمێنێتەوە هەر شیعرە ئەگەر شاعیرێك بایەخی خۆی هەبێ و هێرشی كردبێتە سەرم لەو حاڵەتەدا دەڵێم با شیعر سەرپشك بێ، بۆیە ناچمە ناو چەق چەق و تاوانباركردنەوە كە زۆر بڵاوە، هەندێ شاعیری باش هەن كە لەئاستی مامەڵەكردندا ناچنە ناو ئەو جۆرە چەقەچەقەوە، بۆ من گران دەكەوێتەوە كە جیاوازی لە نێوان شیعر و ئەخلاقدا بكەم، یان شاعیرێكی حەقیقی بە درۆزن دابنێم، یان بە درۆ بووختان بۆ شاعیرێكی دیكە هەڵبەستم، ئەخلاقی من ئەوشتانەی قبووڵ نییە، دواجار هەموو كەسێ شیعر و رۆشنبیری و ئەخلاقی خۆی هەیە.

***ژمارەیەكی زۆرت لە دەقی شانۆیی تەرجەمە كردووە، بۆچی دەقی شانۆیی شیعری نانووسیت؟**

ٲهەوڵمداوە، بەڵام سەركەوتنم بەدەست نەهێناوە، دان بەوەدا دەنێم چونكە نەمتوانیوە زمانێكی شانۆیی تایبەت بە شیعر دابهێنم، لەگەڵ زمانی شیعریم بێتەوە، من گومانم هەیە كە زمانی شانۆیی بە مانای قوڵی وشە لەناو عەرەبدا

هەبیٚ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی پرسیار لە زمانی شانۆیی دەکەم، لەو بڕوایەدام کە زمانی شانۆیی لە پەخشاندا ئەزمەی خۆی لە کێشەی نێوان زمانی بازار و زمانی نووسیندا کەشف بکات.

***ئەی دەقی شانۆیی سەلاح عەبدولسەبوور؟**

ٲوەك شانۆکارێك نەمخوێندۆتەوە، چونکە لەو بڕوایەدام کە داهێنانی زمانی شانۆیی بە عەرەبی شتێکی ئاسان نییە، من لە گۆشە نیگای شیعرەوە خوێندومەتەووە.

***ئایا ئەوە دەسبەسەرا گرتن نییە، رەنگە ئەو داهێنانی لە دەقی شانۆییدا کردبیٚ؟**

ٲدەقی شانۆیی ئەوم خوێندۆتەوە، یان ئەوەی کە بە شانۆ ناو براوە (کۆمەڵێك گفتوگۆی ئاوێتەیە لە زیرەکی) بەڵام شانۆ نییە وەك ئەوەی من تێیگەیشتبم، نووسینی دەقی شانۆیی بەهرەیە، ناشیٚ کەسیٚ بەهرەی نەبیٚ بینووسیٚ و من بۆ خۆم خوازیاری ئەوەبووم کە رۆمان بنووسم، بەڵام بەهرەی رۆمان نووسینم تێدا نییە، من ئێستا تێکەڵەیەك لە گێڕانەوە دەنووسم، بەڵام ئایا ئەوەی دەینووسم رۆمانە؟ من دەڵێم نەخێر بۆیە ئەوەی دەینووسم بە (هن، هی، انت) – (نشید لتحیة الجسد) ناو دەبەم.

***هەندیٚ لە رۆشنبیران ئیشکالیەتی تایبەتیان لەگەڵ عەرەب و هەروەها بزافی تەرجەمەدا هەیە، چۆن لە رێگەی ئەو ئیشکالیەتانەوە، رۆشنبیری حەقیقی و ساختە لەیەکتر جیا دەکەیتەوە؟**

ٲرۆشنبیران لە ئاست و کەسایەتی و ئایدۆلۆژیا و حزبایەتی و ناپەیوەستکار و ئۆپۆرتۆنیست پێکهاتوون، کە هەر تەنها بەدوای فیکرەکاندا دەگەڕێن، بۆیە لەناو رۆشنبیراندا چینێکی هاوگونجاو دروست نابی، ئەوان کۆمەڵێك رەگەزی لێکدەر و لێکدوون، بۆیە هەندێك جار رۆشنبیرێك لەدژی رۆشنبیرێکی دیکە

دەوەستێ، زۆربەی جار لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا رۆشنبیر لە بەرامبەر هاوکارە رۆشنبیرەکەی خۆیدا لە سیاسیەك، یان عەسکەرییەك توندترە، بەگشتی رۆشنبیر ئەوەیە کە دەستەڵات پیس دەکات و راپۆرت دەنووسێ و هێرش دەکاتە سەر هاوکارەکانی خۆی، هیچ کاتێك پۆلیسێك نایەت کتێب بخوێنێتەوە و بریاری قەدەغەکردنی دەربکات، ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە و بریاری قەدەغەکردنی دەدات رۆشنبیرە.

***تۆ لەساڵی 1979 لەسەر شۆڕشی ئێرانت نووسی، ئێستا دوای بیست ساڵان ئەو شۆڕشە بەرەو ریفۆرم دەچێ، چۆن سەیری ئەوشتانە دەکەیت کە ئێستا لەوێ روو دەدەن؟**

ٲهەر لەسەرەتای شۆڕشەوە هەڵوێستی من دوو ئاستی هەبوو، یەکەم هەڵبژاردنی رژێمی شاو ئەوشۆڕشە بوو، کە نەکرێکار و نە عەسکەری و نە بازرگان و نە تیۆلۆژیستەکان هیچ لەوانە پێی هەڵنەستابوون، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ پێی هەڵسابوو، ئەوە لە مێژووی شۆڕشەکاندا رووداوێکی دەگەنئامێزە ئەگەر ئەو شۆڕشەش لەگەڵ رژێمی شا بەراورد بکەین، من بێ دوودڵی لەگەڵ شۆڕشدام و لەو بڕوایەدام کە زۆربەی رۆشنبیرە ئازادیخوازەکانی عەرەب و بێگانەش لەوانەش (میشێل فۆکۆ) بۆ نموونە لەگەڵ شۆڕشدا بوو بەڵام ئاستی دووەم ئەوەیە کە ئەو شۆڕشە بەناوی ئایین رابۆتەوە، ئایا ریفۆرم لە ئاییندا دەکرێ، چونکە بنەڕەتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە؟ لێرەدا گوتم نەخێر من دژی ئەو سیستەمەم کە لەسەر ئایین رادەبێتەوە جا ئامانجەکانی هەرچی بێ، هەروەها لەیەکێك لە وتارەکانم هۆشداری ئەوەمدا کە لای ئێمە ئەوەی کە پێی دەڵێن تیۆلۆژستی سەربازی درووست بووە، من ئاواتم ئەوەبوو کە ئێران دوای پاڵنەری ئایینی ئیتر هێدی هێدی بەرەو سیستەمێکی لیبراڵی هەنگاو بنێ و ئایین تیایدا هەر بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و

ئازادییەکان و ئافرەتەوە پەیوەستەبێ، نەك ئایین ئایدۆلۆژیایەك بێ بەسەر هەموو تاکەکاندا خۆی فەرز بکات، واتە ئێرانی ئێرانییەکی دیکەی قەبووڵ بێ، ئەگەرچی لەگەڵ فیکری تیۆلۆژیستیەکانیش نەیەتەوە، واتە با کۆمەڵگە بۆخۆی ئایین بکاتە ئیلهام، بەڵام ڕێگا بەوانەش بدات کە ئاییندارنین بۆخۆیان ئازاد بن، بەشیوەیەکی دیموکراسیانە پرۆسیسەی سیستەمەکە بکەن، بەڵام ئێستا سیستەمی ئێرانی لەرێگەی هەڵبژاردنی دیموکراسییەوە خۆی سەلماند، ئەوەی دەمێنێ ئەوەیە کە ئەو هەڵبژاردنە دیموکراسیە لەناخەوە لەرێگەی دامەزراوو زانکۆ و قوتابخانە و پەیوەندی لەگەڵ ئەوی دیکەدا بەرجەستە دەبێ، ئێمە وەك عەرەب شەرم لە خۆمان دەکەین چونکە لێرە سیستەمێکی عەرەبی نابینی کە ئەو دیموکراتیەتەی بەجێهێنابێ؟

***لەسەرەتای ئەو شۆڕشە هێرشێکی توندو تیژت بەتایبە لە هەندێ چەپرەوەوە قبووڵ نەکرد، بۆ نموونە وتارەکەی (سادق جەلالئەلعەزم) ئایا تەسەورت وابوو کە ئەو هەڵوێستە هەڵوێستێکی دەمارگیرانەیە لەدژی تۆ؟**

ناموەیَ هێرش بۆسەر کەس بەرم، بەڵام من لە تەواوی ژیانی خۆمدا هەرگیز بڕوام بە بوونی فیکری چەپی عەرەبی نەبووە، ئەوەش بەڵگە هێنانەوەی ناوێ، چونکە بارودۆخ ئەوەی سەلماندووە، جاریك گوتم و دووبارەی دەکەمەوە کە لە ناو ڕۆشنبیری عەرەبیدا هەر لە بیستەکانەوە (مارکس) دەژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین لەناو عەرەبدا بیریارێکی مارکسی وجودی هەیە، وەك مارکسی ئیتالی، واتە لە مارکس گەیشتبێ، مارکسییەت هەبێ بتوانین وەکو مارکسی ماوی و لینینی و گرامشی بۆی بکەڕێینەوە، تێزەکانی (مەهدی عامل) یان (حوسێن مروە) لەبارەی خولیای مادیەوە لە فەلسەفەی ئیسلامدا جگە لەوەی زانستێکە وەك ئەوەی کە بە مارکسیەت کاریگەرە، بەڵام جگە لە کۆمەڵێك کتێب و تیۆر کە لەدەرەوەی واقعی زیندوو، ئەو واقعەی کە تیایدا دەژین

شتێکی دیکە نین، کتێبەکەی (حوسێن مروە) هەر تەنها باسکردنی مارکسیەت دەکەوێتەوە، سوودێکی فیکری نییە، کە بتوانین بڵێین لە کەلتوری ئیسلامدا خولیای مادی وجودی هەیە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە بتوانین دیراسەی میکانیزمیەتی فیکری ئیسلام بکەین، نەك هەندێ دیاردە لێرە و لەوێ قوت بکەینەوە و بڵێین ئەو دیاردانە دیاردەی ماددین، وەك ئەوەی لەو کلتورە گەیشتبین، تۆ دەتوانی کتێبێك بەناوی خولیای رۆحانی لە مارکسییەتدا بنووسی، یان خولیای ماددی لە ئینجیل و هەروەها لە قورئان، هەڵبەتە لە دەرەوەی ناکۆکیەکانی قورئان و ئینجیلەوە، ئەوە بۆخۆی مەسەلەیەکی سیاسییە، بەومانایەدێ کە ئێمەی شیوعی دژی کەلتوور نین، بەڵکو هەوڵ دەدەین لە کەلتور بگەین، ئێمە لەگەڵ ئیسلامداین و گفتوگۆی لەتەکدا دەکەین، لەو ئاستە تەکنیکییە سیاسییەدا دەشێ کتێبەکەی (حوسێن مروە) و کتێبەکانی دیکەی مارکسیەکان بناسین، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کەلتور کردووە و بەڵام بەرای من لەسەر ئاستی مەعریفی هیچ بەهایەکیان نییە.

**تێبینی:**

**دەقی ئەسڵی ئەو گفتوگۆیە (ماغریت ئوربانگ و ساموێل شەمعون) بە ئەنجامیان داوە و لە گۆڤاری (بانیبال) کە لە لەندەن بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێ بڵاوکراوەتەوە و گۆڤاری (عیون) کە (خالید المەعالی) لە (کۆلۆن) ی ئەڵمانیا دەریدەکات تەرجەمەی کردووە، ئەوەی بەردەستتان لە سەرچاوە ئەڵمانییەکەوە وەرگیراوە.**

**سەرچاوە:**

**الاهرام 15 ئەپرێل 2000 / من تەنها ناوونیشانەکەم گۆڕیووە.**

# ئەدۆنیس...ئەفسوونکاری وشەکان

**زمانی عەرەبی زمانی شیعری ئەوە، ئەدۆنیس سوورییەو لە فەرەنسا دەژیت، یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخە گەورەکان.**
**کارە شێوەکارییەکانی کە لە پەیمانگەی جیهانی عەرەبی لە پاریس نمایان کرا (جێگای سەرسامی بوو).**

***چۆن دەستت بەکاری  نیگارکێشانی زەیتی کرد؟.**
ڵە ڕێگەی پەیوەندیم بە کۆمەڵێك نیگارکێشەوە، لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەی دوایدا کۆمەڵێك لە نیگارکێشانی عەرەبیم ناسی. لە زۆربەی بارەکانیشدا ئەوان بۆخۆیان دەسپێشکەری ئەو بەیەکگەیشتنەیان کرد، بەوەی کە کۆمەڵێك کاری وێنەییان بۆ شیعرەکانم بە ئەنجام گەیاند، یەکەمیشیان شەفیق عەبود بوو، پاشان محەمەد عومەر خەلیل، مەروان زیاد دەلول، سەلیم عەبدوڵڵاو زۆرانی دیکەش.

نیگاری عەرەبی  بە پێچەوانەی ئەوەی كە بیری لێدەكەینەوە، زۆر دەوڵەمەندە، ، ڕەنگە زۆر لە شیعری عەرەبی دەوڵەمەندتر بێت.

***ئەو شتە بنەڕەتیانە چی بوون كە لە ڕێگەی بەیەكگەیشتنتان لەگەڵ ئەو نیگاركێشانە فێری بوویت؟.**

أئەوە بوو، كە لە ناخەوە كارەكانیانم ناسكرد، هەروەك كارەكانی خۆم بە شێوەیەكی باشتر ناسكرد، بە دیاریكراوی لەگەڵ ئەواندا تێگەیشتم كە چۆن شێوەی شیعری لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی كە لێیپێكهاتووە، واتە لە پەیوەندی لەگەڵ بۆشایی و لەگەڵ ئەو لاپەڕەیەی كە دەقەكەی تیا دەردەكەوێت، دروست بكەم.

***ئەو بەرهەمە كۆلاژیانەی كە نزیكەی دە ساڵە خەریكی بەهەمهێنانیانی، وایلێكردی لە شوێنگەی بینەرو هاوبەشی كردنی خۆشەویستیانەی تۆ بۆ تابلۆوە بەرەو پرۆسیسەكەری تابلۆت بەرێت.**

أمن بۆ وەسفكردنی كارەكانم وشەی كۆلاژ بەكار ناهێنم، بەڵكو پێمباشترە هانا بۆ وشەیەكی عەرەبی ببەم كە ئەویش ڕەقیمەیە (نووسراأپەراو) كە دەلالەت لە لاپەرەیەك دەكات، لاپەرەیەك كە لە یەككاتدا نووسین و ڕەنگ و وێنەی تیا بدۆزیتەوە. وشەی (كۆلاژگەرا)   سەرنجێكی بەهێزی پیشەگەرییانەی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەكاتێكدا وشەی ڕەقیمە بە شێوەیەكی مەزنتر جەخت لە تایبەتمەندێتی ئەو داهێنانە دەكات.

***ئایا ئەو وشەیە لە ڕۆشنبیری عەرەبیدا دەلالەت لە جۆرێكی ئەدەبی، یان نیگاركێشانی (مەنقول) دەكات؟.**

أنەخێر، بەڵكو لە یەككاتدا دەلالەت لە ڕەنگ، شێوە، نووسین دەكات. وەك ئەوەی لە نێو خۆی هەڵگری ئیحایەك بێت، ئیحایەك، كە خاڵی بەیەكگەیشتنی ئەو سێ وشەیە بێت.

***تـۆ شـاعیری زەوی و رۆحـی نادیاریـت، لـە كویـوە هەسـتت بـەوە كـرد كـە پێویستت بە كەشفكردنی بینراویش هەیە؟.**

أله تەواوی كارە شیعرییەكانمدا، پێموایـە كـە هونـەر و شیعر، تـەعبیر لـە وجـود، یـان مـرۆڤ ناكـەن، بـەڵكو تەواوكـەری وجـود و مـرۆڤن. هـەروەها تـەعبیركردن لـە شتێك ئەوە نییە، كە شتێكی لە بارەوە بڵێیت، بـەڵكو ئەوەیـە، كە خۆشبەختانە شتێك بڵێی بە دەرەوەیدا گوزەر بكات. كاتێك قسە دەكەم بەو مانایـە نییـە، كە تەعبیر لە خۆم دەكەم، بەڵكو بەو مانایەیە كە خۆم دەخەم.

شیعرو هونـەر درێژبوونـەوەی بوونن، من نامـەوێت لـە رێگـەی بەدواداچوونیان دووبارە حەقیقەت بەرهـەم بێنمـەوە، وەك چۆن نامـەوێت لێیـان دەربـاز بم، بەڵكو دەمـەوێت لـە بەدواداچوونیاندا حەقیقـەتێكی دیكـە بەرجەسـتە بكـەم، درێـژە بـە بڵاوكردنـــەوەی حەقیقـــەتێك بـــدەم، لـــە دەرەوە و لـــە بەرامبـــەر حەقیقـــەتی بەرهەمهاتوو.

***ئـەوە بـە ژانـوژواری ئـەو گوتنـە پێـشینەییەوە بەنـدە"مـن لـە رابـردووەوە هاتووم"؟.**

أبـە جۆرێـك لـە جۆرەكـان. چـونكە نووسـینی شـیعر، یـان نیگـاری رەقیمـی كرانەوەیـەكی نوێیـەو بـەرەو پەیوەندییـەكی نـوێی نێـوان وشـەكان و شتەكانمان دەبات، وەك ئەوەی، وا لە وجود بكات لەگەڵتدا بجوڵێت. رەنگە مەسەلەی بینراو و نەبینراو لێرەدا خـۆی حەشار دابێـت، بە نیسبەت منیش ئەو دوو مەسـەلەیە پەیوەندی بە ناخەوە هەیە، چونكە ئەگەر ئێمە بە سەر رەهەندە شاراوەكانەوە كراوە نەبین، ناتوانین لە سەرەتاكانیان بگـەین. كەواتـە بـۆ بینـینی بینـراو دەبێت بە جۆرێك لە جۆرەكان نـەبینراو ببینین. ئەوەش مەرجێكە لـە پێنـاو كردنـەوەی ئاسۆیەكی نوێی ناوەوە بۆ وجود، كە دەكرێ لە رێگەی دەرچوون لەخۆمان و لە

هـەمان کاتـدا درێژبوونـەوە لەگـەڵ خۆمانـدا پێـی بگـەین. ڕەنگـە ئـەوە ئـەو دنیابینییە بێت کە من لە ڕەقیمە بەدوایدا دەگەڕێم.

***نووسین لـە ڕەقیمـەدا شـوێنێکی بنـەڕەتی داگیر دەکـات، دەشـێ ئـەوە ئاسـۆ سەرەتاییەکان بێت. ئایا وشە لە ڕەقیمەدا شیعر پێکدێنیٚ؟.**

هەنـدێجار قەسـیدەی شـاعیرانی دیکـەن، هەنـدێجاری دی هـەر تـەنها کۆمـەڵێك پارچەو وشەی ڕستەن. بەڵام ئەوەی بەلای من بە گرنگ دەکەوێتـەوە خەتەکەیە. خـەت لـە ڕۆشـنبیریی عەرەبیـدا هـەر تـەنها نووسـین نییـە، بـەڵکو داهێنـانێکی خێرایە. هـەر لـە منداڵیمـەوە فێریـان کـردم کە جوانی خـەت دەلالـەت لـە جوانی نووسین دەکات، بەو مانایەیەش خەت زیاد لە پێویست جوامێرانە دەکەوێتـەوە، هەروەها خەت تەجریدە، تەعبیر لەو شتانە ناکات، کە وشە تەعبیریان لێدەکات، بەڵکو تەعبیر لە هێزی خۆی دەکات، لـەو نـەبینراوەی کە لەخۆیـدا هـەڵیگرتووە، تـەعبیر لـە ڕۆحـی خـۆی دەکـات. مـن وەك شـاعیر لـە خەتـدا درێژبوونەوەیـەکی سروشـتی کارەکـانی خـۆم دیتـەوە. دەتـوانم وەك چـۆن بـە شـیعر، بـە خـەتیش تەعبیر لە توانا گوازراوەکانی ناوەوە بکەم.

***بەڵام خەتی تۆ لە ڕەقیمە جوان نییە، لە نیگارکێشانیشدا ئازایـەتی تیا بەدی ناکرێـت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەژارییـەکی بەرجەسـتەی پێوەیـە، تـۆ بـەدوای چیدا دەگەڕێیت؟.**

بە دوای سادەییدا. وشـەکان دەنووسـم، یـان زۆرجـار وشـەکان لێکدەکەمـەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەو وشـانەی کـە دەیاندەمـە دەسـت، شـێوەیەکی زیـاد لـە پێویـست سەرەتاییانە پێکبهێنن، تاکو نەخوێنرێنەوە.

***ئایا ئەو شتانەی کە هەڵیاندەبژێت لـە ڕەقیمەکانتدا لـە بـەر ئەوەیـە، کە هـیچ بەهاو دەلالەتێکیان نییە؟ سەرەتا لە کوێ دەیانبینییەوە؟.**

ٲدەڕۆم و كۆیان دەكەمەوە، هەندێجار كیسەیەك دێنم پاشماوەی پارچە كانزاو قوماش و پەت و داریان تیا كۆ دەكەمەوە، خەڵك بە سەرسوڕمانێكی زۆرەوە سەیرم دەكەن، وەك ئەوەی شێتێك ببینن. بەڵام من بە بێ ئەوەی حیسابیان بۆ بكەم، بە دوای بەرهەمەكانم دەكەوم، ئەوەش زێتر دووچاری سەرسوڕمانیان دەكات، بەڵام هەموو شتێك بە چاكی بەرێوە دەچێت، بەرهەمهێنانێكی بە چێژی لێدەكەوێتەوە.

***نووسینێكی تێكشكاوە، كۆمەڵێك ماددەی بێكەڵك، یان بێ دەلالەت، ئایا ئەو كارەی تۆ خۆی لە چوارچێوەی تەعبیركردن لە جوانییەكی تێكشكاودا دەبینێتەوە؟.**

ٲبە جۆرێك لە جۆرەكان، چونكە رەقیمە لە راستیدا پێكهاتووە لەو شتانەی كە هیچ دەلالەت و بەهایەكیان نییە، بەڵام بەهۆی ئەوانەوە دەتوانم شتێك دروست بكەم، كە پڕە لە مانا، هەمیشە لە پێناو نووسینی قەسیدەی نوێ دەبێت وشەكان لە ناوەڕۆكە كۆنەكەیان بەتاڵ بكەیتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەكی تازە لە نێوان وشەو شتەكان دابمەزرێنیت، بۆ ئەوەی مانایەكی نوێ بخەیتەوە.

بەڵام لەگەڵ رەقیمەكان تەقریبەن ئەو شتانە پێچەوانە دەكەونەوە، چونكە ئەو رەگەزانەی كە بەكاریان دەهێنی، بۆخۆی لە بنەڕەتدا لە هەموو مانایەك دارووتاوە. من كار لە سەر تێكشكاوەكان دەكەم، بە جۆرێك لە جۆرەكان لەگەڵ نەبوونیدا كار دەكەم. لێرەدا شتێك بە یارمەتی شتێك كە دارووخاوە، دەست پێدەكات. هەتا وشەو پیتەكانیش لە رەقیمەدا تەقریبەن بۆ بەها شاراوەو شیانییەكەیان دەگەڕێنەوە، ئەوەی هەندێجار پەیوەندی بە دەستلێدان و رەنگ و وێنەوە هەیە، نووسین لە رەقیمەدا مێژوو ناگوازێتەوە، لە رەگ و ریشەی مێژوو بەتاڵە، بەتاڵە لە هەموو ئەو رابردووەی، كە چەپێنراوی تیا دەشێوێنرێ، هەموو ئەوەی كە لە رۆشنبیری عەرەبیدا ناگوترێت.

***چۆن كار دەكەیت؟.**

ٲبەبیٚ میتۆد، یاری دەكەم، بەبیٚ ئەوەی ئاراستەم دیار بێت، دەست لە پێكهاتە شێوەییەكان دەدەم، هەتا دەگەمە ئەوەی كە جۆرێك چارەسەری، یان هاوسەنگییەكیان بۆ دەدۆزمەوە، ئا لەوێدا دەوەستم. هەروەها ئەو یارییە بنەڕەتییە لە شیعریشدا وجودی هەیە، چونكە ئێمە ئەگەر كەمێك یاری نەكەین، هەرگیز ناتوانین بە راستی دەست بە نووسینی قەسیدەیەكی نویٚ بكەین. بەلاٚم یاریكردن بە وشە لە دووتوێی پێچەكانییەوە، ترسی خۆی هەیە، ترسی ئەوەی نەبادا دەستكردانە بكەوێتەوە، كە رەنگە لەو حاڵەتەدا وشەكان زیندوویێتی خۆیان لە دەست بدەن و هەر تەنها وەك بەرد بمێننەوە، بۆیە ئەگەرچی دەتوانین شێوەی نویٚ دابهێنین، بەلاٚم ئەو مامەڵەكردنە لەگەڵ وشە زۆر سەخت و دەگمەن دەكەوێتەوە.

***ئایا كاتێك لە رەقیمە بە دوای شێوەیەكدا دەگەڕێیت، هیچ پێشبینیت دەكەیت؟.**

ٲنەخێر. من لە بیركرنەوەیەكی پێشینەوە دەست پێناكەم، چونكە لەو بڕوایەدامە كاتێك لە بیركردنەوەیەكی زۆر ئاشكراوە دەست پێدەكەم ئیتر بە هیچ شتێك ناگەم. ئایا لە دنیایەكدا كە مل بۆ حیساب و پێوانەو سنوور دادەنرێت، شتێك بۆ ئازادی دەمێنێتەوە؟ بە نیسبەت من دەشیٚ توانا لەوەدا بێت كە دیاری ناكرێت. ئەوەی لە حیساب و كیتابدا لە دەست دەچیٚ، ئەوە بۆخۆی بە نیسبەت من بنەڕەتیە، ئەوەیە كە حەز دەكەم كاری لە سەر بكەم. من تەواو دژی ئەو ئەدەبەم كە لە بەرامبەر میدیاو پێداویستییەكانی میدیا، تا پلەی هاوگونجان خۆی خوار دەكاتەوە، دەبێتە بابەتێكی بچووك و سەرەوژێر، كە دەشیٚ وەك ئامرازێكی سادە بەكار بهێنرێت، بەراستی ترسناكە، كە لە شیعرو كاری

هونەری ئەو جۆرە شتە دروست بکرێت! خۆنەدانە دەستی سنوورەکان سەرمایەی ئێمەیە.

*** لە رەقیمەکاندا بە دوای چ شتێك دەگەڕێیت، کە لە شیعر نایدۆزیتەوە؟.**

ڕەنگە بە دوای شێوەیەك لە ئازادی تەواودا بگەڕێم، کە پێموایە ناتوانم لە رێگەی شیعر (ئەویش بە هۆی سانسۆرەوە) بەدەستی بهێنم. من لێرەدا لە سانسۆری سیاسی یان ئایدیۆلۆژی نادوێم، بەڵکو لە سانسۆرێك دەدوێم، کە لە بنەڕەتدا لە نێو رۆشنبیریی عەرەبیدا زیندووە. بڕوانە لە رۆشنبیریی ئێمەدا ئەمڕۆ شیعر چۆن سروش لە ئایین و نیشتیمان و سیاسەت وەردەگرێت. بۆیە دەبینی ئەو شیعرە، وەك شیعر بیٚ بەهایە! بەڵام شیعر وەك سەرکێشی رۆحی تەواو، وەك سەرکێشی فیکری ئازاد، بە هۆی شوێنگەو دەسەڵاتێك، کە قورئان لە دنیای عەرەبیدا خۆی بەخاوەنداری دەزانێت، هەمیشە ونە.

رەقیمەکان فەزایەکیان بۆ کردمەوە، کە سەر بۆ هیچ سانسۆرێك شۆڕ ناکات، فەزایەك کە هەموو سانسۆرەکان رەتدەکاتەوە، چونکە ئەوفەزایە لە هیچ یەکێك لەوان وەرنەگیراوە.

---

ئەو چاوپێکەوتنە لە لایەن (رۆنیۆ ئیگۆ)ەوە سازکراوەو لە گۆڤاری (بۆزارۆ)ی فەرەنسی/ژمارە(201) شوباتی (2001) بلاّو کراوەتەوە.

(محەمەد وائیل ئەسعەد) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

من لە پێگەی (معابر) لە ئینتەرنێتەوە وەرمگرتووە.

**ئەدۆنیس:**

**ئێمە هەمیشە جەستە وەك دنیایەكی كەپتكراوو بەپەراوێز كراو سەیر دەكەین،**

**چۆن دەتوانین قسە لە تازەگەرییەكی هونەری یان شیعری بكەین؟**

**((گفتوگۆیەكی تەلەفزیۆنییە))**

**(بەشی یەكەم)**

**ئەدۆنیس ((د. عەلی ئەحمەد سەعید)) یەكێكە لە شاعیرە دیارەكانی عەرەب لە سەدەی بیستەمدا شیعرەكانی لە نیشتمانی عەرەبییەوە بەرەو ئەوروپا و ولاّتە یەككگرتووەكان هەنگاویان ناوەو بۆتە یەكێك لەو شاعیرە عەرەبانەی كە ناوبانگی زۆری لە دنیادا پەیدا كردووە، لە سالاّنی پەنجاكانی سەدەی بیستەمدا قۆناغی تازەگەری نوێی هێنایە ناوەوە و لەسەر دەستی ئەو قەسیدەی عەرەبی برەوی سەند.ئەدۆنیس لەسالّی (1946) دەچێتە خزمەتی سەربازییەوە، چەندان جاری دیكەش قسەی لەو مەسەلەیە كردووە، پاشان بەهۆی ئینتمای سیاسییەوە، سالّێك بەبیّ مەحكەمە زیندانی دەكرێت، ئینجا بەرەو لوبنان كۆچ دەكات و لەدوای خۆیدا نیشتمانێك جێدەهێلّیّ كە بەهەقیقەت بۆ ئەو وەك گۆڕستانێك دەهاتە بەرچاو، پاشان لەویّ لە (لوبنان) لە دانیشگای (قەدیس یوسف) لێكۆلّینەوە لەبارەی فەلسەفەی ئەلّمانی دەخوێنیّ و دكتۆرای دەولّەتی لە سالّی (1973) بەدەست دەهێنیّ كە پاشان كتێبی بەناوبانگی (ستاتیك و دینامیك)ی لیّ دەكەوێتەوە.**

وەك چۆن ناوی ئەدۆنیس بە قەسیدەی (پەخشان) و قەسیدەی (خەونبینی)وە دەلكێ، بەهەمان شێوەش مندالّی بە قەسیدەیەكەوە بەند بوو، ئەگەر ئەو قەسیدەیە نەبووایە ئەو شاعیرە گەردونییەی لێ نەدەكەوتەوە. رەنگە هەر جوتیارێكی ساكار بووایە و لە گوندەكەی خۆی (قەسابین) زەوی كێلاّبووایە، بەلاّم دوای سەربەخۆیی سوریا سالّی 1944 (شوكری قوەتلی) سەرۆكی سوریا جەولەیەك بۆ سەردانی ناوچەكانی دەورووبەری (قەسابین) دەكات. كاتێك (عەلی ئەحمەد سەعید) بەم جولەیە دەزانێ، بڕیار دەدا قەسیدەیەك بنووسێ بۆ ئەوەی لە بەرامبەر سەرۆكی سوریا بیخوێنێتەوە، بۆیە لە ڕۆژی دیاری كراوی هاتنی (قوەتلی) بۆ شاری (جەبلا)ی دەوروبەری گوندی (قەسابین) ئەدۆنیس گوندەكەی خۆیان جێدەهێلێ و بەپێ ڕێگا دەبڕێ، دوای ماندووبوون و ئازارێكی زۆر بە (جەبلا) دەگات، بەلاّم بە پێلاّوێكی قوڕاوی و قومبازە تەڕەكەیەوە، سەرەڕای ئەوەی كە یەكێك لە پێشەوایانی ناوچەكە بەهۆی دوژمنایەتی لەگەلّ باوكیدا هەولّی زۆریدا بۆ ئەوەی لەو بۆنەیە دەری بكات، بەلاّم سەركەوتن بەدەست دەهێنێ و قەسیدەكەی دەگاتە دەست سەرۆك، ئەویش زۆر پێی سەرسام دەبێ و پاشان بانگی دەكات و لە هەوالّ و داواكاری و ئاواتەكانی دەپرسێ، ئەویش پێی دەلّێت دەمەوێ فێر بم، سەرۆك پەیامی جێبەجێكردنی ئاوات و داواكانی پێدەدا، وەك چۆن خۆی لە خەیالّیدا دروستی كردبوو. قەسیدەیەك هەموو ڕێچكەكانی ژیانی دەگۆڕێ و وای لێدەكات زەمەن لای ئەو زەمەنی داهاتووبێت، بۆیە لێرەوە بێ سەرەتا پرسیارەكانمان دەخەینە ڕوو:

***زەمەن بەلای تۆ داهاتووە؟**

چونكە مرۆڤ پرۆژەیە، بوونەوەرێكە لە گەیشتنی بەردەوامدایە، هەمیشە دەگۆڕێ، مرۆڤ هەر تەنیا مەوجودێك نییە لە ڕابردوودا، بەڵكو لەگەڵ ئەوەش مەوجودێكە لە داهاتوودا، پرۆژەیەكە خودی خۆی و ئاواتەكانی بوونیاد دەنێ.

***واتە ئەوەیە كە دەگات؟**

بەو مانایە ئەوەیە كە دەگات، بەو مانایەش زەمەن زەمەنی قوڵاییە، زەمەنی وجودی بەشەری زەمەنی خەڵقكردن و زەمەنی گۆڕان و زەمەنی داهاتووە.

***ئەی ڕابردوو؟**

مانای ڕابردوو بەشێكی ئۆرگانییە لە داهاتوو، ناتوانین داوای چاكبوونی داهاتوو بكەین تەنها لەڕێگەی پڕشنگەكانی ڕابردووەوە نەبێ، بەڵام ڕابردوو بەتایبەتی لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا زۆر جیاوازە، چونكە هەتا ململانێكانی ئێستاشمان بەمانایەك لە ماناكان هەوڵدانێكە بۆ بە موڵكردنی ڕابردوو.

***یاخود ڕابردوو ببێتە خاوەنی ئێمە...**

واتە بەردەوام دەكەوینە ژێر بەهاو ماناكانی ڕابردوو، یان ئەوەی كە بە كەلەپور ناوی دەبەین.

ڕابردوو هەمیشە پێویستە لەبەر ڕۆشنایی داهاتوو بخوێنرێتەوە، بەڵام لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا هەمیشە داهاتوو لەچاوی ڕابردودا دەخوێندرێتەوە. هەر مرۆڤێك خاوەن پرۆژەیەكی حەقیقی بێ، بە پێچەوانەوە كار دەكات، ڕابردوو لەبەر ڕۆشنایی ئێستاو داهاتوو دەخوێنێتەوە.

***باست لە شوناس و كەلەپور كرد و گوتت كۆمەڵێك شت لە شوناس و كەلەپوردا هەیە لای عەرەب ڕۆشنایی نەخراوەتە سەر، لایەكی تاریكی زۆری تیایە...**

من لەو بڕوایەدام ئەو ناكۆكییانەی لەسەر ڕابردوو لە كۆمەڵگەی عەرەبیدا هەیە، ڕابردوو و داهاتوومان لەبیر دەباتەوە و زێتریش.......ئێمە مێژووی

سیاسی و ئایینیمان لە مێژووی ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتی زێترە، واتە مێژووی یەکەم، مێژوویەکی دیار و ڕاستەوخۆیە و تەدوینکردنی ئاسانە، بەلاّم مێژووی کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیریمان لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێهاتووە کە زۆرجار دەگاتە پلەیەك لە نێودژی (تناقص)، بۆیە مێژوویەکی ئاڵۆزە، نامەوێت دراسەی بکەین.

***نامانەوێت، یان ناتوانین؟**

نامانەوێت، من لە کتێبی (ستاتیك و دینامیك) هەوڵمدا ئاماژە بەو مێژووە کەپتکراو و بە پەراوێز کراوە بدەم، چونکە وەك گوتم مێژووی ناوبراو مێژووی فرەیی و جیاوازییە، نیشتمانی جیاوازی و پێکەوە ژیانە، هاوژیانی فیکرەکان و گروهەکانە، ئەوەش کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەوێت، کە هاولاّتیان تیایدا لە ماف یەکسان بن، وەك چۆن لە ئەرکەکانیاندا یەکسان بن، ئەوەش بۆخۆی چەمکەکانی تاك و تاکێتی دەخاتە لەرزەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوە هۆیەکە لە هۆیەکانی بە پەراوێز کردن و کەپتکردنی ئەو مێژووە، لەگەڵ ئەوەی کتێبی مێژووییمان هەیە، بەلاّم کەس ئەو مێژووەی نەنووسیوەتەوە.

***بەر لەوەی قسە لەو شاعیرانە بکەین، کە کەوتوویتە ژێر کاریگەرییانەوە، لێرە کەسایەتی (ئەنتۆن سەعادە) هەیە کە تۆ وەك ساحیرێك باسی دەکەیت، ئایا تا چەند کاری لەتۆکردووە؟**

(ئەنتۆن سەعادە) بەلای کەمی دوو فیکرەی سەرەکی هێنا ناوەوە، جگە لە فیکرەی کۆمەڵگەی مەدەنی و لێکجیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت، کە خودی ئەو فیکرەیە گرنگە، چونکە کۆمەڵگەی عەرەبی هەرێمێکە پڕە لە کەمایەتییەکان و گەل و ڕەگەزی جیاواز، ئێمە وەك گەل دەکەوینە نێو ئەنتۆلۆژی مێژووییەوە، هەموومان، عەرەب، ئاشوری، کلدان، مەسیحی..... هتد یەك تێکەڵەین، یەك گەلین هاولاّتی یەك دەوڵەتین.

كەواتە هەر بەو بۆنەیەوە ئێمە هەر تەنها رابردوومان پێویستی بە دووبارە خوێندنەوە نییە، بەڵكو ئێستاشمان پێویستی بە دووبارە خوێندنەوە هەیە. دووەم لێرەدا كۆمەڵێك پروپاگەندە و بیركردنەوەو تاوانباركردن هەیە كە لە ململانێی ئایدۆلۆژییەوە هەڵقووڵاوە، هەروەك سەدەكانی رابردوو. ئەوە فیكرەی یەكەم و سەرەكی بوو، فیكرەی دووەمیش ئەدەبی و هونەرییە، ئەدەبی گەورە ئەدەبێكە كە لەپێش كۆمەڵدایە، نەك لەدواوە، ئەدەبی گەورە روناكی بەخشە، كەشف دەكرێ و بەدوای نادیاردا دەگەڕێت، واقیع بەرهەمی نەهێناوە، ئەوە فیكرەی سەرەكی و هونەری بوو، كە من لە ژیانی رۆشنبیریی خۆم سودم لێ وەرگرتووە، بۆیە هەست دەكەم كاریگەرییەكی گەورەی لە بیركردنەوەی مندا هەیە.

***لەسەرەتادا (بەدەوی ئەلجەبەل) و (سەعید عەقل) كاریگەرییان بەسەر تۆوە هەبوو؟**

سەرەتا من بە زمانی شیعری (سەعید عەقل) و بەو كۆرستەی كە تەواوی شیعری عەرەبی لەخۆگرتبوو لای (بەدەوی ئەلجەبەل) سەرسام بووم، كە شیعرێكی (بەدەوی ئەلجەبەل) دەخوێنێتەوە، وەك ئەوە وایە كە شیعری عەرەبی لەسەرەتا تا ئێستا بخوێنێتەوە، لەنێو زمانێكی كەسی و حەساسیەتێكی تایبەتیدا تواوەتەوە.

***پاشان راستەوخۆ بریارتدا ببیتە شاعیرێكی هاوچەرخ و جیاواز لەو شاعیرانە؟**

وەك بڕیار، بڕیار نادرێت، بەڵكو من هەر لەسەرەتاوە جیاواز بووم، لەخەڵك و خوێش و گوندەكەم و ئەو گەنجانەی كە پێكەوە دەژیاین، هەروەها ئەوە لە قوتابخانەش لەگەڵمدا بوو، هەر لەسەرەتاوە خۆم لە دەرەوەی كۆمەڵ دەبینییەوە، هەرچەندە لەگەڵیاندا دەڕۆیشتم... بەڵام تێكەڵیان نەدەبووم.

***لێرە تێڕوانینێکی ستوونیت بەرامبەر بە کۆمەڵ هەبووە؟**

ئەگەر بشێ ئاسۆیی نەبوو.

***گۆڕینی ناو لە (عەلی ئەحمەد سەعید) بۆ (ئەدۆنیس) ئایا یارمەتی دایت بۆ بەناوبانگ بوونت؟**

ئەوە چیرۆکی خۆی هەیە، بۆنموونە من هەرچەندە بەناوی خۆم (عەلی ئەحمەد سەعید) دەقەکانم بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنارد، هیچ یەکێك شتێکی بۆ بلاو نەدەکردمەوە، ئەو کات زۆر دڵگران بووم و خەمم دەخوارد. شەوێك دوای خوێندنەوەی وانەکانی قوتابخانەم، گۆڤارێکم بینی کە چیرۆکی (ئەدۆنیس) ی تیا بوو، شەو خوێندمەوە و پاشان قەسیدەیەکم نووسی و بەناوی (ئەدۆنیس) واژۆم کرد، قەسیدەکەم لەبارەی (1948) فەلەستین بوو، ڕۆژنامەیەك لە لاپەرەی یەکەمیدا بلاوی کردەوە و لە ژێرەوە نووسیبووی داوا لە (ئەدۆنیس) دەکەین، سەر لە نووسینگەی ڕۆژنامەکەمان بدات. چووم، بەلام هەتا ئەو کاتیش منالێکی جوتیار بووم،. هەر یەکێك منی دیبایە، نەیدەگوت ئەو شیعرە ئەو نووسیویەتی. چوومە نووسینگەو گوتم من (ئەدۆنیس)م، کەسی یەکەم کە پێشوازی لێکردم بڕوای نەکرد، پاشان چوو بۆلای سەرنووسەر و، بەمجۆرە ئەوکات ناوی (ئەدۆنیس) بەسەرمدا زاڵ بوو.....

**مانا قەسیدە دیاری ناکات، مانا دەبێ کەشف بکرێت**

***گۆڤاری شیعر یەکێك لە ئامانجەکانی گۆڕینی مانا بوو؟**

ئەوە بە شێوە هونەرییە ڕوتەکەی، لە ڕۆشنبیریی باوی شیعری عەرەبیدا مانا لە پێشدا هەیە، شاعیر بیری لە مانا دەکردەوە، یان لە ڕێگەی خوێندنەوەوە وەریدەگرت، یان لە دابوونەریتەکانی پێشوو، یان لە مێشکی خۆی دروستی دەکرد، ئینجا قەسیدەکەی بەپێی ئەو مانایە دەنووسی، واتە لە شیعری

عەرەبیدا مانا یەكەم بوو. گۆڤاری شیعر بۆ ئەومەسەلەیە شوێنی گەلاڵە كردن بوو، بەمجۆرە مانای كردە ئەوەی كە دێ، واتە مانا دەبێ كەشف بكرێ، چونكە مانا قەسیدە دیاری ناكات، ئەگەر مانا قەسیدە دیاری بكات واتە عەقڵیانە نووسراوە.....

*واتە زێتر خودی بێ؟

ئەبێ خودی بێ، واتە مانا لە پێشدا نییە، بەڵكو پاشان دێ، كەشف دەكرێ. لەو ئاستەدا دەق دەبێتە قابیلی خوێندنەوەی جۆراو جۆر، بۆ نموونە : الرائی قبل الشجاعه شجعاناّ

یەكەم شوێنی دووەم دەگرێتەوە، مانا لەو بەیتە شیعرەی شاعیری گەورە (موتەنەبی) مانای پێشووە، موتەنەبی بە شێوەیەكی شیعری داڕشتووە. لەبارەی مانای دواتر ئەوەی كە دێ، بۆنموونە ئەگەر هەر موتەنەبی وەرگرین دەڵێت:

وشكيتي فقد السقام لانه
قد كان لما كان لي اعضاءْ
شيم الليالي ان تشك ناقتي
صدري بها افضى ام البيداء؟

ئەوە پێویستی بە لێووردبوونەوەو دەرهێنانی مانا هەیە، مانا لێرەدا پێش شیعر ناكەوێت، وەك ئەبوو تەمام دەڵێت:

مطر يذوب الصحو منة و بعده
صحو يكاد من النظارة مطر

ئەوە پێویستی بە دەرهێنان هەیە، پێویستی بە خوێندنەوەی ورد هەیە، بۆئەوەی مانای لێ دەربهێنی، ئەگەر تۆ ئەو بەیتە بخوێنیتەوە دەتوانی مانای جیاوازی لێ دەربهێنی.

***تۆ(موتەنەبی) و (ئەبوو تەمام)ت بیر خستینەوە، ئەوان ئیبداعیان لە نووسینی قەسیدەدا كردووە؟**

ﮐداهێنان لە بەردەوامیدایە، كەلەپوری ئەو شاعیرە گەورانەیە، دەبێ شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە درێژە بە جوانییەكان بدات. بۆ ئەوەی تازەگەر بین، دەبێ بە شێوەیەكی ورد و بەرفراوان مەعریفەمان لەبارەی رابردوو و ئیبداعەوە هەبێ، من ئەمڕۆ وەك شاعیرێك ئەگەر موتەنەبیم خۆش بووێ، نابێ وەك ئەو بنووسم، بەڵكو بە شێوەیەكی جیاواز دەنووسم، تاكو زمانی شیعری عەرەبی دەوڵەمەند بكەم، بێ ئەوەی خۆمان لە رابردوو دابڕین، بەپێچەوانەوە ئێمە بەرابردووەوە دەلكێین.

***هەوڵی گۆرینی مانا لە گۆڤاری شیعر، جۆرێكە لە نزیك بوونەوە، یان هەوڵێكە بۆ گۆڕینی ماناكانی دیكە لە كەلەپوری عەرەبیدا؟**

ﮐهەنگاوی یەكەممان ئەوە بوو، كە خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ شیعری عەرەبی دامەزرێنین، چونكە شیعری عەرەبی هەتا ئەمڕۆش بەپێی رۆشنبیری باو خوێندراوەتەوە، وایان لە شیعری عەرەبی كردووە وەزیفەدار بێ، جا (غەزەل بێ، یان شتایش، یان هەجوو) هەر تەنها وەسیلەیە بۆ ئەو بابەتانە، شیعر خۆی وزەیەكی داهێنراوە، كەشفكردنی دنیا و بوونیاد نانی دنیایە بەڕێگەی تایبەت، ناشێ كار فرمایەك بخەینە ئەستۆی شیعر بۆیە ئێمە بەرەنگاری ئەو مەسەلەیە بووینەوە و هەموو ئایدۆلۆژیەكانیش بەرەنگاری ئێمە بوونەوە، چونكە ئایدۆلۆژیا هونەر تەنها وەك وەزیفە تەماشا دەكات، بەڵام شیعر تەنها هۆیە، ئێمە بەهای سەرەكیمان بە شیعر بەخشی، بۆ ئەوەی كەشفی حەقیقەت بكات....

من تەسەور ناكەم ئەوانەی كە قورئانیان لە مزگەوت وشوێنانی دیكە خەتم كردووە زمانی عەرەبی بە باشی بزانن.

***ئایا قەسیدەی شەفەوی و قەسیدەی خەونبینی بە یەكێك لەو هۆیانە دەژمێردرێت كە تۆی لە گۆڤاری شیعر دابڕی؟**

ٲبڕواناكەم ئەوە یەكێك بی لە هۆیەكان، من هەستمكرد كە گۆڤاری شیعر بەخشش و حەقیقەتەكانی تەواو بووە، بۆیە دەبایە رەهەندێكی دیكە، رەهەندێكی نویٚ بە بزوتنەوەی گۆڤاری شیعر ببەخشم، ئەوەش بە نیسبەت من كرانەوەی زێتر و زێتری كەلەپوری عەرەبی و زمانی عەرەبی بوو، خودی ئەو مەسەلەیە جیاوازی نێوان من و ئەوانی دیكە بوو لە گۆڤاری شیعردا، دواجار ئەزموون سەپاندی كەمن لەسەر حەق بووم، بەلاٚم بەداخەوە سەرەتا ئەوان لەو پێشنیارەی من دووركەوتنەوە، بەلاٚم پاشان لەرێی ئەزموونەوە قەناعەتیان هێنا.

***ئایا تۆ لەو قۆناغەدا ویستت قەسیدەیەك لەسەر مەعریفە و فیكر دابمەزرێنی؟**

ٲمن كە گۆڤاری شیعرم جێهێشت گۆڤاری (موافق)م دامەزراند، تاكو رەهەندێكی دیكەی بە قەسیدە ببەخشم، رەهەندێك جیاواز بیٚ و جیابیٚ لە مەسەلە هونەرییەكان.

بەو وەسفە قەسیدە مەعریفەیەكە كەشف دەكریٚ، تۆڕێكە هەموو زانیاریەكانی لەخۆ گرتووە، بەمجۆرە لە ناونانی قەسیدە بوونەوە، بەنووسین ناوزەدمان كرد، نووسین شوێنی قەسیدەی پەخشانی گرتەوە.

***ئایا تۆ هەستت بەوەكرد كە زمانی عەرەبی لە مەترسی دایە؟**

ٲئێستا لە مەترسی دایە، ترسی توندی لەسەرە، ئەوەش لەلایەك پەیوەندی بە بارودۆخی ئابووری عەرەبییەوە هەیە، واتە پەیوەندی كۆمەڵگەی عەرەبی لەگەڵ كۆمەڵگەكانی دیكە، لەو حاڵەدا عەرەب پێویستی بە زمانێكی بێگانە هەیە، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، هەرچەندە من دژی ئەوە نیم، بەلاٚم ناشیٚ ئەوە لەسەر حیسابی زمانی عەرەبی بیٚ، چونكە گەلی زیندوو خاوەنی ئاواتی

زیندووە. ئێستا هەست بە مەترسییێکی گەورە لەسەر زمانی عەرەبی دەکرێت، سەرەڕای ئەو پیرانەی کە لە مزگەوت و شوێنەکانی دیکە قورئانیان خەتم کردووە، کەچی زمانی عەرەبی نازانن، ئەمڕۆ قوتابی دانیشگا هەیە ئەگەرچی دەرچووی بەشی ئادابە و زمانی عەرەبی تەواو کردووە، بە قلەی باش دەرچووە، بەڵام نازانیٚ قەسیدەیەك بخوێنێتەوە، چونکە من ئاگاداری بارودۆخی دانیشگام، کەواتە زمانی عەرەبی ئێستا لە ناو رۆڵەکانی خۆی لە ترسێکی گەورەدایە نەك لەدەرەوە.

***ئایا سەیر نییە کاتێك کە (دیوانی شیعری عەرەبی)ت دەرکرد، ئەودەم بەدژی هاوچەرخیەتی تاوانبار دەکرایت و ئێستاش بە نەیاری تازەگەری تاوانبار دەکرێیت؟**

أمن لەو کەسانەم، کە لە جیهانێکی پڕ لە تۆمەتدا دەژیم، جیهانێکی پڕ لە پروپاگەندە، بێگومان من لەوە تێدەگەم، بەڵام هەندیٚ جار دوژمنایەتی بچووکە و تۆمەتەکانیش لەسەر درۆ دامەزراون با نموونەیەکت بۆ باسبکەم لە تازەترین درۆی هەڵبەستراوە دژی من ئەویش ئەوەیە گوایە سەردانی مۆزەخانەی (شاریقە)م کردووە و لە لایەن کەسێکەوە دەستنووسێکی قورئانم پیٚ دراوە و منیش فریێم داوەتە سەر زەوی، لە کاتێکدا من هەرگیز ئەو شوێنەم نەدیوە، سەیرە کە درۆ دەگاتە چ ئاستێك، ئەوە کاری دوژمنانەی بچووکن.

***(فرانسیسکۆ گابیرلا) خۆرهەڵاتناسێکی ئیتالییەو دەڵێت: شیعری نوێی عەرەبی سەرەڕای ئەوەی لە فۆرم و ئیلهامدا نویٚ باوە، سەرەڕای جیدیەتی بەبەراورد کردن بە شێوەی کۆن، بەڵام ئەگەرچی رەنگە سەرەتا کاریگەرییەکەی پۆزەتیڤانە بکەوێتەوە، کەچی دواجار دوای پشکنینێکی قولٚ بە خێرایی دەرکەوێت تەنها تەقلیدێکە کە لە شیعرییەتی شەفەوی هەڵقوڵاوەو بۆ لایەنی نەرمی شیعرییەتی عەرەبی دەگەڕێتەوە.**

هەرچۆنێ بێت پێویستە ڕێزی بیروڕا بگرین، بەڵام لەو بڕوایەدام كە بە هەڵەدا چووە، كەوتووەتە هەڵەیەكی گەورەوە ، من لەو بڕوایەدام، تازەگەری لە كۆن كەمتر نییە، كۆن بۆخۆی گەورەیە، پێویستی بەوە نییە بەرگری لێ بكرێ شیعری كۆن یەكێكە لە تەعبیرە گەورەكانی شیعری جیهانی.

**تەقینەوەی زمان وێرانكردنی زمان نییە**

***مەبەستت لە تەقینەوەی زمان بە گشتی چ لە شیعر یان لە نووسیندا چییە؟**

تەقینەوەی زمان واتای ڕەتكرنەوەی دەستەواژەكان ناگەیەنێت، یان داهێنانی دەستەواژەكان، تەقینەوەی زمان واتە دروستكردنی پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەو وشە وشەو شتەكان، هەروەها وشەو خوێنەر. تەقینەوەی زمان واتە نەخشەكێشان لەلایەك و دروستكردنی پەیوەندی نوێ لەلایەكی دیكەوە، بۆنموونە شاعیرێكی (میسر)ی كە ناوی (الشریف العقیل)ە لەو قەسیدەیەی كە لە چاوەڕوانی خۆشەویستەكەیدایە و ئارەزووی دیتنی دەكات، ئەو بەیتە لە قەسیدەیەكی درێژدا سەیركە، كە دەڵێت:

صاقت على نواحيها فما قدرت

على اناخة فى ساحاتها القبل

بەرلەوەی بڵێ چاوەكانی جوانە و ماچیان دەكەم، لە دووتوێی سەیركردندا دنیایەكی دیكە دادەمەزرێنێ، ئەوە بۆخۆی مەبەستی تەقینەوەی زمان دیاری دەكات، كەواتە تەقینەوەی زمان وێرانكردنی زمان نییە.

ئەگەر شاعیر خاوەنی ئەزمونێكی حەقیقی بێ، دەبێ ڕێگایەكی نوێی بۆ تەعبیركردن هەبێت، ڕێگای نوێی دەربڕین دەلالەت لە ئەزمونی نوێی شاعیر دەكات، ئەمڕۆ شیعری زۆربەی شاعیرانی عەرەب، ئەو شیعرەیە كە تەقلیدیەت دەینووسێتەوە، نەك خاوەنەكەی....

***لە ئاستی شیعری عەرەبی ئەو تەقینەوانە لەسەر حیسابی چێژی جەماوەر نییە؟**

ـشیعر پێویستی بە خوێنەر هەیە، ناکەوێتە ناو جەماوەرێکی گشتی و نادیار، بەومانایەش جەماوەر گشتییە و هەمیشە شیعرێکی دەوێ کە لەسەر ڕۆشنبیریی گشتی باو وەستابێ، ناچێتە ناو ئەزموونە کەسیی و تایبەتیەکانەوە، ڕاستە ئێمە لە کۆمەڵێك شتدا یەکدەگرینەوە، بەڵام هیچ یەکێك لە ئێمە وەك ئەوی دیکە خەون نابینێ، خەونەکانمان لێك جیان، هیچ یەکێك لە ئێمە ئارەزووەکانی وەکو ئەوی دیکە نییە، هەریەکەمان دنیای شیعری لە یەکتر جیاوازمان هەیە، کەواتە دنیای شیعری کە لەلای هەریەکێك بە جیا دەکەوێتەوە، چۆن بەرامبەر جەماوەرێکی ناکۆکی ڕۆشنبیریی کە هەڵگری ڕۆشنبیریی جیاواز و تەقالیدی جیاواز و پەروەردەی جیاوازن دەدوێت.

***ئایا هەست ناکەیت (نزار قەبانی) شاعیرێکە ناوبانگی زێتری لە نێو خەڵکدا هەیە، بە تێکشکانی دیواری نێوان شیعر و شاعیر هەڵساوە، بەڵام ئەدۆنیس سەقفی تێگەیشتنی بەرز ڕاگرتووە...؟**

ـنزار قەبانی شاعیرێکی گەورەیە من ڕێزم بۆی هەیە، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە جەماوەری نزار قەبانی، پەردەی شاعیرێتی شیعری ئەو بن، واتە جەماوەر کە بایەخ بە نزار قەبانی دەدا، لەسەر نهێنی جوانکاری شیعری ئەو ناوەستن، بەڵکو دەیانەوێ بزانن کە لەسەرفلان سیاسی چی گوتووە و لە بارەی ئافرەت چی دەڵێ، نزار قەبانی تەنیا لەبەر بابەتەکای دەخوێندرێتەوە، نەك لەبەر جوانکاری شیعری، بەڵام جەماوەری حەقیقی ئەو جەماوەرەیە کە شاعیر لەبەر جوانکاری شیعری دەخوێنێتەوە، بۆ کەشفکردنی شیعری، شارەزابوون لە گۆڕەپانی

ئیبداعی هونەری، نەك بۆ ئەوەی بزانن چی لەبارەی ئەو سیاسییەوە گوتراوە، یان چی لەبارەی ئافرەتەوە دەگوترێت.

***لەبەر هەندێ تۆ بەشای شەیدابوونی دادەنێیت، ئەگەر شیعر شانشین بووایە بەشایی ئەو شانشینەت دادەنا؟**

مـن گـوتم ڕێـزی دەگـرم و گەورەیـە، بـەلاّم گـوتم جەماوەرەکـەی پەردەیـە هـەتا ئێستا (نزار قەبانی) دراسـەیەکی قوڵی لەسـەر نەنووسـراوە، واتـە لەسـەر مانـای شیعری، نەك لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەسەریان دەنووسێ.

***ئـەو تازەگەرییـەی کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـەیت، ئێستا جۆرێکـە لـە تـەکلیف، جۆرێکە لە دروستکردن، ئەگەر شاعیرێك بیەوێ بە تازەگـەری تاوانبـار بکـرێ، لەســەری پێویــستە بــۆ میتافیزیکــا بگەڕێتــەوە، نــاوی خواکــانی گریکــی و پۆلێنکارییـەکان بەکار بهێنـێ، ئەفسانە و خورافـات،.... هـەتا (ئـەدۆنیس)یـش وەك باوکی ڕەمزی تازەگەری ڕەتدەکاتەوە.؟**

ئێمە لە قۆناغێکداین کە شیعری زۆری تیا دەنووسرێت، قۆنـاغێکی بـەرفراوان هەیە لە ئاسانکاری، کە لەسەر ڕۆشنبیرییەکی ئیستهلاکی دەژی. خەڵکی هەموو هونەرمەنـد و گـۆرانی بێـژ و شـاعیر و.... ئـەو دیاردەیـە لـە هـەموو کۆمەڵگەکانـدا هەیـە، بـەلاّم ئێمـە ئـەو مەسـەلەیە زۆر خـراپ تەفسیر دەکـەین، کـاتێ شـاعیرێك و دووان و سـیان و چـوار دەخوێنینـەوە، نـابێ لـەوێوە حـوکم لەسـەر ئـەزموونێکی گەورەی وەك تازەگەری بدەین، ئێمە لە میانی ئەوانەوە حوکم بەسـەر تازەگەریـدا دەدەین، دەبێت دەرفەت بدەین، تازەگەری شیعری پێویستی بە (50) ساڵ کەمتر نییـە، ئەوسـاش هـەر لـە بەراییدایـە، پێویـستە دەرفـەت بـدەین، پێویـستە حـوکم لەسەر ئەزموونێکی دیاریکراو بدەین، نەك ئەوانەی لاسایی دەکەنـەوە، بەگـشتی ئێمە لە حکووم کردندا پەلە دەکـەین، دەرفـەت بـە زەمـەن و ئـەزموون نـادەین وەك

چۆن مێـژووی گـەلان پێویـستی بـە نـەوە هەیـە، ئـەزموونێکی وەك تازەگـەریش پێویستی بە نەوەی جۆراو جۆر هەیە، ئەزموونێکی وەك تازەگەری پێویـستی بـە زۆرشـت هەیـە تـاکو کاریگـەری تـاکو کاریگـەری دەربکـەوێت، هـەموو شـتێ دژی ئەو تازەگەریە دەبێتەوە، نـابێ بـە پەلـە حـوکی لەسـەر بدەین هـەتا جێگـیر نـەبێ، واتە دوای ئەوەی دەچێتە یو بوونیـادی ڕۆشـنبیریی عـەرەبی و دەبێتـە بنـەڕەتێك بۆ قوتابخانە و دانیشگا و دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان و داب و نەریت.

*بەراشکاوی لە ئۆقیانووسەکانەوە تا کەنداو شیعر چۆن دەبینی.؟

ٱبێگومان قورسە، لەو حکومدانە گشتییانە زۆر دوو دڵم، بـەلاّم بـە پـشت بەسـتن بـە شـارەزایم و زانیـاریم لـە بـارەی شـیعری عـەرەبی ئێـستا، هەمیـشە دەڵـێم و دووبـارەی دەکەمـەوە کـە شـیعری نـوێی عـەرەبی وەك بەرهـەم هیـچی لـە شـیعری جیهانی کەمتر نییە.

*ئایا مەسەلەی کەنار و (پەراوێز) سێنتەر کۆتایی نەهاتووە؟

ٱکۆتـایی هـاتووە، زۆرجـار گوتوومـە ئـەوەی کـە سـێنتەر بـوو ئێـستا پـەراوێزە، ئەوەی پەراوێز بوو نەختە نەختە شوێنی سێنتەری گرتەوە.

بەنیسبەت من ئەگەر ڕۆح هەبێت لە جەستەوە دەس پێدەکات

*تارادەیەك رەنگە تازەگەری شیعری عەرەبی بە تازەگەری شیعری خۆرئاوایی بگات، بـەلاّم هـەتا ئێستا نـاتوانین لـە بارەی شـتێك قسە بکـەین کـە پێـی دەڵێن تازەگەری فیکری؟

ٱئەوە پرسیارێکی گرنگە، کرۆکی گرفتەکەیە، سـەپاندنی تازەگـەری گرفتێکـە وا لە تازەگەری شیعری دەکات کـەم و کـوڕی تـێ بکـەوێت، شـیعری نـوێ پێویـستی بـە ڕۆشـنبیرییەکی نـوێ هەیـە، بـەلاّم نـاتوانین بـە ڕۆشـنبیریی عـەرەبی بڵـێین ڕۆشنبیریی نوێ گەرچی بیریار و فەیلەسوفیشمان هەیـە، بەلاّم فیکـری عـەرەبی،

ڕۆشنبیریی عەرەبی خاوەنی بنەڕەتی خۆیەتی، بنەڕەتێك كە هیچ كەس ناوێریٚ پرسیاری لەبارەوە بكات، بەگشتی ئەو بنەڕەتە سیاسی و ئایینیانە، هەتا ئێستا وەلانراوە، هەموو بیریارەكانیش بە پەراوێزی دەكەن و دێن ئیشكالیاتی دیكە دەخەنە ڕوو، هەوڵی خستنە رووی ئیشكالیەتی دیكە دەدەن، كە لە رۆشنبیریی خۆرئاواییەوە وەرگیراون، یان تەنیا مەسەلە سیاسی و ئایینییەكان دەخەنە ڕوو، ئەوەش دەلالەت لەوە دەكات كە تاكو ئێستاش ئێمە جورئەتی ئەوەمان نییە هیچ پرسیارێك لەو بنەڕەتانە بكەین.

*لێرەوە دەتوانین ئەو پرسیارە بكەین، ئایا تازەگەری پارچە پارچە دەكریٚ؟

نەخێر پارچە پارچە ناكریٚ، بەڵام تازەگەری شیعری نەبۆتە شوێنی پرسیاركردن، چونكە ئەگەر شاعیر نەتوانیٚ پرسیار لە جەستەی ڕۆشنبیریی (نەك جەستەی شەهوەتەكان) خۆی بكات، ئەگەر شاعیر نەتوانیٚ تەماشای خودی خۆی وەك قەوارەیەكی تەواو جەستەیی یان فیكری بكات، ناتوانیٚ تازەگەر بێت.

ئێمە هەتا ئەگەر نوێش بین، بەڵام دنیایەكی تەواو هەیە بەشێوەیەكی شیعریش جورئەت ناكەین بچینە ناویەوە، ئەویش دنیای جەستەیە، هەمیشە جەستە وەك دنیایەكی كەپتكراوو بە پەراوێزكراو سەیر دەكەین، چۆن دەتوانین قسە لە تازەگەری هونەری، یان شیعری بكەین، بە نیسبەت من ئەگەر ڕۆح هەبێت لە جەستەوە دەست پێدەكات.

*بۆچی بیر لە جەستە بكەینەوە، یا بیر لە عەقڵ بكەینەوە، عەقڵیش ئەساسە....؟

هەروەها عەقڵ، بۆچی مەسەلە عەقڵیەكانمان هیچ گۆڕانێكیان بەسەردا نەهاتووە، پێشینانمان ئازاتر بوون، ئەگەر بڕوامان بە رابردوو هەیە (وەك چۆن

هەمیشە لە ڕۆژنامە و رادیۆکاندا دووبارەی دەکەینەوە)، باشە کەلەپوری ئێمە پڕە لە ئازایەتی جۆراوجۆر، پڕە لە کۆشش کردن و لێتوێژینەوە، بۆچی بەلای کەمی ناتوانین تەقلیدی پێشینانمان بکەینەوە.

***(موحەمەد موشتەهی شەبستەری) بیریاری ئێرانی دەڵێ: ئەگەر لە خۆرئاوا قسە لە کۆتایی مێژوو بکەین، دەبێ لای عەرەب قسە لە کۆتایی فیکر بکەین، کێ ئەو فیکرەی بە کۆتایی گەیاند؟**

ئەو پەیمانەی کە دەکەوێتە نێوان ئەوەی کەپێی دەگوترێت سیاسەت و ئەو تەفسیرە باوەی کە بۆ ئایین دەکرێ، تەفسیری ئایینی باو مومارەیسەی سیاسی باو پەیمانێکیان لە نیواندایە، یان یەك جومگەن، ئەو جومگەیە بە بڕوای من ئەساسی هەموو ئەو شتانەیە کە ئازادی سەردەبڕێ، نایەڵێت بوونیادێکی فیکری و عەقڵی دامەزرێنین.

***ئەگەر ئەو پەیمانەی کە دەکەوێتە نێوان سیاسەت و ئایین و شەریعەت و عەقڵ لە غیابی فیکردا بێ، بە شێوەیەکی لۆژیکی واتە ئێمە پێنج سەدەیە لە وێرانەییدا دەژین کە هۆکەی بۆ ئایین دەگەڕێتەوە؟**

ئایین هۆی سەرەکی بووە، ناشێ مێژووی گەورە و دوورو درێژی عەرەب لە یەك هۆدا کورت بکەینەوە، بەلاّم من لەو بڕوایەدام کە یەکێك لە هۆیە سەرەکیەکان بێ، ئەو هۆیە وا لەکاری فیکری دەکات کە نەبیتە شوێنی لێتوێژینەوە و پرسیار کردن، بەڵکو وای لێ دەکات بە تاوان هەڵسێ و واتە بیریار وەك تاوانبار کار دەکات، ئەوە شتێکە تەنها لە چەرخی ناوەڕاستدا نەبێ وجودی نییە، بەلاّم هەتا ئێستاش لەلای ئێمە جێگیرە. من لەو بڕوایەدام کە سانسۆر بەشێکی ئۆرگانی ڕۆشنبیریی عەرەبییە، هەرچۆنێ بێ مەحاڵە بتوانین وەلای بنێین، چونکە بنیادی ئەساسی ڕۆشنبیری عەرەبی بوونیادێکی سانسۆر

**ئـامێزە، فـرەی تیـا بـەدی نـاكریێ، بـەڵكو هەمیـشە لەسـەر تـاك و تـاك گـەرایی وەستاوە.**

***كەوابوو لەنێو هەموو كۆمەڵگەیەكدا لە نێوان ئایین و سیاسەت هاوپەیمانێتی هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی عەقڵ و ئیبداع؟**

**ئەوە لە چاخەكانی ناوەڕاستی ئەوروپا هەبووە.**

***ئایا نـاكرێ خـەون بـە رێكـەوتنی نێـوان عـەقڵ و ئـایین، عـەقڵ و سیاسـەتەوە ببینین؟**

**بـۆ نـا، گـەورەترین شـت لـەو بارەیـەوە (ئـیبن روشـد) پێـشكەشی كـردووین، لـە ئـەوروپا ئـەو بـە تێكـدەری فیكـری ئـەوروپی دەژمێـردراو لـە زانكۆكانـدا ڕێگـا بـە خوێندنەوەی نووسینەكانی نەدەدرا، ئەو كات كاریگەری لەسـەر زۆر لـە بیریـاران هەبوو.**

**بـەلاّم ئێمـە (ئـیبن رۆشـت) مـان قبـوولّ نـەدەكرد، هـەروەها (ئـیبن خەلـدون) رێكـەوتنی نیـوان عـەقڵ و ئـایینی چارەسـەر كـرد و گـوتی ئەگـەر هـەموو دەقـە ئایینییەكان و ئایەتە قورئانییەكان بە شێوەیەكی عەقلاّنی تەئویل بكرێ (بـەپێی ئـەو مەرجانـەی كـە ئـەو بـۆی دانـاوە) ئـەوە هـەرگیز ئـایین پێـچەوانەی عـەقڵ ناكەوێتەوە، كەوابوو عەقڵ بەلایەوە بناغە بوو، نەك دەق. لێرەوە (ئیبن خەلدون) ئەوەنـدەی لـەنێو فیكـری ئـەوروپا زینـدووە، هێنـدە لـە فیكـری ئیـسلامی زینـدوو نییە، یەكێكە لە دامەزرێنەرانی عەقلاّنییەتی ئەوروپی.**

**چینێك لە قسەكردنی ئایدیۆلۆژیانە هەیە**
**پێویسە خۆمانی لیّ ڕزگار بكەین**
***ئایا نەبوونی ئازادی، یان ونبوونی ئازادی تەگەرەیە لە پێش ئیبداعدا؟**

**ٲزۆرجاران ئازادیەكی زۆر بۆخۆی دەبێتە تەگەرە، هەندێ جار ئیبداعی فیكری و هونەری پێویستی بە كۆت و بەند هەیەو نەك ئازادی. مەسەلەكە پەیوەندی بە كۆمەڵگەوە هەیە چونكە بونیادی ڕۆشنبیریی و سیاسی لە بنەڕەتدا نابێ لەسەر تاك گەرایی و تاك نەسەقی و یەك سیستەمی وەستابێ، بەڵكو لە بنەڕەتدا پێویستە لەسەر رەگەزی جۆراو جۆر كار بكات.**

***تۆ گوتت دەسەڵات زێتر لە دەق دەترسێ، نەك مردن، ئایا ئەو دەسەڵاتەی كە زێتر لە دەق دەترسێ نەك مردن، چۆن دەكرێ بچێتە هاوپەیمانێتی و ئاشتییەوە؟**

**ٲناشێ مەحاڵە هەردەبێ سانسۆر هەبێ، ئەوەش وەك لە بەراییدا ئاماژەم پێكرد جۆرێكە لە موعجیزە، سیستەمی عەرەبی چاوەڕێی ئەو موعجیزەیەی لێ ناكرێ، هۆشیار بێ و سانسۆر رەتبكاتەوە، ئەگەر گەیشتە ئەو موعجیزەیە واتە هەنگاوێكی سەرەكیمان بڕیووە، من هەندێجا رەخنە بە زیندووكەرەوە دادەنێم بۆ هەر سیستەمێك نەك شكۆداركردن و بەرز راگرتنی بەردەوام، پیا هەڵگوتنی بەردەوام، سیستەمی وەستاو و سیاسەتی وەستاو پەردەپۆش دەكات، دەیخاتە دووتوێی سندوقێكی ئاسنینەوە، بەڵام رەخنە دەیهێنێتە دەرەوە، دەیخاتە بەر ڕۆشنایی، وایلێدەكات ببێتە بەشێك لە ڕۆشنبیری ڕۆژانە و قابلی گفتوگۆكردن و ئاسۆیەكی نوێی بۆ دەكاتەوە و گەشەی پێدەدا و ئازادی راستەقینە تەنیا بە ئازادی راستەقینە دەكرێ روو بەرووی ببینەوە، سانسۆر هیچ شتێ بەدەستەوە نادات، بە نیسبەت سیستەم ترسناكترە، نەك ئەوكاتانەی لەژێر چاودێریدان.**

***ئایا دەشێ بڵێین ئازادی هەیە،چ لە راگەیاندن....؟**

**ٲبەلای كەمی تۆ وەك من دەزانی لە وڵاتی عەرەبیدا ئازادی نییە، سەرەڕای ئەوەی گۆرانی زۆری پیادا هەڵدەگوترێ، لێرە تەنها قسەكردن لەبارەی**

**ئازادییەوە هەیە، چینێك یان سەقفێك لە قسەكردنی ئایدۆلۆژیانە هەیە، كە پێویستە خۆمانی لێ ڕزگار بكەین، لە وڵاتانی عەرەبیدا قسە لەسەر دیموكراسیەت دەكرێ، بەڵام كێ دەیكات، سیستەمێكی جێگیر لەسەر تاكگەرایی قسە لە دیموكراسیەت دەكات، قسە لە دەوڵەتی عەرەبی یەكگرتوو دەكات، كەچی تۆ ناتوانیت لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە سەفەر بكەیت، بەڵام ئەوروپا ویڕای جیاوازی نەتەوەیی و جیاوازی ڕۆشنبیریی و زمان، ئەگەرچی بێگانەشی كەچی بە كارتی ئیقامە دەتوانی بۆ هەموو شوێنێ بچێت، بەڵام تۆ وەك عەرەب لە نیشتمانی عەرەبیدا و لە نێو نەتەوەی عەرەب و زمانی عەرەبیدا ناتوانیت لە وڵاتێك بۆ وڵاتێكی دیكە بچیت، ئەو چینە لوغزئامێز و ئایدۆلۆژییە، پێویستە بە تەواوی لێیان ڕزگاربین.**

***تۆ یەكێكی لەو بانگەشەكەرانەی كە دەیانەوێت ئایین لە دەوڵەت جیا بكرێتەوە، واتە ئایین ببێتە مەسەلەیەكی كەسی، ئایا تۆ پێت وایە بونیادی كۆمەلایەتی و ویژدانی عەرەب توانای وەرگرتنی ئەو بانگەشەیەی هەبێ؟**

**ٲدەقی قورئانی وەك دەق بوونی بەقەد ئەوەی بۆ لێكدانەوەی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆخۆی ناگەڕێتەوە، ئەمڕۆ دەق لە خوێندنەوەی جۆراوجۆر دایە، بەڵام پێویستە بزانین خوێندنەوەی باو چییە، تۆ دەزانی و هەموو دەزانن كە دەق هەرچەندە مەزن بێ كاتێ بە عەقڵێكی بچووكدا گوزەر دەكات بەپێی ئەو عەقڵە بچووك دەبێتەوە، دەقی قورئانی دقێكی مەزنە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەورەترین دەقە، بەڵام بۆ ئەوەی تێبگەین هەر دەبێ ڕۆشنبیریەكی گەورەمان هەبێ، ناشێ بۆ تێگەیشتنی دەقی قورئانی تەنیا پشت بە فەقیهەكان ببەستین، پێویستە هاوەڵی بكەین، بكەوینە بەراییەوە، پێشبكەوین، چونكە دەقی قورئانی ڕۆشنبیرییەكی گشتییە، ڕۆشنبیرییەكی نوێیە بە هەموو ماناكانییەوە، زانیاری**

و فەلسەفە و هونەری تیایە، كەواتە ئەوەی ئەمڕۆ موسڵمان پەردەپۆشی دەكات نەزانینە، نەزانینێكی تەواو، ئەوانن گەمارۆی قورئان دەدەن، ئێستا دەقی قورئانی گەمارۆ دراوە، هەروەك لە نێو ژیانی عەرەبیدا ئیستعمارێك هەبێ و لەڕووی سیاسیەوە ڕێگا بە ئازادی نەدات لەڕووی ئاینیشدا دەستی بەسەر دەقدا گرتبێ، وەك چۆن دەقی ئایینی موڵكی كەس و گروهێكی دیاریكراو بێ، بەڵام من سەیرم پێدێ، چۆن دەتوانین وا سەیری دەقی قورئانی بكەین، لەدەقی قورئانیدا خوا بۆخۆی گوێی لە شەیتان گرتووە، هەر هێندەش نا، بەڵكو قسەكانی لە قورئاندا جێگیر كردووە، كەواتە كە خوا گوێ لە شەیتان بگرێ، ئەوانەی دەیانەوێ دەقی قورئانی بۆ دەقێكی فیقهی و شەرعی بەرن، با گوێ بۆ هەموو ئەوانی دیكە بگرن، ئەگەرچی كوفریش بێ، دەبێ گوێیان بۆ بگرن، چونكە ئەوە دەق مەزن دەكات زیندووی دەكاتەوە و زێتر دەوڵەمەندی دەكات و زێتر كاریگەری دەكات، بەڵام ئەگەر جێمان هێشت و ڕێگەمان نەدا جگە لەخۆمان قسەی لەسەر بكات، كەواتە ئێمە ئەو دەقە دەكوژین، پێویستە ئیبداع و هەموو ئەوشتانەی بە ئیبداعەوە پەیوەستن بەشێكی سەرەكی قەوارەی دەوڵەت بێ.

**سیاسی بە ئازادی مەزن دەبێ كە دەیداتە دوژمنەكەی و**
**بەسەركوتكردن و زیندانی كردنی بچوك دەبێتەوە**

**((بەشی دووەم))**

ئەدۆنیس لە ساڵی (1956) یەكەمین شیعری خۆی لە ڕێگەی گۆڤاری (ئاداب) دەخاتە بەردەستی خوێنەرانەوە یەكێكیش لە شیعرە بەناوبانگەكانی ئەو كاتی (قالت الارض) بوو، كە لەساڵی (1949) لەدوای لە سێدارەدانی (ئەنتۆن سەعادە) لە بەیروت نووسی، بەڵام لەساڵی (1954) لەدوای نووسینی قەسیدەی (الفـراغ)

سیماكانی شیعری ئەو بەدەركەوت، ئینجا دوای قەسیدەی (البحث و الرماد) لە ساڵی (1957) و قەسیدەكانی دواتری چەمكێكی نوێی بۆ مرۆڤ و دنیا دامەزراند، كە دواجار بە كۆمەڵە شیعری (مهیار الدمشقی)دا گوزەری كرد، پاشان (زمن الشعر) كەلەساڵی (1972) بڵاو كردەوە لە رەخنەی مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا ڕیچكەیەك بوو.

لەساڵی (1976) بەهۆی شەڕی ناوخۆ (بەیروت) ی بەجێ هێشت، وەك ئوستادی میوان لە دانیشگای (سۆربۆن) لە كۆلێژی (دوفرانس) هەروەها وەك نێراوێكی داواكراو لە وڵاتە یەكگرتووەكان لە زانكۆی عەرەبی لە (یونسكۆ) مایەوە پاشان شەش ساڵ لە زلنكۆی (جنین) درێژەی پێدا.

***خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی (ژاك بیرك) كە جوانترین تەرجەمەی مانای قورئانی بۆ سەر زمانی فەرەنسی كردووە، هەروەها(بەیتە هەڵواسراوەكان) و كۆمەڵێك شیعری تۆیشی لەژێر ناونیشانی (شموس پانییە) وەرگێراوە، ئایا بەیەك گەیشتنیتان چۆن بوو؟**

ئەو بەدوای بەرهەمی ڕۆشنبیری عەرەبیدا دەگەڕا، بەتایبەتی بەرهەمی نەوەی نوێ و سەرەڕای ئەوەش بایەخی بە بەرهەمە كلاسیكیەكانی وەك (گە حسین) و ئەوانی دیكە دەدا، زمانی عەرەبی جوان دەزانی، من وەك نهێنییەك دەمگوت رەنگە دەستی نووسینی شیعری هەبێت، پاشان هەندێ قەسیدەی نووسی بوو نیشانی منی دا.

***شیعری عەرەبی....؟**

نەخێر فەرەنسی، بەڵام هیچ شیعرێكی بڵاو نەكردۆتەوە، من شیعری ئەوم خوێندۆتەوە، هەروەها زمانی ئەو هەتا لە لێكۆڵینەوەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فیكرییەكانیشدا زمانێكە بە شیعریەت و هەستی شیعری ڕازاوەتەوە، زمانی

تەرجەمەكردنی قورئانیشی لە ئاستێكی بەرز دایە، لە كۆمەڵەی ئەو تەرجەمەیەش بێ ئەوەی پشت بەو زمانە بەرزەی خۆی ببەستێ، تەرجەمەی كرد، بەڵام هەندێ جار پرسیاری لێ دەكردم، ئێمە لە ژیانی ئاسایی وەك دوو هاوڕێ لێك نزیكین.

***تۆ لە ڕێگەی شارەزایی و لێكۆڵینەوە و بیروڕای خۆت دەزانی كێ وای لە ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی كرد، كە زێتر بایەخ بە ڕۆشنبیریی ئاسایی، یان گریكی بدرێ نەك ڕۆشنبیریی عەرەب؟**

ڕاوا هەست دەكەم ئەو حوكمە تۆزێ گشتییە، چونكە بایەخدان بە ڕۆشنبیریی عەرەبی لە ئاستێكی بەرزدایە، ئەوەش كۆنە...

***وەك ڕەمزی ڕۆشنبیریی عەرەبی...؟**

هەرلەكۆنەوە ئیبن روشد، ئیبن سینا، بەیتە هەڵواسراوەكان، سەرەڕای ئەدەبی نوێ، بایەخی زۆر لەلایەن فەرەنسی و ئەڵمانییەكان بەتایبەت هەیە، بۆنموونە لە ئەڵمانیا یەكێك لە خۆرهەڵاتناسەكان (بورگمان) كتێبێكی لەسەر مێژووی ئەدەبی عەرەبی نووسیوە كە عەرەب بە هیچ شێوەیەك بەو جۆرەیان نە نووسیوە.

***تۆ لە (ڤانتۆڤا) ی ئیتالیا گوتت خۆرئاوا وەك كۆشكێك بۆچوونە سیاسی و ئابوورییەكانی خۆی سەیری وڵاتانی عەرەبی دەكات، نەك ژیارییەك كە پێنج سەدە مێژوویەتی..؟**

هەمیشە ئەوە دەڵێم، چونكە ئەوروپا، خۆرئاوا بەگشتی ناشێ وەك گشتێك سەیر بكەین و لەوێوە حوكمی لەسەر بدەین، چونكە خۆرئاوا چەند جۆرێكە وەك چۆن لای ئێمە وڵاتانی عەرەبی چەند جۆرێكن، لێرە خۆرئاوایی عەسكەری و سیاسی و ئابووری هەیە، وەك چۆن خۆرئاوایی ڕۆشنبیریش هەیە، كاتێك

رەخنە لە خۆرئاوا دەگرین، رەخنە لە خۆرئاوایی عەسکەری و ئابووری دەگرین، ئەو خۆرئاوا سیاسی و عەسکەری و ئابوورییەی کە دەرفەتێکی بەرفراوانی هەیە، لای عەرەب رەخنەی لێ دەگیرێ، ئەو نە عەرەب دەناسێ،، نە پێوەی پەیوەستە و نە بایەخ بە ڕۆشنبیریی عەرەبی دەدات، هەر بەم بۆنەیەوە هیوادارم سیاسی و ئابووری و عەسکەری عەرەب وەك خۆی گرنگی بەو رەهەندەی خۆرئاوا بدەن لەلای خۆرئاواییەکان، کە ببێتە هۆی گرنگیدان بە ڕۆشنبیریی عەرەبی، تا عەرەب بگاتە ئەو دەرەنجامە سەرەکییەی کە ئابووری و عەسکەری و سیاسی بەشێکە لە ڕۆشنبیری، نەك بە پێچەوووانەوە.

بەداخەوە عەرەب هەموو شتێك بە بەشێك لە سیاسی دادەنێن، هەر سیستەمێك وەردەگریت، چ شانشینی بێ وەك لە (مەغریب) هەیەو یان شۆڕشگێرێکی بێ وەك لە (مەشریق) یان حاڵەتە ناوەندییەکە، سیاسەت لایان هەموو شتێکە و ڕۆشنبیریی وەزیفەی ئەو سیاسەتەیە، لە خزمەتکردندایە، چۆن بەرەو باشی بچین، بۆیە من لۆمەی ڕۆشنبیران دەکەم.

***ئایا لێرەدا دەتوانین بڵێین، یان وا مەزەندە بکەین رۆژێك لە رۆژان رۆشنبیریی عەرەبی لەناودەچێ، وەك چۆن گەلانی دیکە هەبوون لەناوچوون؟**

ئەو هەستە هەر تەنیا لای خۆرئاواییەکان نییە، بەڵکو لای هەندێ عەرەبیش هەیە، ئەگەر عەرەب لەسەر ئەوەی کە لەسەری دەژین هەر بەردەوام بن، سیاسەت و سیستەمی سیاسی بە هەمو شتێ بزانن، هەموو شتێ لە خزمەتی سیستەم و سیاسەتەکەیدا بێ، بڕوایان بە گرنگی ئیبداع وەك پێویست نەبێ، گەلی بێ ئیبداع گەلێکی لەناوچووە، نە ئابووری، نەسیاسی، نەسیستەم ئەگەر شوناسی خۆی نەپارێزێ، ئەوەی شوناسی میلەتیش دەپارێزێ ئیبداعە، پێویستە ئیبداع و هەموو ئەو شتانەی بە ئیبداعەوە پەیوەستن بەشێکی

سەرەکی قەوارەی دەوڵەت بێ، بەڵکو دەبێ رۆشنبیری وەك نان بێ، وەك چۆن جەستە پێویستی بەنان هەیە، عەقڵ پێویستی بە کتێب و رۆشنبیری هەیە، بێ ئەو هۆشیارییە عەرەب بەرەو لەناوچوون دەچێ، من ئەو قسەیە دەکەم، نەك خۆرئاواییەکان.

**گۆڕێك بۆ نیویۆرك**

***لەساڵی (1971) قەسیدەیەکت نووسی بەناونیشانی (قبر من اجل نیویورك) تیایە رادەگەیەنێت کە شار کەوتۆتە نێو ئاگرەوە، ئایا ئەو قەسیدەیە پێشبینی رووداوی (11)ی سێپتەمبەر بوو؟**

نازانم، من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە پێشبینیکەرم، بەڵکو هەستم دەکرد ئەو شارە کە رەمزی پێشکەوتنی دنیای نوێیە، لایەنێکی دیکەی هەیە، یان رەمزێکی دیکەی هەیە ئەویش رەمزی زوڵم و زۆردارییە، بەقەد ئەوەی ئەو شارەم خۆشدەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا رەتم کردۆتەوە، بەنسبەت من دوو لایەنی هەبوو، لەلایەك بەهەشتەو لە لای دووەم دۆزەخ، بۆیە کاتێ گوتم (سوف تهب الرياح من الشرق وتهدم ناصحات السحاب) کەشفی شۆڕشەکان و گەلان لە بەرامبەر زوڵم و زۆرداری بکەم کە شاری نیویورك رابەرایەتیان دەکات، نەخێر پێشبینی ئەوەم نەدەکرد.

***ئایا لەنێو هاورێکانت دووچاری شەرمەزاری نەبوویت، ئەوانەی کە ئاگادارن؟**

بەپێچەوانەوە لەکاتی روودانی (11)ی سیپتەمبەر، وتارێك لەسەر قەسیدەکەم لە گۆڤارێکی ئەمەریکی لە (لوس انجلس) دابەزی، رەخنەگری ئەمەریکی تیایدا دەڵێ: ئەدۆنیس پێشبینی ئەو رووداوەی کردووە... بەلاّم لەلایەکی دیکە من نەمدەزانی ئەوەم لە قەسیدەکەمدا گووتووە، من قەسیدەم لەبیر چووبۆوە.

*بەڵام لە ساتەوەختی ڕوودانەکە، ئایا ئەوەت تەواو بەدوور نەدەزانی کە جێبەجێ کەری عەرەب بێ؟

أمن لەو باوەڕەدا کە دوو شت لێکجیا دەکەمەوە، ئەویش تاکی عەرەبی و دامەزراوەکانی عەرەبییە وەکو دامەزراو، من لەو بڕوایەدام کە دامەزراوە عەرەبییەکان لەهەموو دامەزراوێك دواکەوتووترن، هەتا دامەزراوە ئەفریقیەکان زۆر لە دامەزراوە عەرەبیەکان پێشکەوتوو ترن.

*بەڵگەت چییە؟

أبەڵگەم، تۆ بۆ هەر شارێك دەچیت نە قوتابخانەی باش، نە زانکۆیەکی باش، هەتا شارەوانییەك نابینیت کە بەشێوەیەکی باش شەقامەکان پاك بکاتەوە، لەسەر ئاستی دامەزراوە، کۆمەڵگەی عەرەبی دواکەوتووە، بەرامبەر ئەوەش ئەگەر عەرەب وەك تاك وەرگرین دەبینی لە زۆربەی مەدانەکاندا سەرکەوتوون، بەڵام ئەو تاکانە لە کۆمەڵگەکانی دیکە دەژین، لەوێ دامەزراوەکان ڕێگا بەو تاکانە دەدەن کە بە ئادزادی شارەزایی و بلیمەتی خۆیان بەکار بخەن، ممارەسەی ئیبداعی خۆیان بە ئازادی بکەن، من دواکەوتنی دامەزراوەکان بۆ ئەو هاوجومگەیی (هاوپەیمانێتی) بوونە دەگەڕێمەوە کە لەبەشی یەکەم قسەمان لەسەر کرد، کەواتە لەسەر ئاستی تاك دەشێ دوور نییە تاکی عەرەبی کارامە و گەورە و بلیمەتن.

*باشە بەو هەموو وردەکاریەوە؟

أبەڵێ بلیمەتن، گومانی تێدا نییە، چونکە من دەیانناسم، نموونەی زۆریان وەك تاك دەناسم بۆنموونە وەك تاك بلیمەتمان هەیە. ئەو شتە جوانەی کەمن لە ڕووداوی (11)ی سێپتەمبەر دیم و لێرە قسەی لەسەر دەکەم ئەوەیە کە لەساڵی ڕابردوو ئێوارەیەکی مۆسیقی لە (بەرلین) بۆ مۆسیقاری گەورە (لیکێتی) کە زۆر

ناسـراوە و ئێمـەش لەگـەڵ کۆمـەڵێك بیریـار و شـاعیری ئەڵمانیـدا بـووین، قسە لەسـەر زۆر شـت لـەبارەی (11)ی سـێپتەمبەرەوە کـرا، بـەڵام مـن قـسەم لەسـەر شتێکی دیکە کرد، لەنێو هونەرمەندان باسی دیمەنەکەم کرد، کاتێ ئەو دیمەنە دەبینی بەشێوەیەك جوان بوو کە عەقڵ قبووڵی ناکات، ڕووداوێکی وا جوانم بەو شێوەیە نەدیووە، من ئەوەم گوت، گوتیان ئەو قسەیە مەکە، چونکە مۆسیقاری گەورەی ئەڵمانی (شتوکهاوزن)لە ڤیستیڤاڵێکدا ئەوەی گوتووە و ڤیستیڤاڵیش موقاتەعەی کردووە، بەڵام من ئەوشتەم نەدەزانی.

***بەڵام ئێمە لەنێوان خۆمان هەست بەوە دەکەین...؟**

ا بـەڵام مـن سـەرکۆنەی ئـەو شـتە دەکـەم، مـن ڕەتـی دەکەمـەوە، لەبـەر زۆر هـۆ، دەتوانین بە شێوەیەکی دیکە بەرامبەر خۆرئاوا بووەستین، ئەو وەسیلەیە ئێمە کەرەسەکانیمان دانەهێناوە، دەبێ بە کەرەسەیەك بەرامبەری بووەستین کە بۆ خۆمان دامان هێناوە و دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین.

***بـەڵام ئەگـەر سـەرنج بـدەین، ئـەو هـەموو وردەکـاری و گەورەییـە، دەشـێ بەرلـەوەی لـە وێرانکـردن و لـە هێرشـکردندا بـەکاری بهێـنین، دەتـوانین لـە بوونیادنانەوەدا سوودی لێ وەرگرین..؟**

ا دەشێ، ئەوەش بۆ تاکێتی دەگەڕێتەوە، تاکی عەرەبی تەنها لە چوارچێوەی سیستەمێکی چەسپاو و نەبێ ڕێگای پێنادرێ، پێویستە عەرەب بەگشتی و سیستەمی عەرەبی بە تایبەت کە سیستەم تەعبیر لەکۆی وزەی کۆمەڵگە ناکات، نەك لەیەك هێز لەژێر هەموو هێزەکاندا ئەگەر سیستەمی عەرەبی نەگاتە ئەو ئاستە وەك چۆن لە خۆرئاوادایە، هەر لەژێر سیستەمێکی تاکیدا دەمێنێتەوە، هەر وزەکانمان کەپت دەکرێ.

**کتێبەکانی ئەدۆنیس**

**لێکۆڵینەوە**

1 ـ مقدمة الشعر العربي – **بيروت، چاپی یەکەم** (1071).

2 . زمن الشعر العربي – **بيروت، چاپی یەکەم** (1972).

3 . الثابت والمحتول – **بحپ فی الاتباع والابداع عن العرب.**

ا . الاصول (1974)

ب . تاصيل الاصول (1074).

ج . صدمة الحداثة (1978).

4 . فاتحة لنهايات القرن – **بەیروت چاپی یەکەم** (1980).

5 . **سياسة الشعر – دراسات فی الشعريه العربيه المعاصره – بەیروت چاپی یەکەم** (1985).

6 . **الشعرية العربية – بەیروت – چاپی یەکەم** (1985).

7 . **كلام البدايات – بەیروت – چاپی یەکەم** (1989).

8 . **الصوفية السوريالية – بيروت – چاپی یەکەم** (1992).

9 . **النظام و الكلام – بەیروت – چاپی یەکەم** (1993).

10 . **النص القراني و افاق الكتابة – بەیروت** (1993).

**شيعر:**

1 . **قالت الارض – دیمەشق** (1954).

2 . قصائد اولی – **بەیروت – چاپی یەکەم** (1975).

3 . **اوراق فی الريح – بەیروت – چاپی یەکەم** (1985).

4 . **اغانی مهيار الدمشقي – بەیروت چاپی یەکەم** (1961).

5 . **كتاب التحولات والهجرة فی اقاليم النهار و الليل – بەیروت – چاپی یەکەم** (1965).

6 . المسرح والمرايا – بەیروت (1968).

7 . وقت بين الرماد والورد – بەیروت – چاپی یەکەم (1970).

8 . مفرد بصيغة الجمع – بەیروت – چاپی یەکەم (1975).

9 . كتاب القصائد الخمس – بەیروت – چاپی یەکەم (1979).

10 . المطابقات والاوائل – بەیروت – چاپی یەکەم (1
985).

11 . شهوة تتقدم فى خرائط المادة، دار توبقال للنشر، المغرب، (1986).

12 . هذا هو اسمي – بەیروت – چاپی یەکەم (1988).

13 . اختفا بالاشيا والواضحة و الغامضة، چاپی یەکەم، (1988).

14 . الجدية ثانية، بەیروت (1994).

15 . الكتاب : امس المكان الآن – بەیروت، (1995).

***پەیوەندی رۆشنبیرانی خۆرئاوا لەگەڵ یەکتردا چۆن دەکەوێتەوە؟**

**ئەو پرسیارە جوانە، هەڵبەتە کۆمەڵێك ناکۆکی هەیە، کۆمەڵێك گروپ هەیە، کە هەندێکیان پەیوەندیان بەیەکەوەیە،ناکۆکی گەورەش لە نێوان هەندێکیان هەیە، بەڵام هەڵوێستی ئەدەبی و هەڵوێستی سیاسی زۆر جوان لەیەك جیادەکەنەوە، ئەو دوو هەڵوێستە تێکەڵ بە یەکتر ناکەن، واتە بەگشتی لەسەر ئاستی ئەخلاق یەکتر تاوانبار ناکەن، یان تاوانی ئەخلاقی نادەنە پاڵ یەکتر، وەك چۆن لای ئێمە باوە، رۆشنبیرانی (مەغریب) یەکتر بە سیخور و کرێگرتە... هتد تاوانبار دەکەن، بەڵام ئەوان حوکم لەسەر دەق دەدەن، بەهیچ جۆرێك قسە لەسەر رەفتاری کەسەکان ناکەن، چونکە هەموو کەسێك لە رەفتار ئازادە.**

*** واتە ئەوان لە ئێمە عەقڵانیترن؟**

بەڵێ، عەقڵانیتر و ئەخلاقیترن، بابەتیانە حوكم لەسەر شتەكان دەدەن، بۆ نموونە ئەگەر تۆ دژی بیروڕایەكی سیاسی بووی، ئەوە بەهیچ جۆرێ كار ناكاتە سەر هەڵسەنگاندنی دەقەكانی تۆ، نموونەیەك دەهێنمەوە (فیرنۆل) كە لەگەڵ نازییەكاندا بوو، بەڵام بەهیچ جۆرێك پێی ناڵێن تۆ نووسەرێكی گەورە نیت، یان ئەگەر شاعیرێك بە شاعیرێكی دیكە كاریگەر بێ، نكوڵی لەو مەسەلەیەدا ناكات، بەڵام لای ئێمەی عەرەب شاعیرێك دێ دێر بەدێر، وشە شە وشە وەرتدەگرێ، بەڵام یەكەم قسەی جنێودانە بەتۆ.

پەیوەندی ئەندۆنیس و ڕۆشنبیران

ئەدۆنیس كۆمەڵێك خەڵاتی بەرزی لە شیعر بەدەست هێناوە، وەك خەڵاتی (اصدقا الكتاب) لە لوبنان. ساڵی 1973 خەڵاتی (ندوی العالم الكتب الشعر) لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە ساڵی (1971) خەڵاتی (شعر دولیە كبری) لە بەلجیكا ساڵی (1986) خەڵاتی نازم حیكمەت (الدولیە للشعر) ساڵی 1995 لە توركیا. خەڵاتی (تۆلینۆی) ئیتالی 1999، خەلاتی (تاج الژهبی) لە مەكدۆنیا ساڵی 1997، پاشان خەڵاتی (گۆتی) ساڵی 2000 پاشان خەڵاتی (ئالان بووسكێ) هەروەها پێشانگای دنیای عەرەب لە پاریس وەك ڕێزلێنان پێشانگایەكی بۆ بەرهەمەكانی كردۆتەوە.

***تۆ بۆچوونێكی جیاوازت لە بارەی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، تۆ وەك جیهانبینییەكی ڕەخنەی گۆڕانكارانە دەیبینی، وەك چۆن لێرە لە دونیای عەرەب وەزیفەییە ئایا دەتوانی قسەی زێترمان لەبارەوە بۆ بكەی؟**

نووسین لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا وەك لە پێشودا گوتم، یان سەلەفییە، یان وەرگێڕانە، بەڵام لێرە نووسینی دیكە هەیە كە سیاسی و ئایدۆلۆژییە، بۆنموونە

چەپ نووسینی خۆیان هەیە، راست هەیانە، بەلاّم هەموو ئەو نووسینانە لە بنەڕەتێکەوە هەڵدەقوڵێن، واتە چەپ لە بنەڕەتە ئایدۆلۆژییە مارکسی و ئەوانی دیکەوە هەڵدەقوڵێ، راست لە بنەڕەتە لیبرالییەکان...

بەلاّم هیچ یەکێك لەوانە مادەی ئەساسی وەرناگرن کە لەسەر کەلەپور وەستاوە، مادەی فیکری عەرەبی، فیکری ئیسلامی، بۆنموونە لەبارەی مەعریفەوە قسە لە مەسەلەی سروش (وحی) ناکەن، عەرەب ملیۆنێك و سێ سەد هەزار موسوڵمانە، بەلاّم هیچ یەکێك پرسیارێکی مەعریفی بە مانا فەلسەفیەکەی لەبارەی ئەو وەحییە نەکردووە، کە ئەو مرۆڤانە دەیڵێن، هیچ کەسێك پرسیارێکی فەلسەفی لەبارەی (پەیامبەرێتی/نبووئەت) نەکردووە، هیچ کەسێك پرسیارێکی قوڵی لەبارەی بۆچی دامەزراوە عەرەبییەکان لەگەڵ هەموو جیاوازیەکانیان هەرلە شانشینی و دیموکراسی رۆشنبیریی...، کەچی لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە ئەو خاڵەش هاوپەیمانییەتی و پشت بەستنە بە ئایین، هەموو لە پەیوەندیان لەگەڵ مەسەلە ئایینییەکان وەك ئەوەیە کە یەك سیستەم بن، بۆنموونە لەبەیروت کتێبێکی نوێ لەسەر مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی عەرەبی دەرچوو، هەڵبەتە ئەو کتێبانە باس لە شکۆداری ئیسلام و مافی مرۆڤ لە ناو ئیسلامدا دەکەن، بەلاّم لێرە پرسیارێك نابینی، کە لەبارەی خوێندنەوەی ئافرەت لە دووتوێی قورئاندا بکرێ، لەدەقی قورئانی پیرۆز ناوی یەك لێکۆڵینەوەم بدێ، کەباس لە گیروگرفتە ئەساسیەکانی رۆشنبیریی عەرەبی و کۆمەڵگەی عەرەبی بکات، بێ ئەوەی ئەو مافانە جێبەجێ بکرێ گۆڕانی بەسەردا دێت.

هەمیشە چەپێنراو هەیە، هەمیشە کۆمەڵێك بنەڕەت هەیە، هەمیشە لێرەدا کۆمەڵێك شت هەیە، کەناشێ لێی دوور کەوینەوە، ئەوەش لە فیکردا ناشێ، گرنگترین شت لە فیکردا پرسیارکردنە لەوەی کە بیری لێ ناکرێتەوە، بەلاّم ئێمە

ئـەوەی كـە بـیری لێناكرێتـەوە بـەجێی دەهـێڵین و چوارچـێوەی بـۆ دەكێـشین و وەلای دەخەین، بەدوای شتی دیكە دەگەڕێین، كە هیچمان پێ نابەخشێ.

***ڕەنگە ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەبێ كە هەر لەبنەڕەتدا دەزانین ناگەینـە هـیچ چارەسەركردنێك، یان وەڵامێك؟**

ئەوە گرفتی بیریار نییە، بیریار بەدوای شتدا دەگەڕێ، پرسیا دەكات، بیروڕای خۆی دەڵێ، ئەنجمەكانیش لە دوایی دێن، ئـەو لێپرسـراوی ئەنجامـەكان نییـە، چ سلبی بێت، یان ئیجابی، من لەژیاندا گرفتم هەیە پێویستە بە شێوەیەكی فیكری بەدوایدا بچم، بەڵام فاشل بوونم، یان سەركەوتنم بابەتێكی دیكەیـە، بیریـار هەیـە هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە كەچـی نەخوێندراوەتـەوە بـۆ نموونـە (الـنفری) هــەزاران ســاڵی بەســەردا گــوزەركردووە، بــەڵام نەناســراوە، نەخوێندراوەتــەوە، كەچی ئێستا هەر شاعیرێك، هەر یەكێك شیعر بنووسێ دەناسرێ.

***لێرە لە گۆڕەپانی عەرەبیدا هەندێ بەدحاڵی بوون لـەنێوان ڕۆشـنبیران هەیـە، مـن لـەو بڕوایـەدام كـە خـراپترین دەسـتە لـە كۆمەڵگـەی عەرەبیـدا دەسـتەی ڕۆشنبیرانە بەبێ جیاوازی، تكایە ئەوە وا لێكمەدەرەوە، كە بەرگریكردن بێ لـە سیاسەتی عەرەبی، كە هیچ شوناسێكی نییە، ئایا تۆش وابیر ناكەیتەوە؟**

بەڵێ منیش لەو بڕوایەدام، ئەزموون بۆخۆی جەخت لـەو مەسـەلەیە دەكاتـەوە، ئەگـەر ئـەزموون توانیبـای شـتێ بگۆڕێ، ڕەنگـە مـن ڕای خـۆم گۆڕیبایـە، چـونكە بــڕوام بــە حەقیقەتــە جــێگیر و ڕەهاكــان نییــە، حەقیقەتــەكان لــە واقیعــەوە هەڵـدەقوڵێن، بـەپێی ئـەزموون و گـۆڕان، مـن هـەتا ئێـستا لـەو بڕوایـەدام كـە فــەرمانڕەوایانی عــەرەب هــەموو لــە چــینی ڕۆشــنبیرانن، وەزارەتــی دەرەوە، وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی، وەزارەتـی دارایـی، ئەمانـە چـینێكی ڕۆشـنبیرن، ئـەوە بەگشتی لەسەر ئاستی بەرزی سیاسـەت، لەئاسـتی نزمتر، سانسۆر پۆلیسێكی

ئاسایی نییە، چاودێر رۆشنبیرە، ململانێی رۆشنبیران لەسەر رووپەڕی گۆڤار و رۆژنامەكان توونـدتر و گەشـترە لـە ململانێـی سیاسـیەكان، بـە پلەیـەك كـە تـۆ هەنـدێ جـار وا بیردەكەیتـەوە كـە رۆژانـە خـوێنی رۆشـنبیرەكان لـە گۆڤـار و رۆژنامـەكان وەك رووبارەكـان دەڕۆن، ئـەوەی لـە دووتـوێی تاوانبـاركردن، بـەكرێ گـرتن دەردەكـەوێت، ئـەوە كوشـتنە، كاتێـك بـە رۆشـنبیرێك دەڵێیـت بـەكرێگیراو، واتە كوشتت.

*زانیمان چۆن سەیری ئەو چینە دەكەیت، بەڵام ئەو چینە چۆن سەیری تۆ دەكەن؟

أهەڵبەتە رقیان لێم دەبێتەوە....

*ئایا ئەوە ئاڵوگۆڕكردنی هەستەكانە؟

أمن داوای لێبووردن دەكەم، چونكە هەمیشە لێرەدا دەبینم دەرهاویشتن هەیە، مـن لـەو تەعبیركردنـە داوای لێبـووردن دەكـەم، تـەعبیركردن بـۆ ئاماژەپێدانـە ناچێتە ناو مانای حەرفیەوە و لێرەدا رۆشنبیری زۆر باش هەن، بۆیە بـە پـەراوێز كراون، هـەروەها شـاعیری جـوان هـەن، لـە هـەموو بارەكانـدا نـەك هەرلـەو بـارەوە، بەڵام ئەوان كەمینەن، نوێنەرایەتی جەستەی گشتی ناكەن.

*ئایا لەبەرئەوەیە كە تۆ سەربەخۆیت؟

أئەوە كار لەو جەستەیە دەكات، من بەهیچ سیستەمێك پەیوەست نیم، بەهیچ ئایدۆلۆژیایـەك پەیوەسـت نـیم، مـن رۆشـنبیرێكم بـەپێی توانـا هـەوڵ دەدەم ئـازاد بم، كەسێك بیەوێت ئازاد بێ، مەسەلەیەكی ئاڵۆزە، گرانـە زۆری دەوێ، بـەڵام مـن بەپێی توانای خۆم هەوڵم داوە.

*یـەكێك لـە رۆشـنبیران دەڵـێ كـە تـۆ شـاعیرێكی دیـاری كـراوی، بـەڵام دەڵـێ رۆشنبیرێكی ترسناكە، كەلەپوری بە باشی وەرگرتووە، بە هۆشیاریەوە وێرانی

**کردووە، کارەساتەکە لەوەدایە کە بەفیعلی وێرانی کردووە، بەڵام شاعیرانی دیکە بە ناهۆشیاریەوە وێرانیان کردووە، ئەوە حەقیقەتی ئەو ترسەیە کە ئەدۆنیس رۆڵی تیا دەبینێ، قسەت لەسەر ئەوە چییە؟**

-من هیوادارم لەو ئاستە گەورەیەی ترسدا بم.

***بەڵام ئایا تۆ لەسەر ئەوە تەبایی کە بە هۆشیاریەوە کەلەپورت وێرانکردووە، ئایا وێرانکردنی کەلەپور بەناهۆششیاری چی دەگەیەنێت؟**

-ئەگەر ئەوە ترسی من بێ، باشە. چۆن دەکرێ قسە لەسەر کەسێك بکەین کە کەلەپوری وێرانکردووە، بەلام نزیکەی (10) کتێبی لەبارەی شکۆداری کەلەپوری حەقیقی عەرەبی نووسیووە، ئەگەر ئەو، بەلای کەمی ئەو شتانەی خوێندبایەوە کە من نووسیومە هەر لە دیوانی شیعری عەرەبی، پێشەکی شیعری عەرەبی و دواجار شیعری عەرەبی، دەقی قورئانی و ئاسۆی نووسین و.... لێرە لە تەواوی مێژووی عەرەبی شاعیرێك نابینی، کارێکی وای بۆ شیعری عەرەبی بە ئەنجام گەیاندبێ، ئەو تاوانبارە کە ناوی (ئەدۆنیس)ە لەوێرانکردنی کەلەپور بە ئەنجامی گەیاندووە، ئایا ئەوە چۆن وێرانکردنێکە؟!.

***من لەو بڕوایەدام کە ئەو مەسەلەیە بەلای دەسەڵاتەوە وابێ؟**

-ئەگەر مەبەست ئەوەبێ، من لەسەری سورم، هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە دەستەلات و دامەزراوە سیاسیەکانەوە هەیە لە کەلەپور، من دژی دەوەستم، هەرواش دەمێنمەوە.

***ساڵی (1975) یەکیەتی نووسەرانی عەرەبی سوریا بریاریاندا تۆ لەو یەکێتیە دەربکەن، چونکە لە ساڵی (1974) بەشداری (غرناگە)ت کردبوو، کە بانگەشەیەك بوو بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی رۆشنبیران لەگەڵ ئیسرائیل، ئایا تۆ زوڵم لێکراو بوویت؟**

أمن تەنیا زوڵم لێکراو نەبووم، بەڵکو لەوە گرانتر بوو، جۆرێك لە بەدحاڵی بوون بوو، بەدحاڵی بوون لە زوڵم قورسترە، لێرەدا زوڵمی دوانەیی دەبینرێت زوڵمی عەقڵی و زوڵمی تاوان، من ئەوەندەم بەسە، کە زۆربەی نووسەرانی عەرەب ئەوانەی بە جەستەی رۆشنبیریی ئایدۆلۆژی عەرەبیەوە هیچ پەیوەست بوونێکیان نییە بەرگریان لەمن کردووە، هەڵوێستیان نواندووە و تەبەنی منیان کردووە، ئەوەی کە ئەوکات گوتم ئەمڕۆ هەموو دووبارەی دەکەنەوە.

***ئایا تۆ لەوبڕوایەدایت کە توانای مانەوە و بەردەوام بوون لە گۆڕەپانی فیکری و سیاسی عەرەبی، ماندوبوونێکی زێتری لە ماندوبوونی ئیبداع دەوێت؟**

أبەلاّم هەر تەنها وەك پرسیار، بەردەوام بوون، بەردەوام بوونی رۆشنبیرانی یانی چی؟

***بەردەوامی واتە ئیبداع؟**

أکەواتە بەردەوام بوونی حەقیقی بەردەوام بوونی ئیبداعە، ئەوەی کە بتوانێ ئیبداع بکات، ئەوا شتەکانی دی هیچ نرخێکی نییە؟

***ئەو گێروگرفت و شەڕانەی کەتۆ رووبەروویان بوویتەوە؟**

أئەوە بەهێزیانکردم و بڕوایان بە کارەکانم زێتر کرد، چونکە من هەموو ئەو کەسانە دەناسم کە هێرش دەکەنە سەرم، وەك (کەس) دەیانناسم، هەندێ لەوانە من فێرم کردوون، رێگام پێنیشان داون، شتی زۆرم بۆ روناك کردونەتەوە، لەوانە هەبوون توانای خوێندنەوەی دەقێکیان نەبوو، بەلاّم بەداخەوە، بەو هەموو بێتواناییەی خۆیان شتیان لەسەر من دەنووسی، هەندێ لەوانە هاورێی منداڵی منن، (حەسەن) و ئەوانیدیکە، هەموو ئەوانە دەناسم و لێیان دەبوورم، ئەرزش بۆ بارو دۆخی دەرونیان دادەنێم، چونکە من زیاد لەپێویست لە گۆڕەپانەکە دەبینرێم، کەواتە با ئەوشتانە لەبیر بکەین، زۆرجاران لۆمەی خۆم

دەکەم، چونکە زۆر دەردەکەوم، بەلأم هەرجارێ کە هەوڵدەدەم کەمتر دەرکەوم دەرفەتێك دێتە پێشەوە بەشی ئاواتەکانم ناکات، بۆیە من داوای لێبووردنیان لێ دەکەم تەواو دەیانبوورم، من لە ژیانی خۆم وەلأمی ئەوانەم نەداوەتەوە.

***سەیرە هەرچەندە (ئەدۆنیس) هێرشی دەکرێتە سەر، کەچی بە دەگمەن وەلأم دەداتەوە، تەنها لە ساتەوەختی نێرگزاویدا نەبێ.."؟**

ٲهەندێ جار قسەی زۆر دەکرێ کە مەحاڵە بتوانم بەرگەیان بگرم، لەم حاڵەتەشدا تەنها روونکردنەوە دەدەم، دیالۆگیان لەگەڵ ناکەم.

**الكتاب: الامس المكان الان**

کە (ئەدۆنیس) کتێبی شیعری بە ناوی (الكتاب: الامس المكان الان) دانا ئەو سەفەرەی لەخەیاڵ بوو، کە (دانتی) بەودیو دنیادا کردی، بەلأم ئەو هەرلەدنیا مایەوە، وەك چۆن دانتی (ڤێرجیل)ی وەك دەلیل بۆ خۆی دانا، ئەدۆنیس (موتەنەبی) بۆ ئەوکارە هەڵبژارد، چونکە لە راپۆرتەکەیدا نموونەیەکی شیاو بوو کە وتاری یەکەمی پانتایی سیاسی و فیکری لە مێژووی عەرەبدا بەیەك گەیاند، لەو کتێبەدا ئەدۆنیس هەوڵیداوە کە پرشنگ بخاتە سەر گۆشە تاریکەکان و بە پەراوێز کراوەکان و قسە لەسەر نەکراوەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی عەرەبی بکات، بەمجۆرەش ناوکێکی دیکەی بۆ مێژووی نوێی عەرەبی دامەزراند، کە فرەیی و پێشبینی لە کۆمەڵگەی عەرەبی لە رێگەی پرسیارکردنەوە (بە درێژایی مێژوو) بەرجەستە کرد.

***لێرە دەمانەوێ توزێ لەبارەی دوا کارەکانت بەناوی (الكتاب: الامس المكان الان) بووەستین، کە تێیدا کۆمەڵێك بۆچوونی جیاوازت لەبارەی مێژووی عەرەبی**

**هەر لە كۆچى دوايى (پێغەمبەر) (د.خ) هەتا كەوتنى (بەغداد) لەسەر دەستى (مەغۆڵەكان) خستۆتە روو، ئايا دەتوانى بە كورتى لەبارەى ئەو كتێبەوە بدوێيت؟**

ئەو كتێبە پرۆژەى سەفەرێكە لە مێژووى سياسى رۆشنبيريى عەرەبى، من گوتم لاى ئێمە مێژووى سياسى ئايينى مێژوويەكى ديارە بەڵام مێژووى رۆشنبيريى كۆمەلايەتيمان، مێژوويەكى ناديار و تەم و مژاوى و ئاڵۆزە، چونكە مێژووى رۆشنبيريى كۆمەڵايەتيمان رەگەزگەلى جياجياى تێدا بەشدارە، رەگەزى فرە و پەنهان بير و راى جياواز، بۆيە ئەو مەسەلەيە دەشێ بە راڤەكردنى ماوەى مێژوويى رووكارى يەكەم (سياسى ئايينى) بێ، بۆيە هيچ كەسێ جورئەتى ئەو مێژووە (لەبەر هەرهۆيەك بێ) نەكردووە، چ لەبەر پياوانى ئايينى بێ يان پياوانى سياسى، جا لاى عەرەب مێژووى رۆشنبيرى كۆمەلايەتى، ئەو مێژووە رۆشنبيرييە كۆمەڵايەتييەى كە پرە لە ناو دژى چۆن رووى راستى مێژووى يەكەم (سياسى ئايينى) دەخاتە ڕوو، يان كەشف دەكات، واتە چۆن ئەو مێژووە دەخاتە ڕوو كەلەسەر تووندو تيژى وەستاوە، لەسەر سەركوتكردن و ريسوايى وەستاوە... هيچ عەرەبێك هەتا ئەو مێژووە كەشف نەكات و نەيخوێنێتەوە ناتوانێ بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ.

***پەيوەست بوونت بە مەزهەبى شيعەگەلەوى، ئايا يارمەتى داوى كە بۆچوونێكى جياواز بۆ ئيسلام بنوێنى؟**

بەهيچ جۆرێ، هەر بەو بۆنەيەشەوە، من بە هيچ جۆرێ پشتم بە هيچ سەرچاوەيەكى شيعە نەبەستووە، بۆ هەموو روداوەكانيش بۆ ئەو نووسينانە گەڕاوەتەوە كە شيعە نەينووسيووە.

***بەڵام رەنگە وەك ئينتما يارمەتيت بدات..؟**

ـنەخێر، چونکە مەسەلەکە فیکریە، مرۆڤ ئەگەر تایەفەیەك بێ، شیعە یان سونی، پێویستی بە پرۆژە هەیە، پرۆژە، واتە ئایا پرۆژەیەکی تایبەت بە شیعە، یان عەلەوی... هتد هەیە. من پرۆژەیەکم بە تایەفەیەکی دیاری کراو نییە، پرۆژەی من عەرەبییە، رۆشنبیریی و ژیاری گشتییە، بۆیە ناشێ من لەبەر ئەوەی لە تایەفەیەکی دیاری کراوم ئیتر بکەومە ژێر کاریگەری تایەفەی ناوبراو، ئەگەر بەدوای ئەو لێکدانەوەیەشدا بچین دەکەوینە نێودژیەکی زۆر، چونکە بیریارێکی زۆر هەیە کە سەرەتا موسڵمان نەبوون هاتنە ناو ئیسلام، دوای تەمەنێکی درێژ و تەمەنی چل ساڵی، لەدەرەوەی ئیسلام بوون، پاشان بوونە ئیسلام، ئەگەر بچینە ئەو پانتاییەوە توشی شتی زۆر دەبین.

*ئایا ئەو کتێبە بەدوا پرۆژەی فیکری تۆ دێتە ژماردن؟

ـمن بە پرۆژەیەکی شیعری دادەنێم، بەڵام لەسەر جیهانبینی فیکری وەستاوە، بۆ ئەوەی دووبارە ئەو کتێبە مێژووییە بنووسینەوە، من لێرەدا باسی لایەنی فیکری دەکەم، ئەگینا لایەنی هونەری بابەتێکی دیکەیە، رەنگە ئەگەر بچینە ناویەوە ئاڵۆزتر دەربکەوێت، واتە فۆرمی کتێب، هەرلاپەرەیەك لە چواربەش پێکهاتووە، کراوەتە چوار پارچە، بۆ ئەوەی بەو فۆرمەش بگەین، دەبێ لە گێرانەوەی دووور بکەوینەوە، چونکە من نایشارمەوە حەزم لە گێرانەوە نییە.

*واتە حەز لە رۆمان ناکەیت؟

ـرۆمان کەم دەخوێنمەوە، چونکە من سروشتم پێویستی بە زەمەنێکی چڕو گرژبوو هەیە، بەڵام رۆمان بەرەو زەمەنێکی خاوت دەبات، بێزارکەرە، وەك ئەوەی دژت بجەنگێ، بۆیە کاتێك رۆمان دەخوێنمەوە، وەك ئەوە وایە کە شتێك بخوێنمەوە لە خودی خۆم بمخاتە دەرەوە، بۆ یە ناتوانم رۆمان بخوێنمەوە، جا بۆئەوەی بە زەمەنێکی ستوونی بگەم، لە گێرانەوە دوور دەکەومەوە دەبێ بەو

فۆرمە بگەم، ئەو فۆرمەشم لە شاشەی سینەما وەرگرتووە، لە فیلمە مەزنەکان، لە چرکەیەك لە چرکەکان دەتوانی رابردوو، ئێستاو گوێش لە مۆسیقا بگری، لە وێنەیەکی هونەری ورد بیتەوە و جوڵە ببینی، واتە زەمەنی جیاوازمان بۆ دەگوازێتەوە، لە ساتەوەختێکدا هونەری جۆراو جۆرمان لەسەر شاشە بۆ دەگوازێتەوە، من گوتم ئەوە، ئەو شتەیە کە پێویستم پێیەتی و پێویستە بەرجەستەی بکەم، یان بیگوازمەوە بۆ لاپەرەی شیعری، بۆیە لاپەرەم کردە چوار بەش، بەشی لای راست گوتم ئەوە یادەوەری موتەنەبییە، یادەوەری دەلیلەکە، یان کە بەراوی ناوم برد، پاشان بەشی چەپ ئەوەی کە روداوە هەڵبژاردەکەمان دەیەوێت، ئاماچژەیە بە جومگە سەرەکیەکان، پاشان ناوەندی لاپەرە بۆ دوو بەش دابەش دەبێ، لای سەرەوە بۆ موتەنەبی دەلیلەکەم دەگەرێتەوە، (ئەزموونی ژیانی) بەڵام بە ئەزموونی جۆراو جۆری رۆشنبیری و سیاسی و مێژووی تێکەڵ بووە، بەشی خواروی لاپەرە پرشنگە، تروسکەیە، پلاچەیە، بۆ روناك کردنەوە و پەیوەندی بەیەکەوە کردنی لاپەرەکەیە.

***کەواتە ئەوە بۆچونێکی ستوونییە..؟**

هەموو لاپەرەکان ئاوان.

* * *

رەخنەگر (زاهید دەروێش) دەڵێ: شاعیر لەو کارە نوێیەیدا برەو بە کاروانی ئیبداعی دەداو بە ترۆپکی بلیمەتی شیعری دەگات، هەروەها رۆشنبیریی و مەوسوعییەت رەت دەکاتەوە، وەك بیر تیژێك کە توانایەکی جیاکارانەی بۆ خەڵقکردنی نویێ هەیە، لە کتێبی (الکتاب: الامس المکان الان) لەگەڵ میراتی رۆشنبیریی عەرەبیدا بە یەکدادەچێ، کە لە (دیوان الشعر العربی) و لە (ستاتیك

و دینامیك) پراكتیزەی كردووە، هەروەها لەگەڵ دووبارە چاوگێڕانەوە بە میراتی مێژوودا كە ئەدۆنیس لە (صلاة والصیف) راڤەی كردووە، تاكو خوێندنەوەیەكی تەواو رەخنەیی بۆ كەلەپوور و رابردووی عەرەبی هەرلە جاهیلیەوە بكات.

***تۆ دوای (50) ساڵ لە خەڵقكردن و ئیبداع لەسەر ئاستی فیكر و شیعر، ئایا دەتوانی كاریگەری خۆت بە درێژایی ئەو ساڵانە ببینی؟**

أداوای لێبووردن دەكەم، تۆ وام لێدەكەی كە قسە لەسەر خۆم بكەم، بەڵام من بەهیچ جۆرێك حەز ناكەم قسە لەسەر خۆم بكەم، بەڵام دەمەوێ لە دەرەوەی خۆمدا قسە بكەم، دوو تێبینیم بە نیسبەت ئەو مەسەلەیە هەیە، بە بڕوای من كاریگەری قوڵ هەتا ئێستا رووی نەداوە، كاریگەری قوڵ واتە ئەگەر بە نیسبەت من شتێك بە ناوی ئەزموونی شیعری نوێی عەرەبی لە ئارادا بێ، ئایا ئەو مانایە بە سێنتەر دەبێ، یان دەبێتە تەوەرەیەك لەبارەی گۆڕینی چەمكی شیعری بەگشتی، وەك گوتمان گۆڕینی چەمكی شیعری بەم مانایەی كە شیعر پرسیار و بەدوادا گرانە، بە هیچ جۆرێك لە فیكر جیا نابێتەوە، وەك نووسینیش هەموو رەگەزەكانی رۆشنبیریی بەشداری تێدا دەكات، بەو مانایە و لەو ئاستە قوڵەدا كاریگەری كەمە، بەڵام دڵنیام دواتر دەبینرێ، بەڵام كاریگەری بەرچاو، كاریگەری شێواز، واتە بەكارهێنانی وشە، بەكارهێنانی هەندێ شێوە دارشتن، هونەری نواندن لە وێنەدا، مەسەلەی شێوەكاری كە بە زمان و شێواز و وێنەوە پەیوەستە، لەم بارەوە سوودیان لەمن وەرگرتووە، لەسەر ئاستی هونەری شیعری.

*** وشەی كۆد لای ئەدۆنیس؟**

أپێویستە هەموو خوێنەرێك كۆدی تایبەت بەخۆی هەبێ، بەڵام بەنیسبەت من لێرە هەندێ چەمك هەن تێگەیشتنی شیعری من قورس دەكەن، بەمانای وردی

وشە لای من دەکەونە دووتوێی کۆمەڵێك کۆدووە، بۆنموونە وشەی ناکۆتایی، گۆڕان، چەمکی لە سنور تێپەڕاندن و تەجاوز، چەمکی لێتوێژینەوە، پرسیار، چەمکی کەشف و بەدوادا گەڕان، خەونبینی، هەموو ئەو چەمکانە کۆدەکانی من پێکدەهێنن، بەلاّم پێویستە رەخنەگر ئەوانە دیاری بکات، رەخنەگر لە دیدی خۆیەوە دەق دەخوێنێتەوە و ئەو کۆدانە بەکار دەهێنێ، کە لە بەرژەوەندی بۆچوونی خۆیدایە.

***بەلای کەمی یا لەبیریان دەکات؟**

ًبەڵێ لەبیریان نەکات.

***ئەو جارە گوتت کە شیعر چنینەوەی گوزەرکەرە، ئایا مردن قۆزتنەوەی گوزەرکەر نییە؟**

ًمردن، تەنها گوزەرکەر ناقۆزێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو شتە جەوهەریانەش دەچنێتەوە، کە لە مرۆڤدایە، لەبەرزترین وێنا کردندا مرۆڤ لەسەر شێوەی خوا خەڵقکراوە، ئەو هەموو جوانییە، جوانی روخسارو جوانی رۆح، مردن دەیچنێتەوە، هەر تەنها گوزەرکەر ناچنێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو جوانیانەش دەچنێتەوە کە لە ژیاندایە، بەلاّم ئەو چنینەوەیە پێویستە. پاشان لە شتێکدا بێ نرخ دەبێ، بۆیە پێم وانییە مردن گیروگرفت بێ، بەڵکو گیروگرفت ئەوەیە کە خەڵك هەموو دەمرن، هەموو لەو بێنرخگەلە بەشداری دەکەن کە مردنە، ئەوەش گیروگرفت نییە، گیروگرفتەکە ژیانە، چۆن بژین، ئەوە گرفتکەیە...

***چۆن شاعیر بەرگری لە مردن دەکات؟**

ًمن بەرگری مردن ناکەم، من هەست دەکەم هەموو ساتەکانی ژیانم مردنە، هەموو ساتەکان، ئێمە بەرگری ناکەین بەڵکو ئەو بۆشاییەی کە مردن سات بە سات دروستی دەکات بە گۆرانی پڕ دەکەینەوە، تۆش بە ژیان و شیعر و

خۆشەویستی هەوڵ دەدەیت ئەو فەراغە پڕ بکەیتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ مردن بکەونە سەر یەك ڕێگا، تا ساتی دوایی دێ و ئەو جەستە نامۆیە ناپاکیمان لێ دەکات.

***دوا وشەت کە بتەوێ رووبەرووی یەکەمجار رۆشنبیرانی بکەیتەوە چییە؟**

ٱپێویسە روون و ئاشکرا بن و بابەتیانە بکەونەوە، یەکەمجار گومان لە خۆیان بکەن، رەخنە تەنها لە دەق و کردەی کەسەکان بگرن، نەك کەسێتی کەسەکان، رەخنە لە خۆیان بگرن و خۆیان ماندوو بکەن، واتە هەوڵ بدەن، لە پیشەکەی خۆیاندا کارامە و دەست پاك بن، من ئەوە دەڵێم کە خۆم تیایە ژیاوم، نەك وەك مامۆستا، بەڵکو وەك کەسێك، کەسێکی خاوەن ئەزموون کە مامەڵە لەگەڵ خودی خۆیدا بکات، من لەو بڕوایەدام کە بەگشتی رۆشنبیری عەرەبی دەبێ بەرلەوەی رەخنە لەوی دیکە بگرێ، رەخنە لەخۆی بگرێ بەتەسەوری من بەمجۆرە کودەتایەکی گەورە لە رۆشنبیریی عەرەبی دەسازێ.

***وشەیەك بۆ گەورەکان؟**

ٱهەرچۆنێ بێ هیچ کەس بەسەرکوتکردنی ئەویدیکە گەورە نابێ، ئاستی ئەو سەرکوتکردنە هەرچەند بێ، بەڵکو بە پێدانی ئازادی بۆ خەڵکانی دیکە مەزن دەبێ، جا ئەو ئازادیە هەرچیەکی بووێ. سیاسی بە ئازادی مەزن دەبێ کە دەیداتە دوژمنەکەی بەسەرکوتکردن و زیندانی کردنی بچوك دەبێتەوە.

***وشەی گەشبینی، ئایا تۆ گەشبینی؟**

ٱتەنها بە خۆشەویستی، تەنها بە نووسینی شیعر تۆ گەشبینی، ئیبداع بە دیاریکراوی گەشبینیە، من بڕوام بە وزەی عەرەب هەیە، بەلای کەمی وزەی تاك، بڕوام وایە کە عەرەب ڕێگا بۆ بلیمەتی خۆیان دەدۆزنەوە، دوبارە خۆیان بەسەر نەخشەی دنیادا بەرجەستە دەکەن.

**سەرچاوە**

**بەرنامەی (مبدعون)كەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی (ئەبووزەبی) لە ڕێكەوتی (2002/10/2) و (2002/10/10). لە لایەن ئامادەكاری بەرنامە (نوار) و دەرهێنانی(محەمەد محەمەد) پێشكەش كراوەو لە كاسێتەوە تەفریغ كراوە. من ناونیشانم بۆ هەڵبژاردووە.**

## ئەدۆنیس:
## لە وڵاتی ئێمە رۆشنبیریی دۆزەخێكە لە وشە

***ئەگەر لە كتێبە نوێیەكەتەوە "ژینگەی رەش"دەستمان بە گفتوگۆ كرد، لێرە ئەوەی گومانی تیدا نییە ئەوەیە كە ناونان بەكردەی خۆی هەڵساوە، بەڵام ئایا ئەو ناوە هەر یەخەی دەوروبەری عەرەبی دەگرێ، یان دەچێتە ژینگەیەكی گەورەترو یەخەگیری هەرێمەكانی دیكەی دنیای ئەمڕۆش دەبێتەوە؟ ئایا ئەو ناونانە لەو جوگرافیایە دەردەچێ و دەچێتە هەرێمەكانی دیكەی تایبەت بە مەسەلە ئایینییەكان و ناسنامەو كەلەپورو.......هتد؟**

أدەلالەتی ئەو ناونانە لە ژینگەی عەرەبیدا دەخولێتەوە، بەڵام هەڵبەتە بەپێی مەودای هەژموونی دەرەوە بۆ ژینگەكانی دیكەش درێژبوونەوە، یان گەیشتن و كارلێكەری هەیە. پرنسیبی ئەو ناونانە رەخنەییە: پرسكردن و كۆشش كردنە لە تەواوی پانتاییە جیاوازەكانی رۆشنبیریی و ئایینی و هونەری بە كۆن و نوێوە.

***تێبینی ئەو كتێبە خوێنەر دەخاتە بەرامبەر كۆمەڵێك بابەتی نوێ كە رەگ و ریشەی كۆنی هەیە، لەوانەش خوێندنەوەی دەقی ئایینی، پەیوەندی لەگەڵ**

**زمـان، پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەویدیکـە، قـەیرانی ناسـنامە، خـود، تـیرۆر، پەچـە، داگیرکردنی عیراق، تـەکنیکاری، گلۆبـالیزم، پەیوەنـدی خۆرهـەلآت بـە خۆرئـاوا، زۆری دیکە. ئایا پێتوانییە دەستبردن بۆ ئەو مەسەلانە بەرەو پرسیارگەلێکمان دەگەڕێنێتەوە کە پێشتر هەر لە سەدەی بیستەمەوە دەستی بۆ براوەو هەتا ئەمڕۆش لە دووبارە خستنەرووی نەبووینەتەوە؟.**

نـاکرێ لەمەسـەلە سـەرەکییەکان جیاببینـەوە، دەبـێ بـەردەوام بەرجەسـتەیان بکەین تاکو بە شێوەیەکی یـەکجارەکی چارەسـەریان بۆ دەدۆزینـەوە، ئەگەرچـی چارەسـەری یەکجارەیـەکی هـەر تـەنها لـە ئـایین و فیکـری ئایـدۆلۆژی و مەزهەبیـدا نەبێ دەست ناکەوێت.

هــەموو ئــەو شــتە کەینونییانــەی وەك زمــان و پیناســەو تــەکنیك و سروشــت و خۆشەویستی و مردن و هونەر........هتد فیکر ناتوانێ لـە خستنەروو و دووبـارە خستنەروویان واز بهێنێ.

راستە وەك ئاماژەت بۆ کرد زۆر لەو مەسەلانە چەندان جار خراونەتە روو، بەلآم مەسەلەکە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی قووڵ نەخراونەتە روو، بەڵکو وەك بیروباوەڕ قسەی لێکراوە، مەبەستم ئەوەیە کە بە شێوەی ئـایینی یـان ئایـدیۆلۆژی سیاسـی خراونەتە روو، هەرگیز بەشێوە فیکری فەلسەفی بەرجەستە نەکراون. بۆ نموونـە بــا مەســەلەی ئــایین وەرگــرین، ئــەو مەســەلەیە هــەر تــەنها لــەرووی زانــستی سیاسییەوە لێکۆڵینـەوەی لـەبارە کـراوە، بـەرزترین شـتێکیش لـەو مەسـەلەیە کـە پێــی گەیــشت بــن خــۆی لــە گوتــەزای جیاکردنــەوەی ئــایین لــە دەوڵەتــدا هەڵدەگرێتـەوە. بـەلآم خـودی ئـایین بـەو وەسـفەی کـە شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی مەعریفـە، یـان بـەرزترین شـێوە وەك هەنـدێ دەڵـێن، یـان بـەو شـێوەیەی کـە سروش و پەیامبەرییـە هـەرگیز قسەی لێنـەکراوە. توێژینـەوەی فیکـری لـەبارەی

ئایین هەر تەنها لە پراکتیزەکردنو پرۆسیسەکردنی ئاییندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێ دەست بۆ ئەسڵەکەی ببردرێت، بۆ ماناو مەبەستەکەی بگەڕێینەوە، هەروەها زەرورەتی چۆنێتی پێویستبوونی ئێمە بە ئایینەوە، یان چۆن دەیخەینەروو، ئایا بەراستی مەعریفەیە، پاشان پەیامبەرێتی مانای چییە...هتد هەموو ئەوانەش مەسەلەی بنەڕەتینو هەندێ لە پێشینانمان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە، کەچی بیریارانی ئەمڕۆ پشتگوێیان خستوون، یان لە وڕوژاندنی خۆیان بەدوور دەگرن، هەموو ئەوانەی خەریکی ئەو مەسەلانەن بەبێ جیاوازی هیچ ئاکامێکیان بەدەستەوە نەداوە، تەنها دەکرێ وەك فوقەهای نوێ سەیریان بکەینو توانای فیکرییان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئایین گەورەیە، بەڵام ئەو تەئویلە باوەی کە بۆ ئایین دەیکەن خراپە، ئەوەتا ئێمە تەئویلی دروست پێشکەش بە ئایین دەکەین، بەقەد ئەوەی بچێتە بواری رەوادان یان فیقهەو هتد دەچێتە خانەی فیکرەوە، ئەوەی لە باری فیکری\مەعریفی لەسەر ئایین دەگوترێ دەشێ لە بارەی زمان، ناسنامە، پەیوەندی بە ئەویدیکەوە بگوترێت، وەك چۆن دەشێ لە بارەی خودی شیعریشەوە هەمان شت بگوترێت. ئێستای فیکری عەرەبی رەگو ریشەی نییە، کەواتە بۆیە هیچ شتێکی نوێ پێشکەش ناکات، ناچێتە دووتوێی بزاڤی فیکری مرۆیی داهێنەرانەوە.

*لەو کتێبە دەڵێیت: "گرفتی حەقیقی لەخوێندنەوەی ئەو زاراوەیەوە دەست پێدەکات کە بە (فەندەمینتاڵ\ئسول) ناو دەبرێت، خوێندنەوەی رەخنەیی نەك خوێندنەوەی ئەو خوێندنەوانەی کە لە کۆنەوە بۆ (ئسول) دەکرا". ئەو خوێندنەوەیەی کە تۆ داوای دەکەی (چ لە نێو عەرەبو چ لە نێو ئیسلام) بە ترس دەورە دراوە، ئێمە لەو بارەوە نموونەی زۆرمان لەبەر دەستدایە نە بە مستەفا عەبدولرەزاق دەست پێدەکاو نە لای نەسر حامد ئەبوزێد کۆتایی دێت،

**ئایا چ وامان لێدەکات بەردەوام ئێمە فەندەمینتال بخوێنینەوە، ئایا گرفتەکە لە بەردەوامیدایە یان لە خودی فەندەمینیتال دایە یان لە دەسەڵاتی خوێندنەوەدایە؟.**

فیکرو هونەر بە دیاریکراوی ترسناکن، چونکە ئەوانە بەهاو بیرکردنەوەو بیروباوەڕو دابونەریتی خوێندنەوە....هتد دەگۆڕن، هەموو فیکرو هونەرێك کە هاوگونجانی دروستکرد گرفتی لێناکەوێتەوە هەروەها (هەستی هاوبەش) یان (عەقڵی هاوبەش) بە دروست ناوی دەباتو پەسەندی دەکات، ئەگەرچی خۆی ئەوە ترۆپکی نادروستییە یان نەخۆشییە. بەهیچ جۆرێك نە فیکرەو نە هونەرە بەڵکو (رەوای حەلاڵی) ئەویدیە. بۆ زانین عەبدولرەزاقو ئەبوزێد بەوە ناویان دەبردرێت کە شتێکیان خستۆتە روو، بەڵام وەك چوونە ناخی مەسەلەکان بە قەد ئەوانەی پێش خۆیان جەربەزییان نەنوواندووە، هیچ شاعیرێکی بیرکەرەوەی سەردەم نابینم کە بە زمانی (ئەبو عەللای مەعری) رەخنەی لە ئایینو بەها ئایینییەکان گرتبێ. فیکری بێ ترس بوونی نییە. لێرەوەیە کە دەڵێن کۆمەڵگای عەرەبی بەبێ فیکر دەژی، کۆمەڵگای عەرەبی لە رێگەی دەسەڵاتە ئایینییە سیاسییەکەیەوە دەگوازرێتەوە، بێ ئەوەی بە ئازادی بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی بە ئازادی بیر بکاتەوەو بنووسێ، بێ ئەوەی بە ئازادی گفتوگۆ بکات، کۆمەڵگای عەرەبی گۆمەڵگایەکە بە سەر رۆشنبیرییدا دەسەپێنێ کە لە زۆنگاودا بژی. بەمجۆرە رۆشنبیریی لە وڵاتی عەرەبیدا بە زیندان دەچێ وەك دۆزەخێکی سیخناخ بە وشەو دەنگ، یان وەك بیابانێك کە هیچ مێرگی تیا بەدی نەکرێ.

***تۆ وەك پرۆژە سەیری ناسنامە دەکەیت(پێتوایە لە کارو داهێنانو کارلێکردنو گفتوگۆوە بونیاد دەنرێ) بە مانایەك لە ماناکان ناسنامە لای تۆ مۆرکێکی گەردوونی هەیە، ئەوە کورت دەکەیتەوەو دەڵێی (رەنگە ئاواتی خود**

**لە رابردوودا هەر ئەوە بوو بێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ ئاواتی بەرزی خود دەكرێ ئەویدیكە بێ). ئایا ئەو قسەیەت لەگەڵ فیكرو چەمكەكانی سێنتراڵییەت بە هەموو هەرێم و رەنگەكان و تیزەكانی ململانێ و توونددیا بەریەك ناكەون، كە لە دنیای ئەمڕۆدا كار دەكەن و لەئاراستەكردنی سیاسەتە ئیمپراتۆرەكەدا بەرجەستە دەبێ و پرۆژە كۆن و نوێیەكانی پێ جێ بە جێ دەكەن؟.**

سێنتراڵییەت؟ نموونەیەكی سێنتراڵییەتم بدەیە كە لە سەرووی هەستی (سێنتراڵییەت)ی عەرەبییەوە بێ: (بەرێزەكان)، (مامۆستاكان)...هتد. ئێمە بەردەوام بە هۆی لاوازی و ئیفلیجی خۆمانەوە وەهم دروست دەكەین، ئینجا بەراستیان دەزانین، مەسەلەكە لە (سێنتراڵیەت)و (بەیەكداچوونی ژیارییەكان).......هتد نییە، بەڵكو مەسەلەكە مەسەلەی ئادەمیزادە داهێنەرەكانە، ئەوانەی كە دنیا بونیاد دەنێنەوەو دەیگۆڕن و پێشەوایەتی دەكەن، لەگەڵ ئەوانەی كە هیچ ناكەن، دەچنە ناوەوەی خۆیان و ئاخ هەڵدەكێشن، خۆیان بە خۆشگوزەرانییەوە بەستاوەتەوە بێ ئەوەی ئاسۆیان دیار بێ، بێ ئەوەی جگە لە كۆكردنەوەی سامان هیچ ئامانجێكیان هەبێت.لێرە بە مانا رۆشنبیری و مرۆڤایەتیەكە هیچ سامانێك لە دنیادا لەوە نزمترو دەبەنگتر نییە، لەوەی كە لەبەر دەستی عەرەبدایە.

بەر لەوەی قسە لە (بەدرەوشتی ئەویدیكە) بكەین، پێویستە كار بۆ لەریشە هەڵكێشانی بەدرەوشتی خۆمان بكەین، چونكە لەبیركردنی خۆمان و (بەدرەوشتی خۆمان) تەواو لە راژەی ئەویدیكەدایە، (هێرشەكەیان) بۆ سەرمان بەهێز دەكات، گرفتەكە یەكەمین جارو دواین جار لە خۆمانە لە سیاسەتی خۆمان و رۆشنبیریی خۆمانەوەیە، لە خودی بە مرۆڤبوونی ئێمەدایە. هەموو دەستەواژەكانی وەك (داگیركەر) (ئیمپریالییەت)و (بەیەكداچوونی ژیارییەكان)و

(سێنترالیەتی ئەوروپایی)....هتد  بوونەتە هۆی دابەزین و دواكەوتن و نەزانین و بێگاری و نەخوێندەواریمان، ئەو دەستەواژانە وایان لێهاتووە عەقڵییەتێكمان لا بچەسپێنن و دابین بكەن كە عەقڵییەتی دواكەوتنە، هەروەها ئەگەر (رۆشنبیرییەك) لای ئێمە بێ توانایی و پاشكۆیەتی برەو پێبدات ئەوە بەو مانایە نییە كە (بێگانە) دوژمنی یەكەممان بێ، بەڵكو بەو مانایەیە كە عەرەب بۆخۆی دوژمنی یەكەمی عەرەبە.

*لە لێكۆڵینەوەو هەوڵە نوێیە رەخنەییەكانی عەرەبی بە شێوەیەكی گشتی لە دەستبردنیان بۆ شیعرو بە تایبەتی بۆ شیعری ئەدۆنیس سێ شێواز هەڵدەگرینەوە، (محەمەد میفتاح) لە كتێبەكەی (چرای چەمكەكان: رەخنەی مەعریفی و شەڕە شیر) لەوەی كە بە رەخنەی مەعریفی ناوبراوە دەستی داوەتێ، هەروەها (عادل زاهیر) لە كتێبەكەی (شیعرو وجود) لە تەئویلی فەلسەفییەوە بۆی چووە، وەك چۆن (عەبدوڵڵا غوزامی) لە كتێبەكەی (رەخنەی رۆشنبیریی) لە رەخنەی رۆشنبیریی و گوتەزای نەسەق و نێرایەتییەوە قسەی لێكردووە.

ئایا ئەو خوێندنەوە رەخنەییانە توانیوویانە رەنگدانەوەی ئەو لێكۆڵینەوە رەخنەییانەی ئەوچارەگەی دوایی سەدەی بیستەم بن و لە چوارچێوەی قوتابخانە كەڵەكە بووەكان دەرباز بن، یان نەیانتوانیووە و لە نێو هەمان شێوازدا ماونەتەوە؟

ٲزۆر بە داخەوە كە من هەتا ئێستا كتێبی مامۆستا (محەمەد میفتاح)م نەخوێندۆتەوە، زۆر رێز بۆ نووسینەكانی دادەنێم، هەڵبەتە ئەو درێخییە لە مندایەو دانی پێدادەنێم، بەلام لەو كتێبانەیە كە لەو زووانە بەرنامەم بۆ خوێندنەوەیان داناوە.

بـەڵام مامۆسـتا (عەبـدوڵڵا غـوزامی) كـە دووبـارە ڕێـزم بـۆ بەرهەمـەكانی هەیـە، لەبۆچوونەكانی و هەروەها بە تایبـەتی لـە تێگەیـشتنی بۆ شیعر من بە تـەواوی لەگەڵی جیاواز دەكەومەوە. (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی) ئەو لـە جەوهـەردا ناونـانێكی دیكەیە بۆ ڕەخنەی ماركیسی بە سـادەكراوییەوە، واتـە ڕەخنەیـەكی ڕاسـتەخۆو بە ئایـدیۆلۆژیا كـراوە، كـە نایـەوێ شـیعر لـە ڕێگـەی شـیعرەوە تێبگـات، بـەڵكو دەیەوێ بە هۆی دەوروبەری‌و بە هۆی ئەوەی لـە دەرەوەیدایـە تێیبگـات، ئـەوەش بەتایبـەتی لـە پرۆسیـسەكردنی جیـدانۆفی‌و سـتالینییەكەیدا دەردەكـەوێ، ئـەوە ڕەخنەیەكە بە ناوی (دەرەوە) واتە:ئێمە، گەل، جەماوەر، كۆمەڵ... قسە دەكـات. ڕەخنەیەكــە بــە نــاوی (منــی دەرەوە) پەیوەســتبوون، ئــایین، سیاســەت، ناسـیونالیزم.....هتـد دەدوێ. هـەموو ئەوانـەش لـە چواچـێوەدانان زێـتر نییـە، ڕەخنــەی شــیعریش ڕەخنــەی چوارچـێوە نییــە، بــەڵكو گەیــشتنە بــە جولــەی هونەری‌و مەعریفی نـاوەوەی شیعرو ڕەهەنـدەكانی، مامۆسـتا غـوزامی لـە گوڵـدا بۆنەكــەی نابینــێ، بــەڵكو هــەر تــەنها بــەبینینی گوڵــدان‌و پەینەكــەی بەســەی لێدەكات. ئەو یەكەمجار بە كوشتنی شیعرو شیعرییەت دەستپێدەكات، دەقی شـیعری بـەرەو (بەڵگەنامـە)ی كۆمەڵایـەتی دەگوازێتـەوە. بـەمجۆرە خـودێتی‌و تـاكێتی تێكـەڵ بـە یـەكتر دەكـات، لـە نێـوان نێرایـەتی‌و ناوكۆییـە هۆزایـەتی بەدەوییەكە هیچ پەیوەندییەك نادۆزێتەوە، هەموو سـۆزو خـودێتی نـاوەوە، واتـە هەموو ئەوانەی كە شیعری لە سەر وەستاوە پشتگوێ دەخـات. ڕەخنەیەكە هـەر تــەنها بــە منــی دەرەوە، بــە منــی كۆمــەڵگا، بــە منــی ئینتیمــا ئایــدیۆلۆژی‌و ناسـیونالی‌و كۆمەڵایەتییەكـەوە پەیوەسـتە، بـەڵام منـی شـیعری منـی ناوەوەیـە، كەواتـە ئـەو لەلایـەكی دیكـە وەسـتاوەو بیر دەكاتـەوە كـە لەگـەڵ شـیعر نـاكۆك دێتـەوە. ئەگـەر تازەگـەری شـیعری لای عـەرەب لـە مانـاوە بـێ، ئـەوە مانـا لـە

شۆڕشی خودییەوە خۆی پەنا داوە، ئەوە تاکێتیو نێرایەتی نییە بە سەر (ئێمە)، (نەتەوە)، (کۆمەڵ)، (حیزب)، (هۆز)، (دەسەلات)، (بنەماڵە)، چونکە هەموو ئەوانە کەسێتیو خودێتی ڕەتدەکەنەوە، پاشان هونەرو شیعریش ڕەتدەکەنەوە. ئەو شیعری هەر تەنها لە دووتوێی (هەستی هاوبەش)دا دەوێ، هەروەها ئەو شیعرەی کە بە شیعری (عەقڵ) ناونراوە یەکێکە لە دەردە بێ دەرمانەکانمان، یان بە کورتی ئەو هەر تەنها ئەو شیعرەی دەوێ کە بەرگری لە کۆمەڵگاو بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەکات واتە ئەو شیعرەی کە بە شیعری (عاقڵ) ناودەبرێ، ئەو شیعرەی کە هیچ گرفتێ ناوروژێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە (کۆمەڵ) و گردبوونەوەی کۆمەڵی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی گردبوونەوەی (نیشتیمانی).

شیعری بێ نرخ بۆ جەماوەری بێ نرخو مەسەلەی بێ نرخە، لە هەموو ئەوانەدا واپێناچێ (غوزامی) وەك ڕەخنەگری شیعری بکەوێتەوە، هەتا وەك ڕەخنەگرێکی ڕۆشنبیریش ناکەوێتەوە، بە قەد ئەوەی وەك (فەقێیەك)و (رابەری مزگەوتێ) دەردەکەوێ، زۆر شتی دیکە ماوە کە لە لای (غوزامی) لەبارەی ڕەخنەی شیعریی هەروەها ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە دەگوترێت، کورتییەکەی ئەوەی بە شیعرەوە بەندە، ئەوەیە کە ئەو بە ئامرازو ڕێبازی ناشیعری قسە لەسەر شیعر دەکات، ئەو لە دەرەوەی شیعرەوە قسە لەسەر شیعر دەکات، نەك لە ناوەوەی شیعر، ئەوەش بەڵگەیە بۆ گەندەڵی ڕەخنەکەی. بەلام قسەکردن لە سەر ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بۆ ئەوانیدیکە کە لەو بارەوە لە من پسپۆڕترن هەڵدەگرم.

بەلام کتێبی (شیعرو وجود)ی (عادل زاهر)ی مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی (نیویۆرك) لە قسە لە سەر کردنی دوودڵم چونکە بە دەوری ئەزموونی شیعری

منـدا دەخولێتـەوە، بۆیـە داوای لێبـووردن دەکـەم کـە دەڵـێم ئـەوە لـە رەخنـەی شـیعری لای عـەرەب نموونەیـەکی دەگمەنـە، ئـەوە سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئـەو رەخنەیەی بە بزاوتی رەخنەی شیعری لە دنیای تازە بەستاوەتەوە، بە تایبـەتی وەك چـۆن لای هایدگـەر بەرجەسـتەیە، بـە هـەمان شـێوەش بـە مێـژووی خـۆی پەیوەستی دەکات وەك چۆن لە فەلسەفەی عەرەبیش (ئیبن سینا، فارابی، ئیبن روشد) نوێنەرایەتی دەکەن، هەروەها وەك چۆن لە ئەزموونی شیعری (ئەلمعری) نوێنەرایـەتی کـردووە، ئـەو شـیعری لـە فیکـر جیـا نەکردۆتـەوە، پێیوایـە شـیعر جوانترین‌و تەواوترین تەعبیرکردنە لە مرۆڤ .

<u>تێبینـــی</u> ئـــەو چـــاوپێکەوتنە لـــە لایـــەن (عومـــەر کـــوش)ی نووســـەر ســـوری 2005/5/16 سازکراوە

بڕوانە: حوار العرب عدد 11 /تشرين الاول/2005

لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە بڕوانە:www. arabthought.org

## ئەدۆنیس:

## من لە رووی هونەرییەوە بوونەوەرێکی (گومانکارم)

ئەوە یەکەمین جار نییە کە ئەدۆنیسی شاعیر دەدوێنم بەڵام یەکەم جارە دەچمە ماڵەوەی لە گوندەکەی (قەسابین) کە 25 کم لە لازقییەوە دوورە, ئەوەی کە لە ماڵەکەی سەرنجی راکێشام زەوقی جوانکارانەو ناوماڵە عەرەبییە دیمەشقییەکەی نەبوو, بەڵکو ساکارییەکەی بوو کە رەنگدانەوەی تەواو لەرەفتاری خاوەنەکەیەوەیە, ئەوەش بۆ من وێنەیەك بوو لە دەرەوەی وێنەی ئەوەوە, واتە لەدەرەوەی ئەو وێنەیە بوو کە دەمێکە میدیاکان وەك ئەستێرەیەك دەیخەنە روو وەك ئەستێرەیەك کە چاوەڕوانی خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی دەکات, ئەو چاوەڕوانییە ئەدۆنیسی دووچاری ناوزڕاندن و پەلاماری زۆر کردووە, هەندێك وایدەبینن کە بیرکردنەوەو خوێندنەوەی رەخنەگرانەی ئەدۆنیس بۆ کەلەپوری عەرەبی (دەماگیرانە بووە) بەرامبەر هێزی کۆنزەڤاتیڤ و جۆرێکی

راستەوخۆش بووە لەپیاهەڵدانی دامەزراوە خۆرئاواییەکان کە خەڵاتیان بەدەستەوەیە, بەڵام بێگومان زۆربەی ئەوانە یەك وشەیان لە خاوەنی (مهیار الدمشقی) نەخوێندۆتەوە, یان خوێندوویانەتەوەو خۆیان بۆ جۆرێك لەتەئویلکردن ئامادەکردووە کە خاوەنەکەی بکەنە قوربانی تیۆرە پیلانئامێزەکەیان بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ ئەو بەخششان بکەن کە ئەدۆنیس پێشکەشی رۆشنبیریی عەرەبی کردووە, بۆ نموونە کتێبی (ستاتیكو دینامیك) بۆخۆی دامەزرێنەرێکە کە نزیکەی (30) ساڵ بەسەر نووسینی تێپەڕیووە کەچی تاکو ئێستا وەك سەرچاوەی بنەڕەتی خوێندنەوەی مێژووی رۆشنبیریی عەرەبی بەکار دێنن, هەر وەك شیعرەکانی کە هەمیشە لەنێوان لایەنگیران و نکۆڵیکەران نیشانەی (جیاوازی) شیعری عەرەبی هاوچەرخ لەخۆدا هەڵگرتووە, بەڵام هەندێك پێیانوایە کە ئەو (جیاوازییە) کاریگەرییە (شۆڕشگێرییەکەی) یان کودەتائامێزەکەی دەشێ بەپەراوێز بکرێت, کە ئەسڵەن بەپەراوێز ناکرێت.

لەو کفتوگۆیەدا کە ئەدۆنیس پێیوایە بڵاوبووتەوەی لە رۆژنامەی (ئەلئەهرام) دەشێ هۆی رەشکردنەوەی مێژووی ئەو بەدحاڵی بوونە بێ کە دووچاری بووە. لەرێگەی ئەزموونی خۆیەوە وەك شاعیرو بیریار بەراشکاوی قسەی لەسەر فیکرو دوا بەرهەمەکانی و تێگەیشتنی بۆ ناسنامەی نادروست و لەدایکبوونی نوێ و هەروەها رای خۆی لەبارەی ئەو پەلامارانە دەربڕی کە دووچارییان بۆتەوە.

***پێمگووت ئەوەی بەدوای هەنگاوە ئیبداعییەکانت کەوتبێ دەبینێ تۆ شەیدای شتێکی کە پێیدەڵێن (لەدایکبوونی نوێ) ئایا نهێنی ئەوە هەوڵدانە بەرەو سەرچڵی لەدایکبوونێکی دیکە ت نابات؟.**

مرۆڤ بوونەوەرێكی زیندووە, چونكە بەردەوام لەنوێبوونەوەدایە, بەو مانایەش مرۆڤ ناسنامەیەكی ئامادەو پێشترو هەتا هەتایی نییە, ناسنامەی ئامادە, ناسنامەی شتە بێ جوڵەكانە, مرۆڤ بوونەوەرێكی جوڵاوەو ناسنامەكەی لە پێشیدایەو بەردەوام دایدەهێنێ, لای من مرۆڤی راستەقینە لەجوڵەو لەدایكبوونی نوێدا دەژی, بۆیە من هەمیشە بەلای گۆڕانكاریدا دەكەومەوە هەندێجاریش كەخۆم لە نوێبوونەوەدا نابینم حەز دەكەم ئەو نوێبوونەوەیە لە دەقی داهێنەرەكانی دیكەدا ببینمەوە.

ئەوەی كە من لە ناوەوە دەینووسم لە دەرەوەشە بۆیە دەتوانم حوكمیان بەسەردا بدەم, هەستدەكەم ئەوەی كە من دەمویست بینووسم , یان ئەوەی كە حەزم دەكرد بینووسمو هەتا ئێستا نەمنووسیووە, هەروەها هەموو ئەوانەی كە كردوومە جۆرێك بووە لەدەست خستنە سەر شتەكان, هەستێكی قووڵم هەیە بەوەی كە من بوونەوەرێكم لە داهاتوودا دێمەوە, ئەوەی كە نووسیوویشمە دوا شت نییە هەرچەندە توانای ئەوەم هەیە كە دەست لە زۆرێك لەو شتانەی كە نووسیوومە هەڵگرم, چونكە كاتێك نووسینە كۆنەكانم لەگەڵ ئێستا بەراورد دەكەم هەستدەكەم كەموكورتی تیایە, نووسینەكانم وەك ئەوەی كە دەمەوی وانییە, نە نوێنەرایەتی من دەكەنو نە دەمدوێنن. رەنگە دووچاری حەپەسان بیت كە پێتدەڵێم من وەك هەندی كەس داوێنگیری هەموو ئەو وشانە نیم كە نووسیوومە. من لە رووی هونەرییەوە بوونەوەرێكی (گومانكارم) هیچ كاتێك رازی نیم یەوەی كە دەیكەم, بۆیە وەك شیعر من چاوی شیعرم, دوای نزیكەی نیو سەدە لەنووسین هەندێ گەنج هەن كە تەمەنی هونەرییان خۆی لەنیوەی ئەو تەمەنە نەداوە كەچی وەك چەندایەتی بەرهەمییان زۆر لەهی من زێترە.

***ئەگەر لێت بپرسین تۆ بۆ كام قۆناغ لە قۆناغەكانی ئیبداعی خۆت زێتر لاگری دەكەیت؟.**

ٲمن لاگری قۆناغی داهاتوو دەكەم.

***لەو شیعرانەی كە بەو دواییە بلاوت كردوونەتەوە, هەستدەكەم لەسەرقاڵبوون بە زەمانەوە بەرەو سەرقاڵبوون بە شوێن و لێوردبوونەوەو كفتوگۆكردن لەگەڵ جوڵەی ناوەوەی خود هەنگاوت ناوە, چۆن ئەو گۆڕانە راڤە دەكەی و دەیخوێنیتەوە؟**

ٲلەرابردوو لەشیعرەكانمدا دەتتوانی دەستت بەر جێكەوتەی پرۆژە گەورەكان و ئایدیۆلۆژیا بكەوێ, لەگەڵ ئەوەشدا ویستی رزگاربوونی تیا دەبینرا, هەموو ئەوانە هەژموونیان بەسەر ئەزموون و دەقەكانمدا هەبوو, بۆیە بەفیكرەی گۆڕانكاری و زەمەن كارم تیا دەكردن, ئیستاش واهەست دەكەم ئەو خولیایە كۆتایی نەهاتووە, بەلام هەوڵدەدەم سروشتی شوێن و پەیوەندییە چەسپاوەكانی لەدووتوێی كۆكۆدنەوەی كات و شوێندا ببینم. ئەوەش واملێدەكات پەیوەندیم بە شوێن پارێزگاریكردنێكی دیكە زەمانی لێبكەوێتەوە.

***تۆ كە دەڵێی قۆناغی یەكەم لە شیعری من ئایدیۆلۆژیائامێز بووە تووشی سەرسامیم دەكەی چونكە تۆ لەو یەكەمانە بووی كە لەدەقدا بانگەشەی بەجێهێشتنی هەژموونی ئادیۆلۆژیات دەكرد, بەمانایەكی دیكە تۆ تەواو دژ ی بوویت, بۆیە لێت دەپرسم ئایدیۆلۆژیا چ دەگەیەنێت؟.**

ٲمن بەدرێژایی ژیانم دژی ئەو ئایدیۆلۆژیای بوومە كە شیعری تەعلیمی موژدەبەخش دێنێتە بەرهەم, كە لەقۆناغی یەكەمی شیعریم دەدوێم مەبەستم ئەوەیە كە من لەو قۆناغە تاكێك بووم لەدووتوێی پرۆژەیەكی گشتی, شیعرم لەو

قۆناغەدا بەمانا ئەفلاتوونییەکەی سیاسی نەبووە, بەڵکو بەمەبەستی بونیادنانی مرۆڤ بووە.

***هەر لەوەیادهێنانەوەی ئایدیۆلۆژیا ئایا هیچ شتێك لە فیکرەی حیزبی ناسیونالیستی سوری لەناو ئەدۆنیس ماوەتەوە کە کاتی خۆی ماوەیەکی کورت سەربەو حیزبە بووە؟.**

کاریگەری زۆرێك لە فیکرەکانی ئەنتوان سەعادە کە تیۆریزەکەری حیزبی ناسیونالیستی سوری بوو, بۆ نموونە کۆمەڵێك فیکرەی دژ بە رەگەزپەرستی هەروەها هێنانەناوەوەی چەمکی (بەرەبابی مێژوویی) کە لەتاکە کۆمەڵگایەکدا ئاماژەی بەیەکەوەلکانی رۆشنبیرییەکان دەکرد, وێرای تێگەیشتنی بۆ (بەرەبابی ژیاری) لە کۆمەڵگای عەرەبی ئیسلامی و ئەو شوێنەی کە لەوێدا کۆتایمان پێهێنا و رێگای زمانی عەرەبیمان پێدان و ئیستاش شانازییان پێوەدەکەین و بە فەزڵی ئەوان بڕوامان بەعەرەببوون بەمانا رۆشنبیرییەکەی لەلا چەسپا, ئێمە بەشێکین لەو ژیارییە گشتیە کە ژیاری فیرعەونییەکان و سۆمەرییەکان و فینیقییەکان دەگرێتەوە, هەروەها هەندێ فیکرەی لەبارەی لەیەکجیاکردنەوەی ئایین و دەڵەت لاهەبوو, قایلبوو بەوەی کەئایین مەسەلەیەکی شەخسی بێ و دەبێ لەو چواچێوەیەدا رێزی لێبگیرێ, من لەو بڕوایەدامە کە زۆرێك لەو بیروڕایانە هەتا ئێستا ملکەچی بەدتەئویلی دەکرێن, لەو بڕوایەدام فیکرە قووڵەکەی ئەنتوان سەعادە دژی هەموو بنەچەو رەگەزپەرستییەك بوو کە ئێستا زیاد لەهەموو کاتێکی رابردوو پێویستترن, بە بڕوای من هەموو شاعیرو بیریارێکی حەقیقی نە فاشییەو نە رەگەزپەرست. ئەوەی کە لە سیرەی (سەعادە) سەرنجم رادەکێشێ ئەو پەیوەندییە قووڵە بوو کە بەئەدەب و هونەرەوە هەیبوو بە پێچەوانەی هاوچەرخەکانی لە سیاسی و بیریارو

ئەوانەی كە زۆر قسەیان لەسەر ئەوە دەكرد كە ئەدەب ئاوێنەی رەنگدانەوەی كۆمەڵگایەو دەبێ تەعبیری لێبكات, ئەو خوا لێیخۆش بێ دەیگوت (هونەر رۆشنابەخشە) جیاوازییەكە ئاشكرایە چونكە ئەوەی كە ئەو دەیویست گرنگی بۆ كۆمەڵگا زۆرتر بوو, هەروەها شتێكی دی كە لەو فێر بووم ئەوە بوو كە هەموو پرۆژەیەكی هونەری و فیكری بۆ خۆیان پرۆژەی كراوەن هیچ دەرفەتێك بۆ دواین فیكری داخراو نابێ هەبێ. زۆر لەو شتانە بە دارشتنی دیكە لای من هەیەو لە لایەن خۆمەوە كارم لەسەر كردووەو تێكەڵی بەرهەمە شیعرییەكانی خۆم كردوون.

***ئایا تۆ لەو بڕوایەدای كە لەگەڵ فیكرەكان ئەنتوان سەعادەدا زۆرێك لەخراپ تێگەیشتنت بەوراسە جێهێشتبێ كە تۆو ئەوی دووچاری بەدتەئویلی كرد؟.**

ههەڵبەتە من هەتا ئێستاش بەدەست بەدحاڵیبوونی مێژووییەوە دەناڵم, هەروەها واهەستدەكەم ئەو بەدحاڵیبوونە لەخۆوەو رەمەكیانە نەبووە, بەڵكو بەدنیازی لەپشتەوە بووە, هەندێجار كەسانێك وەك تاك پەلامارم بۆ دێنن كە ئەسڵەن نەیانخوێندوومەتەوە, هەندێكش لە پەلامارەكان بۆ ئیرەیی و هاودژبوون و دەگەرێتەوە هەروەها هەندێ ئیرەییان بەو نابانگ و ئامادەییەی من دێ, هەندێكش لەوێوە پەلامارم دەدەن كە ئەسڵەن بڕوایان بەوە نییە تاكی عەرەبی بتوانێ بەمجۆرەی من كاریگەری هەبێ و بتوانی بە شێوەیەكی سەربەخۆو عەقڵییانە لە مەجالەكەی خۆی شتگەلێك جێبەجێ بكات, پیلان هەمیشە پێیوایە ئەگەر كەسێك بتوانێ سەركەوتنێكی جیهانی بەدەست بهێنێ یان دەبێ رژێمی عەرەبی لەپشت بێ, یان دەزگایەكی بیانی. زۆربەشیان ناتوانن ئەوە قبول بكەن كە گەنجێكی هەژاری وەك ئەدۆنیس لە لادێیەكی بچووكی دەوروبەری (لازقیەیە) كە ناوی (قەسابینە) بە بێ پشتگیری لایەن و رژێمێك بتوانێ ئەو

هەموو بەخششە بەئەنجام بگەیەنێ, بەڕای من ئەوە قەیرانی متمانەی توانای تاكی عەرەبی نیشان دەدات, نووسەری عەرەبی دەق ناخوێنێتەوە پەیوەستبوونەكان دەخوێنێتەوە, گرفتەكە بۆ دەقەكانمان ناگەڕێتەوە بەڵكو بۆ ئەو عەقڵە دەگەڕێتەوە كە دەقەكان دەخوێنێتەوە. بەڕای من ئەمڕۆ گرفتی رۆشنبیریی عەرەبی گرفتی خوێندنەوەیە, نەك گرفتی نووسین بۆیە زۆر دەقی گرنگ هەن ونن.

***لەدوا بەرهەمەكانت كە بووە هۆی هەڵلا نانەوە (ئەلكیتاب) بوو, كە موتەنەبی وەك دەنگێكی بنەڕەتی و زاڵ ئامادەیی هەیە, ئایا لەو بڕوایەدای كە ئەو كتێبە بەتەواوبوونی بەرگی سێیەمی هاتۆتە كۆتایی؟.**

ٲوەك گوتم من دژی تەواو بوونم, بەڵام هەر دەبێ لە سنوورێكی دیاریكراو بوەستین, ئامانجیش لە (ئەلكیتاب) بەخشینی وێنەیەكی قۆناغی یەكەمی دامەزراندنە لەرۆشنبیریی عەرەبیی هەر لە كۆبوونەوەی سقیفەی دوای كۆچكردنی پێغەمبەر تا دەگاتە سالی 354 ك كە دەكاتە سالی كۆچكردنی موتەنەبی, ئەوەش بە گشتی هەوڵێكە بۆ لێوردبوونەوە لەمێژووی عەرەبیمان, رەنگە وەك كیتاب تەواوی بووبێ, بەڵام وەك پرۆژە هەتا ئێستا كراوەیە.

***بەڵام هەندێك لەرەخنەگران دەڵێن كە تۆ لەو قۆناغەدا جگە لەمێژووی خوێناوی عەرەب و موسڵمان هیچی دیكەت نەهاتۆتە بەرچاو؟!.**

ٲئەوان ئەو كتێبەیان نەخوێندۆتەوە من چەندانجار گوتوومە كە ئەوە بۆ خۆی رۆمانی خۆشەویستیە بۆ مێژووی عەرەبی, ئەوەی باش مێژوومان بناسێ دەزانێ من هیچ شتێكم تیا دانەهێناوە, سلبیاتەكان بۆخۆیان لەنێو سەرچاوەكاندا بوونیان هەیە, هەروەها من هەر تەنها ساتەوەختەكانی تاریكیم نەگێڕاوەتەوە, ئەلكیتاب بۆخۆی پڕە لەبریسكەی روناكی, لەسەر رەخنەگرانی

ئەلكیتاب پێویستە بزانن كە مێژوومان حاڵەتێكی دەگمەن نییە, بەڵكو وەكو مێژووی هەموو نەتەوە جیا جیاكان سلبیات و ئیجابیاتی تیایە, بەلام ئەو نەتەوانە لە جورمی بێگاری مێژووو هێزە تاریكیەكەی دەربازییان بووە, بۆیە هیچ كەسێ لە نەوەكانیان بە تیرۆریست تاوانبار ناكرێن, بەلام ئێمە وێنەی خۆمان لە وێنەی (تیرۆریست)دا دەبینینەوە, بەداخەوە خودی ئەو وێنەیە لەدووتوێی بونیادی رۆشنبیریی عەرەبی بوونی هەیە, تۆ كە رۆژنامە عەرەبییەكان دەخوێنیتەوە تەواوی جۆرەكانی كوشتن و راوەدوونانی مەعنەوی دەخوێنیتەوە, هەندێك وتاری بوختانپێكەری تیایە كە خوێنی لێدەتكێ.

***چۆن رووبەرووی هەوڵی (دەستكوژی مەعنەوی) ئەگەر ئەو دەستەواژەیە بشێ, بووتەوە؟**

هەر تەنها بەكاركردن, چونكە من خۆم دەناسم وەك چۆن ئەوانیدی كە هەوڵی كوشتنم دەدەن, دەناسم, هەروەها زۆربەیان لە توێی سێبەری من ژیاون. هەندێكیان پێیانوایە ئەوە جەربەزەییەو هەوڵێكە بۆ لەباوك رزگاربوون, ئەوە باشە بەلام رزگاربوون لەمن بەزمانی كارەكانم نابێ, دەبێ رزگاربوو زمانی خۆی دابهێنێ, دووەم نابێ ئەو باوكەی خۆی بشێوێنێ, هیوادارم هەموو كەسێ بەدرێژایی مێژووو لەهەموو ئەو مەجالانەی كە كاری تیا دەكەن بتوانن كەسێتی خۆیان دابهێنن, هیچ كاتێك وشەیەكم بۆ یەكێك بلاو نەكردۆتەوە كە بزانم تەقلیدم دەكاتەوە چونكە من هەمیشە لەگەڵ ئازادبوونی تاكم لە باوك, هەروەها لە خودی خۆی.

**تێبینی:**

**ئەو چاوپێكەوتنە لە لایەن (سەید مەحمود حەسەن) لە سوریا بۆ رۆژنامەی ئەلئەهرام سازكراوەو من لە ئینتەرنێتەوە وەرمگرتووەو تەنها ناونیشانەكەم گۆڕیووە 2005/9/5 بڕوانە:**
**www. kika.com**

## ئەدۆنیس:
## شیعر دەتوانێت مێژوو راڤە بكاتەوە،
## بەڵام مێژوو ناتوانێت شیعر راڤە بكات.

*** ئایا شیعر لە قەیران دایە؟**

أشیعر هەمیشە لە قەیراندایە، گرنگترین تایبەتمەندی شیعر ئەوەیە كە لە قەیراندا بمێنێتەوە، لە بەر گەلێك هۆ، یەكەمین رواڵەت لە رواڵەتەكانی ئەو قەیرانە پۆزش هێنانەوەیە بۆ زمان، بەوەی كە بۆتە هۆی لەناوچوونی شتگەلێك كە قسەی لە بارەوە كردوون. شاعیریش هەمیشە هەست بەوە دەكات ئەوەی كە

دەیەوێت بیڵێت‌و دەیەوێت بیگاتێ نیمچە مەحاڵە، کاتێ شتێك کەشف دەکات ئەوسا بۆی دەردەکەوێت کە کۆمەڵێك شتی دیکە هەن دەبێ کەشفیان بکات.

رواڵەتی دووەم لە رواڵەتەکانی ئەو قەیرانە ئەوەیە کاتێ شاعیرێك لە نێوان ئەو شتانەی کە پێشینە بەرهەمی هێناون لە لایەك‌و ئەوەی ئەوانیدیکە لە لایەکی دیکە بەرهەمیان هێناوە، خۆی بە زمان دەپێوێ هەر زمانێك بێت (عەرەبی) بۆی دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی هەندێ لە پێشینانی خۆی‌و ئەوەی کە داهێنەرانی دیکە لە هەموو جیهان پێیگەیشتوون دەبێ هەوڵی زۆر بدات.

خەسڵەتەکانی شیعر ئەوەیە لە قەیراندا بێت، دواتر هەر ئەو قەیرانەیە شاعیر دووچاری دڵەڕاوکێ دەکات ئەو دڵەڕاوکێیەش شاعیر وا لێدەکات بەردەوام ئارەزووی تەجاوزکردنی خۆی هەبێت.

پەیوەندی شیعر بە خوێنەر، بە رواڵەتێك لە رواڵەتەکانی قەیرانی لاوەکی شیعر دەژمێردرێت، دەڵێن شیعر بە شێوەیەك لە شێوەکان ئابلۆقە دراوە، ئەوە راستە، بەڵام بە چ پێوانەیەك ئەو ئابلۆقە مێژوویە دەپێورێت، ئایا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەك دەڵێن زەمەنی ئەمڕۆ زەمەنی هونەرەکانی دیکەی وەك رۆمان‌و هونەری شێوەکاری‌و گۆرانییە، راستە شتێك لەو بابەتە هەیە، بەڵام وابزانم رەوشی شیعری عەرەبی بەگشتی بەشێکە لە رەوشی شیعری جیهانی، ئەو جیهانەی کە تەکنیککاری نوێ‌و زانستی نوێی تێدا لە دایك دەبێت. ئێمە لە جیهاندا لە دەروازەی کودەتایەکی مەعریفی داین، لێرەوە هەستدەکەم پەخشبوونی شیعر بە شێوە ئاسۆییەکەی لە کەمی دایە، بەڵام بە شێوە ستوونییەکەی لە زۆربووندایە، ئەوەی شێوە ئاسۆییەکە دەیدۆڕێنێت، شێوە ستوونییەکە دەیباتەوە، یەکێك لە رووکارەکانی سوودی ستوونی ئەوەیە کە خەریکە شیعرو

**زانست بەیەك دەگەیەنێت بە تایبەتی زانستی بۆشاییئەستێرەناسی کە لە بنەڕەتدا پێشبینییەکی شیعرئامێزە، بەو مانایەش شیعر ناشێ بپوکێتەوە، چونکە شیعر وەك خۆشەویستی و مەرگ بە شێوەیەکی گەردوونی بە مرۆڤەوە پەیوەستە، لە بەر ئەوەی خۆشەویستی و مەرگ ئامادەن بۆیە ناشێ شیعر ئابلۆقە بدرێت.**

*** هەندێك لە رەخنەگران قەسیدەی نوێ لە ئەدۆنیسییەت ، یان دەروێشییەت (سەر بە ئەدۆنیس، یان محمود دەروێش،و:ك) پۆلێن دەکەن، قسەی تۆ لەو بارەوە چییە؟**

**ئەوە پرسیاری یەکەمە بەڵام پرسیاری دووەم ئەوەیە تۆ لە یەکێك لە کەناڵە ئاسمانییەکان گووتت من دژی هەموو پەردەپۆشکردنێکم، پاشان بە پەردەپۆشکردنی گفتوگۆیەکەی خۆتت هەڵگوتو گووتت: پەردەپۆشی رەنگە بەشێك لە جوانی بخاتەوە..!**

**پرسیاری یەکەمت لە خوێنەران بکە، نەك ئەدۆنیسو دەروێش. لای من ئەگەر وەڵامێك هەبێت ئەوەیە، کە من ئاواتم ئەوە نییە شیعر بێتە ئەدۆنیسی، حەزیش ناکەم کەس لاساییم بکاتەوە، یان بکەوێتە ژێر کاریگەریمەوە، چونکە سروشتی ئەزموونی من، شاعیران بەرەو داهێنانو دۆزینەوەی رێبازی تایبەت بەخۆیان پاڵ دەنێت، بۆ ئەوەی کەس لاسایی کەس نەکاتەوە.**

**هیوادارم پاڵنەری بنەڕەتی لە شاعیردا تاکایەتی بێت، چونکە لە رێگەی تاکایەتییەوە تەواو لە ئەوانیدیکە جیا دەبیتەوە، دەبێ لە هەموو سەرچاوەیەك دەرباز بیتو سەرچاوەی تایبەت بەخۆت و دنیابینی تایبەت بەخۆت هەبێت، هیوادارم هەموو شاعیرێك ئەو رێچکەیە بگرێتە بەر.**

بەڵام پرسیاری دووەمت یان قسەت لە سەر قسەی من لە كەناڵە ئاسمانییەكان ئەو بیانوەی لە نێودڕی قسەكانمدا دەیبینیت... راستە من پەردەپۆشی رەتدەكەمەوە بەڵام ئەگەر بخرێتە سەر شتە بۆگەنەكان، هەرگیز وەك جوانكاری رەتی ناكەمەوە، سەرپۆش هەتا لای خەڵكانی نا موسڵمانیش لە ئارادایە، ئەوەی من لەو كەناڵە ئاسمانییە گوتم هەر تەنها سەرنجێك بوو خستمە روو، ئەگەر ئەو خاڵانەی جوانی و سەرنج كێشكردن لە روخساری مرۆڤ ببینی كە لەگەڵ سەرپۆشین یان بە هۆی ئەو دەردەكەون، دەبینی سێنتەری سەرنج كێشكردن لێوو چاوە، كاتێك دایدەپۆشی ئەو جوانییە بەرجەستەتر دەبێت ئەوەی گوتم ئەوەبوو گوتم.

***دوای سەدەیەك گوزەركردن بە رێنسانسدا، چۆن سەیری واقیعی عەقڵی عەرەبی دەكەیت؟**

ئەوەی دەیخەیتەروو گیروگرفتێكی تیۆری نییە، بەڵكو گشتییەو زیندووەو رۆژانە دەخرێتە روو، لەگەڵ رێزم بۆ هەموو بیریارانی سەردەمی رینسانس، من ناوی ئەو سەردەمە بە رینسانس نابەم، بەڵكو بە سەردەمی هەرەس ناوی دەبەم، هۆیەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو پرسیارە سەرەكییەی كە دەبایە لە رووی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فیكری بكرایە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بیت نەخراوەتەروو، ئەگەر خرابێتە رووش بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ خراوەتە روو، نەك راستەوخۆ، من دەتوانم نموونەی زۆر لەو بارەوە پێشكەش بكەم، ئەوان بۆ یەكەمجارو دواجار حەقیقەتمان لە رێگەی سروشەوە پێدەبەخشن، پەروەردەی رۆشنبیریشمان هەر لەوێوەیە، ئەو مەسەلەیە نە لە سەردەمی رینیسانس و نە ئێستاش لە سەر ئاستی مەعریفی نەخراوەتە بەرچاو!

لـە گۆڤـاری (مواقـف) هەوڵمانـدا ژمارەیـەكی تایبـەت دەربكـەین، لـە بـارەی ئـەو گیروگرفتە بنەڕەتییە، هەروەها ویستمان ژمارەیەكی تایبەت دەربكەین، لە سەر گیروگرفتی ئافرەت. دوو ژمارەمان دەركرد كە بوونە دواین دوو ژمارە چونكە بیانووی ئەوەیان پێگرتین كە دەبێ بە شێوەیەكی یاسایی گفتوگۆ لە سەر ئافرەت بكەین، ئەوەش بووە هۆی داخستنی گۆڤارەكە، چونكە گۆڤارەكە دەیوست بە شێوەیەكی ریشەیی چاو بەو گیروگرفتانەدا بگێڕێتەوە كە تێیدا دەژین، كە تاكو ئێستا نەمانتوانیووە ئەو كارە بكەین، تەنها ئەوە نەبێت كە گۆڤارەكەیان راگرت.

من رەخنەی خۆم لە دەسەڵات كورت ناكەمەوە كە ترۆپكی دواكەوتنە، ئەوە لە بیر ناكەم كە لە خودی كۆمەڵگەدا چەندان شەپۆڵ و چەندان كەس هەن چەشنی دەسەڵات لە دواكەتندان...نموونە بۆ ئەوە زۆرە.

*** پەیوەندی ئەدۆنیس بە شوێنەوە پەیوەندییەكی گیروگرفئامێزە، دەتوانی قسە لەو بارەوە بكەیت؟**

أمرؤۂ قورسە قسە لەخۆی بكات، من لەوانەم كە بە دوودڵی قسە لە شیعرو دنیابینی شیعری خۆیان دەكەن، چونكە شاعیر هەمیشە بەدوای شتەكاندا دەچێ، پشت بە دڵنیابوون نابەستێت. لە وەهمدایە، هەنگاو بە تاریكیدا دەنێت، هیچ حەقیقەتێكی لا نییە تا لە راڤەكردنی پەیوەندی بە زەمان و مەكان پشتی پێببەستێت.

ئێستا دوای بە سەرچوونی زەمەنێك هەوڵدەدەم خۆم لە شیعرەكانم جیا بكەمەوەو وەك خوێنەرێك سەیریان بكەم، كە سەیر دەكەم، پەیوەندیم بە مەكان و زەمان و مەرگ زاڵمانەیە، لەگەڵ ئەوەی منداڵیم نییە، چونكە من منداڵ بووم كارم دەكرد، كەچی ئێستا كە بیر لەو منداڵییە دەكەمەوە، منداڵی و شوێن،

**تێدەگەم ئەوەی كە ئارەزووی شاردنەوەی شوێنم تێدا بێدار دەكاتەوە منداڵیمە. ئەوە بنەڕەتی یەكەممە، بەڵام بنەڕەتی دووەم سەفەركردنمە بە دنیادا لە ڕێگەی ئەو سەفەرانەوە بەراورد دەكەم لە نێوان ئەو نشتیمانەی كە ئینتمام بۆی هەیەو ئەو وڵاتانەی كە سەردانییان دەكەم، ئەوە فاكتەرێكی نەستییە لە كەشفكردنی شوێن. دابەشكردنی نێوان زەمانو مەكان گران دەكەوێتەوەو جیاكەرەوەیان لە نێواندا نییە.**

**ئەمڕۆ ئارەزووییەكی قووڵم هەیە بۆ پەیبردن بە شوێن لەو وڵاتەی كە تێدا لە دایك بووم، ئەوەش لەگەڵ ئارەزووم بە پەیبردن بە زەمان، هاوسەنگ دەكەێتەوە.**

*** پێشتر گوتوتە زمانی عەرەبی نیشتیمانی منە، هەستت بەرامبەر بە تاراوگە چییە؟**

**أمرۆڤ هەمیشە لە قەیراندایە، چەمكی وڵات چەمكێكە پڕ لە ناجووری، چونكە بە سیاسەتو دەسەڵاتو مەسەلەی دیكەی جۆراوجۆر داپۆشراوە، نیشتیمان هەر تەنها سیستەمێك نییە، یان دەوڵەت یان جوگرافیا، بەڵكو مرۆڤو ئازادییەكانی مرۆڤو مافەكانیەتی، هەمیشە خەونی من ئەوە بووە لە نێوان مرۆڤایەتی مرۆڤو ئەو شوێنەی ناوی دەنێن نیشتیمان پراكتیزە كردن هەبێت. چونكە ئەو پراكتیزەكردنە چەسپاو نییە ئیتر ئەگەر لە نیشتیمانیش دابم، هەستدەكەم لە تاراوگەدام. سەرەرای ئەوە، زمان بە مانا قوڵەكەی بە نیسبەت شاعیر ئەوەیە كە لە نێوان ئەوەی خەونی پێوە دەبینێتو ئەوەی كە تێیدا دەژیت یەكەیەك لە هاوگونجان هەبێت، بۆیە هەستدەكەم نیشتیمانی ڕاستەقینەم لە زماندایە، ئەگەرچی خەیاڵی دەكەوێتەوە.. هەستدەكەم نیشتیمانم ئەو زمانەیە كە پێی دەنووسم.**

*** ئەزموونی شیعریت تا چەند لەگەڵ دنیابینی شیعریت بەیەكەوە هەڵدەچن؟**

**ٲئەو پرسیارە وام لێدەکات لە سەر خۆم قسە بکەم، بە راستگۆییەوە دەڵێم دوای پەنجا ساڵ لە نووسینی شیعر کەچی هیچم نەکردووە، ئەگەر توانام هەبێت سێیەکی شیعرم بسڕمەوە، بە هیچ جۆرێك دوودڵ نابم، چونکە ئەوەی خەونی پێوە دەبینم تەنها کەمێکم لێ بەرهەمهێناوە.**

*** ئەمرۆ (بەیروت) لە هەموو ئاستەکاندا لە جۆرێك لە شەڕدا دەژێت، ئەوەش لەوەی ساڵی 1982 دەچێت، چ لە رووی ئابڵوقەو چ لە رووی گۆڕانکارییە گەورەکاندا، تۆ رات چییە؟**

**ٲپێموانییە لێرەدا گۆڕانکاری گەورە لە ئاستێکی قووڵدا هەبێت، لوبنان تایفەگەری دروستی کردووە، شەڕی لوبنان شەڕێکی کۆمەڵایەتی و فیکری نییە، شەڕێکە لە سەر دابەش کردنی تایفەگەری نەك شەڕی کۆمەڵایەتی کاریگەر، چونکە ئەسڵەن هیچ گۆڕانکارییەك لە رەگەزە سەرەکییەکانیدا نەکراوە، بۆیە هیچ گۆڕانکارییەك لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا بەدەست ناهێنێت.**

*** لە گفتوگۆ لەگەڵ ئەویدیکەدا چ دەڵێیت؟**

**ٲگفتوگۆکردن لەگەڵ ئەویدیکە شتێکی ئاسان نییە، راستگۆییش لەگەڵ خود لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمە، کە تاك تێیدا هیچ ماف و ئازادییەکی نییەو ناتوانێت قسە لەخۆی بکات، قسە لەخۆ کردن وەك مردن وایە، ئایا لەو حاڵەتەدا بە شێوەیەکی راستگۆیانە دەتوانم قسە لە گیروگرفتەکانی خۆم بکەم؟ ئەگەر توانیم ئایا دەتوانم ئەو قسانەم یان دیالۆگ لەگەڵ خۆم لە کتێبێك یان گۆڤارێکدا بڵاو بکەمەوە؟**

**کەواتە ئەگەر کەسێك نەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ خۆی بکات، چۆن دەتوانێت دیالۆگ لەگەڵ ئەودیکەدا دروست بکات؟!**

هەموو كەسێك لە ئێمە لە نێو كەسێتییەكی وەهمیدا دەژیت، كەسێتییەك كە بە پەیوەندی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی باو رەنگ كراوە، كاتێك بیەوێت ئەو پەیوەندییە بشكێنێ بەخۆشی لەگەڵیدا دەشكێت، ئەوەش بۆ هۆیەكی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە ئەویش ئەوەیە، كە ئێمە نەمانتوانیووە دەوڵەتێكی مەدەنی دروست بكەین. كاتێك كە تاكێك لە ئێمە لە كۆمەڵگەیەكی دیكەدا دەژی، دەبینین لە هەموو بوارەكان سەردەكەوێت، چونكە رێگە لە بەرامبەری كراوەیە بۆ ئەوەی بلیمەتی خۆی تێدا بەجێ بهێنێت، بەڵام خودی ئەو تاكە لە كۆمەڵگەی عەرەبی سەركەوتن بەدەست ناهێنێت و بەردەوام رووبەرووی كێشەی نێوان خۆی و پرۆسیسەكردنی بلیمەتییەكەی دەبێتەوە.
لێرەوە دەبینین ئەو تاكە عەرەبییەی كە لە دەرەوەی كۆمەڵگەكەی خۆی دەژی، توانای دیالۆگی ئەویدیكەی هەیە...بەڵام ئێمە هەمیشە بیانوو بۆ دواخستنی رووبەرووبوونەوەی شتە حەقیقیەكان دەهێنینەوە جارێك بە ناوی سیاسەت، جارێكی دیكە بە ناوی ئایین جاری سێیەم بە ناوی ململانێ لەگەڵ بێگانەدا.. بەمجۆرە گفتوگۆی ئێمە وەك گەلێك لەگەڵ دنیادا گفتوگۆیەكی پڕ لە كەموكوڕییە، رەوشەكەمان وامان لێدەكات لە دیالۆكدا لە ئاستێكی نزمتری ئەوانیدیكە دابین، گفتوگۆی مەسیحی و ئیسلام درۆیەكە، سیاسییەكان تێیدا سوود مەندن، چونكە لە جەوهەردا گفتوگۆ لە نێوان دوو رەتكەرەوەدا مەیسەر نابێت، ئەوە بۆ خۆی جۆرێكە لە نواندن.
*** ئیگۆ لای ئەدۆنیس لە شیعردا هەیە، رەنگە زاڵیش بێت، بۆچی ئەدۆنیس لە ئیگۆ رادەكات؟**
لێرەدا ئیگۆی تاكگەرای دڵخۆش هەیە و ئیگۆی مەعریفیش هەیە، سوكرات دەڵێت: (خۆت بناسە) قوڵترین شتێك لە مرۆڤ هەبێت، خۆ ناسینە. بۆ ئەوەی

دیالۆگ لەگەڵ ئەویدیکە بکەیت دەبێ شتێکت بۆ گوتن پێ بێت، ئەگینا قسە کردن لە ئیگۆ، ئەفسانەئامێز دەکەوێتەوە...ئەگەر کۆمەڵگەی عەرەبی لە کاریگەری خۆرئاوا بەتاڵ بکەینەوە چی لێ دەمێنێتەوە؟ ئێمە توانای گفتوگۆی ئەویدیکەمان نییە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لەگەڵ ئەو جیاواز دەکەوینەوە.

*** کاتێك شیعر دەنووسیت چۆن لە ئەدۆنیسی رەخنەگر جیا دەبیتەوە؟**

ئەوە گران دەکەوێتەوە، بۆیە هەوڵدەدەم ئەو کاتە بنووسم کە خەوم لێکەوتووە. گوتەزایەکی گەورە هەیە بۆ پێغەمبەر (د.خ) دەگەڕێتەوە دەڵێت: خەڵك خەوی لێکەوتووە، ئەگەر مردن هات بێداریان بکەنەوە، کاتێك منیش شیعر دەنووسم مردووم.

***تۆ بۆ چەندان خەڵات پاڵێوراویت، لەوانەش نۆبلی ئەدەبی..چۆن تەماشای خەڵات دەکەیت؟**

خەڵات، ریز لێنانی کۆمەڵگەیە بۆ ئەو داهێنەرانەی لەو کۆمەڵگەیە دەژین، کۆمەڵگە نە سیاسەت دروستی دەکات نە ئابووری نە ئایین، کۆمەڵگە داهێنەران دروستی دەکەن، من شەرم لەوە دەکەم کە کۆمەڵگەیەکی وەك سوریا هیچ خەڵاتێکی حەقیقی بۆ ئیبداع تێدا بەدی ناکرێت، دواجار خەڵات گرنگی کۆمەڵگە بە داهێنەرانی دەخاتە روو. پێویستە شاعیرو داهێنەران گرنگی بە خەڵات نەدەن، بەڵکو دەبێ گرنگی بە شیعرو قوڵی شیعر بدەن.

*** تۆ تێکدەری شیعری عەرەبی، وات پێدەڵێن تۆ چی دەڵێیت؟**

من تێکدەرم شانازی بەو تێکدانە دەکەم، تەنها شتێکم بدەرێ لە کۆمەڵگەی عەرەبی پێویستی بە تێکدان نەبێت، هیوادارم ئەو تێکدانەی من ریشەیی بکەوێتەوە.

*** ئایا ئەوەی وەك نوێنەری تازەگەری كاری گۆڕان (دینامیك) بوو، ئەو كودەتای لە سەر نوێنەری كەلەپورێك كرد كە كاری جێگیركردن (ستاتیك) بوو؟**

ٲوەك مـن بـزانم مەسـەلەكە ئـەوهای نییـە، رەنگـە كتێبەكـەت نەخوێندبێتـەوە. ستاتیك‌و دینامیك هـەر تـەنها دوو زاراوەن بـۆ دراسـەكردنی بزاڤـی رۆشـنبیریی عەرەبی لە سێ چەرخی یەكەمدا.. جێگیر (ستایتك) بە شێوەیەكی رەها ستاتیك نییە، هەروەها دینامیكیش، بە رای من ئەوەی گرنگ دەكەوێتەوە ئەوە بوو كە هەموو ئەو شتانەی پەراوێزكرابوون، پەڕكراوەكان، هەروەها وەك بێ باوەڕی و كفر دەژمێردران، من بەرجەستەم كردن، چونكە لە دەرەوەی ناوكۆیی كەلەپوری عەرەبی سەیرم كردن.

مێژووی ئێمە وەك مێژووی دەسەڵات نووسراوەتەوە، مێژووی گەل ونە، ئەوەی هەمانە مێژووی گەل نییە، مێژووی ئیبداع... نییە، لە رێگەی گۆڕانكارییەوە هەوڵمدا ئەو شتە پەراوێزكراوانە بەرجەستە بكەم، دووبارە بیانخەمەوە نێو كەلەپورەوە.

سەرەتا شیعری نوێ لە (ئەبو تەمام)و (ئەبو نەواس)ەوە دەستی پێكرد، هیچ لە ئێمە نەگەیشتۆتە ئەوەی كە (میعری) پێی گەیشتووە، میعری بۆ خۆی بە تەنها گیروگرفتی ئایینی وەك دامەرزاو هێنا نێوەوە نەك وەك بیروڕای تاك... پێویستە دووبارە چاو بە چەمكی تازەگەریدا بخشێنینەوە، شیعری عەرەبی حەقیقەتی لێدانی دڵمان نیشان دەدات، دەبێ ئابلۆقە لە سەر زمانی عەرەبی‌و مۆسیقای عەرەبی لابەرین، شیعری عەرەبی گەروەترە لەو شەنزە بەحرەی هەیە...من هیچ كاتێك كارم بۆ ئەوە نەكردووە كودەتای دژی (ئەمرولقەیس) بەرپا بكەم، كێ ئەوە دەتوانێت؟ هیچ كەسێك..شیعر بە تەنیا ناسنامەی خۆی بە گەلێك

دەبەخشێت، ئێمە دەتوانین مێژووی عەرەبی بە شیعر راڤە بکەینەوە، بەڵام مێژوو ناتوانێت شیعر راڤە بکات.

*** ئەدۆنیس سەرەڕای پێشەنگایەتی، پردی شیعرییەتێکی تایبەتی نێوان عەرەب و فەرەنسایە، ئایا خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی بەشی شیعری عەرەبی و ئەوە بەشەی کە تەرجەمەت کردوون، لە کوێ دەبینیت؟**

أبەراوردکردنی نێوان دوو شاعیر یان دوو رەسام یان ئەوانیدیکە گران دەکەوێتەوە، هەموو داهێنەرێك دنیای تایبەت بەخۆی هەیە، ئوستادی زانکۆ بەو بەراوردەکردنانە هەڵدەسێت، من لەوان نیم کە سەر بە ئەدەبی بەراوردکارین.. بۆ نموونە هیچ رێگەیەك بۆ بەراوردکردن لە نێوان (موتەنی) و (میعری) دا نییە، چونکە هەر یەکە جیهانی تایبەت و دنیابینی خۆی هەیە.. لێرە حەساسیەتێکی عەرەبی و کەش وهەوایەکی عەرەبی هەیە، کە تایبەتمەندییەکی دروست کردووە، ئەو تایبەتمەندییە کاریگەری بە سەر شیعری خۆرئاوایی زیاترە، لە کاریگەری شیعری خۆرئاوایی بە سەر ئێمەدا.

***سووربوون لە سەر کۆمەڵێك ناو: ئەلموتەنەبی، مهیار، ئیسماعیل، سەقەر قورەیش،... هەموو ئەوانە پشت بە پێدراوی عەرەبی دەبەستن..ئایا ئەوە تاراوگەو دەریاکانن یان شتی دیکە؟**

أ لە دنیادا گلگامێش کۆنترین قەسیدەیە کە گیروگرفتی تاراوگەکراوەکان و گەڕان بە دوای نهێنی دنیا و هەوڵدان بۆ دەست بەسەراگرتنی ئەو نهێنییەی خستۆتە روو.

من لەو بڕوایەدام کە مرۆڤ هەمیشە تاراوگەکراو دەمێنێتەوە، هەتا ئەگەر بۆ وڵاتەکەشی بگەڕێتەوە، نیشتیمان لە ئێمەدا تاراوگەیەکی دیکەیە، ئەویدیکە

تاراوگەیەكی دوورترە، جیاوازی نێوانیان بە جۆری تاراوگەكردنەوە بەند نییە، بەڵكو لە پلەی تاراوگەكردندایە.

تێبینی:
لە پارێزگای (ئەلرەقە) شاعیری ناسراو (ئەدۆنیس) لەگەڵ دەستەیەك لە رۆشنبیران بە ئامادەگی رووباری (فورات) وەك گەواهیدەرێكی هەمیشەیی لە ماڵێكی یۆنانی گەشتیاری كەنار فورات كۆبۆوە، ئەو كۆبوونەوەیە بە شێوەیەكی فەرمی لە رێگەی هەوڵی (سەید حەموود موسا) بەرێوەبەری رۆشنبیریی پارێزگای (ئەلرەقە)و دكتۆر (ئەحمەد حافز سدیق)ی شاعیر رێكخرا.
رۆمان نووسی گەورە (ئیبراهیم ئەلخەلیل)و شاعیر (عەبدوللەتیف خەتاب)و دكتۆر (ئەحمەد حافز) شاعیریان پێشكەش كرد، بەر لە گفتوگۆ (ئەدۆنیس)ی شاعیر لە وشەیەكی سۆزئامێزدا گوتی: ئەو كاتەی كە دڵخۆشی بە ترۆپك دەگات، خەمناك دەبم، هەروەك ئەو كاتەی كە خەم بە ترۆپك دەكات هەست بە كامەرانی دەكەم، ئێستا هەستم تێكەڵەیەكە لە كامەرانیو خەم، دڵخۆشم چونكە سەردانی شوێنكم كردووە نزیكەی نیو سەدەیە خەونی پێوە دەبینم ئەو كاتەی قەسیدەی (سەقەر قورەیش)م نووسی حەزم دەكرد ئەو شوێنەی كە سەقەری قورەیشی فورات تەعبیری لێدەكرد، ببینم، ئێستا دوای نیو سەدە ئەو خەونەم هاتە دی. خەمباریم لەوە دێت كە باری گرانی ژیانم رێگەی دیتنی ئەو شوێنەی لێگرتبووم.
رێگەم بدەن سپاسی هاورێم دكتۆر ئەحمەد حافز و سەید حموود موساو هەموو ئەوانە بكەم، كە وایان كرد كامەرانیم بە سەر خەمەكانمدا زاڵ بێت.

**سەرچاوە:**

البريد الإلكتروني :

E - mail: admin@thawra.com

| الثورة | | الموقف الرياضي | | الجماهير | | الوحدة | | العروبة | | الفداء | | الصفحة الرئيسية | | الفرات |

مؤسسة الوحدة للصحافة والطباعة والنشر ـ دمشق ـ سورية ، ثقافة

الاحد 2005/9/18

محمد جاسم الحميدي

## ئەدۆنیس:

## خۆشەویستی پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە

لـەم دواییـەدا دوو کتێبـی نـوێی (ئـەدۆنیس) لـە دەزگـای (الـساقی) بڵاوکرانـەوە یـەکێکیان بەناوونیـشانی (اهــدأ هاملــت/تنــشق جنــون اوفیلیــا)ەو ئـەوی دیکـە بەناوونیـشانی (وراق یبیـع کتـب النجـوم). ئـەو دوو کتێبـە وەك ڕۆح، ڕۆحێکـی یـاخی و سـەرکێش هـیچ جیاوازییـان لەگـەڵ کتێبـی سـێیەم کـە پارسـاڵ بـە ناوونیشانی (تاریخ یتمزق في جسد امرأة) نییە. ئەگەرچی ئەدۆنیس لـەم کتێبانـەی دواییـدا زۆر شـتی گوتـووە، کەچـی بابـەتی ژن کـە بابـەتێکی عـەزیزە لـە دڵیـدا ماوەتەوە، ئەو بابەتەیە کە جێی پرسیارو سۆزی شاعیرە.

گفتوگـۆکردن لەگـەڵ (ئـەدۆنیس) بـەردەوام سـەرنجڕاکێش دەکەوێتـەوە، بـەڵام ئەگەر دەربارەی ئافرەت بێت سەرنجڕاکێشتر دەبێت. ئایا ڕاستە کە ئەدۆنیس سـەبارەت ئـافرەتی واقیعـی دەنووسـێت و قـسە دەکـات، یـان قـسە لـەو ئافرەتـە ڕەهایە دەکات کە لە خەیاڵ و ویژدانیدایە، بە تایبەتی ئەو بۆ خۆی بە جیهانێك لـە مێینیـە دەور دراوە، هـەر لـە ئـامێزی دایکـی و بـۆ هاوسـەرەکەی و هـەردوو

كـچەكەی و دلبـەرەكانی، ئـەو دلبەرانـەی كـە سـەردانی خـەیاڵی دەكـەن هەركـە زۆرتـر سـۆزی بۆیـان بجولێـت. دەبـێ ئـەو ئافرەتـە كـێ بێـت كـە لـە خەیاڵگـەی (ئەدۆنیس)دایە، سەیركە ئێمە لەم پرسیارانەماندا ویستمان ئەم وەڵامە بەدەست بێنین:

*** ئافرەت لە خەیاڵ و شیعری (ئەدۆنیس)دا كامەیە؟**

أ تۆ دەزانیت كە هەردوو جەمسەری جیهان، نێرینـەو مێینەیـە، بەڵام پاڵـەوانانی جیهـان بـەردەوام نێرینـەن. مێینـە جەمسەری بنـەڕەتی ئـەو بوونەیـە، بـەو مانایـە جەمسەری نێرینـە بـەم یەكبوونـەی نێـوان نێرینـەو مێینـە نـەبێت، بـوونی نییـە. ئەوەی لە مێژووی نووسراوی ئێمە بۆ یەكەمین جار لە بایـەخی مێینـە هوشیاری كردینەوە سۆفیگەرەكان بوون، بەتایبەتیش محێدین كوڕی عـەرەبی، كـە دەڵێـت: (بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بـە ڕەهـایی بگـات، واتـە بگاتـە خواوەنـد، پێویسـتە بـە مێینـەدا تێپـەڕێت). ئـەوەش وا دەگەیـەنێت كـە مێینـە ئـەو ڕێگایەیـە كـە مـرۆڤ بـە ڕەهـایی دەگەیەنێت. بەو پێیە دەتوانین بڵێین من بە نیسبەت خـۆم مێینـە ئـەو ڕێگایەیـە كـە بـەرەو خـۆم دەگەیـەنێت، بـۆ ئـەوەی خـۆم بدۆزمـەوە، دەبێـت بـە ژنـدا گـوزەر بكـەم، یـان لـە ئافرەتـدا بـژیم. چـونكە بـوون بـە پێـی بـڕوای ئـیبن عـەرەبی لـەو گوتەیـدا بەرجەسـتە دەبێـت (هـەر شـوێنێك بـە مێینـە نـەكرێت پـشتی پـێ نابەسترێت). بەو پێیە خودی پیاو یان نێرینە دەبێت بە مێینە موتوربە كرابێت، دەبێـت مێینـەیش بـە شـتێكی نێرینـە موتوربـە كرابێـت، چـونكە یـەكبوونێكی بنەڕەتی لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا هەیە. بەداخەوە، ئەو یەكبوونە لێك جودا كراوەتـەوەو وەك قەوارەیـەكی سـەربەخۆی دوور لـە پیـاو، بـە چـاوێكی نـزمتر تەماشـای ئـافرەت كـراوە. وەك ئـەوەی ڕۆح شـوێنی پیـاوی گرتبێتـەوەو جەسـتەیش بووبێتـە ئافرەت. بـەم شێوەیە ئـافرەت پـەراوێز خـراوەو، لـە بـری

ئەوەی وەك پیاو جەمسەرێكی بنەڕەتی بێت، بووەتە بابەتێك و، بگرە شتێك لە شتەكان و، وەك شتەكانی دیكە بەكار دەهێنرێت.

پەیوەندیم بە ئافرەتەوە پەیوەندییەكی گەردوونییە، ئەگەر سەیری مرۆڤمان كرد بەو مانایەی كە جۆرێكە لە ئارەزووی بەردەوام بۆ ناسینی خۆی لە لایەك و ناسینی جیهان لەلایەكی دیكەوە. پێویستە رەهەندی مێینە لە هزرو ڕەفتارەكانیدا جەوهەری بێت. بەمجۆرە ئافرەت بەنیسبەت من لە جەستە زێترە، لەوەش زێترە تەنها هەر هاوەڵی ژیان بێت، ژن بۆ من ئەو قووڵاییە دەنوێنێت كە هەمیشە لە گێتی و لە بووندا بەدوایدا دەگەڕێم، وەك ئەوەی نادیارێكی بەرجەستە بێت. ئەو نادیارە بەرجەستەیە، هەر بە نادیاری دەمێنێتەوەو بەردەوام هانت دەدات بگەڕێیت بۆ ئەوەی دەستی لێبدەیت و پێی بگەیت. هەر چەندە پێیبگەیت یان وات بە خەیاڵ دابێت كە پێیگەیشتوویت، بۆت دەردەكەوێت كە زۆرت ماوە بە جەوهەرە بنەڕەتییەكەی بگەیت. بەمجۆرە لەناو خەڵكدا (یان بە شێوە شەعبییەكەی) دەگوترێت ئافرەت تێناگات. ژن بە مانای قووڵ تێناگات، نەك لەبەر ئەو خەسڵەتانەی كە پێی دەگوترێت بەڵكو لەبەر سروشتی بوونی و سروشتی ئەوەی لە دنیادا دەینوێنێت. ئافرەت بەشێكە لە نهێنیی دنیا، كە خۆشبەختانە هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە. بێنە بەر چاوی خۆت ئەگەر ئێمە لە بارەی ئەو جەستەیە یان مێینە بە زانیاری تەواوو كۆتایی گەیشتین، ئەو كات جیهان كۆتایی دەهات. بەڵام خۆشبەختانە، نە مرۆڤی نێر خۆی دەناسێت و، نە مێینەیش خۆی دەناسێت. ئەوە لەو هاندەرە بنەڕەتیانەیە كە بوون لە بزاڤێكی بەردەوامدا دەهێڵێتەوەو مرۆڤیش لە ئارەزووكردنی دۆزینەوەی دنیادا دەمێنێتەوە. ئەگەر لەو ئاستە تیۆرییە بنچینەیە دابەزینە

سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە، ئەوە دەردەكەوێت كە هەموو شتێكمان هەڵەیە.

*** بۆچی هەتا ئێستا عەرەب بە چاوی سووك لە ژن دەڕوانێت ؟**

أ لەو بڕوایەدام هۆی سەرەكی ئەوە بۆ ئەو رۆشنبیرییە دەگەڕێتەوە كە بە چاوێكی سووكەوە سەیری ژنی كردووەو تەنها وەك بەرهەمێك بۆ زاوزێ كردن دەیبینێ. لەبەر ئەوە هەر شتێك كە پەیوەندی بە ئافرەتەوەیە بە شتێكی شێواو یان شوێنی گوناە دەژمێردرێت، وەك ئەوەی جەستەی ئافرەت هۆكاری گوناە و شوێنی ئەو گوناهە بێت. من خۆم سەرم لە بەردەوامبوونی ئەم جۆرە ڕوانینە سوڕ دەمێنێت و دەپرسم: ئەگەر بێت و بە ڕاستی ژن شوێنی گوناە بێت ئەدی چۆن پێغەمبەرو پیاوی پیرۆزو مەزنی لێ لەدایك بووە. كەواتە دەبێ لەچوارچێوەی ئافرەتەوە چاو بە رۆشنبیرییەكەماندا بخشێنرێتەوە، نەك تەنها لە ڕووی تیۆرەوە، بەڵكو لە ڕووی پرەكتیكیشەوە.

لەو بڕوایەدام كە ئەگەر ڕووح هەبێت، ئەوە لە جەستەو شانەیەك لە شانەكانی جەستەوە دەست پێدەكات، بۆیە پێویستە چەمكی گوناە كۆتایی پێ بێت. جەستەی ژن شوێنی گوناە نییە، بەڵكو شوێنی كەشفكردنی بوونە. پەیوەندی جەستەیی ئەو پەیوەندییەیە كە لە پرسەكانی ئارەزوو و ئاڵوش و سێكس تێدەپەڕێت، ئەگەرچی ئاڵوش و سێكس بەشێكی بنەڕەتی جەستەن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش تێڕوانینی من لەم بارەیەوە، بەتەواوی لەگەڵ تێڕوانینی باو نێودژ دەكەوێتەوە. لەسەر ئەم بناغەیە كاتێك لەبارەی ئافرەتەوە دەنووسم ئەوە لەبارەی ئافرەتێكی دیاری كراوەوە نانووسم بەڵكو لەبارەی مانای ئافرەتەوە دەنووووسم، بەلاّم ئەو مانایە لە هەمان كاتدا لە ئەزموونی زیندووەوە هەنگاو هەڵدێنێت، لەگەڵ ئافرەتێكی دیاریكراودا بەرجەستەیە. بۆیە ئەو رەهەندە

كەونییە بەو ئافرەتە دیاریكراوە دەبەخشم، بۆ ئەوەی پەتای ئەوەی لە نەستەوە بیری لێ دەكەمەوە، بڵاو بكەمەوە، ئەوە هەموو ئەوەی دەینووسم لەسەر ئەم بیركردنەوەیە دامەزراوەو، لەو مێیایەتییەوە هەڵقوڵاوە. ژن لە هەموو شیعرەكانمدا ئامادەیە، بگرە هەتا ئەگەر ناویشی نەهێنم. وەك هەوا وایە، وەك خودێكی گەردوونی، خراوەتە نێو هەموو شیعرو نووسینەكانمەوە.

*** بەرەو حەفتا ساڵی هەنگاو دەنێیت و كەچی بەو تێگەیشتنەوە بە دوای ئافرەتدا دەگەڕێیت، ئایا گەڕان بەدوای ئافرەت پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە؟**

أ ئافرەت بەو مانایە خۆشەویستیش دەگەیەنێت، خۆشەویستیش پەیوەندی بە تەمەنەوە نییە. تەمەنی زەمەنی كاری تێناكات و بەهایەكی ئەوتۆی نییە، ئینجا لێرەدا چەند شتێكی دەروونی هەن كە لەو خۆشەویستییەدا یارمەتی ئافرەت دەدەن: بۆ نموونە ئافرەت هەن باوكەكانی خۆیان خۆش دەوێت، ئافرەتانێك هەن لە دۆستەكانیاندا بە دوای منداڵەكانیاندا دەگەڕێن.

نە هیچ سنوورێك دەبێتە ڕێگرو، نە تەمەنیش سنووری هەیە، دەشێ بگوترێت پەیوەست بوون بە جەستەوە یان پەیوەندیكردن بە جەستە كۆتایی دێت، چونكە پەیوەندی بە جەستە هەر تەنها پەیوەندییەكی سێكسیانە نییە، چونكە كردەی خۆشەویستی دەشێ لە قووڵاییدا بێت، وەك ترۆپكی پەیوەندییەكی هەمەجۆرو ئاڵۆزی نێوان دوو كەس، دەبێ لە هەموو حاڵەتەكاندا تەماشای كردەی دیاریكراوی سێكسی بكرێت، نەك بەو سیفەتەی كۆی پەیوەندییەكان لەخۆ دەگرێت و بنەمای هەموو پەیوەندییەكانە، بەڵكو وەك ئەوەی بەشێكە لە پەیوەندییەكی گەردوونی جیا نەكراوەی نێوان دوو كەس.

***رات بەرامبەر بە شیعرەكانی هەنووكەی عەرەب چییە، كە بە شێوەیەكی غەریزی رووكارئامێز ژن وەردەگری؟**

ئەوە بۆ نەزانینی هەردوو لا دەگەڕێتەوە. نە پیاو جەستەی ژن دەناسێت، چونکە خودی ژن ناناسێت، نە ئافرەت جەستەی پیاو دەناسێت، لەبەر ئەوەی خودی پیاو ناناسێت. لێرەدا ڕوانینێکی ڕۆشنبیریی باو هەیە ئەویش ئەوەیە کە ڕەگەز لە کردەی سێکسییدا چڕ دەکاتەوە. ئەوە ڕوانینێکی خراپە. من هەرگیز دژی کردەی سێکسی نیم، بە پێچەوانەوە. بەڵام سێکس بەبێ دۆستایەتی یان ناسینێکی قووڵ، هیچ بەهایەکی نییە، واتە دەبێتە سێکسێکی ئاژەڵیانەو دەکەوێتە دەرەوەی جیهانی مرۆییەوە. بۆیە دۆستایەتی نێوان دوو هاوبەش، بناغەی پەیوەندی خۆشەویستی و پێوەری سێکسییانەیانەی لەخۆدا هەڵگرتووە. بەڵام بە داخەوە، ئێستا ئەوە چەسپاو نییە، بۆیە زۆر بە کەمی دوو کەس دەبینیت بەوپەڕی قووڵییەوە بە خۆشەویستی لەگەڵ یەك بژین. هەمیشە کێشە هەیە، بەردەوام یەکێك دەکەوێتە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی ئەوەی دیکەوە، یەکسانی لەگۆڕێ نییە، دادوەری لە نێوان هەردوو جەستەدا نییە، هەمیشە ستەملێکراو لەو بابەتەدا ژنە، ئەوەش پەیوەندی بە چەند هۆکارێکی ڕۆشنبیرییەوە هەیە. لەبەر هەندێ هەموو بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ئافرەتانم خۆش دەوێت، بەڵام تا پیاو ئازاد نەبێت، ئافرەت ئازاد نابێت. لەو بڕوایەشدام کۆیلەکراوی بنەڕەتی خودی ئافرەت نییە (بە پێچەوانەی ئەوەی خەڵك پێیوایە) چونکە کۆیلەی ڕاستەقینە لە کۆمەڵی عەرەبیدا پیاوە، چەوسێنەری گەورەش خودی کۆیلەکەیە. کەسی ئازاد، کەس ناچەوسێنێتەوە، کەسی ئازاد، خەڵك ئازاد دەکات. بۆیە دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵی عەرەبیدا پاشکۆی ئەو کۆیلایەتییە قووڵەیە کە پیاوی تێیدا دەژیت. کاتێك پیاو لە کۆت و زنجیرەکانی ڕزگاری دەبێت، ئەو کاتە ئیتر ئۆتۆماتیکیانە ئافرەت ئازاد دەبێت. دەبێ ئافرەت لە

تێكۆشانی مەزنی ئازادبوونیدا بیر لەوە بكاتەوە كە بە تەنیا ناتوانێت ئازاد بێت، بەڵكو دەبێ كار بۆ ئازادكردنی پیاویش بكات.

*** ئایا ئەدۆنیس لە ژیانیدا ئافرەتی زۆری خۆش ویستووە؟**

أ بەڵێ ئافرەتی زۆرم خۆش ویستووەو هەتا ئێستاش خۆشەویستی دەكەم. بەشێكی یاخیبوونی گشتیم لەو رۆشنبیرییەی بۆمان ماوەتەوە یاخیبوونمە لە روانین، لە ئاستی پەیوەندی بە ئافرەتەوە. بەڵام ئەوەی وەك پیاو بۆ خۆم رێی پێدەدەم بۆ هاوبەشە مێیەكەشم رێی پێدەدەم.

*** تۆ بە جیهانێكی مێینەو بە خۆشەویستییەكی زۆری دایك و هاوسەرو هەر دوو كچەكەت دەوردراویت، لە نێوانیاندا هەست بەچی دەكەیت؟**

أ بەگشتی دنیای من دنیایەكی مێئامێزەو منیش خەسڵەتگەلێكی مێیاتیم تێدایە، بەوەش زۆر دڵشادم. كە لە ناویاندا دەبم وەك ئەوە وایە لە بەهەشتی سەر رووی زەمیندا بم، سەرەڕای ئەوە چەند برایەكم هەیە. تەنانەت بەهەشتیش كێشەی خۆی هەیە، بەڵام لە خۆشبەختانە بەهەشتیش كێشەی خۆی هەیە ئەگینا رۆتینیانە دەبوو، بێزاری لێ دەكەوتەوە، بەڵام ئەم كێشانە بۆ زانیاری زۆرترو، بۆ زۆرتر پەردە لەسەرلادان ئەوە دەگەیەنێت كە بۆ لایەنی پۆزەتیڤانە دەگۆڕێن. ئاسوودەیی لە خۆشەویستیدا نییە، خۆشەویستی جۆرە تێكۆشان و كۆشش و دۆزینەوەیەكە، هەموو ئەوەش جۆرە ماندووبوونێكی تێدایە، ئاسوودەیی گەلۆرانە نەخۆشییە. من حەز لە ئاسوودەیی گەلۆرانە ناكەم، حەز لەو ئاسوودەییە دەكەم كە تێكەڵ بە پرسیاركردن و، تێكەڵ بە كەمێك كێشەو، تێكەڵ بە كارلێككردن بێت، بۆ ئەوە مرۆڤ وریاو بزێو بێت. دایكم نە دەتوانێت بنووسێت نە دەتوانێت بخوێنێتەوە، ئێستا تەمەنی بە سێ یان چوار ساڵ لە سەدەیەك تێپەڕاندووەو، پەیوەندیم بە دایكمەوە وەك پەیوەندیمە بە سروشت.

ناتوانم دەمەتەقێی لەگەڵ بكەم، لەبەر ئەوەی وەك گوتم نەخوێندەوارە. ئەو خانمە جوتیارە، ژنە جوتیارێكە هەر هەموو شتەكانی سروشتی تێدایە، واتە لە هەمان كاتدا بە چیاو دەریاو دۆڵ و دارستان و تاكە درەختێك و پێدەشتێكی بێ سنوور و كێڵگەیەكی بەرینی دەزانم، بەلای منەوە دایكم ئەو سروشتەیە كە گەشتی تێدا دەكەم و، بەپێی كەش و وەرزەكانی منیش دەگۆڕێم. ئەو زێتر بەرجەستەبوونێكی ڕاستەقینەی سروشتە، نەك عەقڵ و ڕوانین و لێ وردبوونەوە.

*** پێتوایە ڕۆشنبیری خۆرئاوا لە تێڕوانینی بۆ ئافرەت گەیشتبێتە چارەسەرێك؟**

أنا هەرگیز. لە بیرت نەچێت ڕۆشنبیریی مەسیحییەتیش بەچاوی سووكەوە تەماشای جەستەی كردووە كە هیمای گوناهە. ژن لە خۆرئاوا، لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتی هەستی بەوە كردووە یان دەستی بەوە كردووە كە هەست بكات ئازادەو دەتوانێت ئەو كەسەی خۆش بوێت كە خۆشی دەوێت. بەڵام هێشتا كێشەی گەورە لە بونیادی بنەڕەتی كومەڵگەكانی خۆرئاوادا هەیە. واتا هێشتا بە سووكی تەماشاكردنی جەستە لە ئارادایەو كێشەش دەخولقێنێت، بەڵام پەرەسەندنی یاسا لە خۆرئاوا ئەو كێشانەی داپۆشیوە. مافی یاسایی تەواوی بە ئافرەت داوە، بەڵام شت لەودیوی یاساوە هەیە، لێرەدا ژیانی كۆمەڵایەتی ڕۆژانە لەئارادایە، ئەوەش بابەتێكی دیكەیە. هەموو ئەوەی لەبارەی ئافرەتی فەرەنسییەوە بڵاو دەكرێتەوە، كە دەرچوو و ئازادە، پێموایە وێنەیەكی هەڵەیە. چونكە ئافرەتی فەرەنسی لە ناخی خۆیدا هەتا ئێستا خۆپارێزە.

*** ڕات چییە كاتێك دەگوترێت (نزار قەبانی) شاعیری ئافرەتە؟**

أ نـزار قـەبانی هـاوڕێ و خۆشەویـستمە. ماوەیـەك پێكـەوە ژیـاوین، مـن ڕێـزی ئەزموونەكەی دەگرم و، لەو بڕوایەدام كە شاعیرێكی گەورەیە، بەڵام سـەیركردنی بۆ ئـافرەت بـە پەسـەند دانـانێم، چـونكە ڕواڵەتییانـە یارمـەتی ئـافرەتی داوە بـۆ ئەوەی لـە كـۆت و تەگـەرەكان ڕزگـاری بێـت و، وای لێكـردووە بـە پێـی ئـارەزووی ئەو بایەخ بە جەستەی خۆی بدات، بـەڵام خـۆی لـە ریـشە قووڵـەكانی مەسـەلەی ئـازادبوون نـەداوە. ئـازادبوون دەبـێ لـە ئـازادبوونی خـودو ئـازادبوونی نـاوەوە دەسـت پـێ بكـات، كـە ئـازادبوونی هـزرو چـەمكەكان دەگەیـەنێت. (نـزار) لـەو هەنگاوانەی كە دەستی پێ كردووە ئەگەرچی گرنگن بەڵام دوور نەڕۆیشتووە.

*** ئایـا ئـەوە كەموكوڕییـەو بـۆ هوشـیاری یـان ڕۆشـنبیریی بـاوی عـەرەب دەگەڕێتەوە،؟**

أ نـازانم. چـەند مـەرجێكی كۆمەڵایـەتی هـەن، لەبـەر ئـەوەی تـاكیش هـەر چـەندە یـاخی بێـت بـە كۆمەڵەكەیـەوە مەرجـدارە. لێـرەدا كۆمەڵگـە هەیـە بونیـادی دواكەوتووانەیە، یان پێشكەوتوو نییە، یان كەللەڕەقە، لە كۆمەڵگەی وادا شـاعیر بەوەی یاخیگەرە یان ئافرەتێكی یاخیگەر دەبێ باجی یاخیبوونەكەی بدات ، تـا ئـازادی تاكـە كـەس بـەدی نەیـەت، كۆمـەڵ ئـازادو ڕزگـار نابێـت. هـەروەها دەبـێ كۆمەڵ ئازاد بێت، نەك كەسی ئازادبوو بە لای كۆمەڵگەوە بە چاوێكی وا تەماشـا بكرێـت وەك ئـەوەی گونـاهێكی كردبێـت و ئـیتر هـەر دەبـێ بـاجی ئـەو گوناهـە بداتـەوە. بۆیـە هیـوادارین بیركردنـەوەكانمان لـەبارەی ئازادبوونـەوە بـۆ هـەموو چینە كۆمەڵایەتییـەكان بگوێزینـەوە. تـەواوی كۆمەڵگـە ئـازاد دەبێـت بـەڵام هـەر تـەنها بـە بیركردنـەوەی خـۆی نـا، بـەڵكو بـە دەزگاكانیـەوە، دامەزراندنی دەزگـای یاسایی و كۆمەڵایەتی ئازادیی تاكە كەسی دەپارێزێت و لە ئامێز دەگرێت.

*** بە ڕای تۆ کام لە شاعیرانی کۆن وێنەیەکی بێخەوشی ئافرەتی خستووەتە ڕوو؟**

أ دەزانیت شاعیرانی کۆن بە سەیرکردنێکی دلبەرانە دەیانڕوانییە ئافرەت. شاعیری عەرەب ئافرەتی داگیردەکردو شانازی بەو داگیرکردنەوەوە دەکردو، بەو عەقلییەتە داگیرکارییە سەرکەوتووەوە لەسەر ژنی دەنووسی. بەو واتایە شیعری جوان هەیە. شاعیرانێك هەن لە بارەی ئافرەتەوە نووسیویانە بەوەی قەلایەکەو شاعیر دەیەوێت هەڵکوتێتە سەری و بیکاتەوەو شوورەکانی بڕووخێنێت بۆ ئەوەی پێی بگات. بۆیە شیعری عەرەبی بەو دوو ئاراستە، یان ئەوەتا داگیری کردو لەو داگیرکارییەیدا سەرکەوتنی بە دەست هێناوەو ئیتر ئەو سەرکەوتنە وەسف دەکات، یان بەرەو کردنەوەی ئەو قەلایە هەنگاو دەنێت و، ئازار دەچێژێت و سکالا دەکات، ڕەنگە نەگات یان تۆزێك بگات. لێرە لە شیعری عەرەبیدا ژن وەك قەوارەیەکی ئازاد وێنەی نەکێشراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئافرەت بۆ خۆی ئەو وێنەیە دەبەخشێت، ئەوە ئافرەتە کە وێنەیەکی ئازاد سەبارەت بە خۆی دەخاتەڕوو، بۆ نموونە، ولادەی کچی موستەکفی دەڵێت:

امکن عاشقي من صحن خدي

و اعطي قبلتي من يشتهيها

ئەوە ژنە کە تەعبیر لە خۆی دەکات. ئافرەتانی عەرەب پێش ئیسلام بە خۆیان مێردی خۆیان هەڵدەبژاردو مێردیان دەکردو پیاویان هەڵدەبژارد، هەر بە خۆشیان پیاویان تەلاق دەدا. ئافرەتێکی ناودار هەیە چل جار مێردی کردووە، کەس پێی نەگوتووە ئافرەتێکی داوێن پیسە، کەسیش هەرگیز ڕەخنەی لێ نەگرتووە. بەڵکو دەیانگوت ئەوە مافی خۆیەتی. کەواتە وێنەی ڕاستەقینەی

ژنـانی ئـازاد، لای ژنـانی عـەرەب دەبیـنین ، پـتر لـەوەی لای پیـاوانی عـەرەب ببینین.

سەرچاوە:

سایتی (منبر الحوار و الّبداع) لە ڕۆژی 2006/5/10 تۆمار کراوە، بەلاّم ئەسڵی ئـەو چـاوپێکەوتنە لـە لایـەن (شـاکر نـووری) بـۆ ڕۆژنامـەی ( الـــشرق الاوســط)

## ئەدۆنیس:

## غوزامی ئیمامی مزگەوتە، نەك ڕەخنەگر

***دکتۆر (عەبدوڵڵا غوزامی) بە توونـدی چاوی بە پرۆژە تازەگەرییەکـەی تـۆ خـشاندۆتەوە، لــە گفتوگۆیــەك لەگــەڵ گۆڤــاری (ئەلــشەرق)ی ســعوودی بــە کۆنەپەست وەسفی کردووە... تۆ لەو بارەیەوە قسەت چییە؟**

ئەگەرچــی ئــەوەی (غــوزامی) گوتوویــەتی بــە باشــی نەمخوێندۆتــەوە، بــەڵام تومەتەکانی بۆ من هەروەها تاوانبارکردنی (نزار قەبانی) بە نێرایەتی، ئەوانەم خوێندۆتەوە، تازەگەرێتی ئێمە بە کۆنەپەرستی تومەتبار دەکات، من پێموایە ئەو رایەی ئەو هەڵەیە چونکە رووکارانە رەخنە لە داهێنان دەگرێت، و هەتا ئێستا لە چوارچێوەیەکی تەقلیدی ماوەتەوە، ئەو منی تاك و منی مرۆیی بۆ لێکجیا نابێتەوە (واتە لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانمدا نەیتوانیووە چینەکانی – من لە نێو بونیادی گوتاری شیعری لێکجیا بکاتەوە، نەیتوانیووە منی تاك و منی سەبجێکت و منی کۆلێکیڤ دەستەجەمعی لێکجیا بکاتەوە. و:ك) بۆیە من ئەو وەك ئیمامی مزگەوت دەبینم، نەك رەخنەگر.

شیعر بە شێوەیەکی راستەوخۆ قسە لە سیاسەت ناکات با سیاسیش بێت. نموونەی (ئەبو نەواس)ت هەیە کە لە سیاسەت و رۆشنبیریی عەرەبی هۆی شۆڕش نانەوەبووە. لێرەدا شیعری سیاسی هەیە بە کۆتایی هاتنی قۆناغی سیاسی تەواو دەبێت، و هیچ رەهەندی ستوونی لە چێژ، یان دنیابینی کۆمەڵگەدا دروست ناکات، تەنها ئەوە بە خەڵك دەبەخشێت کە لە قەناعەتیاندا چەسپاوە، بۆیە خۆی لە خۆیدا وەك کارێکی سیاسی دەکەوێتەوە. بەڵام شیعری حەقیقی خەڵك دەخاتە دەرەوەی قەناعەتەوە.

*** ئێستا بوێریی شیعر لە کورتبڕی زماندایە، بەڵام ئەگەر داهێنەران رێساکانی زمان بە هیچ بزانن، ئایا ئەو ناڕواییە لادان نییە لە داهێنانی حەقیقی؟**

ئەوە بە بڕوای كۆمەڵگەوە بەندە، كە تا چەند پێیوایە شیعر داهێنانێكی حەقیقییە، سەرەڕای ئەوەش عەرەب وەك نەتەوە بۆخۆی دەزانێت كە نەتەوەی شیعر و زمانە، كەچی بە داخەوە لە گەلانی دیكە كەمتر ڕێزیان بۆ دادەنێت. ئەمڕۆ زمانی (پەتی/پاراوی) عەرەبی لە قەیرانێكی حەقیقیدا دەژیت، سەرەڕای ئەوەی قورئان ئەزبەر دەكرێت، بەڵام بە هەند هەڵنەگرتنی خوێندنەوەی قورئان، مردنی زمانی عەرەبی كردۆتە گریمانەیەك كە پێویستە چاوی پێدابخشێنرێتەوە. لێرەدا هەندێك قوتابخانە هەن بە شێوەیەكی لاوەكی زمانی عەرەبی دەخوێنن، وەك ئەوەی بێگانە بن، ئەو دیاردەیە دەبێت بوەستێنرێت. ئایا دەزانی لە كۆنگرەیەك (جاك شیراك) وەك نارەزایی لە بەرامبەر فەرەنسییەك چووە دەرەوە كە بە زمانی ئینگلیزی قسەی كرد نەك فەرەنسی، لێرە (شیراك) وەك هاونیشتمانییەك بەرگری لە زمانەكەی دەكات، بەڵام عەرەب لە كۆنگرەكان بۆ قسەكردن زۆرانبازی لە سەر زمانی مەوجود دەكەن. چۆن دەكرێ عەرەبێك لە كۆنگرەكانی (یونیسكۆ) سەرەڕای ئەوەی كە تەرجەمەكردنی راستەوخۆ هەیە، بێت و بە زمانی بێگانە قسە بكات. زمانی عەرەبی ئاستی مەعریفی لە قەیراندایە، هەندێك لە گوتاربێژانی ئایینی هەن زمانی عەرەبی نازانن، بۆیە دەشێ ئەو زمانە وەك ژیاری عەرەبی كە هەر لە سەدەی دەیەمەوە وەستاوە ئەویش بمرێت، واتە جگە لە رابردوو كە ئامادەگی نییە، هیچ ژیارییەك لە نێو عەرەب نەمێنێت.

*** كێشەكانمان لە مرۆڤایەتی ئێمە جیا نابێتەوە، خودی ئێمە بەر پۆلوی ئاگر كەوتووە، شیعری تۆ چ خزمەتێك بەو كێشەیە دەكات؟**

من ناتوانم شاعیرێكی بێ كێشە بم، یان خاوەنی كێشەگەلێك نەبم كە بەرگری لێبكەم، چونكە دواجار بۆ مرۆڤ دەنووسم و دەبێت تەعبیر لە بیروڕای مرۆڤ

بکەم، من لەگەڵ شۆڕشی فەلەستینی تەعاتفی زۆرم هەیە، ئەگەر توانای شەڕکردنم هەبایە ئەوە بێ دوودڵی دەمکرد، بەڵام ئەوە هەرگیز ڕێگەمان لێناگرێت لە ڕوویەك لە ڕووەکان ڕەخنە لە شتگەلێك نەگرم کە لە ناوەوەماندا ڕوودەدات، هەتا ئەگەر بۆ ئەوە هێرشیش بکەنە سەرم، چونکە دەبێتە کارەسات.

***کێشەی کاریگەری خۆرئاوا بە سەر ئەدەبی هاوچەرخمان بەرەو لێژی دەچێت، عەرەب لە بری بەرهەمهێنان لەگەڵ ئەویدیکەدا لاسایی دەکاتەوە، ئایا ئەوە نابێتە هۆی شێوانی ئیستاتیکای دەق؟**

زۆر لە ڕەخنەگران قسەیان لە کاریگەری خۆرئاوا کردووە، بە پێچەوانەوە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی خۆرئاواش بە شیعری عەرەبییەوە کاریگەرن. شیعر فەزایەکی کراوەیە، وەك هەوا، هەر شاعیرێك هەوای مەوجودی دنیا هەڵدەمژێت، لەو دنیایە دابڕاوە، بابەتەکان بۆ خۆیان هەن، شاعیرێك نییە دایانبهێنێت، بەڵام کێشە ئەوەیە چۆن ئەو بابەتانە ڕوون دەکەیتەوە. زمانی عەرەبی کە من زۆرم خۆش دەوێت لە هەموو زمانەکانی دیکە تایبەتمەندی زێترە. ئەدەبی ئێمە کاریگەری بە سەر خۆرئاواییەکاندا هەیە، ئەوان جەلالەدینی ڕۆمی، ئەبو تەمام و هیدیکە... دەخوێننەوە.

***تازەگەری و تازەکردنەوەیەکی دوور لە ڕەگ و ڕیشە، ڕۆحی داهێنەر دەکوژێت، هەروەها ئەوەی ئێمە دەیبینین ئیبداع نییە ئیبتداعە، بەمجۆرە کەوتووینەتە داوی کۆنەپەرستییەیەوە.. بۆچی ئێمە لە ڕێگەی سەرکوتکردنی کۆنەوە مامەڵە لەگەڵ تازەگەریدا دەکەین؟**

کێ دەڵێ تازەگەری (ئەمروئەلقەیسی) جێهێشتووە، هیچ کەس ئەوە ناڵێت، ئایا دەزانی شاعیرێك نییە شیعری نوێ بنووسێت و ئاگایی لە شیعری کۆن

نەبێت. وەك چۆن هیچ جوانییەكی نویێ بۆ زمان لە دەرەوەی مێژوو وجودی نییە. بە بڕوای من بۆ ئەوەی تازە بیت دەبێت كۆن بیت. هەروەها شاعیر ئەو بەها كۆمەلایەتیانە هەڵدەوەشێنێتە كە تێیدا دەژیت. (مەعەری) زێتر بە فەیلەسوف دادەنرێت نەك شاعیر، شاعیرێكی نوێخواز نابینین كە لە رێگەی رەخنە ئیبداعییەكانییەوە گەیشتبێتە ئەوەی كە (مەعەری) پێیگەیشتووە. (مەعەری) مامۆستامانەو لە ئێمە نوێترە. شیعر مێژوو دەبڕێت، مێژوو دەبێتە بەشێك لە شیعر، هەروەها ناسنامەی حەقیقی خۆی لە وەلامە ئیبداعییەكانی رۆشنبیرییدا حەشار داوە، بەلام بە داخەوە ئێمەی عەرەب لە هیچ ئاستێك لە ئاستەكاندا ئاوڕی لێنادەینەوە. لێرەدا ئەگەر كێشەیەكیش لە نێوان كۆن و نوێدا هەبێت لە هەموو ئاستەكاندا نییە، بەس لە سەر ئاستی پەیوەندی شاعیر بە ژیانەوەیە، ئەو شاعیرەی ئەمڕۆ لە (بەغداد) دەژیت هەر دەبێت شیعرێك بنووسێت بە ژیانی رۆژانەی ئەوێوە بەند بێت، بەلام ئەوەی پەیوەندی بە زمانی شیعرییەوەیە، ئەوەی پەیوەندی بە وشەی نوێوە هەیە، لەگەڵ یەكەم (ژیانی رۆژانە) جیاواز دەكەوێتەوە، دەتوانم بڵێم بەخششەكانمان زۆر كەمن، زۆربەشیان فۆرمئامێزن.

***جیاوازییە ئایینی و سیاسییەكان هەمیشە بۆ تۆ شوێنی تومەتباركردنن... تۆ بۆ دژی ئایینی؟**

من دژی ئایین نیم، ئەو بەرئەنجامە ترسێنەرەی كە نیشتیمانی عەرەبی تێیدا دەژیت بە تایبەتی لە عیراق و سوریا و لوبنان، ئاكامی لێكهەڵوەشانەوەی كۆمەڵگەیە بۆ چەند كەمینەیەك لەگەڵ ئەوەی بە پارێزەوە ئەو زاراوەیە بەكاردەهێنم داوا لە بیریانی عەرەب دەكەم لەو رووداوانەی سەدەی رابردوو رابمێنن و پەندی لێوەرگرن، هەروەها هەتا لە نیشتیمانی عەرەبیدا كۆمەڵگە

لێکهەڵوەشێتەوە، هەتا ئایین و دەوڵەت لێکجیا نەبێتەوە، فیکرەی چەسپاندنی دیموکراتییەت مەحاڵە. ئێمە دوای (1500) ساڵ هەتا ئێستا لە سەر سونەو شیعە جیاوازیمان هەیە، بەڵام هەتا ئێستا لە پێشماندا ئامانجگەلێك ماوە، ئێمە هەندێ فۆڕمی دیموکراتییەتمان هەیە بەڵام فۆڕمی تەقلیدین.

*لێرەدا رێسایەکی فیلۆلۆژی هەیە دەڵێت (نابێت ئیجتیهاد لە دەقدا بکرێت) بەڵام لە هەندێك دەق داوای ئیجتهادکردن دەکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ فیلۆلۆژی واقیعدا بگونجێت، چۆن دەشێ بە رۆحێکی نوێ و ئیلهامبەخشەوە مامەڵە لەگەڵ دەق بکەین؟

أئەمڕۆ هەر تەنها لە رووی فیۆلۆژییەوە سەیری دەقی کەلەپوری دەکرێت، لە رووی عیبادەت و ئەحکام و شەرعەوە، بەڵام رەهەندەکانی دیکەی نێو ئەو دەقە خەفەکراوە، وەك ئەوەی ئیسلام بۆ رستێك تەقەسی ئایینی گۆڕابێت، لە بری کردنەوەی ئاسۆی بیرکردنەوە، ئاسۆی پرسیار دروستکردن، لە بری کردنەوەی ئاسۆیەك بۆ پەیوەندی نێوان دەق و مەعریفە، نەك بە مانای هەندێك لە راڤەکاران ئەوانەی دەقی قورئانی خراپ تەئویل دەکەن و دەڵێن هەموو شتێك لە قورئاندا هەیە. چونکە کاتێك زۆر شت دەخەیتە ئەستۆی دەق، کە دەقێك بە زۆر شت دەئاخنرێت، ئەوە ئەو دەقە دەکوژێت، بەو مانایەش دەق وەك ئەو رۆناکییە نییە کە ژیانی زانستیمان بۆ کەشف دەکات، و میتۆدی فیکریمان بۆ کەشف دەکات.

ئەوەی رۆشنبیریمان دەوڵەمەند دەکات خوێندنەوەی دەقی قورئانییە، وەك دەقێك کە رەوانبێژی دەوڵەمەند دەکات، یان وەك دەقێکی شەرعی رووت. من ناڵێم لە ئاییندا زانام، هەتا دەق و بایەخی دەق بزانم، دەق بە خوێندنەوە بەندە، دەق بۆ خۆی خوێندنەوەیە، خوێندنەوەش بۆ ئەوەی نەبێتە خوێندنەوەی

بەبیرهێنانەوە، خوێندنەوەی هیستۆریانە لە سەر تێگەیشتن راست دەبێتەوە. خوێندنەوە بۆ خۆی رستێك پەیوەندی رۆشنبیریی و دەروونی و مێژووییە، چونکە خوێنەری چاخی یەکەم بە حوکمی پێداویستی و بە حوکمی سروشتی ژیان هەمان ئەو خوێنەرە نییە، کە لە چاخی دووەم هەیە، واتە ئەگەر رۆشنبیریی زیندوو بوو مرۆڤ زیندوو بوو، ناشێ خوێنەری چاخی یەکەم هەمان خوێنەری چاخی دووەم بێت، دەبێت خوێنەری سەدەی بیستەم لەگەڵ خوێنەری کۆن جیاواز بکەوێتەوە. بەڵام موسڵمانان بە شێوەیەکی گشتی لایەنی یەك خوێنەر و یەك خوێندنەوە دەگرن، وەك ئەوەی تەواوی موسڵمان لە هەموو چەرخەکان یەك عەقڵییان هەبێت، عەقڵێك کە ناگۆڕێت، هەروەها پێیانوایە ئەوە دەوڵەمەندییە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوە هەژاری دەق دەگەیەنێت، هەژاری دەقیش هەژاری ئیسلام دەگەیەنێت، هەژاری ئیسلامیش هەژاری بەشەریەتە. ئێمە ملیارێك و سێسەد ملیۆن موسڵمانمان هەیە، بەڵام رۆشنبیریی ئیسلامیمان نییە، ئایا دەتوانیت دە بیریارم بدەیتێ یان پێنج بیریارم بدەیتێ کە قورئانیان خستبێتە سەر فەرشی مەعریفە، هەتا (نەسر حامد ئەبوزێد)یش لەو بارەوە چی گوتووە، شتێکی نەگوتووە کە پێشینانمان نەیانگوتبێت، ئەوەی ئەو دەیڵێت لە سەردەمی عەباسی گوتوویانە، پێشینانمان لە سەردەمی عەباسی لە تەئویلکردن زۆر لەو بوێرتر بوون، و لە دیدو بۆچوونیان زۆر لەو دوورتر چوونە، هەروەها (مەحمەد ئەرکۆن) لای خۆی دیدوبۆچوونێکی نوێی هەیە، ئەویش سەیرکردنی قورئانە وەك دەقێکی مێژوویی، بەڵام ئەو بۆچوونەی قووڵ نەکردۆتەوەو نەیتوانیووە ئەو بیروبۆچوونەی بەرەو ئاسۆکانی رابردووی بکاتەوە، (ئەو هاورێمە) هەمیشە یەکتر دەبینین، بەڵام دیدو بۆچوونی ئەو تەنها وەك دیدو بۆچوون بایەخدارە، وەك پێویست بەدوایدا نەچووە.

***خوێنەر لە خوێندنەوەی ئاسان چێژ وەردەگرێت، ئەوەش بۆ ئەو شتە رووكارانە دەگەڕێتەوە كە لە دەقەكاندا هەن، بەڵام دەقە قووڵ و كراوەكان هەر وەك خۆیان دەمێننەوە چونكە پێویستیان بە تەئویلكردن هەیە...لەگەڵ ئەوەی وەك نەتەوە دەوڵەمەندین، بەڵام ئایا ئێمە ئەو توانایەمان بۆ تەئویلكردنی لۆژیكیانە هەیە؟**

بەكارهێنانی خوێندنەوە بە مانای تەئویلكردنێكی گشتگیر گەورەیی هەر دەقێكە، هەتا دەقی قورئانیش توانای ئەوەی تێدایە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بە ئەنجام بگەیەنرێت و مەعریفەی نوێی لێدەربهێنرێت، بەو مانایە ئەو وشە بەناوبانگەی كە دەڵێت (قورئان هەڵگری كۆمەڵێك رووە) جۆرێكە لە تەئویلكردن، راڤەی ئێمە بۆ وشەی (كۆمەڵێك روو) ئەوەیە كە ئەمڕۆ دەبێت خوێندنەوەی قورئان فرەو جۆراو جۆر بێت، هەر دەقێك قبولی ئەو خوێندنەوە جۆراوجۆرە نەبێت دەقێكی كوژراوە، دەقێكی مردووە، گرفتەكە ئەوەیە موسڵمانان كاتێك دەقی قورئانی لە چوارچێوەیەكی بەرتەسك بەند دەكەن، دەیكوژن و بە بنبەستبوونی دەگەیەنن، وەك ئەوەی هەر تەنها دەقێكی فیۆلۆژی شەرعی بێت، دەقی قورئانی لە بارەی گەلی موسڵماندا دەڵێت "ئێوە دەوڵەمەندترین نەتەوەن كە داوا لە خەڵك دەكەن كاری چاكە بكەن و نەهی لە خراپە بكەن" بەڵام دەوڵەمەنترین نەتەوە بە مانای رابردوو نا، واتە ئەو دەوڵەمەندییە بە توانای تێگەیشتن و توانای ئایندەخوازی و توانای بەرەوپێشچوونەوە بەندە، ئەگینا مەسەلەكە نامەعقول دەكەوتەوە، وەك ئەوەی پەیامی ئیسلام تەواوكەری پەیامەكانە. پێغەمبەر (د.خ) تەواوكەری پێغەمبەرانە، هەڵبەتە ئەوانەمان بەو مانایە بۆ تەئویل دەكەن كە ئیتر مەعریفەیەك لە دوای ئەو پەیامە وجودی نییە، كەواتە مرۆڤ هیچی دیكەی بۆ گوتن نییە، ئەوەی كە دەكرێ بگوترێت ئەوەیە كە

لە قورئان گوتراوە، بەو مانایە (قورئان دوا وشەی بۆ دوا پەیامبەری درکاندووە) ئەگەرچی باوە، بەڵام مەعقول نییە، ئەگەر ئەو قسانە بڵاو بکرێتەوە موسڵمانان بە کافرمان دادەنێن، من دەڵێم بەو مانایە ئیسلام دوا وشەی بۆ دوا پەیامبەری گوتووە، کە هەمیشە شتی نوێ هەیە، چونکە مەعریفە ئەوە نییە، کە لە رابردوو کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو ئەوەیە کە نوێ دەبێتەوەو بەردەوام دێ دنیا دەگۆڕێت، ئەگەر زانستی ماوەی (100) ساڵ وەرگریت، دەبینی موسڵمانان هەموو بەخششە تەکنیکیەکەیان وەرگرتووەو بەکاریان هێناوە، بەڵام بۆچی ئەو پرنسیبە عەقڵییە رەت دەکەنەوە، کە ئەو بەخششانەی بەرهەم هێناوە، لێرەدا کۆمەڵێك نێودژی لەوەدا هەیە، ئەو نێودژییانە پشت بە مەعریفەیەك دەبەستن کە لە پێشداو ئامادەیە. خوا دەفەرمووێت " سنريهم آياتنا فـي الآفاق " و " ولا تجادلوا أهل الكتـاب إلا بـالتي هـي أحـسن " ئەگەر رووداوەکان نەدەبوون ئێستا من لە زیندان دابووم، یان هەروا رووبەرووی ناو، ناوی ئەدۆنیس دەبوونەوە.

***بەڵام تازەگەری دەقی قورئانی وەك پێویست رەگ و ریشەی خۆی هەیە، بۆچی لە میانی ئەو سەرچاوەیە تازەگەری فام ناکەین؟**

ئەگەر دەقی قورئانی بخەینە چوارچێوەی ژیاری و مێژووییەوە ئەوە دەقێکی تازەگەرە لە دەقەکانی پێش خۆی و ئەوەی لە سەردەمی ئەودا هەبوون پێشکەوتووتر دەکەوێتەوە. ئەگەر سورەتێك وەرگرین چاوی لێبکەین دەبینین لە هەموو لایەکەوە وەك باخچەیەکی کراوە وایە، لە هەر لایەکەوە بە نێویدا بڕۆیت بونیادی جۆراوجۆر دەبینینت، ئەو بونیادە جۆراوجۆرەش دژی ئەو سیستەمە دەکەوێتەوە کە لە دوای نووسینەوەی قورئاندا هاتووە، دەشێ لە کۆتایی سورەتەوە دەست پێبکەیت و بۆ خۆت بیکەیتە سەرەتا، ئایەتێك لە سورەتی ناوەڕاست وەرگریت لەوێوە دەست پێبکەیت، بە تەواوی ئەوە خەسڵەتی دەقی

نوێیه، دەقی قورئانی لە چوارچێوە مێژووییەكەیدا دەقێكە وەك فیكر و هونەر و زمان بە مانا نوێیەكەیەوە نوێ دەكەوێتەوە. كەواتە ئەگەر لە مێژووی عەرەبیدا هەموو شاعیرە مەزنەكان وەرگرین دەقێكی شاراوەیان لە نەستدا هەیە، كە ئەویش دەقی قورئانییە، هەر یەكەیان هەوڵدەدات روو بەرووی ئەو دەقە بێتەوەو گفتوگۆی لەگەڵدا بسازێنێت، هەروەها هەوڵدەدات وەك ئەو كار بكات، یان وەك ئەو ئیبداع بكات. لێرەدا دەتوانین لە شاعیرێكی گەورەی وەك (ئەبو عەللای مەعەری) بگەین كاتێك دێ دیوانی موتەنەبی (كە بە موعجیزەی ئەحمەد ناوی دەبات) راڤە دەكات. هەمیشە داهێنەرە گەورەكان مۆدیلی ئەوانن، مۆدیلی ئەوانیش هەمیشە ناكۆكن، ئەگەر (موتەنەبی) وەرگرین هەمیشە ناكۆكی منە، چونكە من ئەگەر وەك ئەو كار بكەم ئەوە دەبمە پاشكۆی ئەو، بۆیە دەبێت لە تەنیشت ئەو كارێك بكەم، یان شتێك لەو تێپەڕێنم، هەموو داهێنانەكانی دنیا بەمجۆرە بوون، دەقی قورئانیش لە لایەك مۆدیل بووە لە لایەكی دیكە ناكۆك بووە، ئەگینا ئەو ئیبداعە گەورەیە نەدەبوو، هەر بەو مانایەش نەدەبووە دەلیلی هەموو شیعرەكانمان. وەك چۆن لە ئاینی مەسیحی (مەسیح) بۆخۆی سەرچاوەیە، تۆ دەتوانیت (ئینجیل) وەرگریت و لە سەر رەفەی دابنێیت، دەتوانیت نەیخوێنیتەوە، بەلاّم پەیوەستبوونی مەسیحییانە لە ناخەوە بە كەسی مەسیحەوەیە، تۆ دەزانیت قوتابیەكانی بە شێوەی جۆراوجۆر ژیانی مەسیحییان گێڕاوەتەوە، راستە، نێودژ نین بەلاّم جۆراجۆرن، پاشان ئەگەر (تەورات) وەرگریت ئەگەر بەراستی وشەی خوا بێت وەك ئەوەی هەیە لە نێو دەستماندایە.

*** كەیاسی لە زمانی ئیبداعیدا قبولە، ئەگەرچی رووشان و شێوان و هۆی زامداركردنی زمانیشی لێبكەوێتەوە، بۆچی زمانی عامییە (رەمەكیاُباو) بەو**

**هەموو ستەمەیەوە دەچێتە جەستەی دەقی ئیبداعییەوە، ئایا گرفتەکە لە زماندایە یان لەو داهێنەرە بەزیوەی کە بە زمانێکی مردوو پەروەردە کراوە؟**

زمان بە شێوە پاراوە بۆماوەکەی لە ژیان جیابۆتەوە. منداڵ لە ماڵەکەی بە زمانێك قسە دەکات کە دەچێتە قوتابخانە دەچێتە زمانێکی دیکەوە، جا چونکە شیزۆفرینیای زمانەوانی لا دروست دەبێت، خودی شیزۆفرینیای زمانەوانی دەبێتە هۆی شیزۆفرینیای رۆشنبیرییش، بۆیە داوای زمانی ئاسایی دەکەن. بە نیسبەت خۆم جارێك لێیان پرسیم زمانی پاراوپەتی دەمرێت تۆ بۆچی خۆت پێوە بەند کردووە، گوتم من گریمانەی مەرگی زمانی پەتی دەکەم حەز دەکەم بەو زمانە بنووسم کە دەمرێت، بەویش نەبێت نانووسم، ئەوە بەو مانایە نییە کە من بۆ زمانی گەل، زمانی ئاسایی دەگەڕێمەوە، چونکە هەموو زمانانی دنیا دوو ئاستییان هەیە: زمانی پەتی و زمانی ئاسایی، دەشێ لای ئێمە ماوەی نێوان زمانی پەتی و ئاسایی زۆر بێت، هەروەها ئەو ماوەیە لە زمانانی دیکە بە هێزتر و توندتر بێت، بەڵام لە رووی پرنسیبەوە هەڵە لە زماندا نییە، لە سینتاکس ومۆرفۆلۆژیادا نییە، چونکی هەموو زمانێك گرفتی خۆی هەیە، بۆ نموونە زمانی فەرەنسی کاتێك لە رێگەی سینتاکس ومۆرفۆلۆژیا دەیخوێنیتەوە ئاڵۆزە، هەروەها سینتاکس و مۆرفۆلۆژیای زمانی ئەڵمانیش وەك زمانی عەرەبی ئاڵۆزە. کەواتە هەڵەکە لە خودی زماندا نییە، بەڵکو لەو عەقڵەدایە کە زمانەکە بەکار دەهێنێت، ئێمەی عەرەب دەبێت دان بەوە دابنێین کە تا ئێستا نازانین هۆی ناس نەکردنی زمانەکەمان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەوە بابەتێکی دیکەیە هەتا پیرەکانیشمان ئەوانەی کە بە زمانی عەرەبییەوە پەیوەستن کاتێك لە مزگەوتەکان گوتار دادەدەن، هەڵە دەکەن، هەروەها تێکرایی موسڵمانان زمانەکەی خۆیان نازانن. کتێبێك دەخوێننەوە کە دانراوە، یان ئەوانەی کە تەرجەمە کراون، بەڵام

بە دەگەمەن دەبینیت ئەو زمانەی کتێبەکەی پێ نووسراوە وەك پێست و خوێنەکەی بێت، وەك ئەو هەوایە بێت کە هەڵیدەمژێت، هەست دەکەیت نووسەرەکە بۆ ئەو کتێبانە دێت دەستەواژە لەو کتێب و فەرهەنگانە وەردەگرێت کە مەوجودن، واتە زمان لە خوێن و ناخی ئەو نووسەرەوە دەرناچێت، کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە زمانی ئاسایی باشترە، یان چارەسەرە. من ئێستا بە زمانی ئاسایی قسە دەکەم، کە بە زمانی ئاسایی قسە دەکەم هەستدەکەم عەقڵم وێکدێتەوە بیرەکانم بچووك دەبنەوەو گرژ دەبن و سنووردار دەبن، بۆیە هەرگیز ناتوانم بە زمانی ئاسایی بنووسم، چونکە ئاستی زمان لە ترۆپکەوە راستەوخۆ دادەبەزێت، گرفتەکە زۆر لەوەش قووڵترو ئاڵۆزترە هەر تەنها پەیوەندی بە زمانی پەتی و ئاسایی و ئاسانکردن ساکارکردنەوەدا نییە، من هەموو ئەو تیۆرانەی ئێستا لە بارەی زمانی عەرەبییەوە هەن، لە بەرامبەر گرفتی عەقڵی داهێنەرانەدا بە جۆرێك لە هەڵاتن دەبینم، خەڵقکردن وزەیەکی ئیبداعیی گەرەگە، وزەی خەڵقکردنیش لای عەرەب پووکاوەتەوە، بۆیە دەیانەوێت وێنەی زمان بکێشن و زمان لە ئاستی ئەو وزەیە دابەزێنن و مرۆڤ بۆ ئەو ئاستە دابەزێنن، کەواتە گرفتی ئێمە لەگەڵ وزەی ئیبداعیە، لەگەڵ وزەی خەڵقکەردایە نەك لەگەڵ زمانەکەمان، زمانی عەرەبی مەزنترین زمانێکە، مەزنترین زمانێك کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە. قورئانیش بە زمانی ئێمە هاتۆتە خوارێ، ئێمە حەقی ئەوەمان هەیە چونکە ئەو قورئانە لە ئاسمانەوە خوا بەو شێوازە بۆمانی دابەزاندووە، بەڵام دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە حەقی ئەوەمان هەیە، با بۆ راڤەکردنەکانی قورئان بچینە لای (ابن كثير ومحمد عبده والشعراوي) ئایا وەك یەك دێنەوە؟ نەنگی لە ئێمەیە، زانایانمان لە سیاسەت بترازێت وازیان لە کۆششکردن و ئیجتیهادکرن هێناوە، لێرەدا لە سیاسەتدا پایەی زانایان ون و

پەراوێز بووە، وەك چۆن هەیە سەردەکەوێت بەڵام بەختی یاوەری نییە. من پێموایە کە ئێمە نە قورئانمان خوێندۆتەوەو نە کەلەپوری خۆمان خوێندۆتەوە، دەمەوێت بڵێم مەسەلەکان چ وەك سیاسەت و چ وەك ئەنترۆپۆلۆژیا بە یەکەوە بەندن، کەسایەتی پێغەمبەر (د.خ) تەنها ناوەندیارێك بووەو هیچ شتێکی لە خۆیەوە نەگوتووە، بەڵام پێی لە سەر نەتەوەکەی داگرتووە، ئەو کەسایەتییە هەتا ئێستا دراسە نەکراوە، ئایا کەسێك هەر تەنها ناوەندیار بێت ئەرکی گەیاندنی قسەیەك بێت کە پێی سپێردراوە، نەخوێندەوار بێت، هەموو ئەوانە چ مانایەکیان هەیە؟! ئەو نە دەیتوانی بخوێنێتەوە، نە دەیتوانی بنووسێت، ئێمە لە نەستماندا دەمانەوێت هەموو موسڵمانێك وەك پێغەمبەر (د.خ) بێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە دەبێت وشەکانی ئەو و وشەکانی یاوەرانی بە بێ زیادو کەم بگوازینەوە، ئەوە تا ئەو پلەیە یەکێك لە فوقەها کۆنەکان گوتوو بووی (هەر کەسێك لەخۆوە لە بارەی قورئانەوە قسەیەك بکات ئەگەرچی راستیش بێت هەر هەڵەیە) هەڵبەتە ئەوەی کە لە ناخەوە باوە ئەوەیە، ئەگەرچی دانیشی پێدانەنێین. پرسیار ئەوەیە ئایا بە راستی ئەو قسەیە بە مانا قووڵەکەی قسەی مرۆڤی موسڵمانە؟ من لەو بڕوایەدام قسەی ئەو نەبێت، چونکە کوشتنی رۆشنبیریی ئیسلامی لێدەکەوێتەوە، شتەکان ئاڵۆزن و یەکانگیرن هەمیشە پێویستیان بە دراسەی قووڵ و رستێك گفتوگۆی لەو جۆرە هەیە، ئەگینا دوارۆژی ئیسلام وەك ئایین وەك ئەوەی موسڵمانان ممارەسەی دەکەن بە کارەسات دەبینم، من لەو بڕوایەدام کە ئەوە بۆخۆی کارەسات بێت.

*** "ستاتیك و دینامیك" کەموکوڕی تێدایەو هەتا ئێستا تەواوت نەکردووە، ئایا بەو مانایە ئەوە بەخششێکی کراوەیە؟ پاشان ئایا بۆچوونی تۆ بەرامبەر بە دوارۆژی کەمینەکان چییە؟**

**أ** له بارەی ستاتیك و دینامیك بەدحاڵی بوونێك له گۆڕێدایه، چونكه من هیچ جارێك دژی ئایین وەك ئەزموونێكی رۆحی، وەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوداكەی نەوەستاوم، ئێمه دەبێت بەردەوام رێز بۆ ئەو ئەزموونه دابنێین و بەرگری لێبكەین، چونكه ئەو ئەزموونه رۆحییه لەگەڵ مرۆڤ لەدایك بووە. بەلام به نیسبەت كەمینەكان من ئەو ناوە چ وەك مەسەلەی رۆشنبیریی و چ وەك وەك مەسەلەی ئایینی بەكار ناهێنێنم، چونكه ئەگەر ئێمه دان بەو وشەیەدا بنێین، ئەوە دان به هەڵوەشانەوەی كۆمەڵگەدا دەنێین، كاتێك ژێری كەمینه دەكەوێته ژێر زۆرینه بۆخۆی له كۆمەڵگەكانی عەرەبییدا خەوشێكی سیاسییه.

***تۆ بۆخۆت شارێكت هەیه كه عاشقی بوویت و تێیدا ژیاویت و تێیدا نیشتەجێ بوویت، ئەو شاره چی له ویژدانی تۆ جێهێشتووه؟***

**أ** له دیمەشقەوه دەست پێدەكەم و پێتدەڵێم كه ئەو شاره، شاری كۆتاییەكانه، شارێكه تەواو بووه، پێویستی به هیچ نییه له رازاندنەوه زێتر نەبێت، بەلام بەیرووت به تەواوی جیاوازه، به هۆی ئەو مرۆڤه جیاوازانەی ناوییەوه، كه جیاوازیان تا نێودژی درێژ دەبێتەوه، وەك چۆن كرانەوه بەردەوامەكەی به سەر ئەویدیكەدا ناهێڵێت ئەو شاره تەواو بێت، بەمجۆره هەمیشه هەر له دروستبوونییەوه هەتا ئێستا وەك شاری پرۆژه دەمێنێتەوه، ئاواتەخوازم به مانا رۆشنبیرییەكەی وەك پرۆژه بمێنێتەوه، وەك شارێكی عەرەبی، تا ئەو كاتەی لوبنانییەكان وەك تێزێكی یەكگرتوو بڕیاری له سەر دەدەن.

***شارەكەت بەیرووت دەسووتێت و لوبنان وێران دەكرێت و عەرەب له جیاوازیدا سەریان سوڕماوه... كوا خۆرئاوا به عەقڵه پێشكەوتووخواز و مرۆڤخوازەی كه بانگەشەی بۆ دەكات، كوا ناوەندیاره دەستەبژێرەكەی خۆرئاوا له كوێن؟***

ئەو ناوەندیارە بۆ ئازادی تاك و گەلان سەردەكەوتن و بەرگرییان لێدەكردن، هەر لە سەردەمی یەكێتی سۆفییەتەوە دەست پێبكە تا بە بارودۆخی ئەمریكای لاتین وچیندا رەت دەبیت، تا لە كۆتایی دەگەیتە هەندێك بارودۆخی نێو رێكخراوە ئیسلامیەكانیش ئەو ناوەندیارە لە سەر ساكارترین حاڵەتی فەردی دووچاری هەموو جۆرە ستەم و سەركوتكردنێك دەبوونەوە. بەلأم بە داخەوە لێرەدا بێدەنگییەكی كەساسانەی نیمچە تەواو هەیە، چونكە بەراستی ئەوان لە سەر ئاستی گەردوون خۆیان بۆ ئەو (نەخۆشییە) فیكری و مرۆییە ترسناكە تەرخان كرد. بەلأم لێرە لە پێناو دوو كەس بە هەزاران لەناو دەبردرێن، وەسیلەو سەرچاوەی یەكەمی ژیانیان وێران دەكرێت، كەچی ئەوە ناو دەنێن رفاندن، یان بە دیل گرتنی ئەو دوو كەسە ناو دەنێن راوەدوونان، وێرانكردنەكەش ناودەنێن بەرگریكردن لەخۆ، بەراستی ئەوە بەرگریكردنە؟! "مردنی مرۆڤ" تەنها هەر قسە نییە، مردنی مرۆڤ مردنی ویژدان و عەقڵ و جیهانبینییە. بە تایبەتی لە ئیسرائیل مانای مرۆڤ چییە، مانای رۆشنبیری چییە، دیسپۆتیزم (زۆرەملی) تاكە دیموكراتیەتی خۆرهەلأتی عەرەبییە.

ئەوەش (كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) كە ئەو هەموو وێرانكارییە دەبینن، بەلأم واپێدەچێ ئەوانە لە كۆمەڵێك زووناژەنی تیپێك كە ناوی ئیسرائیلە بەو لاوە شتێكی دیكە نەبن. ئیسرائیل دەوڵەتێكی شێتە هەر تەنها بە چاوێكی ئاسنین نەبێت تەماشای عەرەب ناكات، نە ولأتە یەكگرتووەكان و نە ئیسرائیل مەبەستیان ئەوە نییە بەكۆتایی هێنانی راوەدوونان لە لوبنان یان فەڵەستین یان ولأتە عەرەبییەكان هەڵسن. كەواتە ئەگەر سەركردەكانی عەرەبی لە سەر بانگەشەكردنی ولأتە یەكگرتووەكان و ئیسرائیل رێك بن ئەوە دەكەونە هەڵەیەكی مێژوویی و مرڤایەتی و فیكرییەوە. ناشێ بە شێوەیەكی تیۆری و

پراکسیسی دەست بە سەر راوەدوونانەدا بگیرێت، تەنها بە ململانێی سیاسی و فیکری ئازاد، لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و ئازاد، لە دەوڵەتێکی دیموکراتی ئازاد نەبێت. با ولاّتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل واز لە دوژمنایەتی عەرەب بهێنن و مافی عەرەب لە فەڵەستین و لوبنان و عیراق و باقی ولاّتە عەرەبییەکانی دیکە بدەن، با دەرفەت بۆ عەرەب برەخسێنن تا ئەو کۆمەڵگەو ئەو دەوڵەتە بونیاد بنێنەوە، ئەو کاتە راوەدوونان لەخۆوە لەناودەچێت. ئەو رێگە ئەمریکییە ئیسرائیلییەی، کە ژیانی عەرەبی دەداتە دەست هێزێکی ئایینی، بە تایبەتی فیندەمینتالیزمی توندڕەو هەڵبەتە رێگەیەکی سەرکەوتوو نییە.

**سەرچاوە:**

**http://ksa.us.com/ar/vb/us34.html**

**لە گۆڤاری (ئەلشەرق)ی سعوودییەوە وەرگیراوە، ئەو چاوپێکەوتنە لە لایەن: "سکینة المشیخص" سازکراوە، من تەنها یەك ناونیشانی سەرەکیم بۆ هەڵبژاردووە.**

## ئەدۆنیس:

## بە بێ ڕەخنە گرتن لە تەئویلی باو، ناتوانم بەرگری لە ئیسلام بکەم

ئەدۆنیس وەك میوانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لە بەرنامەی (توێژەری موقیم) دە ڕۆژانی بە سەر برد، ئەو بەرنامەیە لە تەواوی دنیادا میوانداری ئەو توێژەرانە دەکات کە لە بواری کەلەپور و فیکر کار دەکەن، ئەدۆنیس لە ڕێگەی چوار لێکچەر کە بەرنامەکەی لەخۆ گرتبوو چەندان پێداچوونەوەو دووبارە خوێندنەوەی بۆ فیکر و دنیابینی تایبەت بە مەسەلەکانی شیعر و کەلەپور بە ئەنجام گەیاند، هەروەها قسەی لە (ستاتیك و دینامیك) کرد کە کتێبە بە ناوبانگەکەی لە ژێر ئەو ناونیشانە لە حەفتاکاندا بلأو کردۆتەوە، وەك چۆن لە سەر ئاستی ڕۆشنبیریی و کۆمەلأیەتی و سیاسی لە بارەی چێژی شیعرییەتی عەرەبی و سەرچاوەکانی و پەیوەندی شیعر بە فیکر و ناسنامە دوا.

لە پەراوێزی ئەو سەردانەیدا ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لەگەڵ ئەدۆنیس قسەی لە بارەی هاوسەنگی و پەرتیەکانی ژیانی کرد، پەیوەندی ئەو بە (کۆلاژ) و خەونەکانی و ئەدۆنیس دانی بەوە دانا کە ئەو هونەرە دوای شیعر لای ئەو

سەرهەڵدەدات، هەروەها قسەی لە خەونەکانی کردو ترسی خۆی لە بارەی جێبەجێ بوونی خستە روو، ئەو ترسەی ئەدۆنیس لە هەستکردن بە وەستان و کۆتایی هاتن دێت، ئەوەش دەقی گفتوگۆکەیە:

***تا چ مەودایەك دوالیزمی (ستاتیك و دینامیك) دەبینیت، کە تۆ وەك ئەوەی کە بۆ چاوپێداخشانەوە دروست بکەوێتەوە بەرەوی پێدەدەیت... ئایا هەست ناکەیت گۆڕانکارییە کەڵەکەبووەکانی مەعریفە کە ئەمڕۆ قسەی لێدەکرێت تەجاوزی ئەو مەسەلەیەی کردبێت؟.**

ئەدۆنیس: بۆ بەدواداچوونی کەلەپوری عەرەبی و ئەوانیدیکە کۆمەڵێك میتۆد هەیە کە دەشێ توێژەر کاریان لە سەر بکات. بەڵام من هەتاکو ئێستا مەیلی بەکار هێنانی ئەو دوو زاراوەیە دەکەم. چونکە لە رێگەی ئەوانەوە لە چنگی میتۆد دەربازم دەبێت و رێگەی بەدواداچوونم بۆ خۆشتر دەکەوێتەوە، رەنگە میتۆد وەك پەردەپۆش کردن بکەوێتەوە، یان وەك کۆت و بەند، چونکە بەکاری هێنەرەکەی بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبات، وەك چۆن زۆر لە مەسەلەکانیش بەرەو سنووربەندی دەکاتەوە، یان تاکە بۆچوونێك کە لەگەڵ بنەماکەیدا دێتەوە، یان لەگەڵ پێداویستی میتۆدەکە رێك دەکەوێت بە سەر ئەوانیدیکەدا دەسەپێنێت. بەڵام زاراوەی (ستاتیك و دینامیك) بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە شتەکان ببینێت، ئازادییەکی زێتر دەبەخشێت، وەك چۆن رێگا بۆ تواناکان دەکاتەوە تاکو دەست بە سەر شتەکاندا بگرێت و بە شێوەیەکی بەرفرەوان لە مەسەلەکان قوڵ بێتەوە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە من هەتاکو ئێستا مەیلی بەکارهێنانی ئەو دوو زاراوەیە دەکەم.

***ئایا ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا ناوەڕۆك بۆتە پەراوێز و پەراوێز بۆتە ناوەڕۆك؟.**

ئەدۆنیس: رەنگە ئەو دەستەواژەیە جۆرێك لە شاردنەوەی پێبێت. من گوتم دیوانی شیعری عەرەبی توانایەكی وامان پێدەبەخشێت كە ئەوەی لە رابردوو وەك پەراوێز سەیر دەكرا ئەمڕۆ وەك ناوەڕۆك تەماشا بكرێت، واتە دنیابینی نویێ بەو بۆنەیە پەیوەست نییە كە قەسیدەكەی تێدا گوتراوە، جا چ پێداگوتن بێت یان لاواندنەوەو لالانەوە، بەڵكو دنیابینی نویێ مەیلی بە لای گرنگیدانی دەقەوەیە، بە جوانكاری دەق و بونیادی زمانی هونەری و ئەو ئاسۆیانەی كە دەق بە رووی خوێنەردا دەیكاتەوە، بێ ئەوەی بیر لە بۆنەكان بكاتەوە، دیوانی عەرەبی بۆ ئەوە هاتووە تاكو دەقێك بەرامبەر خوێنەر بكاتەوە كە لە بۆنەكان دەربازیان بووەو پشت بە پیاهەڵدان نابەستن، وەك چۆن پشت بە هەموو ئەو كەرەستە كۆنانە نابەستن كە شاعیر بەكاری دەهێنان. بەم واتایە من گوتم ئەو پەراوێزە شیعرییەی كە لە رابردوو بە پەراوێزكراوی مابۆوە، بۆتە بنەماو بەرەو ناوەڕۆك گۆڕاو.

***هەندێك لە رەخنەگران وای دەبینین كە تازەگەری ئەدۆنیسی تازەگەرییەكی زێتر زمانەوانییەو كەمتر پەیوەندی بە واقیعەوەیە، بۆ نموونە ئەو قەسیدەیەی دوایت كە لە بارەی دوژمنكارانەی ئیسرائیل بە سەر لوبنانەوە نووسیووتە، خوێنەر وا هەست ناكات كە لە بارەی جەنگەوە قسە دەكەیت بەڵكو وەك ئەوە وایە كە لە بارەی جەنگێكی گەردوونییەوە قسە بكەیت، واتە پەیوەندییەكی زیندووی بە واقیعەوە نییە، ئایا زمان لای تۆ تەنها ئەیقۆنە؟.**

ئەدۆنیس: بێگومان من زۆر گرنگی بە زمان دەدەم، ئەوە شتێكی دیارەو من جەختی لێدەكەمەوە، من نازانم چۆن زمان و واقیع لە یەك جیا دەكەینەوە! مانای لە یەك جیا بوونەوەی ئەو زمانەی كە پێیدەنووسم و ئەو واقیعەی كە قسەی لە سەر دەكەم چییە! من هیچ لەوە تێناگەم، چونكە من هیچ نابینم،

رەنگە وزەی زمان و بەرزی و دەوڵەمەندی زمان خەیاڵێك بە خوێنەر ببەخشێت، خەیاڵێك کە واقیع تەواو پەردەپۆشی دەکات، بەڵام ئەوە لە تووندو تیژی واقیع و ئاڵۆزییەکانی واقیعەوەیە، لەو ترسە دایە کە واقیعی لە سەر بەندە.
واقیع ئەوەندە ساکار نییە تاکو زمان ساکار بکەوێتەوە، واقیع ئاڵۆز و ئاوێتەیەو لە چەندان چینی جۆراو جۆر پێکهاتووە، بۆیە ئەو زمانەی کە واقیع دەپشکنێت–بەرای من[1] پێویستە ئەویش بۆخۆی ئاوێتە و دەوڵەمەند و بە هێز بێت و لە چەندان چینی جۆراو جۆر پێکهاتبێت. ئەگەر بە زمانێکی ساکار تەعبیر لەوە بکەین کە لە فەلەستین روو دەدات، بەرای من دەکەوینە واقیعێك کە ئاستەکەی نزمە، شاعیر بە لای کەمی پێویستە تەواوی واقیع تێکەڵ بە زمانەکەی خۆی بکات بۆ ئەوەی شتێك لە بارەی ئەو واقیعەوە بخاتە روو، لە هەمان کاتیشدا واقیع دووبارە بونیاد بنێتەوە، بە گشتی نموونەی ئەو پرسیارانە ئەو کەسانە دەیکەن کە بۆچوونی تایبەتیان لە بارەی پەیوەندی زمان و واقیعەوە هەیە، من رێز لەو بیروڕایە دەگرم، بەڵام پێموایە کە ئەو مەسەلەیە پێویستی زۆرتر بە لێوردبوونەوە هەیە.
***ئایا تۆ لە قەسیدەکانتدا بایەخ بە تەمومژی دەدەیت؟.**
ئەدۆنیس: بایەخ بە تەمومژ نادەم، واقیع بۆخۆی تەمومژاوییە، کاتێك شاعیرێك دەیەوێت بە ساکاری و رووەکئامێزانە بیخاتە روو، وەك ئەوەیە کە ناپاکی لێبکات. بەرای من دەبێت خوێنەر بەو وێنەیە رازی نەبێت کە شاعیر بە شێوەیەکی سادە پێشکەشی دەکات، قەسیدەش نابێ بە گوێرەی خوێنەر بێت، بەڵکو پێویستە بە نێو ئاڵۆزییەکانی واقیع و گرفتەکانی واقیعدا بێتەوە، هەروەها پێویستە شاعیر ئەوە نەبێت کە خوێنەر پەراوێزی دەکات، بەڵکو دەبێ لەوەی کە قابیلی تێگەیشتنە دوور تر بڕوات.

گرفتی ئێمە ئەوەیە کە چێژی شیعری بە شێوەیەکی ئۆرگانی بە وەڵامەوە بەندە، نەك بە پرسیار، ئەو شەڕە بە دژی پرسیار کردن دەکەوێتەوە. ئەو شەڕە جەخت لەوە دەکاتەوە کە چێژی پەیوەست بە شیعر هەر تەنها بە وێنەو بیستنەوە بەندە، وا دەکات کە شیعر هەر تەنها گۆرانی گوتن بێت و هیچ پەیوەندی بە لێوردبوونەوەوە نەبێت، ناکۆکییەکەش لەوەدایە کە هیچ قۆناغێکی شیعری عەرەبی نابینی وەك ئەو قۆناغەی ئێستای ئێمە غەرقی نەزانی بوو بێت.

***ئەدۆنیس ئێستای شیعری عەرەبی چۆن دەبینێت، بە تایبەتی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەدەبێکدا کە پشت بە وێنە دەبەستێت، ئایا –وەك دەڵێن بەراستی ئێمە لە زەمەنی رۆماندا دەژین؟.**

ئەدۆنیس:بە کورتی من پێموایە لە نێو عەرەب بەهرەی شیعری زۆر هەیە، بەڵام ئەزموونی مەزن لە شیعردا کەمە، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات شیعری عەرەبی لە پرسیاری هەبوونایەتی کورت دەبێتەوە، دەبێ سەرچڵی بکات لەوەی لە نێو مۆدەیەك لە مۆدە کۆنەکان دەمێنێتەوە، ئەگینا زۆر بە خێرایی تازەگەری هەڵیدەلوشێت، هەروەها دوور لە بنەما سەرەکییەکەی زمان و شیعرو فیکرو مرۆڤ و حەقیقەت وەك زیندانی کراو دەمێنێتەوە.

***ئایا ئەو ئاسۆ تیۆرییەی کە تۆ لە رێگەی شیعری عەرەبی و شاعیرانی عەرەبییەوە دەیبینیت، بە کەڵکی ئەوە دێت لانەیەك بۆ تیۆری عەرەبی پێکبهێنن؟.**

ئەدۆنیس: من دژی تاك لایەنیم، واتە وەك ئەوەی کە بیروڕایەك خۆی بە سەر ئەوانیدیکەدا بدات، من لەگەڵ فرەیی و رەنگاورەنگی و جۆراوجۆریم، چونکە رێگە بۆ خوێنەر و نووسەر خۆش دەکات کە واقیع بە هەموو ئاست و رووەکانی ببینن، من وەك کەسێك دەخوازم کە بۆچوونی جیا جیای زۆر لە ئارادا هەبێت بۆ

ئەوەی سوودیان لێوەرگرم، هەروەها بۆ ئەوەی جۆرێك لە نکۆڵی کردن بێتە ئاراوە، تاکو وام لێبکات بیرو بۆچوونەکانم بە هێزتر بکەم، ڕێڕەوی بیرکردنەوەم باشتر بکەم. من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە بیرو بۆچوونەکانم بێتە تاکە بیرو بۆچوونێکی باو، ئەوە ڕاست نییە، من بانگەشەی نماکردنی چەندان تیۆری جۆراوجۆر دەکەم، بۆ ئەوەی دراسەی شیعری عەرەبی و واقیعی عەرەبی پێبکرێت.

***لێرەدا هەندێك لە هەوڵ و پرۆژەی ڕەخنەیی بەرچاو دەکەوێت کە زۆر جار خۆی پیێ لە خودی دەق گەورەترە.**

ئەدۆنیس: ڕاستە لێرەدا بۆچوونی جۆراوجۆر هەن، بەڵام بە نیسبەت من ناگەنە ئەو ئاستە لە تێگەیشتن کە من ئاگاداریانم، لە سەر ئەو بنەمایە لەگەڵیان جیاوازم، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا پێویستە لێرەدا جۆراوجۆری هەبێت چونکە جۆراوجۆری بیرورا زۆر لە تاکە بیرورایەك باشترە، وا باشە لێرەدا ئاماژە بە یەکێك لە جیاوازییە جەوهەرییەکانی شیعری عەرەبی و شیعری خۆرئاوایی بکەم، ئەوەی دواییان لە سەر جیا بوونەوە لە واقیع و سروشت وەستاوە، وەسیلە نییە بۆ هیچ شتێك، منیش دەمەوێت لە دەرەوەی واقیعەوە سەیری شیعری عەرەبی بکەم، چونکە شیعر قسە لە حەقیقەت ناکات، بەڵکو ئەوە حەقیقەتە لە شیعر و لە ڕێگەی شیعرەوە قسە دەکات. لە نێوان شێوەکانی تەعبیرکردنی مرۆییدا شیعر وەك مۆسیقا توانایەکی گەورەی بۆ بە ناوداچوونی شەوەکانی مانادا هەیە، شیعر ئازادانە لە ژینگەی پرسیارو بەدواداچووندا جولە دەکات.

***لە ژیانی ئەدۆنیسدا هاوسەنگی و پەرتی هەیە، چۆن دەیانبینیت؟.**

ئەدۆنیس: لەو بڕوایەدامە كە شیعر لەگەڵ هەموو شتەكاندا هاوسەنگ بێتەوە، واتە لەگەڵ هەموو شتەكاندا لە هێڵێكی هاوسەنگدایە، هەندێك جار ئەو هاوسەنگییانە پێچەوانە دەكەوێتەوە بە شێوەیەكی ستوونی تەجاوز دەكرێن. شیعر وەك خۆشەویستی و با و ڕۆناكی و خۆر وایە، دەكەوێتە دەرەوەی وەسفەكانەوە، دەكەوێتە دەرەوەی سنوورەكانەوە، وەك ئەوەی ئاگاییەكی ڕەمەكی نێو جەستە و عەقڵی مرۆڤ بێت وایە، هەروەها ئاگاییەكی ڕەمەكی نێو سروشت و دنیایە، بۆیە توانای ئەوەی هەیە كە لەگەڵ هەموو شتەكاندا هاوسەنگ بێتەوە، لە هەمان كاتیشدا لە توانای دایە بە ستوونی دابەزێ و هەموو شتەكان ببڕێت جگە لە سیستەم و دامەزراراوەكان نەبێت، چونكە ئەوان لە زەمەنی سوودگەرایدا (برگماتی) دەژین و لە زۆربەی كاتتدا حەقیقەت لایان وەك زەرورەت تەماشا ناكرێت، بەڵكو ئەوەی زەروری دەكەوێتەوە درۆ كردن و خەڵەتاندنە. لای من شیعر و سیستەم و دامەزراوەكان لە میانی پەرتبوونەكاندا دێنە ژماردن.

***گوتت ئیسلام دۆزێكی گەورەیە، بەرگری تۆ لە ئیسلام كامانەیە؟.**

ئەدۆنیس: من لە ئیسلامدا لایەنی ڕۆشنبیری وەردەگرم و بە شێوەیەكی ڕۆشنبیری بەرگری لێدەكەم، ئەو یەكێتییە ڕۆشنبیرییەی كە من لە ئیسلامدا دەیبینم لە قورئانی پیرۆزەوە دەست پێدەكات، چونكە دەقێكی كۆگیرەو ڕۆشنبیرییە ئاینییەكانی یەهودی و مەسیحی و هەروەها ڕۆشنبیرییە نا ئاینییەكانی وەك یۆنانی و ئەواندیكەی لەخۆ گرتووە، بۆ ڕۆحی مرۆڤایەتی كۆكەرەوەیە، بە بڕوای من گەورەترین هەڵەی موسڵمانانی ئەمڕۆ ئەوەیە كە خوێندنەوەیەكی ڕۆشنبیری بۆ ئەو مانایە ناكەن كە قورئان دەیخاتە ڕوو.

بەلاّم خاڵی دووەم كە لە ڕێگەیەوە بەرگری پیَ لە ئیسلام دەكەم پەیوەندی بە ئەویدیكەوە هەیە، من وای دەبینم كە ئەویدیكە بە تایبەتی بە نیسبەت ئیسلام ڕەگەزێكی پێكهاتەییە لە كۆی ڕەگەزەكاندا بە تایبەتی لە فەلسەفە، ئەو فەلسەفەیەی كە بۆچوون و دیدی بۆ دنیا دەكەوێتە سەر ئەو یەكێتییەی كە لە نێوان ئەوەی پێیدەڵێن نەقڵ كە ئایینی ئیسلام نوێنەرایەتی دەكات و ئەوەی پێیدەڵێن عەقڵ كە ڕۆشنبیری یۆنانی نوێنەرایەتی دەكات.

بەلاّم ڕەگەزی سێیەم لە ڕۆشنبیری ئیسلامدا تەسەوفە. ئەگەرچی بیركردنەوەی داخراو لە ئیسلامدا وەك بەشێك لەخۆی تەماشای ناكات، بەلاّم من پێموایە تەسەوف لە كەش و هەوای ڕۆشنبیری ئیسلامی هاتۆتە دنیاوە، ئەو ئەزموونە ئەزموونێكی بلیمەتانە و بیَ هاوتا و گەردوونی و مرۆییە، ئەوە یەكێكە لەو ڕەگەزە سەرەكیانەی كە من لە ڕێگەیەوە بەرگری پیَ لە ئیسلام دەكەم، بەلاّم بە بیَ ڕەخنە گرتن لە تەئویلی باو، ناتوانم بەرگری لیَ بكەم.

***بە بڕوای تۆ كەی شاعیر دەگاتە قۆناغی ڕەخنەگرتن لە خۆ، ئەو پێوانانە كامەیە كە دەبیَ پێیوە پەیوەست بێت؟.**

ئەدۆنیس: هەموو شاعیرێكی حەقیقی كاتێك قەسیدەیەك دەنووسێت ڕەخنە لەخۆ گرتن پرۆسیسە دەكات. شیعر لەگەڵ گۆڕانكاریدا لە بەیەكگەیشتندایە، بەمجۆرە شاعیر ناتوانێت بۆچوونی پێشووی دووبارە بكاتەوە. شاعیر هەر كە دەنووسێت هەنگاوێكی دیكەی پێشكەوتووتر بەرەو بابەتێكی دیكە دەهاوێژێت، بەلاّم ناتوانێت ئەو هەنگاوە بە بیَ ڕەخنە بهاوێت، نەك هەر ڕەخنە لە دنیا بەڵكو ڕەخنە لە خودی خۆیشی دەگرێت، لە سەر ئەو ئاستە گوتم و دووبارەی دەكەمەوە كە قەسیدە هەر تەنها پرسیارێكی دەربڕاو نییە بەرامبەر دنیا، بەڵكو پرسیارێكی دەربڕاویشە بەرامبەر شیعر و شاعیر ، گەورەترین

رەخنــەگری شــاعیر خــودی خۆیــەتی. شــاعیر گــرنگترین رەخنــەگری خۆیــەتی، چـونکە ئـەو لـە هـەموو کـەس باشـتر خـۆی دەناسـێت، واپێدەچـێ ئـەو حوکمـە سەخت بێت بەڵام ئەوەی نکۆڵی لەو سەختییە ناکات هەر ئەو حوکمی راستی پێیە.

***تۆ قسەت لە پەیوەندی شیعر بە چەمکی ناسنامە کرد، بەڵام ئایا ناسنامە میراتە بە هەموو ئەو جیاوازییانەی کە لەخۆیدا هەڵیگرتووە، یان داهێنانێکی بەردەوامە؟.**

ئەدۆنیس: ناسـنامە دەشـێ دابهێنرێت، ئەو ناسـنامەیەی کە نـاوی هـەڵگرتووە، ناسـنامەیەکی رووەکارئـامێزە چـونکە گرنـك نـاوەڕۆکی ئـەو نـاوە و بـەهای ئـەو ناوەیـە. ئایـا نـاوەڕۆکی ناسـنامە منداڵیێتییـە، یـان دوای ئـەوە یـان نـاوەڕۆکێکی خۆشەویستی لەخۆ گرتووە؟. کەواتە تۆ لە نێو ئەو ناوە لە دنیایەکدا دەژیت کە کۆتایی دیار نییە، هـەتا بـە مـردنیش لـەناو ناچێت. چـونکە ئـەوەی دەقـی مـردن دەنووسـێتەوە رەشـی ناکاتـەوە، چـەندان لـە شـاعیران لـەناو چـوونەو ئێمـە لـە رێگـەی دەقەکانیانـەوە باشـتر لـەوەی کـە لـە ژیانـدا بـوون دەیانناسـین. کەواتـە ناسـنامە بـەو مانایـە دەجولێتـەوە، نـەك هـەر هێنـدەش بـەڵکو دەشـگۆڕێت، بـۆ نموونـە ئەگـەر ئێـستا لێـت بپرسـن هەسـت دەکـەیت کـام قۆنـاغ لـە قۆناغـەکانی ژیانـت تـەعبیر لـە تـۆ دەکات؟ ئـەو قۆناغـەی کـە تـەعبیر لـە تـۆ دەکـات لـەو خاڵـە پێکهاتووە کە مانـای ناسـنامەی تـۆی هـەڵگرتووە، ئـەو خاڵـەش قابیلی گۆڕانـە، ئەگەر قۆنـاغێکی قوڵتر مانایـەکی نـوێی بـە ژیانـت بەخشی، ناسنامەکەت بـەرەو ئــەو دەگوازرێتــەوە. ناســنامە کراوەیــە و مــیرات نییــە. بــەو مانایــە مــرۆڤ وەك موسڵمان لە دایك نابێت...بەڵکو دەبێتە موسڵمان، چونکە ئەگـەر وەك موسـڵمان

لـەدایك بێـت ئـەوە هـەموو کـەس وەك یەکـە. کەواتـە ناسـنامە بەردەوامییـە، مەزنترین شوێنیش کە ئەو بەردەوامییەی تێدا دەرکەوێت شیعرە.

***بۆچی لە خوێندنەوەی قەسیدەی (گۆڕێك لە پێناو نیویۆرك) کە ساڵی (1971) بڵاو بۆتەوە ترس داتدەگرێت، لە بەر ئەوەیە کە دەرکەوتنی رووداوی (11)ەی سپتێمبەری لێکەوتەوەو بوو بە واقیع؟.**

ئەدۆنیس: تەواو وایە..هەندێك جار بە هۆی ئەوەوە مرۆڤ لە جێبەجێ بوونی خەونـەکانی دووچـاری سـەختگیر دەبێتـەوە، ئـەوەش شـتێکی ترسـناکە، وای لێدێت لەخۆی دەترسێت، کاتێك شاعیر بە شێوەیەکی رەمەکی شتێك دەڵێ و پاشان دەبینێت ئەو شتەی کە بە رەمەکی گوتوویەتی لە واقیعدا جێبەجێ بووە چۆن لە خوێندنەوەی ناترسێت. من نامەوێت ئەوەی پێشبینی دەکەم لە واقیعدا جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەگەر جێبەجێ بکرێت هەست دەکەم ئیتر وەستاوم، ئیتر کۆتایم هاتووە، یان وەك ئەوە وایە کە ببمە بوونەوەرێکی دیکە، دەمەوێت هـەر وا بمێنمـەوە رووبـەرووی واقیـع ببمـەوەو بـەیانی خـاڵی پرسـیارو شـوێنی درەوشانەوەم بێت، نەك شوێنی جێبەجێ بوونی خەونەکانم، ئەگەر جێبەجێ بوو ئیتر خەم دامدەگرێت.

***هەندێك جار لە پاڵ ئەو قەسیدەیەی کە بڵاوی دەکەیتەوە لە رۆژنامەکاندا تابلۆی شێوەکاری دەبینین، ئایا (کۆلاژ) بە نیسبەت تۆ چ دەگەیەنێت؟.**

ئـەدۆنیس: بـە رێکـەوت بـەو کـارە هونەرییانـە هەڵسـاوم، مـن بـۆ کـۆلاژ نـاوێکم داهێنـاوە ئـەویش (رەقیمەیـە) رەقەمـە لـە زمـانی عـەرەبی (رەقەنـە) بـۆ رەنـگ و نووسین لـە هـەمان کاتـدا بـەکار دێـت، مـن بـە درێـژایی کـات ئـەوەم کەشـف کـرد، ئـەوەی کـە مـن نـاتوانم بـە شـیعر و پەخشان بیڵـێم، وا رێـك دەکـەوێت بـە رێگـەی دیکە لە هونەری رەقیمەدا بیخەمە روو، لەوێوە کەشفم کرد کە ئەوەی لە رەقیمە

کاری لە سەر دەکەم چونکە جیاوازە سەرنج و خۆشەویستی کەسانێکی زۆری بۆ خۆی راکێشاوە، رەنگە رۆژێك دابێت واز لە شیعر بهێنم خۆم بۆ کاری رەقیمە تەرخان بکەم.

***ئەزموونت لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە وەك لێکۆلەرەوەیەکی موقیم هیچ کەلکێکی بۆ بەرەوپێشبردنی توێژینەوەی مەعریفەی عەرەبی هەیە؟.**

ئەدۆنیس: من لە سەر کۆمەلێك ئاست زۆر بە کەلکی دەزانم، یەکەم لە سەر ئاستی مەعریفەی ئەکادیمی، ئەو کەشەی کە لێرە بۆ توێژەر خۆش دەکرێت و دەولەمەندی کتێب و جۆراوجۆری و بە ئاسانی بە دەستهێنانیان رێگا بە توێژەر دەدات کە بۆ دراسەکردن بکەوێتە پانتاییەکی بەرفرەوانەوە، چونکە لێرەدا کتێب بە ئاسانی بەدەست دەهێنرێت. دووەم پەیوەندی لەگەل لێپرسراوانی کتێبخانە زۆر باشە، چونکە هەر تەنها رێگەمان بۆ ناسینی رووخساری زانستی خۆش ناکەن، بەلکو رووە مرۆییەکەشمان پێدەناسێنن، وەك ئەوەی کۆمەلگەیەکی بچوککراوەمان لە داب و نەریت و بەهای جیاواز پێ بناسێنن. سەرەرای ئەوەی رێگەمان بۆ خۆش دەکەن کە کەسایەتیەکان بناسین، هەموو ئەو کەسانەی لێرەدا دەیانناسیت شتێك دەخەنە سەر کەسێتی و مەعریفەکەت.

ئەوە هەر تەنها کتێبخانە نییە، بەلکو بەشێکە لە ژینگەی رۆشنبیری کە بەر لە مێژوو تا دەگاتە ئەمرۆ لە ئەسکەندەرییە دەیبینین، بۆ من دەرفەتێك بوو کە توانیم لە رێگەی بوونم لێرەدا پەی بەو مێژووە بەرم. ئەسکەندەرییە مێژوویەکی رەسەن و شارێکی زۆر رەسەنە بە سەر حەوزی ناوەراست، نەك هەر هێندە بەلکو گرنگترین شاری ناوەراستە، هەر تەنها حەوزی خۆرهەلاتی نا، بەلکو لە حەوزی خۆرئاوایشدا، ئەسکەندەرییە پایتەختی رۆشنبیرییە گەورەکانە.

**سەرچاوە:**

**ئەو گفتوگ 2006/11/23 ڕۆژی** (الشرق الاوسط) **لە ڕۆژنامەی (دالیا عاصم)**